# لە ڕۆهەڵاتی گڕگرتوودا

نێردەی بە مەترسیی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست ١٩٤٣

گۆتفرید یۆهانز میولەر

# لە ڕۆهەڵاتی گڕگرتوودا

**نێردەی بە مەترسیی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست ١٩٤٣**

بەدران ئەحمەد حەبیب
کردوویە بە کوردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

گۆتفرید یۆهانز میولەر
لە ڕۆهەڵاتی گڕگرتوودا
وەرگێڕانی: بەدران ئەحمەد حەبیب
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٥٦
چاپی دووەم ٢٠١٣
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەیلی گشتی ١٠٧ – ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم



براتان بیر کەنەوە: ڕەمزی

# پێشەکی

دوکتۆر مارف خەزنەدار

# مرۆڤی مەرد و نەبەرد

**سڤاستیکا و تاریکی و شەڕ:** لە سەرەتای جەنگی دووەمی گێتییەوە ئەڵمان سستیی بە خۆیەوە نەدی و لە سەرکەوتندا بوو. نازی لە لووتکەی بەرزی و لەخۆباییندا بوو. مەستی ئەو دوارۆژە بوو کە بە خەیاڵ هەموو نیشتمان و نەتەوەکانی سەر زەویی یەک خستبوو و کردبووی بە یەک وڵات و یەک نەتەوە و ڕەگەزی جەرمەنی ئەو دەوڵەتە گێتییەی بەڕێوە دەبرد. لە ساڵانی سەرەتای جەنگدا، سڤاستیکای ئەڵمانیای فاشیست تەنیا دروشمی دەوڵەتی نازی نەبوو، بگرە بووە نیشانەی زۆرداری لەلای هەموو مرۆڤایەتیی وشیارەوە. بوو بە بەڵگەی زوڵم و کارەسات و تاوان، بوو بە ڕەمزی بێ بەزەیی و نامەردی، بوو بە وێنەی هێزی تاریکی.

لە کۆتاییی ساڵی ١٩٤٢ و سەرەتای ساڵی ١٩٤٣، لەو ماوەیەدا وێنەی شکانی ئەڵمانیای نازی و پارچەبوونی لە پێش چاویدا وەک ڕەنگدانەوەی ناڵەی سەرەمەرگی دێوی ڕەش لە گۆمی شلەقاودا وا بوو، بەلام ئەڵمان کۆڵی نەدەدا و سوور بوو لەسەر بەردەوامیی جەنگ. کەمبوونی سووتەمەنی بە تایبەتی نەوت (پیترۆڵ) بووە هۆی ئەوەی لقێکی بچووکی خەفیەیی بیر لە دانانی کردەوەیەک بکاتەوە بە ناوی "کردەوەی مامۆنت" بۆ ئەوەی ئەڵمانەکان بتوانن چاڵەکانی نەوتی کەرکووک و مووسڵ بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. بێگومان دەبوو ئەم کارە بە یارمەتیی کورد بگاتە ئەنجام، کە کوردیش بیکا دەبوو پاداشتی بدرێتێ لەو دەوڵەتە گێتییەی کە لە کۆتاییی جەنگدا ئەڵمان دروستی دەکرد. بەلام لای ئێمە و لای ئەوان، لە وڵات و هەندەران چی باس بوو؟

**لای ئێمە چی باس بوو**: لە پاش جەنگی یەکەمی گێتییەوە، بە تایبەتی لە کوردستانی عێراقدا سێ ڕێڕەو و بیروباوەڕی سیاسی و ئیدیۆلۆجی لە ناوەوە بوو، بە زۆریش ڕووکەش بوو و لە ناخی تێگەیشتنەوە هەڵنەقوولا بوو:

١- ئەوانەی سەر بە ئینگلیز بوون و زۆربەشیان پێوەندییان پێیانەوە هەبوو.

٢- ئەوانەی خۆیان بە لایەنگری ئەڵمان دەزانی و شانازییان بەوە دەکرد، کە نازییان پێ بڵێن، بەڵام هیچ پێوەندییەکیشیان بە ئەڵمانەوە نەبوو.

٣- ئەوانەی تورکچییەتییان دەکرد، ئەمانە بووبوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بۆ دەسەڵاتی عوسمانی دەگریان و دەیانلاواندەوە، بەشەکەی تریان خۆیان سەر بە تورکیای مستەفا کەمال و لاتینی دەزانی، لە ڕووی بیروباوەڕی ئیدیۆلۆجیشەوە ئەمانە مەیلیان زیاتر بۆ نازی هەبوو، چونکە عوسمانی و تورکی پاش عوسمانیش لەگەڵ ئینگلیز ڕێک نەبوون[١].

هەموو ئەم خەڵکانەش تورکچییەکان نەبێ، واتە سەر بە ئینگلیز و لایەنگری ئەڵمان، بیروڕایان هەرچی بووبێ، لە چوارچێوەی (کوردایەتی) نەچووبوونە دەرەوە، هەموو شتێک بە لای ئەوانەوە دەبوو لە پێناوی چاکەی کورد بێ. بێگومان پارتی هیوا قاوغێکی پڕ بەپێست بوو بۆ پاراستنی ئەم ڕێڕەو و ئیدیۆلۆجییەتانە لە ناو ڕیزەکانیدا[٢].

یەکێتیی ئیدیۆلۆجی لە ناو ئەندامانی پارتی هیوا نەبوو، ڕەنگە ئەمەیان بە خەوش بۆ دانابێ، جگە لەمە خەوشێکی تریشیان بۆ دۆزیوەتەوە، بەوەی کە دەڵێن پارتییەکی بۆرجوازی بوو. نە یەکەم و نە دووەم هیچ یەکێکیان خەوش نین. پارتی هیوا یەکێتیی ئیدیۆلۆجیی نەتەوایەتیی تێدا هەبوو، بەڵام هەستی ئیدیۆلۆجیی چینایەتیی تێدا نەبوو، هەرچی بۆرجوازیشە هەمیشە خراپ نییە، هەمیشە دواکەوتوو نییە.

پارتی هیوا شانازیی کوردە، لە سەردەمێکی پاش جەنگی یەکەمی گێتی پێویستییەکی مێژوویی ئاڵای کوردایەتیی دایە دەستی و لاوی خوێندەواری کوردی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە و فێری نیشتمانپەروەریی کردن و ڕێگەی خۆش کرد بۆ پەیدابوونی ڕێکخراو و پارتی تر لە کۆمەڵی کوردەواریدا لە دوا

سـالانی جـەنگ و پاش جەنگ. ئەوانـەی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە پارتی هیـوا بووبن جێگەی ڕێزگرتنن.

**لای ئەوان چی باس بوو** : لە ئەوروپا سێ بیـروڕا و ئـیدیۆلۆجیـەتی سـەرەکی لە ناوەوە بوو، ئەمانە بووبوون بە هێز و لە دەسـەلاتی دەوڵەتدا ڕەنگیان دابووەوە:

١- دەوڵەتە بۆرجـوازییـە دیموکـراتییـە لیـبـرالییـە پێشکەوتووەکانی ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژئاوا (بەریـتـانیـا، فـرەنسـا...) لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

٢- دەوڵەتە بـۆرجـوازییـە نازی - فـاشـیـسـتـە مـیلیـتـارییـەکـانـی ئەوروپای ناوەڕاست و خوارووی (ئەڵمانیا، ئیتاڵیا...).

٣- دەوڵەتی سۆسیـالیستی سۆڤیـەت، کە لەسەر بنچینەی مارکسیزم دروست بووبوو و باوەڕی بە کۆمۆنیزم هەبوو.

ئەم ئیدیۆلۆجییـەتانە بووبونـە هۆی بگرە و بەردە و خـەبات و زۆرانبـازی و چوونە مـەیدان بە شـێوەیەکی گەلێک تیژ لە نێوان ڕێڕەوەکانی (دیموکراتی - لیبرالی) و (نازی - فـاشیزم) و (مارکسیزم - کۆمۆنیزم). ئەم دیاردەیە دەبوو بە جەنگ ئەنجامی پێ بدرێ، بە تایبەتی بە بیروباوەڕی ئەڵمـانیای فاشیستی. هەوری ڕەش لەو ڕۆژە بـاڵی بەسـەر هەمـوو ئـەڵمـانیـادا کـێشـا، کـە هـیـتلەر دەسـەلاتی گـرتە دەست و بوو بە کـەنسلـەر (مـوسـتـەشـار) (١٩٣٣)، ئینجـا لە پاش مردنی هیندنبورگ بوو بە دیکتاتۆر (١٩٣٤).

هیتلەر ڕێژیمێکی میلتاری - فاشیستی (عەسکەریتاری - تۆتالیتاری)ی بە ناوی سـڤیلیـزاسیـۆنی ڕەگـەزی جـەرمـەنی دامـەزراند بە هیـوای ئەوەی هەمـوو گێتی داگیر بکا.

بەرنامـە و پیـلانەکانی بۆ ئەم ئامـانجـە پتـەو و ژیرانە بوو، ڕاوێژکـەرەکانی شـارەزا و بلیـمــەت بوون. لە سـەرەتادا توانی هـەندێ کـەس بخـەڵەتێنێ، بە تایبەتی دوژمنی هەرە گەورەی ڕووسی سوسیالیست. بۆ ئەم ئامانجە پەیمانی لەگـەڵدا بەست بۆ ئـەوەی درژمنـە بچـووکـەکـەی (دەوڵـەتە پێـشکەوتووە

بۆرجوازییەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا) لە پێشانا لە ناو ببات، ئینجا بگەڕێتەوە سەر دوژمنە گەورەکە، نوێنەرانی کۆمۆنیزم (یەکێتیی سۆڤیەت)

**گوریس کێشانێ**: جموجۆڵی دیپلۆماسی - سیاسی و کردەوەکانی ئەڵمان بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٣٩ بۆنی جەنگیان لێ دەهات. هەموو شتێک ئاواز و دەنگی جەنگ بوو. پێش ئەوەی بە ڕەسمی جاڕی جەنگ بدرێ (١ی ئەیلوولی ١٩٣٩) لە لایەن ئەڵمانەوە، ڕووداوە هەرە گرینگەکانی پێش جەنگ گەلێ شتی نهێنیمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

* لە ١٥ی مارت هیتلەر چیکۆسلۆڤاکیای داگیر کرد.
* لە ٧ی نیسان مۆسۆلینی ئەلبانیای داگیر کرد.
* لە ٢٢ی مایس پەیمانێکی عەسکەری لە نێوان ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بەسترا (هیتلەر - مۆسۆلینی).
* لە ٢٢ی ئاغستۆس پەیمانێک لە نێوان ئەڵمانیا و سۆڤیەت بەسترا (هیتلەر - ستالین).

لە پاش مۆرکردنی پەیمانی ئەڵمان و سۆڤیەت بە ١٠ ڕۆژ جەنگ دەستی پێ کرد بە هێرشی هیتلەر بۆ سەر پۆڵۆنیا، لە پاش دوو ڕۆژ (٣ی ئەیلوولی ١٩٣٩) بەریتانیا و فەرەنسا جاڕی جەنگیان دا لە دژی ئەڵمانیا.

بەمجۆرە جەنگ کەوتە نێوان بەرەی دیکتاتۆری - فاشیزم و بەرەی لیبرالی - دیموکراتی - بورجوازی، بێگومان بەرەی سۆڤیەتی مارکسی - سۆسیالیست خۆشیی خۆشیی بوو، سەیری جەنگی نێوان هەردوو دوژمنی دەکرد، ئاگرە سووره لە خۆم دووره. بەڵام ئاخۆ دەبێ لەو ڕۆژەدا ئەم بەرەیە بیریان نەکردبێتەوە کە ئەوان دوژمنی ڕاستەقینەی هیتلەرن؟ چار نییە دەبێ ئەوانیش بەرکەون چونکە هەر لە بنجدا جەنگەکە بۆ لەناوبردنی ئەوان پێش خەڵکی تر دامەزرێنرابوو. وا بوو هێشتا دوو ساڵ بەسەر جەنگدا تێپەڕی نەکردبوو، هیتلەر (کردەوەی باربارۆس)ی خستە کار و لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٤١ هێرشی بردە سەر ڕووسیا و هەموو وڵاتی سۆڤیەت.

**یەک دیاردە، ناوی زۆر:** جەنگی دووەمی گێتی، جەنگی ئەمپریالیستی، جەنگی نیشتمانیی مەزن، جەنگی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی، ئەمانە هەموویان ناوی جەنگەکە بوون، هەریەکەیان لە دەستە و دایەرەیەکەوە دەنگ و ئاوازیان بڵاو دەبووەوە.

سۆڤیەتەکان (جەنگی ئەمپریالیستی) یان بە (جەنگی دووەمی گێتی) دەگوت، لە سەرەتای دەست پێکردنیەوە تا ڕۆژی هێرشی هیتلەر بۆ سەر خاک و نەتەوەکانیان، ناویشی هەر وا مایەوە لە ئەدەبیاتیاندا، بەڵام پاش (کردەوەی باربارۆس) ناوی نرا (جەنگی نیشتمانیی مەزن) (١٩٤١ – ١٩٤٥). هەرچی ئەڵمانیای هیتلەریش بوو جەنگەکەی بە جەنگی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدا، بە مانای ئەوەی جوگرافیا دەبێ بە ئەڵمانیا، مرۆڤ دەبێ بە ئەڵمان، پایتەخت دەبێ بە بەرلین.

ئەنجامی جەنگ ئەوەی ئاشکرا کرد کە مرۆڤی ژیر دەیتوانی بیر لەوە بکاتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئینگلیز و ئەمریکی و فەرەنسی و ڕووسی دەچنە ناو بەرلینەوە، چارەنووسیش هەر ئەمە بوو، بەڵام نەیدەتوانی بیر لەوە بکاتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئینگلیز و ئەمریکی و فەرەنسی و ئەڵمان دەچنە ناو مۆسکۆوە، چونکە سۆسیالیزم و کاپیتالیزمی لیبرالی دەتوانن پێکەوە هەڵبکەن و دەبێ پێکەوە بژین، بەڵام فاشیزم لەگەڵ هیچ یەکێکیان هەڵی نەدەکرد.

**گۆتفرید یۆهانیس میوللەر:** گوتفرید یۆهانیس میوللەر ئەفسەرێکی ئەڵمان بوو، هۆگری ئاین بوو، باوەڕی گاوری دڵ و دەروونی داگیر کردبوو، لە هەموو تەنگانەیەکدا دەستی پاڕانەوەی بەرز دەکردەوە و موناجاتی لەگەڵ خوادا دەکرد و یارمەتیی لێ دەخواست. میوللەر نازی نەبوو، بەڵام بۆ چاکەی ئەڵمانیا سڵی لە هیچ شتێک نەدەکردەوە و دەچووە ناو هەموو تەنگانەیەکەوە.

میوللەر لە پێش جەنگی دووەمەوە مەیلێکی زۆری بووە بۆ بینینی زەوییە پیرۆزەکان (فەلەستین) و شارە ئەفسانەییەکە (بەغدا) و هەرێمە ڕەنگینەکان

(کوردستان). هەر بۆ ئەم ئامانجە کە هێشتا لاوێکی تازە پێگەیشتوو بووە بە پایسکل گەشتی ئەو ناوچە دڵگیرانەی کردووە. لە پاش گەڕانەوەی بۆ نیشتمانی خۆی لە ساڵی ١٩٣٧ کتێبێکی بە ئەڵمانی بە ناوی (خۆ کوتانە ناو کوردستانی داخراو)ەوە[٣] بڵاو کردووەتەوە.

میوللەر ناوچەکانی کوردستانی عێراق گەڕابوو، پێوەندیی لەگەڵ گەورەی کورد شێخ مەحموود پەیدا کردبوو، خۆشەویستیی دێرێنی بەرامبەر بە کورد و لە نزیکەوە ناسینی کورد و وڵاتەکەیان، هەموو ئەمە بووە هۆی ئەوەی ببێتە پسپۆڕی ڕاوێژکاری مەسەلەی کورد لەلای دەسەڵاتی ئەڵمان، بۆیە لە ماوەی جەنگی دووەمدا کرابووە بەڕێوەبەری یەکێ لە مەڵبەندی خەفیەییی ئەڵمان لە شاری ئەستەنبۆڵ.

لە ساڵی ١٩٤٢ کە ئەو مەڵبەندەی بەڕێوە دەبرد لە ئەستەنبۆڵ، لە یەکێ لە گەڕانەوە و سەردانەکانی ئەڵمانیای ئەوەی زانیبوو کە کەمیی سووتەمەنی (پیترۆڵ) تەنگوچەڵەمە بۆ سوپای ئەڵمانیا دروست دەکا، لەبەرئەوە پێشنیازی بۆ فیلد مارشال کایتل فەرمانبەری سوپای ئەو سەردەمە و سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا کردبوو، کە هەوڵ بدرێ بیرەکانی نەوتی عێراق داگیر بکرێ و ئینگلیزی لێ دەربکرێ. بۆ هێنانە دی ئەم ئامانجە پێویستی بە کوردێک دەبێ وەشاوە بێ بۆ ئەوەی ئەم ئاواتە لەگەڵ ئەودا بگەیەنێتە ئەنجام.

**ڕەمزی نافیع ڕەشید**: ڕەمزی نافیع ڕەشید لە ساڵی ١٩١٧ لە هەولێر لەدایک بووە. لە کۆشی دایک و باوکێکی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو و تێر، پەروەردە کراوە. قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی لە هەولێر تەواو کردووە، ئیتر لەبەر نەبوونی قوتابخانەی ئامادەیی لە هەولێر، ڕووی کردووەتە کەرکووک و ساڵێکی خوێندنی لەوێ بردووەتە سەر. لە بابەت هەڵسوکەوتی ڕەمزی لەو ماوەیەی کە لە کەرکووک بووە، هاوڕێی بەڕێز دوکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی پێی وتم: «پێش حەرەکاتی ڕەشید عالی، ڕەمزی لە کەرکووک بوو، لەو کاتەدا ئەندامی پارتی هیوا بوو، لە قوتابخانە زوو زوو یەکتریمان دەدی و ڕەمزی

کورێکی باش بوو، زۆر لە کەرکووک نەمایەوە و دەرچوو. لە پاشاندا کە لەگەڵ ئەڵمانەکاندا ڕێک کەوت، پارتی هیوا ئاگەداری ئەو پێوەندییە نەبوو، چونکە ئەڵمانەکان بۆ مەبەستی دەست تێ وەردان لە مەسەلەی کورد پێوەندییان لەگەڵ پارتی هیوا نەبەستووە.»[٤]


ڕەمزی نافیع ڕەشید

لە کەرکووکەوە هەر بۆ ئامانجی تەواوکردنی خوێندن دەچێتە بەغدا و ساڵی خوێندنی ١٩٣٧ – ١٩٣٨ لە پۆلی پێنجەمی زانستی (عیلمی) بووە لە قوتابخانەی ئامادەییی ناوەندی (الإعدادية المركزية)ی بەغدا.

لە ساڵی ١٩٣٩ ڕوو دەکاتە بەیرووت لە زانستگەی ئەمریکی دادەمەزرێ، دوو ساڵی خوێندن لەوێ تەواو دەکا و پلەی (فریشمان) وەردەگرێ. لە پاشاندا هەر بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە ئەستەنبۆڵ و دەبێ بە قوتابیی کۆلێجی ڕۆبەرت (ڕۆبەرت کۆلیج). لە ساڵی ١٩٤٢ کە ڕەمزی لە ئەستەنبۆڵ دەبێ بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی ئەو ساڵە ئیتر گۆتفرید مویللەر خەریک دەبێ بۆ خۆ ئامادەکردن لە پێناوی هێنانە دیی (کردەوەی مامۆنت). بەم جۆرە ڕەمزی لەگەڵ مویللەر و تاقمەکەی کە دوو کەسی تریش بوون ڕوو دەکەنە ئەڵمانیا و لە بەرلین خەریکی مەشقکردن دەبن.

پێوەندیی مویللەر و ڕەمزی لە چوارچێوەی یەکتری ناسین دەچێتە دەرەوە و دەبێ بە دۆستایەتی، ئینجا هاوڕێیەتی و برادەری، لەوەش ڕەت دەکا بۆ برایەتی و تا دەگاتە ڕادەی خۆشەویستی، هەر لەبەرئەوەشە تا ئێستا یادی ڕۆژانی مویللەر لەگەڵ ڕەمزی یادگارییەکی بە نرخ و بێ وێنەیە لە لای، وەکو



تیپی تۆپی پێ لە دواناوەندیی کەرکووک ١٩٣٧، ڕەمزی بە دانیشتوویی
لە دیوی ڕاستی کۆمەڵە تاسەکەدا

لە سەرانسەری گێڕانەوەکانیدا دەردەکەوێ.

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٣ تیپە چوار کەسییەکەی (کردەوەی مامۆنت) بە شەو خۆیان بە پەراشووت دەهاوێنە خوارێ. لە ناوچەیەکی سێ گۆشەی سنووری عێراق – تورکی – سووری لای ڕۆهەڵاتی ڕووباری دیجلە دەکەونە سەر زەوی. لەوێوە بە قاچاغی و بە سواریی پاسە تەختەکانی ئەو سەردەمە و وڵاغ و کاروان دەگەنە مووسڵ بەری نەینەوا (یوونس پێغەمبەر)، ئینجا قایەغی گوێڕ و لە پاشاندا هەولێر. لەوێوە بەرەو ژوور لە گوندی بێوکە دەنیشنەوە. ئەڵمانەکان دەگیرێن و ڕەمزیش لە هەولێر خۆی دەدا بە دەستەوە. لە گرتووخانەی هەولێرەوە دەبرێ بۆ مووسڵ، لەوێوە بۆ بەغدا، ئینجا بۆ قاهیرە و دووبارە دەیهێننەوە بەغدا. لە ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ کۆتاییی جەنگ دەدرێ بە دادگەی عورفی و بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێ. لە پاشاندا بڕیارەکە دەکرێ بە هەتاهەتایە (٢٠ ساڵ). لە بەندینخانەی ناوەندیی بەغدا و لە قەلعەی دووەم بەند دەکرێ.

زۆری پێ ناچێ بڕیاری ئازادکردنی دەردەچێ بە هۆی ڕاپۆرتێکی پزیشکی (لەبەر تووشبوونی بە نەخۆشییەکی کوشندە). بە ڕاستیش ڕەمزی لە ژێر زەبری کارەسات و ئەشکەنجە و دەردی دەروونی، مێشکی سووک بووبوو و تێک چووبوو، هەر لەبەرئەوەش بوو لە پاش دەرچوونی لە بەندیخانە لە ساڵی ١٩٤٧ لە هەولێر سەری نایەوە بۆ هەتاهەتایە پاش ئەوەی ئەفسانەیەکی لە دوای خۆی بەجێ هێشت بۆ نەتەوەکەی.

**کردەوەی مامۆنت**: تیپی بە ئەنجام گەیاندنی (کردەوەی مامۆنت) لە چوار کەس پێک هاتبوو، سەرۆک و بەڕێوەبەریان میوللەر بوو. دوو کەسی تریشی لەگەڵدا بوو، یەکەمیان هۆفمان ناوێک بوو، ئەمەیان نازی بوو، ئاگاداری ڕۆژهەڵاتناسی بوو، چونکە بۆ ماوەیەک مامۆستا بووە لە زانستگەی تاران، دووەمیان کۆنێچین یا (کانێچین) لە بنجدا بە نەژاد پۆڵۆنی بووە. چوارەمی تیپەکە ڕەمزی بوو، ئەمە دەمڕاست و ڕێبەریان بووە چونکە کوڕی هەرێمەکە بووە و بەبێ ئەو کار و کردەوەیان نەدەچووە سەر.

لە پاش مەشقی پراکتیکی لە خۆ فڕێدان بە پەڕاشووت و سیلاح شۆڕی و فێربوونی دەستووره بنچینەییەکانی خەفیەیی لە شاری بەرلین و هەرێمەکانی سینگەربێرگ و بۆدێنتەل و وینەرنیوشتادت، ئامادەی بەجێهێنانی (کردەوەی مامۆنت) دەبن. پێویستە ئەوەش بۆ ڕاستی بوترێ کە پیلانەکەیان لە بنجدا بە جۆرێک ڕێک دەخەن کە لە بەهار دەست پێ بکەن، بەڵام دوا دەکەون، بەسەر ترسی گەرما زاڵ نابن و کردەوەکەیان دەکەوێتە هاوین، دیارە ئەمەش گەلێ تەنگوچەڵەمەی لاوەکییان بۆ دروست دەکا.

سەعاتی سفریان لەو کاتەدا دەست پێ دەکا کە یەکێ لە فڕۆکەکانی (کۆندۆر) دەکەوێتە ئاسمانەوە، بەسەر قرم و زەریای ڕەش خۆی دەکوتێتە ناوچەکانی سەرووی کوردستانەوە، لەنجەیەکیش بەسەر شاری مووسڵدا دەکا. گڵۆپە زۆرەکانی شار کە بەڵگەی گەورەیی شارەکە بوو سەریان لێ دەشێوێنێ و میوللەر هەست دەکا کە ئاسمانەکە ئاسمانی ئەو جێیە نییە کە

پێویسته خۆیان به پەراشووت فڕێ بدەنه خوارەوە، بۆیه دەکەوێته گومانەوە. مەنزڵی خۆ فڕێدان به پەڕاشووت دەشتی بیتوێن دەبێ، چونکه نزیکتره و به ئاسانیش دەتوانن بگەنه هەولێر، بەڵام فڕۆکەوان جێیەکی تریان بۆ دەستنیشان دەکا و به بیتوێنی دەزانن. هەر چوار ئەندامانی تیپەکه و کەلوپەلیان که له ناو باوڵ بووە به پەڕاشووت دێنه خوارەوە بۆ سەر زەوی. هێشتا به ئاسمانەوە هەڵواسرابوون و نەگەیشتبوونه سەر ئەرز لەو کاتەی که میوللەر له ژێرەوە چاوی به ڕووبارێکی گەورە (دیجله) دەکەوێ، گومانەکەی لێ دەبێ به ڕاست و دەگاته ئەوەی که هەڵەیەک ڕووی داوە.

ئەمه و که چاویشی به ڕووباری خوارەوە دەکەوێ مەترسییەکی تریشی بۆ پەیدا دەبێ خوانەخواسته له باتی سەر زەوی بکەونه ناو ئاوەوە. ڕەنگه خۆیان به مەله ڕزگاریان ببن بەڵام ئەگەر کەلوپەلەکانیان له ناو ئاو نیشتەوە؟

ئەو ناوچەیەی که لێی کەوتنه سەر زەوی، (فلفێل)ی پێ دەڵێن، کەوتووەته ناو سێگۆشەی سنووری عێراقی– تورکی – سووری لای ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجله. به پێی جلوبەرگی دەشتەکییانی ئەوێ، که زۆربەیان تەیاری بوون ناوچەکه دەناسنەوە، ئیتر به پاسه تەختەکانی دەوروبەری جەنگ خۆیان دەگەیەننه نزیک مووسڵ، دیوی نەینەوا (یونس پێغەمبەر). ڕەمزی دەبوو له ڕووبار بپەڕێتەوە بۆ شار و هانا بەرێته بەر یەکێ له خزمەکانی باوکی له مووسڵ. لەبەرئەوەی پشکنینەوەیەکی زۆر لەسەر پردی مووسڵ هەبوو، تاقمەکه له چایخانەیەک بەجێ دێڵێ و خۆی دەچێته ماڵی جەلال یاوەر (له حەفتاکاندا مردووە)، که کوڕی خەزووری باوکی ڕەمزی بووە[5] بەڵام ڕەمزی به نائومێدی دەگەڕێتەوە لای هاوڕێکانی و دەڵێ خزمەکانی هیچیان بۆ ناکرێ، هەر لەوانیشەوە ئەوە دەزانێ که مەسەلەیان له ناو خەڵکی ئاشکرا بووە و میری و ئینگلیز به دوایاندا دەگەڕێن[6].

زوو بەزوو ئەوێ به جێ دێڵن بەرەو ڕۆژهەڵاتی مووسڵ، واته ڕووەو هەولێر به ڕێگەی (وادی شۆر) که ناوچەیەکی قامیشەڵان و پڕ له دار و دەوەن بووە دەچنه گوندی (بازیوە)، ئەمه گوندی شەبەکەکانه. لەوێ پیرەمێردێک ڕەمزی

دەناسـێـتـەوە بە هۆی ناوبانگی باوکـیـەوە، بۆیە زۆریان ڕێز لێ دەنێ و میوانداریان دەکا، بەم جۆرە بۆ مەبەستی ڕزگارکردنیان لەسەر داوای تیپەکە و بە کیسەی ئەوان چەند ئێسترێک بەکرێ دەگرێ، ماوەیەک لەگەڵیان دەڕوا، لەبەر ماندوویی کـە دەگـەنە لای کـەندەلانێک لەوێ دەحەسێنەوە و خەویان لێ دەکەوێ ئیتر کابرای شەبەک ئەمە دەزانێ، گەشتەکەیان پێ تەواو ناکا و بە جێیان دەهێڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامانی تاقمەکە ئەم کردەوەیە بە کارێکی خراپ حسێب ناکەن چونکە هیچ زیانێکی پێ نەگەیاندن لەو کاتەی کە دەیتوانی بە گرتنیان بدا.

تاقمەکە بە تەنیا دەکەونە ڕێ و لە نزیک کەڵەکی یاسین ئاغا لە ڕێ لادەدەن بەرەو خوار بۆ لای قایەغەکەی گوێڕ. بە قایەغ لە زێی بادینان (زێی گەورە – زێی کەڵەکی یاسین ئاغا) دەپەڕنەوە دیوی هەولێر. ئێوارە وەختێک دەگەنە گوندی تەرجان، ئەمە گوندی ماڵی باوکی ڕەمزی بووە. ئەگەرچی تا دەهات مەترسییان زیاتر دەبوو، بە تایبەتی کە لە شار و ئاوەدانی نزیک دەبوونەوە، بەڵام بە هۆی خەڵکی ئەو ناوچانە کە ناسیاو بوون، بزووتنەوە و کاری خۆ ڕزگارکردنیان ئاسانتر دەبوو. بە هۆی ئەو ناسیاوانەوە تیپەکە بە سواری ولاغ دەگەنە هەولێر و ڕوو دەکەنە ماڵی عەتائوڵڵا ئاغا[7]. لەوێ میوللەر و تیپەکەی چاویان بە نافیع ئاغا ناکەوێ، لە باتی ئەو قەرەنی نافیع (١٩١٢ – ١٩٦٩)ی برا گەورەی ڕەمزی، هەموو شتێک لە میوللەر دەگەیەنێ. ئەندامانی تیپەکە لە تەک یەکەوە وەستابوون، ڕەمزی دەستی ڕێزی خستبووە سەر سینگی، سوعاد نافیع (١٩٢٩)ی برا بچووکی و حاجی عەلیی قاوەچی[8] بزێو بوون، هەڵسوکەوتیان ئەوەی دەردەخست کە لایەنگری ئەڵمانن. ئیتر قەرەنی بە ناوی باوکیەوە دەڵێ: ئێمە هیچمان پێ ناکرێ بۆ ئێوە، باب و باپیرانمان بە ناحەزی ئینگلیز لە قەڵەم دراون، گەلێ زیانمان لێ کەوت و لەم ڕووەوە ئیتر ئێوە خۆتان چارەسەری خۆتان بکەن، چونکە ئێمە هیچمان بۆ ناکرێ.

بەڵام ڕەمزی مەردانە پشتیان تێ ناکا، چونکە بە ڕاستی چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی ئەوانەوە بەستبووەوە. ئیتر لەبەرئەوەی ئەو ئامانجەی بۆی

هاتبوون لەم هەڵوێستەدا زیندە بە چاڵ کرا، پیلانی میوللەر ئەوە بوو یەکێ لە ئەندامانی تیپەکە بگەیەنێتە سەر سنووری تورکیا، لەوێ خۆی بدا بەدەستەوە و بگیرێ و بخرێتە گرتووخانەوە، بەم ڕەنگە دەتوانن بە هۆی دەسەڵاتی تورکەوە قونسوڵی ئەڵمان لەوێ ئاگەدار بکەن، بەمە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکەیان پەیدا دەکەنەوە. بۆ هێنانە دیی ئەم ئامانجە و بە هۆی ڕەمزییەوە لە هەولێر دەردەچن بۆ گوندی (بیۆکە)ی نوورەدین ئاغای مامی ڕەمزی. لێرە خورشید نوورەدین (١٩١٧ – ١٩٨٧) ئامۆزا و هاوڕێی ڕەمزی یارمەتییان دەدا، ئیتر بۆ مەبەستی گەیشتنە سەر سنووری تورکیا لەگەڵ قاچاخچییەکان دەگەڕێنەوە گوندی بیۆکە و ڕێبەرییان دەکەن تا سنووری تورکیا. ڕەنگە هەڵەی هەرە گەورەی میوللەر ئەوە بووبێ کە لە پێشەوە هەموو کرێکەی دابووە قاچاخچییەکان، ئیتر ئەوان کرێکەی میوللەریان خستە گیرفانیانەوە و لە هەولێر جێگەی خۆشاردنەوەی ئەڵمانەکانیان بۆ پۆلیسخانە ئاشکرا کرد، بە ئومێدی ئەوەی هەزار دینار (بۆ هەر سەری ٢٥٠ دینار)ەکەی پاداشتی میری بۆ گرتنی تاقمی (کردەوەی مامۆنت) مسۆگەر بکەن.

ئەفسەری پۆلیس بەدیع محەمەد نەزهەت (١٩١٠– ١٩٦٠) و پیاوەکانی دێنە گوندی بیۆکە و گەمارۆی ئەو جێیە پڕ لە دار و دەوەنە دەدەن، هەرسێ ئەڵمانەکان دەگرن.

لەو کاتەدا ڕەمزی لەوێ نابێ. هەر بۆ ئامانجی لێکۆڵینەوە و ترساندن و ئاسانکردنی گرتنی ڕەمزی هەموو کەسوکار و مامەکانی دەگیرێن. تەنیا نوورەدین ئاغا ئازاد کرابوو بۆ ئەوەی ڕەمزی بگرێ و بیدا بە میری. ئیتر لەو کاتەی کە ڕەمزی دەچێتە لای نوورەدین ئاغا بۆ ئەوەی ڕزگاری بکا بۆی ئاشکرا دەبێ کە ئەڵمانەکان گیراون و هەموو کەسوکاری خۆشی یا دەستبەسەر کراون، یا خراونەتە گرتووخانە و بە قسەی نوورەدین ئاغا پێویستە خۆی بدا بە دەستەوە و هەموو هەوڵێکیشی بۆ دەدەن کە ئازاری پێ نەگا. بەم جۆرە خۆی دەدا بە دەستەوە و لە گرتووخانەی هەولێر دەگاتەوە هاوڕێ ئەڵمانەکانی.

وەکو لەم گێڕانەوەیە بۆمان دەردەکەوێ، (کردەوەی مامۆنت) بە مردوویی لە دایک بوو، چونکە میوللەر و ڕەمزی هەردووکیان تێڕوانینیان بۆ ناوەڕۆک و حەقیقەتی وەزعی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جموجۆڵی سوپای سوێندخۆرەکان بە تایبەتی سوپای سوور (سوپای سۆڤیەت) ڕاست نەبوو. خۆ تاقیکردنەوەکەی ڕەشید عالی لەمێژ نەبوو رووی دابوو. میوللەر تەنیا لەبەرئەوەی کورد بە گشتی ئینگلیزی خۆش نەدەویست وای دەزانی قوربانی دەدا بۆ سەرکەوتنی ئەڵمان، بێگومان پێوەندیی کۆنیش بە شێخ مەحموودەوە و ناحەزیی شێخ لەگەڵ ئینگلیز وای لێ کردبوو کە ئومێدێکی زۆری بەو هەبێ، زیاد لەسەر ئەم هەموانە ڕەمزی لە رووی دڵسۆزی و گیانی ڕاستەقینەی کوردایەتییەوە دەسەڵاتی ماڵی باوکی و دایکی وا دەرخستبوو کە دەتوانن سوپایەک دروست بکەن بۆ پاڵپشتیی ئەڵمان بۆ مەبەستی دەرکردنی ئینگلیز لە وڵات.

ئەمە دیارە بینین و دیاردەیەکی ڕاست نەبوو، چونکە نەک بنەماڵەی ڕەمزی بگرە هەموو ئاغاکانی ناو شاری هەولێر عەشرەتیان نییە، لەگەڵ کرمانجەتی ناژین. خەڵکی گوندەکانیان لەگەڵ هەموو ئەم خزم و کەسوکارانەشیان وەنەبێ لایەنگری ئەڵمان بووبن و ڕقیان لە ئینگلیز بووبێ، جگە لەوەی زۆر جار تەنگوچەڵەمەی نێوان بنەماڵە دەوڵەمەندەکان بوونەتە هۆی ئەوەی هەر یەکێک بە لایەکدا ڕای بکێشێ. لایەنی ئینگلیز زۆر بوون، لایەنی تورکیش هەبوون، پێوەندیی هەندێ بنەماڵەی کورد بە ئینگلیزەوە بە میرات لە باوکەوە بۆ کوڕ دەمایەوە.

ئەوەی بەڵگەی ناڕاستیی بۆچوونەکانی میوللەر و ڕەمزییە، قسەکانی قەرەنی نافیعە بە زمانی باوکیەوە کە بە دوو وشە کۆتایی بە مەسەلەکە هێنا و (کردەوەی مامۆنت) لە ماڵی عەتائوڵڵا ئاغا لە هەولێر دوایی پێ هات. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئیتر میوللەر بیر لە ڕزگارکردنی خۆی و ئەندامانی هەموو تیپەکە بکاتەوە.

ڕەنگە هی وا هەبێ بڵێ ئەگەر لە بیتوێن بهاتنایە خوارەوە، مەسەلە

ڕێیـیـەکی تری دەگـرت، ئەمـەش وا نیـیـە، چونکە لەو سـەردەمـەدا نە خـاڵوانی ڕەمـزی، نە مـاڵی باوکی، نە هیچ لایـەکی تری کـوردیش بۆیان دەکرا یارمـەتیی ئەڵمـان بدەن، چونکە ئـەڵمـان کـەوتبـووە لێژییـەوە، هەروەها لە وزە و چاکـەی چینایەتیی سـەرەک عـەشرەت و دەوڵـەمەندەکانی شـاردا نەبوو لە کـوردسـتـاندا بە گژ ئینگلیزدا بچن. لە خوارووی و ناوەڕاستی عێراقدا ئینگلیز بەهێز بوو، لە هـەرێمە دراوسێکانی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوای عێـراقدا (ئێران و سووریا و لبنان و ئوردن) سـوێندخۆرەکان دەسـەڵاتیـان هـەبوو، تورکیا لە دژی هەمـوو مافێکی کورد بوو، ئیتر ئەمە هەمووی تەگەرە بوو لە ڕێی داگیرکردنی چاڵەکانی نەوتی عێراق.

تیـپـەکـەی (کـردەوەی مـامـۆنت) لـە ڕۆژهـەڵاتەوە (مـووسڵ) ڕوویان کـردە هـەولێر، مـەسـەلەکەیان ئاشکرا بوو بۆیـە ناخـۆشـیـان دی، ئەگـەر لـە بیـتـوێن بنشـتنایەوە و بە بێ ناخـۆشی و مـەسـەلەکەشیان ئاشکرا نەبوایە یا دەبوو لە ڕێوە هـانا بـەرن بـۆ خـاڵوانی ڕەمـزی، پێم وایـە ئەمـانە هیـچیـان بۆ نەدەکردن، بـەڵام لـەبـەرئـەوەی لـەگـــەڵ ڕەمــــزی بـوون ڕەنـگ هـەبـوو یـاریـدەیـان بـدەن و بیـانگەیێننە سـەر سنووری تورکـیـا، یا دەبوو بگەیشـتـنـایە هـەولێر و قـەرەنی نافـیـع هـەر ئەو قـسـەیەی دەکـرد ئەوەی کـردی، بەڵام ئەویش ئامــادە دەبوو بیانگەیێنێتە هەر جێیەکی میوللەر بیویستایە.

لەبەرئەوەی (کردەوەی مامۆنت) لە پلەی ئەو ئامانجە نەبوو کە بۆی دانرابوو (داگیـرکـردنی چاڵەکـانی نەوت و گـەیاندنی کـورد بە مـافـە نەتەوایەتییـەکـانی) سـەرنەکەوت. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بـووبێ فـەرمـاندەی سـوپاییی ئەڵمـان لە سەرەتاوە بایـەخێکی ئەوتۆی نەدایە تیپەکەی (کردەوەی مامۆنت) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (کردەوەی مامۆنت) جارێکی تـریش ئەوە دەخاتە ڕوو، کە کـوردسـتـان بۆ سـیاسـەتی ئەڵمـانیـا گرینگ بوو، هەر لـەبەرئەوەش نەوەکو تەنیا لە جـەنگی دووەمی گـێتـیدا دەسـتی لە مـەسـەلەی کورد وەرداوە، بگرە لە پێش جـەنگی یەکەمەوە، یا ڕاستتر لە دوا ساڵانی سەدەی نۆزدەمەوە ئەڵمان خەریکی ناوچە کوردییەکانی دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی بووە. دیارە کۆششـە خوێندەواری

و ڕۆشنبیرییەکانی ئۆسکارمانی زانا بەشێک بووە لەم ئامانجەی ئەڵمان.

**ڕەمزی و من:** کە باس لە خۆم دەکەم مەبەستم شەخسی خۆم نییە، بگرە هەموو ئەو نەوەیەی لە تەمەنی من بوون و قوتابیی قوتابخانە بوون و لە ڕووی نیشتمانپەروەری و کوردایەتییەوە بیروباوەڕیان لە یەکترییەوە نزیک بوو. من لێرەدا ڕەنگدانەوەی دڵ و دەروونی هەموو ئەو کەسانە دەخەمە ڕوو.

کە هەواڵی ڕەمزی و پەڕاشووت و سوپای ئەڵمان بڵاو بووەوە، تازە تاقیکردنەوەی بەکالۆریای پۆلی شەشەمی سەرەتاییمان دابوو یا دەدا. هەندێکمان دڵیان زۆر بەوە خۆش بوو کە پاداشت و دیاری و سەوقاتی سەرکەوتن و دەرچوونمان لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە بۆ قوتابخانەی ناوەندی، چوونە ڕیزی بەچکەشێرانی هیوایە.

ئەحمەد و خالیس و من بووین، ئەنوەر بە قورئان و خەنجەر و شتی تر سوێندی داین، ئینجا عەلی بوو بە ڕێبەر و فێرکەرمان، ئێمە کە ناوی ڕەمزیمان بیست نەماندەزانی بە ڕاستی ئەندامی هیوایە، بەڵام لەوە موچڕکی خۆشەویستی بە لەشماندا دەهات، هەندێکمان حەزی دەکرد لەگەڵی بووایە، ئاخۆ ئێمەش کە گەورە ببین بۆمان ڕێک دەکەوێ لەسەر شانۆی ژیاندا دەورێکی وەکو ڕەمزی بنوێنین.

ڕەمزی بۆ ئێمە کاکە بوو ئەگەرچی زۆریشمان چاوی پێ نەکەوتبوو، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم لە هاوینیساڵی ١٩٤٣ەوە تا ئێستا ئەدگاری دیاری ڕەمزی لە سوعادی برای و ئامۆزاکانی دەبینم، ئەوانەی لەگەڵ ئێمەدا هاوتەمەن بوون لە قوتابخانەی سەرەتایی، هەموومان هاوڕێی خوێندن و قوتابخانە بووین، بەڵام ئەدگاری ناوەوە و شاراوەی ڕەمزی هەموو نیشتمانپەروەر و کوردپەروەرێک لە ناخی دڵ و دەروونی خۆیدا دەیبینێ.

مەسەلەی ئازایی و قارەمانیەتی و نیشتمانپەروەریی ڕەمزی شتێک بوو لە بیر نەدەچوونەوە. زانیاری لەبارەی (کردەوەی مامۆنت)ەوە هەر ئەو زانیارییانە بوون، کە بنەماڵەی ڕەمزی دەیانزانی یا خەڵکی گوندی بێوکە و

دەوروبەری ئاگەداری بوون. باوەڕیش ناکەین خەڵکی تا دەگاتە خزمەکانی ڕەمزیش هەموویان لەگەڵ کردەوەی ڕەمزی بووبن و مەسەلەکەیان بە هی خۆیان زانیبێ، بەڵکو لەوە دڵنیاین کە بەشێکی زۆر لەوانەی کە بە هۆی ڕەمزییەوە زیانیان پێ گەیشتبوو، نەوەکو تەنیا خۆیان دوورەپەرێز دەگرت بگرە خۆیان لە خزمایەتی و هاوڕێیەتیی ڕەمزیش دوور دەخستەوە. بۆیە مەسەلەکە لای خۆمان کپ بوو، پەردەی خرابووە سەر تا چەند ساڵێک لەمەوبەر.

لە ساڵی ١٩٥٩ کە کتێبەکەی میوللەر بە ئەڵمانی بڵاو کرایەوە، یەکسەر هەواڵی بەرگوێم کەوت. لە سەرەتای شەستەکاندا بۆ خوێندن ڕووم کردە یەکێتیی سۆڤیەت (مۆسکۆ و لینینگراد)، لە یەکەم گەشتی شاری بەرلینی ڕۆژئاوا (هاوینی ١٩٦٠) دەنگوباسی ئەم کتێبەم لە خوێندکارە کوردەکانمان پرسی، گەلێک لە ناوەڕۆکی هەر لەو کاتە بۆم ڕوون بووەوە. لە پاشاندا کە دوکتۆر عەبدولقادر غەریب بوو بە قوتابی لە بەرلینی ڕۆژئاوا و بە ناوی ئەوەی کە هەولێرییە هەر لە سەرەتاوە بایەخی زۆری بەم مەسەلەیە دابوو، کتێبەکەی دەست خست و ئاشنایەتی و دۆستایەتیشی لەگەڵ میوللەردا پەیدا کرد. هەر لەو سەردەمەوە چەند جارێک قسەمان لەم بابەتەوە کرد. کە ئەو کتێبە بگۆڕینە سەر زمانی کوردی یا عەرەبی، دیار بوو لە نووسینی کوردی و عەرەبییەکەی ڕازی نەبوو، نەشیدەویست لە پێداچوونەوەیدا من ماندوو بکا. بێگومان زۆریش حەزی دەکرد کە کتێبەکە بکرێ بە کوردی.

ئیتر مەسەلەکە مایەوە تا ساڵی ١٩٨٠ کە چاپی ئینگلیزیی کتێبەکە دەرچوو، دوکتۆر عەبدولقادر غەریب زوو زوو دانەیەکی پێشکش کەردم. ئەمە لە پاڵەوە ئەوەی دەگەیاند کە چاپە ئینگلیزییەکە زیاتر ڕێگە خۆش دەکا بۆ گۆڕینی بۆ زمانی کوردی.

بەڵام دوورخستنەوە لە زانستگەی بەغدا (١٩٨١) و لە دوا جاردا دوورکەوتنەوە لە وڵاتیش (١٩٨٣ – ١٩٨٨) ڕێگەی هێنانە دیی ئەم پرۆژەیەی لێ گرتم. وا بوو لەو ماوەیەی کە لە دەرەوەی وڵات بووم (زانستگەی عەننابە لە

جەزائیر) میوللەر خۆی دانەیەکی لە چاپە ئینگلیزییەکە بۆ ناردم، ئەوەشی دەربڕی کە زۆر بەختیار دەبێ ئەگەر کتێبەکەی بە زمانی زگماکی ڕەمزی ببینێ و ئامادەیە بۆ هەموو یارمەتییەک لە پێناوی گۆڕینی کتێبەکە بۆ زمانی کوردی.

هەر لەو سەردەمەدا بوو، بۆ یەکەمین جار کۆمەڵێک لە نووسیارانی کورد هەندێ وتار و تێبینییان لە ڕۆژنامە و کۆوارە کوردییەکاندا بڵاو کردەوە. بە گشتی نووسینەکان دوو بابەت بوون، بەشێکیان زانیارییان لە نزیکەوە تێدا بوو، واتە هاوڕێ و ناسیاوی ڕەمزی بوون، بەشەکەی تریان لە دوورەوە و لە رووی تیۆرییەوە لە ژێر ڕۆشنایی ئایدیۆلۆجییەتێکی دیاریکراو تەماشای ڕەمزی و کردارەکەیان دەکرد لەبەرئەمە ئەو بەشە بوو بە دوو بیروڕای جیا و پێچەوانەی یەکتری. وای لێ هات بە یەکەمیان بڵێی: (نەوا سوێر) و بە دووەمیان بڵێی: (نەوا بێ خوێ). ئیتر ئەم نووسینانە زیاتر هانیان دام کە بکەومە خۆ بۆ ئامادەکردنی کتێبەکەی میوللەر بە کوردی کە بێگومان وەرامی گەلێ پرسیار دەداتەوە. دەمێنێتەوە سەر بیروڕای خەڵکی لە بابەت هەڵوێستی ڕەمزییەوە، ئەمەش دەبێ بەگیانێکی دیموکراتییانە وەربگیرێ و هەموو کەسیش سەربەستە لە بیروڕای خۆی، ئێمەش بیروڕای خۆمان هەیە.

لە پاش گەڕانەوەم بۆ مەڵبەندی ڕووناکی لە هەولێر لە هەموو شتێک زیاتر دەستوبردم کرد بۆ ئامادەکردنی کتێبەکەی میوللەر بە کوردی. بەخت یار بوو و لاوێکی ژیر و تێگەیشتووی کوردی و ئینگلیزی زانی وەکو بەدران ئەحمەد حەبیب[9] هەڵکەوت کە بتوانێ ئەم ئەرکە بە چاکی بگەیەنێتە ئەنجام.

بەدران کتێبەکەی گۆڕییە سەر زمانی کوردی، پێداچوونەوە و بژارکردنی کەوتە ئەستۆی من جگە لەوە دەبوو پەراوێز و شیرازەشی بۆ بکەم، بێگومان پێشەکیش شتێکی پێویست بوو، چونکە گەلێ لایەنی تری مەسەلەکە ڕوون دەکاتەوە.

سەرچاوە و کەرەستەی پەراوێز و شیرازە و نووسینی پێشەکی زیندوو بوو، واتە قسەی سەر زمان و ئەزبەر بوو. لە پێشاندا لە برا و کەسوکار و

نزیکەکانی ڕەمزی وەرگیرا.

ئینجا دۆست و برادەران و ئەو کەسانەی ئاگەداری ڕووداوەکان بوون لەبەرئەوە سەرچاوە نووسراوەکان (ئەو وتارانەی لەسەر مەسەلەکە بلاو کرابوونەوە) پشتگوێ خران. چونکە زۆریان بیروڕای ئایدیۆلۆجی بوون، وەکو ئاشکراشە مەبەستی ئێمە ئەوە بوو کتێبەکەی میوللەر لە نهێنیی دەربێنین بۆ ئەمە تەنیا ئەو زانیارییانە بخەینە ڕوو کە پێوەندییان بە ڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی ناو کتێبەکە هەیە. ئێمە لەم پێشەکییەدا کارمان بەسەر ئەوەدا نییە تێبینی بەرامبەر ئەو بیروڕایانە دەربڕین کە بۆ مەسەلەی ڕەمزی هاتوونەتە ناوەوە، واتە ئەوەی بە لای ئێمەوە ڕاستە پەنجەی بۆ درێژ بکەین و ئەوەی هەڵەیە بە بەڵگەوە ڕەتی بکەینەوە. ئێمە ئەمە ناکەین بەلام مافی ئەوەمان هەیە بیروڕای تایبەتی خۆمان دەربڕین بە هەموو سەربەستییەکەوە، هەر کەسێکی هی تری هەیە، یا پێچەوانە، با بفەرمووێ. هیچ شتێکیش لە دیموکراتی و سەربەستی خۆشتر نییە.

**ڕەمزیی نیشتمانپەروەر**: نزیکەی نیو سەدە بەسەر ئەو ڕووداوانەدا تێ پەڕی کە میوللەر و ڕەمزی قارەمانی بوون، کەچی میوللەری ئەڵمان وا لە شاری شتوتگارت دەژی و هێشتا ماوە، بەلام ڕەمزیی کورد زیاتر لە چل ساڵ لەمەوبەرەوە هاوولاتیی شاری خامۆشانە لە هەولێر. ئەم ماوە زۆرە هەموو کردەوە و ڕووداوێک لە نهێنیی دەردێنی، بۆیە نابێ هیچ شتێک پەردەی بەسەردا بگیرێ و پێویستە هەموو شتێک بە ئاشکرا بوترێ.

ناوەڕۆکی نیشتمانپەروەری شتێکی موتڵەق و هەمیشەیی نییە، بە پێی سەردەم و ڕۆژگار دەگۆڕێ، هەروا بە پێی هەڵوێست بەرامبەر بە کردەوەیەک. خوێندەواری دەوروبەری جەنگی دووەم لە کۆمەڵی هەولێر ئەوانەی بیریان لە دوارۆژی میللەت دەکردەوە دەبوو یا لایەنگری ئینگلیز بن، یا خۆیان سەر بە ئەڵمان بزانن، یا تورکچی بن. ئەوەی تورکچییەتیی دەکرد پێوەندیی بەم باسەی ئێمەوە نییە، هەرچی ئینگلیز بوو لەو سەردەمەدا ئێسکی قورس بوو،

خراپەی لەگەڵ هەموو عێراق کردبوو نەوەکو تەنیا کورد. کاربەدەست و مووچەخۆری گەورە و بەشێک لە بۆرجوازی و دەرەبەگ و دەسترۆیشتووەکان کە سەر بە ئینگلیز بوون وە نەبێ لە کۆمەڵدا ڕێزیان گیرابێ. بێگومان خۆشیان هەستیان بەمە دەکرد، بەرامبەر بەمە تەنیا نازی بوو کە هێز و ناوێکی هەبوو لە ناوچەکەدا و دژی ئینگلیزیش بوو. خەڵکەکە خراپەیان لێی نەدیبوو، بە قووڵیش لە فەلسەفەی نازی نەگەیشتبوون، ئاگەداری کردەوە ناهەموارەکانیان نەبوون کە هەموو مرۆڤایەتی تووشی بووبوو. لەبەرئەوە لایەنگریی ئەڵمان، بوو بە بەڵگەی نیشتمانپەروەری، ئێمە هەمووومان لە بیرمانە ئەو منداڵانەی خۆیان بە نازی دادەنا گەلێ سەر بڵندتر بوون لەوانەی کەوا هەست دەکرا کە سەر بە ئینگلیزن، دەبێ ئەوەش بزانین کە لەو سەردەمەدا لە هەموو عێراق نازی قەدەخە بوو، دەستووری ئینگلیز لە ناوەوە بوو، خۆ هەموومان هەراکەی هەولێرمان لە بیرە کە ساڵح زەکی موتەسەڕیف بوو (١٩٤١)، هەروەها لە بیرمانە هەر منداڵێکی باوکی پیاوی ئینگلیز بووبێ چەند چاوشۆڕ بووە لە ناو خەڵکی. ئەمە هەمووی بەڵگەیەکی ئاشکرا و گرنگ بوو کە ئەم خەڵکە ساکارە لە دژی ئینگلیز بوون. کەچی ڕاستییەکەی پێچەوانە بوو، نەک لەو ڕۆژەوە کە هیتلەر دەسەڵاتی گرتە دەستی خۆی نازی دەردێکی کوشندە بوو تووشی هەموو مرۆڤایەتی بووبوو، جەنگەکەش هەر لە سەرەتاوە جەنگێک بوو لە نێوان چاکە و خراپە، هەر لە سەرەتاوە جەنگێکی نیشتمانی بوو بۆ هەموو مرۆڤێکی دژ بە نازی نەک لەو ڕۆژەوە کە هیتلەر هێرشی نامەردانەی بردە سەر وڵاتی ڕووس و سۆڤیەت، لەبەرئەوەیە ڕەمزی نەوەکو لە ساڵانی (١٩٤٢ -١٩٤٣)، بگرە لە ساڵی ١٩٤٠ یا لە ساڵی ١٩٤٥یش هەرەوەزیی لەگەڵ ئەڵمان بکردایە بۆ ناوەڕۆکی سیاسیی ئەو ڕۆژە، ڕاست بوو.

ڕەمزی یا دەبوو لایەنگری ئینگلیز یا ئەڵمان بێ، نەدەبوو بە لایەنگری تورک چونکە بە کوردی پەروەردە کرابوو، لە ماڵیاندا هەوایەکی دژ بە ئینگلیز هەبوو، ئەمە بووبوو بە هۆی ئەوەی مەیلی بۆ ئەڵمان هەبێ، لەو کاتەدا ئەو

مەیلە دروشمی نیشتمانپەروەری بوو، خۆ ئەگەر بووبووایە بە ئینگلیز خوا ئێستا و ئەوساش بە چاوێکی تر تەماشا دەکرا. ئەمە لە لایەک لە لایەکی ترەوە ڕەمزی بە دوای هیوا و ئامانجێک وێڵ بوو کە چەند جاران ئینگلیز بووبوو بە تەگەرە بۆ هێنانە دیی ئەو هیوا و ئامانجانە، بەڵام وا ڕێک نەکەوتبوو تاقیکردنەوەی لەم لایەنەوە لەگەڵ ئەڵمان ڕێک بکەوێ. مەسەلەکە هیچ نەبێ لە ڕووی تیۆرییەوە ڕاست و ڕێک بوو بۆیە بەڵگەی لە خۆ بووردن و قارەمانیەتی زیاتر لە ڕەمزیدا دەردەکەوێ. بێگومان پارتی هیوا دەورێکی باڵای بووە لە بەهێزکردنی گیانی نەتەوایەتی لە ڕەمزی و لاوی کوردی ئەو سەردەمە، ئەگەرچی هیوا تیۆرییەکی تایبەتی نەکردبوو بە ئیدیۆلۆجییەتی خۆی، لەبەرئەوە تەکتیکی لێڵ و شێواو و پڕ لە تەنگوچەڵەمە بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ستراتیجی هێنانەدیی ئامانجی نەتەوایەتی بوو بۆیە وەک پارتییەکی نیشتمانپەروەر چووە ناو مێژووی سیاسیی میللەتەوە. جا هەر ئەندامێک بەڵگەیەکی هەبوو بۆ هەڵبژاردنی ئەو بیروباوەڕەی بە ڕاستی دەزانی بۆ دیارکردنی دوارۆژی نەتەوە، لەبەرئەوە ئەگەر ڕێگەیەکی ناڕاستیشی گرتبێ (گرتنی لایەنی نازی) هەر دەبێ بە نیشتمانپەروەر چونکە بە دڵسۆزییەوە وای زانیوە ئەم ڕێگەیە دەیگەیەنێتە ئامانج.

ڕمزی بۆ هەولێر شۆڕشێک بوو، شۆڕشەکەی لە پێناسی خۆیەوە دەست پێ دەکا. شانازیی بە وشەی (ئاغا)وە نەکردووە، بە (ڕەمزی نافیع ڕەشید) خۆی بە خەڵکی ناساندووە. ئەگەرچی لە شار گەورە بووە، بەڵام خوو و ڕەوشتی دەشتیشی پاراستووە. شارێکی دێرینی وەکو هەولێرە کۆنە، بەسەرهاتی مێژوو پەروەردەیەکی تایبەتیی خەڵکی شارەکەی کردووە، بەڵام ڕەمزی ئەم بوونەی ڕووخاند، چونکە نیشتمانپەروەرییەکەی تەنیا بە قسە و لە ڕووی تیۆرییەوە نەبوو، بگرە بە کردەوە و پراکتیکەوە چووە مەیدان. بەرلین و مەشقی پەڕاشووت و سیلاح شۆڕی، بەبێ ڤیزە بە پەڕاشووت دابەزین لە وڵاتی خۆی.

**سلاو و سوپاس**: سلاو و سوپاسی گەرم و بێ پایانم:

بۆ گۆتفرید میوللەر، چونکە کتێبەکەی پێشکێش کردم. دڵخۆشیی نواند بۆ گۆڕینی کتێبەکە بۆ زمانی کوردی، نەوەکو هەر ئەوەندە بگرە ئامادەی یارمەتیی تریش بوو. بۆ دوکتۆر عەبدولقادر غەریب، چونکە هەر لەو ڕۆژەوە لە ئەڵمانیا نیشتەوە عەودالّی سەر و سۆراغی ڕەمزی بوو، ڕەمزیی خۆش دەویست، وەکو هاونیشتمان و هاوشاری، لە هەموو یەکتری بینینێک هەر باسی ڕەمزی بووە، میوللەری پێ ناساندم و کتێبەکەی بۆ ناردم. بۆ کاک سوعاد نافیعی برای ڕەمزی و هاوڕێی قوتابخانەی سەرەتاییم. بۆ مامۆستا سەردار میرانی خزمی ڕەمزی. بۆ مامۆستا عەلی مەحموود جوکلی خەڵکی گوندی ماڵی نوورەدین ئاغای مامی ڕەمزی. چونکە گەلێ شتیان لە ژیانی ڕەمزی بۆم روون کردەوە، هەموو تەنگوچەڵەمەیەکی لە بابەت مێژوو و جوگرافیا و بیۆگرافیا هەبوو بۆیان ئاسان کردم. قەرزاری کاک سوعاد نافیعم بۆ هەموو وێنەکان. سلاو بۆ گیانی پاکی ڕەمزی.

هەولێر – ڕووناکی ١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٩

مارف خەزنەدار

پەراوێز:

١. بەلام لە خوارووو و ناوەراستی عێراق بیروباوەری مارکسیزم پەیدا بووبوو باوەڕ پێکراویشی هەبوو، کەچی لە کوردستانی عێراقدا تەنیا ناوبانگی هەبوو و لایەنگری بە نەبوو حسێب دەکرا.

٢. زۆربەی بەچکەشێرانی هیوا لە ماوەی جەنگی دووەمی گێتیدا خۆیان بە نازی دەزانی.

4- Muller G. Einbruch ins Veschlossene Kurdistan “ Philadelphian, Buch handlung August Fuhr, Reutingen,1937, 143, S, 12 Taf.

ناوی کتێبەکە لە ئەڵمانییەوە لە کردەوەی د. جەمال نەبەزە، بڕوانە « کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا »، بڕوانە: کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٤٥٣.

٤. ئەم زانیـارییـانەم لە د. مـوکـەڕەم تـاڵەبانی وەرگـرتـووە لە ڕۆژی هەینی ٣٠ی حـوزەیرانی ١٩٨٩ لە بەغدا.

٥. ئەم جـەلال یـاوەرە خـاڵی هەندێ لە کـوڕەکانی نافـیع ئاغایـە، هەرچی دایکی ڕەمـزیشـە لە میرانەکانی شەقڵاوەیە.

٦. کاک سـوعاد نافیـع کە جەلال یاوەر خـاڵیەتی مـەسـەلەکە بە جـۆرێکی تر دەگێڕێتەوە، دەڵێ: لەو کـاتەی کە ڕەمـزی چووە و سۆراغی مـاڵی جەلال یاوەری کردووە، جەلال یاوەر لە مـاڵ نەبووە.

٧. لەو دەمەدا هەموو کوڕەکانی ڕەشید ئاغا تێیدا دەژیان لەوانە نافیع ئاغای باوکی ڕەمزیش بە ناوی ماڵی عەتائوڵڵا ئاغای مامی ڕەمزییەوە ناوبانگی دەرکردبوو.

٨. میوللەر ناوی قاوەچییەکە بە ئەحمەد دەبا، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ناوی عەلی بووە و ناوی کوڕی ئەحمەد بووە، لەو سەردەمەدا تەمەنی نزیکەی شەست ساڵ بووە.

٩. سوپاس بۆ کاک عەزیز حەریری کە بووە هۆی ئەوەی ببم بە ناسیاو و هاوڕێی کاک بەدران ئەحمەد حەبیب.

١٠. ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێ ئەوەیە کە مامۆستا سەردار میران بە زمانی عەرەبی چەند لاپەڕەیەکی لە کتێبەکە (چاپی ئەڵمانی) بڵاو کردووەتەوە لەگەڵ پیشاندانی پێشـەکییەکە، بڕوانە: سـەردار میـران، کردسـتان في نظر سائح ألماني، مجله کاروان، العدد ٥٧، تموز ١٩٨٧، ص ١٣٠– ١٣٤.

**بۆ یادی ڕەمزی**

گۆتفرید یۆهانز میولەر

## سەرەتا

لە ژێرزەوینی مردندا چاوەڕوانی فەرمانی لە داردان بووم ئەو دەمەی بڕیاری خۆمم دا.

بە خۆمم گوت: دەشێ مۆجیزەیەک ڕوو بدا. دەشێ بە گیان بمێنم و بتوانم داهاتووی ژیانم، بۆ تاکە چتێک – تەنیا تاکە چتێک تەرخان بکەم ئەویش خزمەتی ژیان خۆیەتی، هەمان ئەو ژیانەی کە ئێستە بە هۆیەوە بیرم ئاوەها ئاڵۆز و بڵاو بووە.

ئیتر لەو بڕیارەوە، سالم Salem کۆمەڵەی لە دنیا ناسیاری گرینگیدان بە گیان لەبەران، بە مرۆو و بە ئاژەڵیەوە، سەری هەڵدا.

لە پێناوی ئەوەدا مۆجیزەکە ڕووی دا.

چۆن ڕووی دا ئەوا لەم کتێبەدا هاتووەتە وتن.

بەوپەڕی دڵسۆزییەوە، ئەم کتێبەم پێشکێشی دۆستانی سالم دەکەم لە هەر کوێیەکدا بن.

گوتفرید میولەر

## کردەوەی مامۆت

### هەستی هەراسانی

بەهاری ١٩٤٢ لە ئەستەنبۆڵەوە گەڕامەوە ئەڵمانیا. لە ئەستەمبۆڵ لە کارێکی خەفیەییدا بەشدار بووبووم و بۆ یەکەیەکی سپێری سوپایی لە دارستانی بۆهیمیا هاتبوومە شەندن. ئەرکی من ئەوە بوو ئەندامەیلی نوێهاتوو بۆ پێشەبەرەی رووسیا مەشق بدەم، چاوەڕوان بووم خۆشم دواجار بۆ وێندەر بێمە ڕەوانەکردن.

دڵخۆش بووم بەوەی دەستم لە شەندەی تایبەتی بەر دەبێ و جارێکی تر دەگەڕێمەوە وڵات. بەڵام هەر لە سەرەتاوە دڵەڕاوکەیەک دای گرتم. لە دڵی خۆمدا گوتم هەبێ و نەبێ ئەمە شوێنەواری کارەیلی خەفیەییە کە باجی خۆیان لە دەمارگریم nerves وەرگرتووە. هەموو جارێ لە بنەتای حەوتوودا بۆ ئەوەی هۆی ئەو هەراسانییەم لە مێشک وەدەرنێم سەردانی ڤیەننام دەکرد، چەندین ساڵ لەوێ ژیابووم و بە سواریی شەمەندەفەر دووریی چەند ساتە ڕێیەکی کەم بوو.

هەر زوو هەواڵێنیم لەگەڵ کابرایەکی ئەفسەر – هانز کریستۆفدا بەست، کە چەند جارێک لە شەڕدا بریندار بووبوو و ئێستە لەبەر چاوەدێریی یەکەیەکی چاکەوەبووندا بوو. زۆرمان حەز دەکرد بە یەکەوە سەرو کۆتکێک بادەی نوێ وەخۆین.

هەموو جارێ کە باس و خواسمان بە ناچاری دەسووڕایەوە سەر بابەتی شەڕ، ئەو دەیپرسی:

«بە بیری تۆ سەرەنجام بە چی دەگا؟»

لە بیرمە جارێکیان وەڵامی ویم وا دایەوە:

تۆ گوتە پێشینەکەی چینیت لە بیر ماوە؟ سێ چت هەن کەسیان لێ دڵنیا نابێ: ژن بیر لە چی دەکاتەوە. باسترمە لە چی هاتووەتە چێکردن و شەڕ چۆن بە کۆتا دێ.

راستت دەوێ، پێ دەچوو هیوای سەرکەوتنی مە باش بێ. سوپای ئەڵمانیا لە گشت بەرەیلدا دەچووە پێش و بە تەواوی گەیشتبووە میسر و قەفقاسیا. گەلێک لەو پنتکە دوور نەبوو بتوانێ ئەو جووڵە گیرەئاسا گەورەیە دروست بکا کە کێڵگە نەوتەیلی ڕۆهەڵاتی ناوینمان بۆ دەستەبەر بکا.

بەڵام لە وڵات نیشانەی مەترسی گەلێک بوون: چەپاوی گەورە گەورەی باڵەفڕکە، چرا هەڵنەکردن، تێوە ڕژانی پاڵەی بیانی، کۆشەوەی بە فیرۆ لە پێناو بەرهەڵداکردنی توانستداران بۆ کاری چالاکانە.

بێگومان گەلی ئەڵمانیا بە کاری هاتە هاتی بانگەوازێکی گەشبین و مژدەدەری میرییەوە، چاک ملی لە ئەرکی خۆی نابوو، پێویستە ددانیشی پێدا بنێین کە سەرکەوتنی سەرنج ڕاکێشی ئەوتۆش هەبوون شایەنی نووسین بن: وەک بردنەوەی یەک لەسەر یەک لە بەرەیلی شەڕدا، بەڵام بە گشتی وا پێ دەچوو بارەکە ڕوو لە ناهەمواری بێت، ئەو بیرەی بەردەوام تەنگاوی دەکردمەوە ئەوە بوو: ئاخۆ توانی دەسوەکەریمان گەییوەتە تۆقەڵانی خۆی؟

## لە کەمیدانی سووتەنی

حەوتوو و مانگ یەک لەسەر یەک ڕابردن و هەرچەند جارێکی لە ڤیەنناوە دەهاتمەوە، دڵەڕاوکەی تاین دای دەگرتمەوە. ئەوە بوو پتر حەزم دەکرد بە خۆم و ئەوانەی مەشقم دابوون بەرەو ستالینگراد بەڕێ بکەوم. واتەوات و دەنگۆی سەبارەت بە ئاڵۆزی و تێشکانی گەورە گەورەی خۆمانمان پێدا پێدا بۆ دەهاتەوە.

لە یەکێک لە پیاسەیلی خۆماندا وەکرییانە لەبارەی ئەو بابەتەوە بە هانز کریستۆفم گوت:

سووتەنیمان کەمە.

«دەزانم» وەڵامی دامەوە. «هەموو ڕۆژێ لەو برینداره‌یلەی دەبیستم کە دێنە لامان، تەکانی بەرەوپێشمان وەستاندووە، جگە لەمە هەرچەندە جارێکی ناچار دەبین بەرپەرچی پەلامارێکی زۆر بچووکی ڕووسیا بدەینەوە، ناچار دەبین تانک و چەکەیلی خۆمان بتەقێنینەوە، ناتوانین وەیانکێشینە دواوە».

مات بووین، بە چاوی خەیاڵی خۆم، نەخشەی ڕووسیام دەبینی، بیرێک لە مێشکمدا کەوتە کوڵ.

گوتم: «ئەم ورە بەزینە چییە؟ ئێمە ئاوەها لێرە بێ ئاردوو بین و سوپاشمان لە بناری باکۆدا یەک بست لە کەلووی بەرزی چاڵە نەوتەیلی گەورە گەورەوە بە دوور بێ.»

«دەق ئاوەهایە،» هانز کریستۆف وەڵامی دامەوە. «هەر سووکە تەکانێکی تر بدەین، هەرچی نەوتی بمانەوێ دێتە بەر دەستمان و هەموو تێگیراوییەکیش چارەسەر دەبێ.»

لەو ساتەوە خولیای نەوت لە کەللەی دام. نەمدەتوانی بیر لە هیچ چتێکی تر بکەمەوە. هەرچەند جارێک لەبارەی شەڕەوە دەمەتەقەمان بکردایە، وەردەسووڕاینە سەر هەمان بابەت: سوپامان لە قەفقاس لەبەر بێ ئاردوویی پەکی کەوتووە.

دواجار بڕیارم دا تاکە چتێک هەیە بیکەم: ئەویش یادیمانەیەکی بە پەلە بۆ سەرکردایەتیی باڵای سوپا بنێرم و بڵێم من زانیارییەکی گرینگم لەبارەی چاڵە نەوتەیلی کوردستانەوە – لە هەرێمی کەرکووک و مووسڵدا هەیە.

چەند ڕۆژێک دواتر، بۆ دیمانەیەک لە بەرلین، هاتمە بانگهێشتن کردن، پێشنیازەکەم لەوێ بە چاکی هاتە وەرگرتن و بەرەو سەرکردایەتیی باڵای سوپا هاتمە ڕەوانە کردن.

فـیلد مـارشـال کـەیتلـی سـەرۆک ئەرکـان، کـە بـڕیاری جـێبـەجـێکردنی پێشنیازەکەی منی بە دەست بوو، ئەمەم بۆی نووسی:

"لە سـەردانـەیلی پێـشـووی خـۆمــەوە، هەرێمی کـەرکـووک و مـووسڵ چاک شـارەزام و هەواڵینیم لەگەڵ سـەرۆک خێڵـەیلی کوردی وێدا هەیە. بە یاریدەی وانەوە دەشێ دەست بـەسـەر چاڵە نەوتـەیلدا بێتـە گرتن و یاخـیبـوونێک دژی بەریتـانیـا بێتـە هەڵایسـاندن. پێم وایە دەتوانم حـەوتووێک یان دووان ناوچەکە ڕابگرم تا ئەو کاتەی سـەربازی بە باڵەفڕە دابەزیوی ئەڵمانیا دەگەنە جێ.

لە مـاوەی حـەوتووێکدا فیلد مـارشـال کـەیتل بە نووسـین وەڵامـی دامـەوە و فەرمـانی دا دەست بە کـارەکە بکەم. هەر ئەو دەمـە فەرمـانی پێ دام ڕاپۆرتێک بدەمە دەستەی هەرە بەرزی سوپا لە سـەرکردایەتیی فۆهرەر.

ئەفسـەرێکی گەورە پێـی گوتم: ئەمە ئەرکێکی یەکجـار زۆر بە پەلەیە، تیـپێک زۆر بە لەز و بـەز سـاز بکە و بـەرەو کـوردسـتـان وەڕێ کـەوە. ئاخـۆ دەشـێی دەزگەیەکی بێتەل وەکار بێنی؟

«بەڵێ»، گوتم. «من لە هێزی ئاسمانی و دژە خەفیەییدا وەرزینی بەکارهێنی دەزگای بێتەلم کردووە».

«کەواتە تۆ لە دژە خەفیەییدا بووی؟».

«بەڵێ، لە تورکیا.»

«تۆ لە دەزگەی بێتەلدا کارت دەکرد؟»

"بەڵێ."

«زۆر باشـە، وا ئێمـە نەخـشـەکەی تۆمان بە دڵە و دڵنیاشـین تۆ چاک لە نیـاز دەگەی. تەنیا تاکە داخـوازییەکمـان لێت هەیە، دەمانـەوێ دەسبـەجێ ڕاپۆرتی جێ متمانەمان لەبارەی باکوری عێراق و کوردستانەوە بۆ بنێری».

بە سـەرسـوڕماوییەوە سـەرنجم بۆی هەڵبڕی.

گـوتی: هەبێ و نەبێ چتـێکی نارێک لەوێدا دەگـەڕێ. بـەردەوام زانیــاریی ناکۆک و دژ بە یەکترمان بۆ دێ. منی ڕاکێشایە لای مێزە نەخشەیەکەوە.

«بۆ نموونە لێرە، ڕاپۆرتم بۆ هاتووە دەڵێ بەریتانیا خەریکە هێڵێکی ئاسنین لە بەغداوە بۆ باکور دەکێشێ. جوانە زۆر جوانە بزانین هاوەڵەیلی ئینگلیزمان لەوێدا مژوولی چین، بەڵام ڕاپۆرتێکی تر دەڵێ ئەو هێڵە هێشتا لە پلەی نەخشەکێشاندایە، ڕاپۆرتی سێیەمیش دەڵێ هێڵەکە تەواو بووە و هێندەی نەماوە بەکار بێ».

«تۆ بابایەکی ئەفسەری، دەزانم بۆم دەلوێ پشت بەو زانیارییەلە ببەستم کە تۆ بۆمانی دەنێری. زۆر گرینگە بزانین ئێستە چی لەوێدا ڕوو دەدا».

کاتێ وەگەڕیامە بەرلین، دژە خەفیەییم پشکنی تا بزانم ئێمە چ کەرەستەیەکمان لەبارەی هەرێمی چاڵە نەوتەیلی کوردستانەوە هەیە و ئەو دەمای بینیم هیچ چتێکی شایەنی کەڵک لێ وەرگرتنمان نییە، لە شوێنی خۆمدا وشک هەڵاتم. تێ نەدەگەیشتم چۆن ئەو بڕکۆکە زانیارییە لە فایلی تایبەت بە ناوچەیەکی ئەوتۆوە هەیە، کە بۆ توانستی شەڕگێری مە هێندە گرینگە.

بە خۆمم گوت: «دەبێ ئەو چتە ڕاستەوە بکەم. دەبێ زانیاریی ئەوتۆ بدەمە سەرکردایەتیی باڵا بە کەڵکی ئەو جووڵە گیرەییە گەورەیە بێ». پیاوەیلی خۆمانم لە قەفقاس هاتەوە بیر. «ئەو نەوتە بۆ ئەنگۆ بۆ دەستەبەر دەکەم، چی لەمە چاکتر هەیە، بەم زووانە بۆتانی دەستەبەر دەکەم».

خۆهەڵدانێکی بە چەتر لە کوردستان، هەڵایساندنی ڕاپەڕینێک لە ناو خێڵەیلی چیاییدا، نەوت بۆ سوپای خۆمان بێتە دەستەبەرکردن.

هاتبوومە کوڵ، هەلی خۆمم بۆ هەڵکەوتبوو، ئەم کارە لەو جۆرە گرەوانە بوو من بەردەوام چێژم لێ وەردەگرتن.

## چاڵە نەوتەیلی کوردستان

کوردستان ئەو وڵاتەیە زۆربەی خەڵک هەر بە ناوەکەیەوە دەیناسنەوە، بەڵام زۆر کەم هاتوچۆی بۆ هاتووەتە کردن. ئەوانەی وێراویانە پێ بنێنە ئەو هەرێمە چۆڵ و کاکی بە کاکییەی کوردستانەوە و نەکەوتوونەتە بەر چەنگی چەتە و

ئەشقیایەل، خۆیان بە بەختەوەر دەزانن کە سەری خۆیان بە زیندوویی هێناوەتەوە.

بەڵام بەلای منەوە کوردستان تەنیا ناوێکی سەرنج بزوێن نەبوو، بگرە وڵاتێکی چۆڵەوانی و پڕ لە هەڵدێر و هەلەمووت، هاتم بە نیوچە ڕێککەوتێک ناسیم و خۆشیم ویست. سەردانی جارەیلی پێشووترم منی گەیاندبووە فەلەستین و دام نا دواجار بە سەردانێکی کورتخایەنی بەغدا کۆتا بە گەڕەکەم بێنم. پاشان هەستم بە ئەفسوونی سەرنج ڕاکێشی باکور و کوردستان کرد بە خۆی و بە کەژ و کێوەیلی چۆڵ و سەرلەهەورگریەوە. ئەو کەسەی بچێتە وێندەر سەری خۆی لە گرەو دەنێ. ئەشقیای لە کێوان، ئەسپ سوار و نیشانئەنگێو و چەلەنگی بێ وێنە، بە خۆیان و بە خەنجەری کۆماوەی بەر پشتیان، ترس و تەزوو دەبەنە ناو دڵی ڕێبوارەوە. هەڵەت و کەند و لەندیش گەلەگورک و ڕەوە ورچیان لە مرۆ پتر بوو، چەندی بڵێی هەڵدێر و هەست بزوێن بوون.

وڵاتی کوردەیل، بە رووبەر نێزیکەی ١٢٥٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. سویسرای بێ ئوتێل و بێ باژێڕ و بێ بندارۆک و رووتاوە بێنە بەرچاوی خۆت، ئەوا تۆ وێنەی کوردستانت دیتووە. کوردستان وڵاتی چیا و دۆڵ و لووتکەی بەفرین و زرێباری بەرین، بەڕێوەچوونی گەلەکەی ساکارە، تازە بە تازە وەبەر هەندێ شارستانەتی کەوتووە، بەڵام گەلێکی دڵنیا و سەرئاسوودەن. گوندی بچووک بچووک وەک هێلانەی چۆلەکە بە لاپاڵی چیاوە نیشتوون. خانوو بەروپشتی یەکتر هاتوونەتە ڕۆنان و دەتوانی پیاسەیەکی سەر تۆقەڵەی گوند بکەی. دیوار بە بەردی خۆشەنەکراو هاتووەتە هەڵچنین و بەرد بە تێکەڵاوی گڵ و کا بە یەکەوە نووساون. ئەم دیوار و ئەو دیوار بە کاریتەی ئەستووری یەک یاردە لە یەکترەوە دوور هاتوونەتە دارەڕاکردن و پاشان ڕیزە شەقڵەیەک لە سەرەوەی بە رووێکی تردا هاتوونەتە دانان، ئینجا پەسار و هەڵاشیان هاوێشتووەتێ و چینێکی ئەستووری گڵەبان خانووەکەی تەواو کردووە. دەرگە نییە، ئەوە نەبێ کونێک لە دیواردا بەجێ دێڵن، کاڵورۆژنەکیش لە ساپیتەدا

هەیە و لە جیاتی پەنجەرە بەکار دێ. کاتێ دەرەوە سارد دادێ، بە ئەسپایی چتێک دەپەستنە پەنجەرەکەوە و پارچە پێستەیەک یان لێفەیەک بە سەر دەرگەوە هەڵدەواسن.

خانوو دوو چاوە و کەوشکەنێکی هەیە. زەوینەی ژوور لە چینێکی توند پەستاوەی گڵ هاتووەتە دامەزران و لە ناوەڕاستی زەوینەی هەر ژوورێکدا چاڵێک هەیە وەک کوانووی ئاگر دێتە بەکارهانین.

دەچیتە هەر ماڵێک، نەریت وایە لە کەوشکەندا پێڵاوت داکەنی. پێڵاوی کورد یان بریتییە لە پێستەیەک و بە تیلمە سیرمە بە پێوە هاتووەتە شەتەکدان، یان جۆرە کاڵەکێکە. پێڵاوی یەکەم بە تایبەتی بۆ لەز ڕۆیشتن و پێ گیرکردنی ناو چیایەل لەبارە. ژووری یەکەم بە ناوبڕەیەکی نەوی لە کەوشکەن هاتووەتە جوداوەکردن. ئەم ژوورە هی پیاوەیلە و ژووری دووەم هی ژنەیلە. لە ژووری پیاوەیلدا، یان لەسەر چۆک دادەنیشی و پشت بە دیوارەوە دەدەی، یان ئەوەتا لە دەوری ئاگردانەدا لەسەر چینچک خۆت کرووشکە دەکەی. زۆربەی جاران بە جگەرەکێشی و وتوێژ و چا وەخواردن و نەخشەکێشان کات بەسەر دەبەن. چەندیەتی و چۆنیەتیی ڕایەخی ناوماڵ ڕادەی ژیمانەی خاوەن ماڵ نیشان دەدا.

لە ژووری ژنەیلدا هەموو کارێک دێتە کردن، نانپێژی، شووشتن، دروومان، زاین، منداڵداری. ئەگەر پیاو یەک ژنی هەبێ ئەوا کاری سووک و ئاسان دەڕواتە ڕێوە، بەڵام ئەگەر زۆری هەبێ ئەوا گەلێک جار شەڕەچەپەڵۆک روو دەدا. لەبەرئەوەی وشەی "کار" لەلای پیاوەیلدا نییە، ژنەیل هەتا بڵێی گورج و گۆڵن، بێگومان، ئەمە وا ناگەینێ پیاو هیچ کارێکی تایبەت بە خۆیان نییە. پیاو بەو کەژ و کۆسارەدا دەگەڕێن و ورچ ڕاو دەکەن. زۆر جار بە تاکە کەسی بەرەنگاری ورچ دەبنەوە. یان سواری ئەسپی خۆیان دەبن و هەرچییەکیان بێتە ڕێ ڕاوی دەکەن: گورگ، بەراز، کەمتیار، توورگ، کەڵە کێوی، مامزە کێوی و پڵنگ، چتێکی ئەستەمە لە وزە و توانستی کوردەیل بگەی.

دوژمنداری و تۆڵەی خوێن بە خوێن ستاندنەوە لە کوردستان زۆرە. ساڵێک

لێرە و ساڵێک لەوێ سەر هەڵدەداتەوە. لە سۆنگەی وەی ماڵ و خێزان و گوند بە جۆرێکی توند بە یەکەوە هاتوونەتە بەستن، بچووکترین شەڕەکووکە لە ڕادەبەدەر هەو دەکا و گەورە دەبێتەوە.

کاری زەویوزار چاندن و وەبەرهەمهێنانی دانەوێڵە لە ئەستۆی ژنەیلدایە. زەوی بە کۆنە هەوجارێکی دارینە دێتە کێلان. دوو ژن یان دوو گوێدرێژ هەوجارەکە ڕادەکێشن.

هەموو ماڵێک حەساری خۆی هەیە و شوورەیەکی بڵندی بۆ هاتووەتە کێشان. بە ڕۆژەوە ژن و منداڵ مەڕ و ماڵات لە دەشت و دەر دەلەوەڕێنن و ئێواران لە حەساردا کۆی وەدەکەن بۆ ئەوەی لە تالان و برۆ پاس بن. هەر گوندێک دوو ژوانگەی ناوکۆی گرینگی هەیە. ئاودەسگە و سەرشۆرکە. یەکەمیان بە شێوەی کەپرێکی سادەیە و لە پەرگەی گونددایە، لەسەر ئەو چەمەی بەناو گونددا ڕادەبوورێ. دووەمیان ئاگرێکی لە دیوی دەرەوەیدا هەیە و دەتوانی لەوێ بۆ خۆت ئاو لە دەفرێکدا گەرم بکەی و سووکە شۆرێکی بۆ بکەی.

شێخ، گەورە و دەمڕاستی گوندە. ڕاستت دەوێ شێخ بنوێنی دەسەڵاتی خاوەنی ڕاستەکینەی گوندە کە ئاغایە، کە ئاغا لە گوندێکی گەورەتر و بەرفرەتردا دەژی و لە ماوەی ساڵێکدا چەند جارێک سەر لە گوندەیلی خۆی دەداتەوە. ڕادەی دەوڵەمەندایەتیی کاورای دووەم بەندە بە چۆنیەتیی ئەو هێز و ئەو پلەی جەور و ستەم و ئەو لێزانییەی لە کاربارادا دەیانوێنێ. چەند دەوڵەمەندتر بێ، پتر خولام و دەستوپێوەند لە خۆی کۆوە دەکا.

لەبەرئەوەی ئەم باری ژیوانە لە دێرینەوە باو بووە، کورد بە بێ یاخیبوون، وەک پاڵە و کۆیلە ملی خۆیان بۆ هەلومەرجی ژیانی خۆیان لار کردووە. بەڵام سەرەڕای ئەو کۆیلایەتییە – کورد بە گشتی لە هاولفەیلی ئەورووپاییی شارستان، ئازادترن. چونکە ئەو کاتەی دەستیان لە شەڕ و کاری خزمەت بەتاڵ دەبێ، دەتوانن بە مگێزی خۆیان بەو کەژ و کێوە چۆڵانەوە کاتی خۆیان بەسەر ببەن.

دەسەڵاتی ئاغا بە بێ سنوور و لێپێچینەوە بەسەر کرمانجدا دەشکێ. ئاغا دەتوانێ سەرلەبەری گوندەیلی خۆی بفرۆشێ و بە زۆری زۆرداری کاری کێڵگە و دێبەریان بەسەردا بسەپێنێ و سەرانەی چاوێنی (عینی)یان لێ وەربگرێ. پیاوەیل بۆ شەڕ راپێچەک بدا و چەندیش حەز بکا ژن بێنێ. هەروەک هەموو شوێنەیلی تری دنیا، سەرۆک خێڵەیلی کورد هەموویان وەکو یەک نین. هەندێکیان بە هۆی زەوروزەنگی خۆیانەوە دەبنە جێی رک و کینە و داد و بێدادی خەڵک، هەندێکیشیان رێزیان لێ دێتە گرتن و سەر لێدانەوەی گوندەیلی خۆیان دەبێتە مایەی کەیف و شادمانیی خەڵک.

کوردستان هەر لە عێراقەوە تا قەفقاسیا و هەر لە گۆلی ورمێ لە ئێرانەوە تا چیای ئاگری لە تورکیا کشاوە. زەوینێکە، بیاوانی گرگرتووی باشوور و چیای سەر بە بەفری ٥٠٠٠ مەتر بەرزتر لە رێکاری زەریای گرتوونەتە خۆ. ئیتر یەکێک دەتوانێ تێ رابمینێ ئەو هەموو چتەیلەی ئەوێ چەند لە یەکتر جودان، هەر لە چۆنیەتیی ژیوان و لاسای خەڵکەوە بگرە تا دەگاتە رووەک و گیان لەبەر. باوەڕی ئاینیش، لە تیرەی دیانەوە – کە نەریتیان دەگەڕێتەوە سەردەمانی هەرە زووی کڵێسا، تا دەگاتە دەمارگرژترین شێوەی محەمەدایەتی Mohammedanism، لە ناوینی ئەوانەشدا گەلێک باوەڕی جودا جودای تر هەن.

وەک باوە، ئەڵمانیا لە لایەن کوردەوە زۆری رێز لێ هاتووەتە گرتن. بەڵام ئەو دەمە دەسەڵات و کارتێکەریی رووسیا خەریک بوو خۆی بەرهەست بکات. شێخەیلی کورد بە گەلێک شێوە دەهاتنە لاواندنەوە و چەک و کەرەستەی شەڕیان بۆ دەچوو، بە تایبەتی لەو ناوچەیلەی دەسەڵاتی زەویدارەیلی کوردیان تێدا بەهێز بوو گوێچکەی خەڵک بۆ بانگی فریودەری کۆمۆمیزم وشت بووبوو، ئەوەش هۆ و سەوێکی تری نەخشەکەی مە بوو.

لە سەردانی یەکەمی خۆمدا بۆ رۆهەڵات، هەلێکی چاکم بۆ هەڵکەوت بۆ ئەوەی ناسیارەتی لەگەڵ بەهێزترین سەرۆک خێڵی کورد – شێخ مەحموددا، پەیدا بکەم. هەرێمە بەرین و هەراوەکەی وی کەتووەتە باکوری عێراق و

بەشـێکی خێـڵـەکـەی وی لە ناوچەی دەوروپشـتی چاڵە نـەوتەیلی کـەرکووک و مـووسـڵـدا دەژین. چاڵە نەوتەیل کـەوتوونەتە دەشـتـێکی بەربیـان، بـەڵام لە پشـتـەوەیان کـەند و لەندەکـەی لەناکـاو دەبێتـە گردی ڕژد و هـەڵەتی ئەوتۆ خۆ لێدانیان دژوار دەبێ. چیا و هەڵدێرەیل پێدا پێدا پتر هەڵدەکشێن.

نابینی کوردسـتان لە ئەتڵەسدا وەک وڵاتێکی سـەربەخۆ هاتبێتە پێشاندان، چونکە تورکیا و ڕووسـیا و ئێران و عـێراق بە تەواوەتـی لە نێوانی خـۆیاندا دایان بڕیوە. بەڵام وێڕای هەندێش، ئەم ژێردەستکردنەی کوردسـتان چتێکی هەر بە ڕواڵەت بووە. کورد ئاغـای مـاڵی خـۆی بووە و نرخـێکی کـەمی بۆ ئەو سنوورەیلە دەسـتکارە داناوە. نە عـارەب و نە فـارس و نە تورک، یان چاکتـر بڵـێین هەر بیـانێک ژیانی خـۆی بەلاوە هـێژا بـووبێ، نەیوێراوە پـێ بنێتـە ناو ئاخـی کـوردسـتـانـەوە. بەڵام بـە تیلـەچاوی ئابـووری، دابڕان لەگـەڵ دنیـای دەرەوەدا وا دەگەینێ ئەم هەرێمـە هەرێمـێکی تەواو مـردارەوە بووە. سـەرەڕای ئەوە، کێشـە و هەرای بێ بڕانەوەی نێوان خێڵـەیل نەیهێشـتووە هەل بۆ هیچ جـۆرە بنکەیەکی سـەرکەوتن بلوێ. لەوە ناچێ هیچ چتێک هەبێ بتوانێ کورد لەم جۆرە ژیانە کۆنینەیە هەڵکەنێ تا ئەو دەمـەی مەڕ و گا و گۆتاڵیـان شادان و تەرخـان بچێڕن و تـاوەکو کـەس نەبێ دەسـتیان بگرێ و فێریان بکا کـتـۆیی ببن بە گەلێکی سـەربەخۆ.

ئەو دەمـەی بۆ یـەکـەمین جـار لە بەغدا شـێخ مـەحـمـوودم ناسـی، پێی گوتم: مـیـولەرە فـەندی، کـوردسـتـان حـەز بە بیـانیـیـەل ناکات. بیـانی کاتێ دێنە کوردسـتان لێی دەرناچن. چونکە بەلای مەوە هەموو بیـانییـەک ناحەزە و ئێمە بەرەوڕووی دەبینەوە. بەڵام تۆ برای مـەی، یـەکـسـەر لوولەی نێـرگـەلەکـەی لە زاری خۆی دەرهێنا و خستیە نێوان هەردوو لێوی من.

بۆی چەمـامـەوە و گوتم: «ئەمـە مـایەی سـەرفرازیی منە، شـێـخی مـەزن»، گوتی: «پێم بڵێ (أبو)- باوە. هەرچی چتێکیش دەخوازی فەرموو بڵێ. گوتم: «ئەوەی پێش هەمـوو چتێک دەمەوێ، ئـەوەیە فێر بم وڵاتی باوکی بەڕێزی خـۆم بناسم».

لێرەدا، چاوەیلی شێخ بریسکانەوە. خۆی گورجەوە کرد و سەری لەقاندەوە. دەمێکی تەواو بە بیرەوە چوو، پاشان ڕووی وەرسووڕاند و ماقوولانە گوتی: «وەڵڵاهی تۆ شایەنی ئەوەی کوڕی منت پێ بێتە گوتن، پێویستە فێر بی وڵاتی من بناسی».

پێکار و کوڕەیلی شێخ مەحموودم بە پێش کەوتن و بە سواری، درێژی و پانیی کوردستان گەڕام و خۆشیم ویست.

دەمزانی، بۆ وەی کورد بۆ نەخشەکەی خۆم بکەمە ماڵ و لە پێناوی دەرهێنانی هەرێمە نەوتاوییەکەی کەرکووک و مووسڵ و لە چنگی بەریتانیا، دەبوو هەندێک چتی نرخ نائاسایی و سوود روونم لە بەرامبەردا پشکێشی کوردەیل بکردایە. لەمەش بەولاوەتر، دەبوو ئەو پێشکێشکردنە، ڕاست و نیازپاک بێ، لەبەرئەوەی ڕۆهەڵاتیایی لەبارەی ئەم چتەیلەوە بە خواسای خۆیان شەش هەست و بیرەبیرن.

چییان پێشکێش بکەم؟ پارەی لێ ببە دەرەوە، هیچ پارەم لەبەر دەستتدا نەبوو. بەڵام نەدەبوو لەم چتەدا زۆر دابمێنم، ئەوەی دەبوو پێشکێشیان بکەم ئەوە بوو یاریدەیان بدەم بۆ وەی سەرفرازیی خۆیان بەدەست بێنن، بۆ وەی سەربەخۆییی نەتەوەییان بچەسپێنن، بۆ وەی لە بواری ئابووری و کولتووریدا پەرە بە وڵاتی خۆیان بدەن و شوێنێکی شیاوی ڕێز لێگرتن لە ناو گەلەیلی دنیادا بۆ کوردستان بەدی بێنن.

ئەم خولیای کوردە بۆ سەربەخۆیی، سەبارەت بە ناتەبایی و شەڕەکووکەی نێوانی خۆیانەوە، تا ئێستە چتێکی لە وزە و توان بەدەر بووە. بۆ ئەوەی ئەم مرازە بێتە دی، پێویست بوو یاریدەی کورد بێتە دان. ئەم یاریدەیەش لە هاوسێیەلی بەهێزی وان خۆیانەوە نەدەهات، لەبەرئەوەی ئەوان هەرگاو حەزیان بە کلۆڵی و بێ دەرەتانیی باری ئابووری و کولتووریی کورد کردووە. هەر نەدەبوو چاوەڕوانی ئەو یارمەتییە لەوانەوە بێتە کردن ئەگەر ئەو نەوتە لە بەرچاو بوایە کە لە سنووری ئەو وڵاتەیلەدایە.

ئەوە ئەو پێشنیازە بوو دەمویست لە پێشیان دانێم: ئەو چاڵە نەوتەیلەی لە

وڵاتی وەدان، هی ئەنگۆ خۆتانە. بەڵام ئێوە ناشێن بە بێ یاریکاری بەبەریان بێن، با ئێمە لەمەدا هاوکاریتان بکەین. سەرەڕای ئەوەش، بۆ ئەوەی بتوانن نەوتی خۆتان بە چاکی بەکار بێن، ئێمە یارمەتیتان دەدەین بۆ وەی سەرفرازیی ئەنگۆش وەدی بێ. من لە لایەنی خۆمەوە، لە پێناو پەرەپێدانی کوردستانێکی هاوسەردەمدا، زۆر حەز دەکەم بە هەر شێوەیەکی بۆم بلوێ، خزمەتی ئەنگۆ بکەم».

## خۆ سازدان

ئێستە بە تەواوەتی سەرگەرمی ئەو ئەرکە گەورەیە بووم کەوا لە بەرمدا بوو. هەر چتێکی لەبارەی کوردستانەوە توانیم بە دەستی بێنم، لێم وەکۆڵی. لەبارەی خەڵک و نەریت و لاسایان، لەبارەی خواسای وڵاتەکە و شیمانەی پێشکەوتنی. تێگیراوییەکەی من ئەوە بوو کەرەستەی نووسەنی لەبارەی کوردستانەوە مەیلەو نەبووێک بوو. بەڵام من خۆم بەخۆم کەوتم بۆ ئەوەی لە هەر شوێنێکدا چتێک هەبێ بە دەستی بێنم.

بەڕێککەوت کابرایەکی سەیرم بۆ پەیا بوو. کۆنە دەرسوێژێکی دەرسی تایبەتی، چاویلکەیەکی چوارچێوە کانزای لە چاودا بوو، کاورایەکی مەندی ڕواڵەت وشک. خولیای لە زوانی کوردی بوو. لە سەردەمی کەیسەردا زۆر جاران چووبووە ڕۆهەڵاتی ناوین. هەرچەندە نەگەیشتبووە جێی مراز و سەری لە کوردستان نەدابوو، بەڵام هەموو هەڵێکی دەقۆزییەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ کوردەیلدا بدوێ و هەر وشەیەکی کوردیشی بۆ هەڵبکەوتایە دەستبەجێ دەینووسییەوە و ڕەوانی دەکرد. چوومە لای کابرا بۆ وەی دەرسی زوانم پێ بڵێ.

کێشەیەکی گەورەشم ئەوە بوو، هیچ یارمەتییەکی بە کردەوەم لە کەرتی (سەرکردایەتیی باڵای سوپا)ەوە بۆ نەدەهات، کە هەر خۆشیان بەرپرسی پڕۆژەکە بوون. نیشانەی یارمەتیدانێک هەبوو بەڵام هیچ ناوەڕۆکێکی بە متمانەی تێدا نەبوو. لەوە بە دواوە بەخۆم کەوتم و خۆم ڕاهێنا بۆ هەموو

چتێک پشت بە خۆم ببەستم.

یەکەمین پێویستم ئەوە بوو دەستە پیاوێک پەیدا بکەم لەوانەی پشتینەیەکی گونجاویان هەبێ. دەستەیەک لەو کەسەیلەی پێشتر چووبنە ڕۆهەڵاتی نێزیک و ناوین و زانیارییان لەبارەی زوانەیلی هاوشێوەی زوانی کوردییەوە هەبێ. فێربوونی زوانی کوردی بۆ وانە ئاسانتر بوو. سەرەڕای ئەوەش، دەبوو گەنج و بە گوڕ بن و ساز بن هەزاران کیلۆمەتر لەودیو هێڵی دوژمنەوە خۆیان بە چەتر هەڵدەنە خوارەوە. یان بە شێوەیەکی تر، پێویست بوو تا ڕادەیەکی چاک، ئازا و مێناکی بن، دوو مانگ پێوە بووم تا ئەو کەسە لەبارانەم بۆ هەڵکەوتن، بەلام ئەو دەمای بۆم هەڵکەوتن دڵخۆش بووم بەوەی کە هەڵبژاردەی خۆمن.

ئەوان پشتینەی جودا جودایان هەبوو. یەکێکیان چووبووە کابوڵ و یەکێکی تریان ئێرانی دیتبوو. یەکێکی تریان لە لبنان گەورە بووبوو. ئەوەکەی تریشیان لەگەڵ ددان کێشێکی گەڕۆکی ئەمەریکاییدا کاری کردبوو و هەموو ناوچەی چاڵە نەوتەیلی کوردی وەک ناولەپی خۆی دەناسی. گەلێک جاران بە ئوتۆمۆبیل هەموو ناوچەی کەرکووک و مووسڵ، لەو شوێنەیلەی کاری ددان کێشی پێویستن، گەڕابوو. یەکە یەکە لێم پرسین ئاخۆ لەگەڵ مندا دێن؟ هەموویان ئەوپەڕی حەزیان پێشان دا.

گوتم: ئەدی ئەو مەترسییەی لە بەرودوای ئەو کارەدایە ئێوە ناترسێنێ؟

وەلامی گشتیان ئەوە بوو کە مەترسی وەک چتێکی سەرجەم کاتی شەڕ دێتە سەیرکردن. ئەو چتەی ئەوان وێڵی بووبوون، خواسای ئەرکەکە بوو، ئاخۆ سوپاییە یان سیاسی؟

پێم گوتن: «برێک لە هەر یەکێکیان. هۆناندنەوەیەکی وەشاردییانە و تیپ چەکدارکردن، هەروا هەڵکردنی ئاگری یاخیبوونێک کە ڕاپەڕینێکی گەورەی لێ بکەوێتەوە.»

هەموو جارێک لە دیمانەی خۆم لەگەڵیاندا. زەینم دەدا، ئەو کەسەیلە بۆ مەبەستەکەی من یەکاویەکن. پیاو لە ڕۆهەڵاتدا فێر دەبێ چۆن بیری کەسێکی

تر تاوتویێ بکا. ئەگەر لە ئاست هەڵسوکەوتی یەکێکدا بچووکترین هەستی دوودڵیم لە کندا دروست ببێ، ئەوا باسخواسەکەم بە بارتێکدا وەردەسوورێنم ئیتر کاورا ڕێ بە دێیی بەو مەبەستە نەبا کە من خەریکی نەخشەکێشانی بووم.

هەرچەند جارێکی سەرنجی وانم دەدا، خولیای خۆ لە مەترسیدان و سازیی پێکەنین بەدەم ترسەوەم لێ دەدیتن و هەستم بەو ئەوینییەی ڕۆهەلات دەکرد، کە زۆربەی ئەوانەی سەریان لێی داوە سەرەنجام ئەو خۆشەویستییەیان لە دڵ کەوتووە، ئیتر ترسم دەرەوییەوە و دەمزانی پێویست ناکا هێندە سەری خۆم بەم بابەتەوە بئێشێنم.

ئیتر ئاوەها بوو. ڕێککەوت پیاوەیلی شایەنی پێ دام. هەموویان لە سازیی بێ دڵ لە دڵدانی خۆیان بۆ بەگەڵکەوتنی کردەوەکە، پشتڕاستیان کردم.

کاتێ بەیەکەوەم کۆوەکردن، قسەکەی لەمەڕ (گۆتێ)م هێنایەوە بیریان کە دەڵێ:

"کردەوە تانج دەنێتە سەری پیاوەیل".

گوتم: «کردەوەکەی مە چتێکە شایەنی ئەوە بێ زەماوەندی بۆ بگێڕین»، ئێستە پتر خاوەوە بووبوون، چاوەڕوان بوون چتی پتریان گوێ لێ ببێ، بەڵام من نەمدەویست زۆرتر بڵێم.

« هەندێک ورکەسات دێنە پێشەوە» گوتم. «چتەکە دەبێتە بژارەی نێوان ژیان و مردن».

هەموویان بزەیان هاتێ و کەسیان هیچی نەگوت. ئێستە کە لە هەڵبژاردنەکەی خۆم دڵنیا بووم، یەکە یەکە دەستم بۆ درێژ کردن.

بەڵام ئەندامی هەرە گرینگی تیپەکەم هێشتە بەدەست نەکەوتبوو: کوردێکی ڕەسەن پەیدا ببێ بۆ وەی خۆی لەگەڵ مەدا بە چەتر هەڵبدا، بەرەو پەسارگەیەکی چاکمان ببا و پاشان پێوەندیمان لەگەڵ شێخ مەحموود و سەرۆک خێڵەیلی تری کورددا بۆ دابمەزرێنێ، ئەوەم لە هەموو چتێکی تر

پێویستتر بوو. بەڵام کوردێکی ئاوەهام چۆن بۆ هەڵدەکەوت؟ ئەگەر هەڵیش نەکەوت ئەوا دەبوو کارەکەی خۆمان بە چاکترین شێوە ئەنجام بدەین و شوێنی ئەو پڕەوە بکەین هەرچەندە ئەمە چتێکی فرە ئەستەم بوو. چەندی پێوە بووم و بیرم دەکردەوە چۆن پێوەندی لەگەڵ کوردێکی وەشاوەدا ببەستم، بێ سوود بوو. هەموو ئەوروپا نەیتوانی کوردێکی ئاوەهام بۆ دابین بکا. پاشان بیرم لە کۆنە ڕێکخراوەکەی ئەستەنبۆڵی لەمەڕ خۆمم کردەوە، کە بنکەی هەرە گەورەی خەفیەیی و زانیاری بوو. ئەوە بوو یەکێکی فرە وەشاوەیان بۆ دۆزیمەوە، (ڕەمزی) ناوێک بوو، کوڕی سەرۆک خێڵێک لە هەولێردا. خێڵەکەی باوکی کەم تا زۆرێک لەو ناوچەیەدا دەژیان، کە ئێمە دەمانویست خۆمانی تێدا هەڵبدەینە سەر زەوی. شوێنی خۆ هەڵدانەکەشمان لە چیایەلی بەری ڕۆهەڵاتی ناوچە نەوتاوییەکەی کەرکووک بوو.

شوێنێکی وەشاردی لە ئەڵمانیادا هەبوو، لە شێوەی مەزرایەکدا بوو. ئەوە فێرگەی دژە خەفیەیی بوو، پیاو لەوێ دەیتوانی هەموو چتێکی پێویست لەبارەی دەست پێکردنی کردەوەیەکی زۆر گرینگی لە گوێن کردەوەکەی مەوە فێر ببێ. لە سەردەمی ڕۆژانی ئەستەنبۆڵدا خۆم پسپۆڕی ئەم جۆرە چتەیلە بووم، بەڵام جارێکی تریش چوومەوە وێ، بۆ ئەوەی وەرزینی خۆم چاکتر بکەمەوە.

بۆ ئەوەی خەفیەکارییەکی سەرکەوتوو بەڕێوە ببەی، گرینگترین چتت (ڕێکوپێکی)یە و پێویستە بە چاکی بایەخی پێ بدەی، یەکەمین چت، پێویستە تۆڕێکی ئاڵۆزی یارمەتیدەرەیلت هەبێ، سەرچاوەی زانیاری و پێناو و جێ ژوانت هەبێ، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین پێویستە مرۆوت هەبێ، بەڵام مرۆویش گیان لەبەرن و پیاو ناتوانێ بەردەوام پشتیان پێ ببەستێ، ڕەنگە هەموو دەمایەک زوانت لێ بدەن. وەدەرکەوتنی نهێنیش هەموو ڕەنجت بەبا دەدا و کارەکە بەتاڵ دەکاتەوە. باشە پیاو چۆن دەتوانێ خۆی بە چاکی لەم چتە بپارێزێ؟ لە سایەی (ڕێکوپێکی)یەوە، لە سایەی ڕێکوپێکی هیچ کەس چتی ئەوانی تر نازانێ. ئەگەر هاتوو تاکێکی گەوی زنجیری خەفیەییی هاتە

گرتن، دەبێ زنجیرەکە بەوپەڕی ڕادەی بڕوا پێبوون پتەو بێ و دڵنیاییت بداتێ. نابێ ئەو گرتووە بتوانێ زمان لە کەسەیلی تر بدا و بە گرتیان بدا سەبارەت بەوەی کەسیان نەناسێ. بێگومان دەبێ یەکێک هەبێ هەموو ئەوانی تر بناسێ، بەڵام نابێ ئەو کەسە خۆی بە دەستەوە بدات. بۆ ئەوەی نەبادا ئەو کەسەش بکەوێتە دەست، پێویستە بە بەڵگە بێوەرییبوونی خۆی ئیسپات بکا، بۆ باری ناچاریش، ئەگەر هاتوو زوانیان لێ دا، پێویستە ژەهری خۆکوشتنی پێ بێ.

بەڵام پەیداکردنی زانیاری تەنیا نیوەی تێکۆشانە، نیوەکەی تر ئەوەیە، دەبێ ئەو زانیارییە لە دەمی پێویستدا بگاتە ئەو کەسەیلەی دەتوانن بە کاری بێنن. لەبەرئەوە پێویستە خۆت بکەی بە لێزانێکی چاکی هونەری گەیاندنی بە بێتەل و بتوانی دەزگەیەکی بچووکی ئاڵۆز بەکار بهێنی و بتوانی ئاریەل دابمەزرێنی (کە زۆر جاران چتێکی ئاسان نییە) و بزانی نامە بگۆڕیتە هێما و هێما شی وەکەی. هەروا دەبێ شارەزای چتی وەک مەرەکەبی نهێنی و هەزار و یەک چتی تر بیت، کە بابایەکی ئاسایی سەری لێیان دەرناچێ.

وێڕای خەفیەکاری، دەبێ پرد و هێڵی شەمەندەفەر بێنە هەڵتەکاندن و کارگەی بەرهەمهێنانی کەرەستەی شەڕ بێنە ئاگر تێ بەردان و لە هەموو لایەکەوە هەڵمەت بۆ سەر دوژمن بێتە بردن بۆ ئەوەی توانی شەڕکردنی وی شەل و گۆج ببێ. وێرانەکاری هونەرێکە بە پلەی یەکەم پشت بە کۆوەکردنی زانیاری و پاشان پشت بە ڕێکوپێکی دەبەستێ. پێویستە وەڵامی ژمارەیەکی زۆر و زەوەندی پرسیار بزانی: چۆن بە توانستی خۆت کەرەستەی کاریی ئاگر هەڵگیرساندن بەرهەم دەهێنی؟ چۆن تەقێنەوە پەیدا دەکەیت؟ چۆن بە کەمترین بڕی تەقێنەوە، بۆ زۆرترین ماوە وێرانەکاری دەنێیەوە؟ چۆن کەشتییەک ژێر ئاو دەکەی؟ چۆن بە بەڵگە و بیانووی پێ سەلمێن بێوەرییبوونی خۆت لە تاوانێک پێشان دەدەی؟ چۆن سەگی پاسەوان دەمکوت دەکەیت؟ چۆن خۆت لە چنگی شوون هەڵگر دەرباز دەکەی؟ چۆن چەکەیلی بیانی بەکار دەهێنی؟

پاش ئەوەی یەکەمین گرووپم پێکەوە نا، سەرێکمان لەو فێرەگەیە دا تەنیا بۆ

ئەوەی وەرزینێک لەبارەی (تەقینەوە)وە بکەین. پاشان زۆر بە پەلە بەرلینمان بەجێ هێشت و رووممان دایە دەربەندی چیایەک بۆ ئەوەی مەشق و وەرزینێکی تەواوی خۆمان – لە ژێر سەرکردایەتیی خۆمدا، بدەین. لە بەرلین پڕ بووبووم، نەک تەنیا بە هۆی هەڵمەتی گەورە گەورەی باڵەفڕەوە بگرە بە سۆنگە و سەوی ئەوەی بەردەوام لە پەیداکردنی چتومەکی پێویست و تایبەت بە شەندەکەمدا تووشی لەمپەر و بەرگر دەهاتم. دەبوو خۆم خەمی پەیداکردنی هەموو چتێک بخۆم و چەندین ڕۆژ و حەوتوو (حەوتووی گرینگ) لە پەیداکردنی بەرگ و خۆراک و تەقێنەوە و دەزگای بێتەل و چتی تردا بە فیڕۆ بدەم. کارەکە هێندە ئاڵۆز بووبوو، دەبوو بۆ کڕینی چەند دەنکە قولابەیەک، مۆڵەتێکی ڕەسمی وەربگرم، کاتێ بۆم دەرکەوت ململانەی بیرۆکراتیەتی سەرکردایەتیی باڵای سوپا، کارێکی چەند چەتوونە، هەستام یەکسەر پێوەندیم بە هانز کریستۆفی هاوەڵەوە کرد.

بۆم نووسی، (تۆم بە پەلە پێ دەوێ. تۆ تەنیا کەسێکی بتوانی ئەم فەرمانبەرە دڕدۆنگانە لە پەنجە تووتەی خۆت بئاڵێنی، کەی دەکاریی بێی؟)

وەڵامی دامەوە: «پێ دەچێ بیرێکی سەیرت لەبارەی شێوەی کار هەڵسووڕاندنەوە هەبێ. خۆت دەزانی چتی ئاوەهایی زۆرن: نۆینی تایبەت، سەرتیپ و سەرهێز، هەر لە پێناوی تۆدا ئێستە لە فەرماندەرەیلی خۆم دەخوازم جێگرێکی تایبەت لەسەر کارەکەی من دابنێن و خۆشم بە سواریی یەکەمین شەمەندەفەر بۆ بەرلین دەکەومە ڕێ. منیش حەز دەکەم جارێکی تر پێت بگەمەوە. بەڵام ئەمەیان ئیتر لە دەست دەرچووە و لەم چەند ڕۆژەیلەدا دەمنێرنەوە بەرەی شەڕ لە ستالینگراد».

پێش ئەوەی ئەو (چەند ڕۆژ)ە بەسەر بچن، برووسکەیەک گەیشتە دارستانی بۆهیمیا «فیسارە لووتەنانت – ملازم ئەوەل، دەبێ دەسبەجێ بۆ سەرکردایەتیی باڵای سوپا بێتە وەگواستن».

ئەفسەرەیلی تر– تەنانەت گەورەیلی خۆشی، هەموو گوتیان: «ئەمەت چۆن کرد؟ دەبێ پێوەندیی گرینگت هەبێ».

ئەمـیش بـزەی هـاتێ: «ڕاست دەکـەن پێـوەندیم هەیە.»، ئیـتـر لە جـیـاتی ستالینگراد بارگەی خۆی بەرەو بەرلین لە کۆڵ نا.

بەکارهێنانی دەزگەی بێتەل گرینگترین بەشی وەرزینی خەفیەییە، بۆیە هەر لە سـەرەتاوە هـەمـوو ڕۆژ پـیاوەیلی خـۆمم دەنارده کـۆگـەیەکی بچـووکی سوپا بۆ ئەوەی ڕێنوێنـی لە کاورایەکی زابت سەفی شـارەزاوە وەربگرن. گاوێ بەرلینیـشمـان بـەجێ هێـشت کـاورامـان بۆ مـاوەیەک لەگـەڵ خـۆمـاندا بردە چیـایـەل بـێ ئەوەی ڕێگە بدەین ئەو هـیچ چتـێک لـەبارەی نەخـشـەیلی ڕاستەکینەی مەوە بزانێ. لەمێژ بوو پێوە بووم ئەو چەڵەمەیە چارەسەر بکەم: ئاخـۆ کـێ بکەمـە بەرپرسـی ئـەو نامـانەی کـە ئێـمـە لە کـوردسـتـانەوە دەمـانـهەناردن، پێـویست بوو ئەوەشم لـە بەرچاو بێ کەوا ئێمـە زۆربـەی جـار تەنیا لە هـەلومـەرجی فـرە ئاڵۆزدا دەتوانین نیـشانە بنێرین و لـەوانەیە هەمـوو جـارێکیش لە دەمـی دیاریکراوی خـۆیدا نەبێ. کـەواتـە کێ بـێ و بەردەوام چاوەچاوی ئەوە بـێ نامـەی مـە وەربگرێت؟ باشـە ئەگـەر هـاتوو ئێمـە هێـمـای خۆمـان ون کرد و ناچار بووین بە پێی هێمایەکی بەپەلە سـازکری کار بکەین، دەبێ کێ هـەبێ بەو جـۆرە مـتـمـانـەی پێ بێتـە کـردن ئەوەندە کـاتە خـۆی بە نیشـانەی نادیارەوە خـەریک بکات تـا ئەو کاتەی واتایەکەی بۆ ڕوونەوە دەبێ؟ یان ئەگـەر هـاتوو نیـشـانەیلی مـە زۆر لاواز بـوون، پشت بە کـێ ببـەسـتین بۆ ئەوەی ددان بە خـۆیدا بگرێ، یـان دەزگایەکەی نەکوژێنێتـەوە و وەڕس نەبێ و نەڵێ: «لەگەڵ ئەمەدا هیچم بۆ نایەتە کردن»؟

ئەو کـاتە چارەسـەرم بەدەست کـەوت کـە تاکـە بـرای خـۆمم لە بـەرلین بەڕێ دەکـرد. (برایـەکـەی ترم هـەر زوو لـە شـەڕدا هـاتە کـوشـتن). شـەمـەندەفـەر گـەیشت، هێنده پڕ بوو مـۆنجـەی دەهات لەو سـەربازەیلـەی بەرەو ڕووسـیـا دەگـەڕانەوە. (هـانزل)م لە پەنجـەرەوە پاڵ دایە نـاو فـارگـۆنێک. دەسـتـم دابووە بەر پشتی. لە چەند وردکەیەکدا شەمەندەفەر بە گڕ کەوت، بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ دەشێ جارێکی تر بە یەک بگەینەوە؟

بە خـەمبـارییـەوە گـوتم: «ئاخ، خـۆزیا بـەکارهێنی دەزگـای بێتـەل دەبوویت.»

بەرتەکی دامەوە: «جا کێ دەڵێ من بەکارهێنی دەزگای بێتەل نیم؟»

لە هاوارم دا: «چی، (تۆ) بەکارهێنی بێتەلی؟ بەڵام چتۆیەکی؟ مەبەستم ئەوەیە ئاخۆ بەکارهێنێکی چاکی؟»

فیکەکێشی شەمەندەفەر بەلوورەلوور کەوت و شەمەندەفەریش وردە وردە کەوتە بزووتن بەرەو ڕۆهەڵات. مێشکم هاڕەی دەهات.

«نا، زۆر چاک نیم،» دەنگی لێوە هات، بە ڕادەیەک ئێستەش لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، «بەڵام مەیلەو چاکم.»

من دەشیام سەری برای خۆم لە ناو ژمارەیەکی زۆر و زەوەند سەری تردا ببینم، کە لە پەنجەرەی شەمەندەفەرەوە بۆ دەرەوەی دەڕوانی. ئێستەش ڕەنگ و ڕووی هۆگر و ژیکەڵە و خەمبارانەی ویم لە بەرچاو ناچێتەوە. جارێکی تریش کڵاوەکەی بۆ هەڵشەقاندم، ئیدی شەمەندەفەر لە پێچێکدا ون بوو. خووی تایبەتی هانزل ئەوە بوو جێی متمانە بوو، زێدەڕۆییی نەبوو.

بە خۆمم گوت: « بایەخی پێ دەدەم، لە ماوەیەکی کەمدا لە بەکارهێنێکی مەیلەو چاکەوە دەتوانم ببکەمە چاترین بەکارهێنی بێتەل».

بیرۆکراتەیل، شادان و خەندان لەسەر کورسیی خۆیان دادەنیشتن، باشە ئەمانە چییان لەبارەی کەمی ئاردوو و تەنگانە و پێویستییەلی سوپای خۆمانەوە، بۆ ئەوەی لە بەرەی شەڕدا لە تەنگانە دەربچێ، دەزانی. سەرەڕای هەموو ئەو تەگەرەیلەی ئەوان بۆیان نامەوە، ڕۆژی دواتر فەرمانێک گەیشتە تیپەکەی هانزل. «نایب عەریف یۆهانز میولەر یەکسەر بۆ فیسارە کەرت لە سەرکردایەتیی باڵای سوپا بێتە وەگواستن.» بەڵام ئاخۆ ئەو کاتە تیپەکەی هانزل لە کوێ بوو؟ لەسەر ڕێگەی بەرەو فرەنسا. ئەو تیپە لە شەڕێکی دەستەویەخەدا کەوتبووە بەر پاڵەپەستۆی هێرشێکی توند و ناچار بووبوو پاشەکشە بکات بۆ وەی لە ڕۆئاوادا وزە و گوڕی بێتەوە بەر.

ئەوە بوو هانزل چواردە ڕۆژ بەرەو ڕۆهەڵات ڕۆیشت. بە دوای هێزەکەی خۆیدا گەڕا. بەڵام بێ سوود بوو. ویستیان بۆ تیپێکی تری وەگوازن. بەڵام

هەستێکی پێشین هانی دا بەرگری لە خۆی بکا و نەچێ، سەرەنجام شوێنی تیپەکەی خۆی زانی و وەرچەرخا، بۆ ماوەی سێ حەوتوو بەرەو ڕۆئاوا دای قلاشت.

تازە گەیشتبووە مەڵبەندی نوێی سەرکردایەتی، ئەو دەمای بانگی بارەگای مەڵبەندیان کرد. بیری کردەوە «باشە ئێستە من چیم کردووە؟» پێیان گوت دەبوایە پێش سێ حەوتوو لە بەرلین بوویتایە، «نوستبووی یان چی؟ دەبێ هەر ئەم ئێـــوارەیە بەڕێ بکەوێ. ها بەم بۆنەیەوە چۆن دەشێ یەکـــێک بۆ سەرکردایەتیی بالا بێتە وەگواستن؟»

نایب عەریف میولەر دەسبەجێ لە فیکەی خۆی گەیشت. دواجار گوتی «چارەنووس، گەورەم».

نەیدەویست بڵێ «پێوەندی». کاورایەکەی تر سەرنجێکی سەرتاپاگری دایە، وەک ئەوەی بڵێت هانزل بەرژەوەندی خۆی چاک دەزانێ.

بە کورتی، پاش ئەوەی هانزلان بەگەڵ کەوت، بەرەو چیایەلی ئەوپەڕی ڕۆئاوای نەمسا کەوتینە ڕێ. ئەو شوێنە لە بەرلینەوە زۆر دوور بوو. نەک لە ترسی بیرۆکراتەیل، بگرە لەبەرئەوەی ئێمە دەمانویست لە دوورترین شوێنەوە ئەزموونی بەکارهێنانی بێتەل- لەگەڵ تیپێک لە بەرلیندا- بەئەنجام بدەین.

بەهاری ١٩٤٣ بوو، هەرچەندە هێشتا بەفر بە چیایەلەوە مابوو، بەڵام لە دۆڵەیلدا تواببووەوە، بەرگێکی تایبەتیمان بۆ تیپی کوردستان هەبوو. ئێستە دەمانویست لە گۆڕەپانی کارێنتیانی خوارووداا ئەزموونی پێوە بکەین. ئەو بەرگە لەسەر شێوەی پاڵتۆی ئەفسەرەیلی فرەنسایی هاتبووە هەڵپاچین، ڕەنگی زۆر چاک لەگەڵ هەموو شوێنێکدا دەگونجا، بە تایبەتیش لەگەڵ ناوچەی کەژ و کێوەیلی ڕووتەن، داوێنی پاڵتۆیەکە لەسەر شێوەی ئەڵمانیایی هەڵبڕابوو، گیرفانی گەورە گەورەی هەبوو بۆ ئەوەی پارچەیلی بێتەلی تێدا بێتە هەڵگرتن. شەرواڵی مە لە شەرواڵی چەتربازەیل دەچوون، بەڵام درێژتر و دەڵبتر و فشوفۆڵتر بوون. گیرفانی بە زریزەیان هەبوو، دەمانتوانی چەمەک و وردەواڵەی تری تێدا هەڵبگرین. هەروەها لەبەرئەوەی ئەو شەرواڵەیلە تەنیا بۆ

چیادا هەڵگەڕان نەبوون، بگرە بۆ سواریی ئەسپ و کەر و وشتریش بوون، بۆیە بە چەرم هاتبوونە ناوپۆشکردن، چاکترین پۆستاڵی چەتربازەیلمان لە پێدا بوو و چاکترین جۆرە کڵاوی عەریفی ئەفەریکیاییمان لەسەر دەنا.

جگە لە هانزل، دوو کەسی تریشمان بەگەڵ کەوتن. یەکێکیان تایبەت سەر بەخۆم بوو، وەرزەدیتەیەکی زۆرچاکی بەکارهێنانی بێتەل بوو. پێشتر لە (دەزگەی هەندەران)دا کاری کردبوو، بێ ئەوەی هیچ جارێک چووبێتە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، فارسییەکی پەتیی دەزانی.

لەو دەمەی بڕوای تەواوم بە هەموو ئەندامەیلی تری تیپەکەم هەبوو، سەبارەت بە چەند چتێکەوە ئەم کاورایەی دوایی‌یم زۆر بە دڵ نەبوو. هەرچەندە هیچ هۆیەکیشم بۆ ئەم نابەدڵییەی خۆم نەبوو. گەنجێکی لێزان و لەبار و گورجوگۆڵ بوو، بە ڕواڵەت بە خولیایەکی گەورەشەوە خۆی بۆ ئەو ئەرکە تەرخان کردبوو، کە لە پێش مەدا بوو.

دووەمیان، ئەو پیاوەی لە دەستەی (ڕۆمێل)ەوە هاتبوو. کاورایەکی ئەستێرەناس و رووبەرگر بوو. باشە من ئەستێرەناسم بۆچی بوو؟ لەبەر وەی ئەستێرەناس لە ڕۆهەڵاتدا ڕۆڵی گرینگی دەگێڕا. ئەستێرەناس پیاوی ژیرن. سێ پیاوی ژیر بەبێ ئەستێرەناس هیچیان نەدەهێنا. ژیرێکی ئاوەهامان لەگەڵدا بووایە پلە و پایەی چاکی بۆ دابین دەکردین.

هەروا، کوردستان وڵاتێکی چۆڵەوانی و کاکی بەکاکی بوو و دانیشتوانێکی پەرژ و بڵاوی هەبوو، دەبوو ئێمە لەو گەڕە دوور و درێژەی خۆماندا خۆ لەو خەڵکە کەمەی ئەوێ ببوێرن. باشە کێ دەیتوانێ ببێتە بەڵەد و ڕێشاندەرمان؟ نەخشەیەکی ڕێکوپێک نەبوو، لە ئەستێرەناس بەولاوە هیچی تر نەبوو. ئیتر بە هۆی ئەستێرە و ئامێری لەبار و نەخشەیەکی چاکەوە دەمانتوانی بزانین بەرمان بە کوێوەیە.

ئەو ئەستێرەناسە بۆ منی وەگێڕا: «ئەو دەمەی لەگەڵ ڕۆمێلدا لە بیاوان بووم، هەرگاو هەڵوەستەیەکمان بکردایە، یەکەمین چت فیلد مارشال لێی دەپرسیم ئەوە بوو: «ئێمە ها لە کوێین؟» منیش کەرەستە و ئامێرم دەردەهێنا

و سـەرنجی چەند ئەسـتـێرەیەکم دەدا. هێندێکم کـێـشـانە و پێوانە دەکـرد و چاوێکم دەدایە نەخشـەکەم، بەو شـێـوەیە دەمتـوانی زۆر زوو ڕووکـاری خـۆمـان بە وردی دیاری بکەم.

بۆ ئەوەی لـەبەرچی دەبوو ئەسـتـێـرەنـاسـەکـە لە هـەمـان کـاتدا ڕووبـەرگـر (مـسـاح)یش بـێ؟ پێویسـتـە بگەڕێمـەوە سـەر بنەکـانی نەخـشـەی خـۆم. ئەو نەخشەیەی من نەخشەیەکی دوورە دیمەن بوو.

بڕیار وا بـوو یەکەمـین جار مـن و دوو یان سـێ کـەسـی تر خـۆمـان بـە چەتر هەڵدەین بۆ ئەوەی نووکی پردێک ئەگەر بـشـێ وا بڵێین، دابمەزرێنین و بە پارێز و مـاتەمـاتە یەکـەمین پێـوەندی لەگـەڵ کـوردەیلدا سـاز بکەین. دەبـووایە پاشماوەی تیپەکەشم لە ژێردەستی هانز کریستۆفدا درێژە بە وەرزینی خۆی بدا. نیـازی من وا بوو ئـەو پیـاوەیلـەی فـارسی و عـارەبی چاک دەزانن، زوو بەزوو وەک چاوساغ و ڕێشاندەر بنێرمـە لای سـەرۆکـەیلی کـورد. وێجا پاش تێپەڕینی سێ مـانگ بەسـەر خـۆ بەچەتر هـەڵدانی مـەدا، پرسـی وەرگرتنەوەی چاڵە نـەوتەیل دەسـتی پێ دەکـرد. خـێـڵـەیلی کـورد خـۆیان پیـاوەیلـی مـەیان دەپاراست و سـەرۆک خـێـڵـەیل خـۆیان بە پێشـیـان دەکـەوتن. هەر کـاتێکیش حەزمان بکردایە دەمانتوانی دیمانەی یەکتر بکەین، بەڵام گرینگترین ئەرکی مە ئەوە بوو کردەوەکە بـەڕێوە ببـەین و بە چاکی ئاگـەدار بـین چی هەیە و چی نییە.

چتێکی چاوەنۆڕکری نەبوو، کە بەریتـانیـا دەسـتـەپاچە بووەسـتـێ و هەلی ڕوودانی چتێک بدا. بە پێچەوانەوە، هەر دەمودەست سـەربازیان دەنارده سەر ناوچەی سەرهەڵداو. هەرچۆنێک بێ، هاوکات لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی مە بەسـەر چاڵەیلی نەوتدا، شـۆڕش لە ئێران و عێراق و فـەلـەسـتین و مـیسـر دژ بەدژی هەمـوو هـێـزەیلی ناو ڕۆهەڵاتـی ناوین دەهاتە هەڵایسـان. ئێـمـە تەواو خـۆمـان بۆ ئەو ڕاپەڕینە دانووسـاندبـوو و هەمـوو چتێکمـان بۆی کۆک و تەیار کـردبوو. لـە هەمـوو بارێکەوە بڕوامـان بە سـەرکـەوتنی یەکـجارەکـیی خـۆمـان هـەبوو.

بەڵام ئاخۆ لە نێوانی هەموو ئەمانەدا رووبەرگرەوە چ شوێنێکی دەگرت؟ ئەو دەمــای نەخـشـەی ســوپایی تەواو ســەری دەگـرت و ســەربازی ئەڵمـانیـایی لە هەواوە بۆ ســەر زەوی دەهاتنە هــەڵدان و هـی تریش بە زەویدا دەهاتنە فـریای وان و هەردوو باسکی گیرەی ڕووسیا – میسر دەهاتنەوە یەک، ئەوجا کاتی ئەوە دەهات هەمـوو لەهەمـوو، بۆ پەرەپێدانی ئاشـتییـانەی کوردسـتـان بە گەڕ بکەوین. لـە پێناوی ئەوەدا تەواوی زنجـیـرەی پسـپـۆڕەیلی ئەڵمـانیـا پێـویسـت دەبوون، هــەر لە زەویـنـاس، کـڕۆکـێـڵـنـاس و لێــڕەوارەوانەوە بگـرە تـا دەگــاتـە پسـپۆڕەیلی ئاودێری و... هتد، یەکەمـینی ئەم زنجیرەیە رووبەرگرەکەی لەمـەڕ خۆمان بوو.

پرۆگرامی وەرزینـەکەی مـە تەواو پشـتی بە وەشـاوەییی لەش و ورە و توانی خـۆڕاگـری دەبەست. گـەرد و گـۆڵی بەیانیـان لـەو چەمـە چیـاییـیـەی بـە پێش زنجـەکەی خۆمـاندا ڕادەبوورد، مـەلەمـان دەکرد. ئینجـا پاشی وەی تاشـتێکی چاکـمــان دەخــوارد، دەردەکــەوتین، ســەرمــان لە دوای یەکـتــر دەنا، یـان بە تەلانێکی رژد و هــەڵدێردا هەڵدەگەڕاین. دەمـانویست تـا دوا پشـوو هـەر تەکان بدەین و خـۆمـان تەواو دڵنیـا بکەین ئـاخـۆ برسـتی بەرگـەگـرتنی ئەو تەنگانە ئاسـتـەم و دژوارانەمـان هەیە، کـە لەوانەیە بێنە پێـشـمـان. هەر زوو فـێـربوون وەک بزن– سـرک و سڵۆک بە چیایەلدا هەڵگەڕێین و خۆمـان لە ڕێوبانی دیو و ڕچەشکاو لادەین و لە سـەرنجی چاوەیل بە دوور بین. ئەمـە ئەو هونەرە بوو کە دەبوو دوای خـۆ هــەڵدانمان، جێـبـەجێی بکەین: بە دزیی چاوەیلەوە سـۆسـەی هەموو چتێک بکەین.

وەرزینی بێـتـەڵمان گەیشـتـە ئەو پلەیەی بتـوانین لەگـەڵ بەرلیندا پێـوەندی بکەیـن، بەردەوام لە کـاتی خـۆڕاهێنـاندا ئامـێـری بێـتـەڵمان لەگـەڵ خـۆمـاندا هەڵدەگـرت و دەمـانویست لە چەتوونتـرین هەلومــەرجی بۆ گـونجـاودا نامــە بنێـرین و نامـە وەرگـرین. بۆ نموونە: لـە دۆڵی تەنگەبـەر و بنەبانـی لێـڕەوار و نێــزیکی ڕووباردا، یان لـە ناو ڕەشــەبا و هـەر هەلـەرجـێکی ئەوتـۆییــدا کــە پێوەندیکردن بە ئامێرێکی وەک هینەکەی مەوە تا ئەوپەڕی ڕادە دژوار دەبوو.

ڕۆژێکیان ڕەشەبایەک هەڵی کرد، گوتمان ئەمە هەلێکی چاکە بۆ ئەوەی لێزانینی خۆمان بەتاقی بکەینەوە، بە گورجی بە سینگەر بێرگدا هەڵگەڕاین. دەزگایەکەمان لە کات و ساتی بڕیار لەسەر دراودا دامەزراند و ئاریەلمان هەڵدا، ویستمان پێوەندی بە بەرلینەوە بکەین. ئەو (کات)ەی لەگەڵ لایەنەکەی تردا لەسەری ڕێک کەوتبووین خەریک بوو نێزیک دەکەوتەوە. گەواڵەیەک هێنای و هەورێکی تاریک نیشتە سەرمان و ئاسمان بە برووسکە کەوت. هەموو چتێک ڕەش داگەڕا، کلیلەکە بە تکەتک لە یەکبینە ئاماژکە (مۆرس)ی morseی دەنارد، نۆرەی (فریتز) بوو، سەیرێکی ویم کرد و پرسیم:

«هیچ پێوەندییەک هەیە؟»

سەری بۆ لەقاندم و ئەو نامەیەی لێ وەرگرتم کە پێش ماوەیەک بە پەلە نووسیبووم و ئەوانیش هەر ئەو کاتە گۆڕیبوویانە هێما. پاشان نۆرە هاتە سەر ئەوانی تر و هەموویان یەکە یەکە فێر بوون چۆن لە دەمی خۆڕاهێنان لەگەڵ بارودۆخی نائەمواردا، ددان بە خۆدا بگرن. بەکارهێنی بێتەل ئەگەر بشڵەژێ کاتی زۆر گرینگ بە فیڕۆ دەدا، لە نامە ناردن و نامە وەرگرتندا هەڵە دەکا و بە ناچاری کارەکەی دووبارە و سێبارە دەکاتەوە و سەرەنجام هەموو چتێک پێنج هێندەی خۆی کاتی تێ دەچێ. پیاوەیلەکەم هەروەکو ئامێر، دێر بەدوای دێری نامەکەیان بە وردی دەگوتەوە.

ئەو دەمای باران دای دا، یەک یەکە فەرمانم پێ دان: پاش ئەوەی دوای نامە هەناردن تەواو دەبێ، دەبێ چی بکەن. لەوێ، هەریەکە و لە پەنایەکدا خۆی وا مەلاس دابوو هەر دەتگوت لە ولاتی دوژمندان. دەبوو هەرکەسە و پشت بە خۆی ببەستێ. بە هۆی تێک هەڵچوون و گرمەی گەواڵە و برووسکەوە دەبوو لە شی وەکردنی ئەو نامەیلەی لە بەرلینەوە وەرمان دەگرتن، زۆر ڕژد و وریا بین. باران هیچ ئازارێکی مەی نەدەدا، ئەوە هەورە برووسکە بوو کە ئێمەی لێ دەترسان. ئاریەلەکەی مە وەک ڕاگەیێنی برووسکە کاری دەکرد بۆیە هەر ڕاچڵەکینێک بەناو لەشی خۆماندا ڕادەبوورد چونکە خۆمان بەو ئامێرەیلەوە هەڵواسیبوو. لەوێ دانەویبوومە سەر ئەژنۆ، لە سەرمانە دەلەرزیم و سەرنجی

برووسکەم دەدا هەر نێزیکتر دەبووەوە. ها ئێستە کیلۆمەترێکە، ها ئێستە نیو کیلۆمەتر دوورە. لە هەمان کاتدا سەرنجی ڕەنگ و ڕووی بەکارهێنەکەم دەدا. بە دەستێک نامەیلەکەی گرتبوو و بە دەستەکەی تریش تک تک دەیکوتان. هات بە بیرمدا: دەبێ زوو تەواوی بکا، ئەگەر نا دەبێ نامەکە ڕابگرم لەبەر وەی ئێستە نا ئێستە برووسک لێی دەدا، پاشان – لە دوا چرکەدا، سەرنجم دایە چۆن، هەر بە لەز دوا نیشانەی نامەکەی هەنارد. کاکی بەکارهێن کەلەمبازێکی دا، بە خۆی و ئامێری بن هەنگڵیەوە، چۆن فەرمانی پێ هاتبووە دان هەر بە تەقڵەکوت لە تەلانەکەوە شۆڕەوە بوو. ئەوانی تریش بە دوایدا، پاش ئەوەی ئاریەلەکەیان تەواو هەڵوەشاندەوە، بە ڕاکردن سەرەوژێر بوونەوە و هەر بەڕێوە، چت و متەیلیان گورزەبەست کرد، هێندەی نەبرد دۆژەهمان لێ ڕابوو، باو بۆرانێک هەستا، گرم و هۆڕی گەواڵە و برووسک، دەتگوت دنیا وێران دەبێ، سەرباری هەمووشی زریانێکی دەست و پێ تەزێن هەڵی کرد. هەر زوو زەوی یەکپارچە سپی هەڵگەڕا. کاتێ گەیشتینە پاوانەیلەکە، چۆنی بۆمان لوا لێیانەوە دابەزین: بە پێیان و بە گاگۆلکێ و بە بنەخشکێ. لە ژێرەوە هەڵوەستەیەکمان کرد، گوتم:

«هەی ئافەرین، بەڕاستی چاپووکن» پاشان بۆ ئەوەی بادەیەکی گەرم هەڵدەین، ڕوومان لە خانێکی بچووکی ئەو ناوە کرد.

## ڕەمزی

کە ڕەمزی گەیشتە لای مە نەیدەزانی ئێمە چیمان لێی دەوێ. پیاوەیلی ئەستەنبۆڵ ئەرکی خۆیان بە چاکی ڕاپەڕاندبوو. بیری وییان وەخوێندبوو بێ وەی بە روونی باسی هیچ چتێکی لەگەڵدا بکەن. ئەمە کلیلی کاری خەفیەییە: بێ وەی هیچ چتێک بپرسی، هیچ چتێک بڵێی، لە هەمان دەمدا چیت پێویست بێ لە کەسێکی دەربهێنی. لە ژیانی خواساییدا ئەم چتە کارێکی گرانە، لە سەردەمی شەڕ و لە وڵاتی دوژمندا گرانتریشە، چونکە لەوێ ملی پیاو لەبەر سیکارددایە. لەمەش بەولاوەتر ئەگەر هەردوو لا لە نیازی یەکتر بگەن ئەوا

ڕووبەڕووبوون زۆر گرانتریش دەبێ. بە کورتی، باسخواسێکی هاوەلانەی بێلایەن دێتە گۆڕێ، بۆ نموونە لەبارەی ئاوهەواوە دەدوێ. بەلام خەفیەیەکی چاک بەردەوام هەندێ چت لەم جۆرە دیدەنییەلە وەردەگرێ، هەرچەندە ئەمە بڕێکی زۆر کەمی سەرجەم ڕێبازی کاری خەفیەییە. باشە خەفیە چۆن ئەو کارەی پێ دێتە هەڵدەسووڕان؟ ئەوەیان هونەرێکە بۆ خۆی. وەک چەلەنگیی ڕەوت و بزاوتی تیاترۆی سەر گوریس وایە، خۆی بۆ لێکدانەوەی خواسایی بەدەستەوە نادا. هەر پسپۆڕ دەزانێ چۆنی بکا و هونەرەکەشی لەم لێزانینەیەوە سەرچاوە وەردەگرێ.

ڕاپۆرتی هەندێ نوێنەری ئەستەنبۆڵمان لەو بڕوایەدا بوون کە ڕەمزی کوردێکی دەمارکرژە و زۆر تامەزرۆی ئازادی و سەرفرازیی کوردستانە. لە ڕێگەی هاوەڵێکەوە، کە ڕەمزیی لە ڕۆژانی خوێندنەوە لە تورکیا ناسیبوو، بۆرە ئاماژەیەکی بۆ هاتبووە کردن کەوا چتێکی چاکە ئەگەر بێتو خۆی لە هەندێک دار و دەستەی ئەڵمان نێزیکەوە بکا. هەروەها ئەو هاوەڵە پەرەی دەستکاری بۆ ڕێک خستبوو بۆ ئەوەی پەساپۆرتەکەی وی مۆری لە تورکیا دەرچوون یان چوونە ناو ئەڵمانیای پێوە نەبێ. لە بارێکدا ئەگەر هاتوو کەڵکی مەی نەدا یان خۆی حەزی نەکرد لە کارەکەی مەدا بەشدار بێ، ئەوا دەتوانێ بچێتەوە تورکیا بەبێ وەی کەس پێ بزانێ. ڕاستیت دەوێ، ڕەمزی دەیتوانی بە زەویشدا بچێتەوە ولات و هەموو چتێک بۆ خۆ بە چەتر هەڵدانی چاوەڕوانکریی مە ساز بکا.

ئەوە بوو ڕەمزی لێرە لەگەڵ مەدا بوو بێ وەی هیچ چتێک لەبارەی نەخشەیلی مەوە بزانێ. بیرم کردەوە: چەند گرینگە ئەگەر بۆ کارەکەی خۆمانی ڕاکێشین. کورد شەڕکەری گیان لەسەر دەست و جەربەزەن. چەندێک ئەرک ئالۆزتر و بە مەترسیتر بێ، هێندەی تر ڕێزت لێ دەنێن و شەیدای خۆ بەگەڵدانی ئەو ئەرکە دەبن. منیش تەواو متمانەی ئەوەم هەبوو ئەگەر ڕەمزی ماوەیەک لەگەڵ مەدا بژیایە هێندەی نەدەبرد هاوەڵیەتیمان لە نێواندا پەیدا دەبوو و وەک چتێکی چاوەڕوانکریش بەگەڵمان دەکەوت. چۆنم دانابوو ئاوەها

دەرچوو. هەر زوو هاتینە سەر ئەوەی ڕێزی لێ بنێین وەک چۆن ئەویش ڕێزی لە مە دەنا. ئەوە بوو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بڕوا و متمانەیەکی هاوبەشمان لە نێواندا پەیدا بوو.

ڕەمزی، پاش ئەوەی گەیشتە لای مە، دەسبەجێ لەگەڵ مەدا بە (سینگەر بێرگ)دا هەڵگەڕا و بە چاوی خۆی بۆرانەکەی بینی. کاتێ سووک و بزێو وەک بزن لە چیاوە دابەزیین، هێشتە ئەو لە مە سووکتر و چاپووکتر بوو. لە کاتی هەرە مەترسی و تەنگاوەدا، وەک ورچ بەهێز و خۆڕاگر بوو. کە فەرمانی بڵاوەکردنیشمان دا، ڕەمزی وەک مامز گورج و لەشسووک بوو. ئێستە بارێکی گرانم لەسەر مەژی لاچوو. ئەو کاتەی لە کوردستان دادەبەزیین، هەموو چت زۆر ساناهیتر دەبوو.

گوتی: «باوکم سەرۆک خێڵە* و لە هەولێر دادەنیشێ، خێڵەکەشی لە چیایەلدا دەژین»، چووە نێزیک نەخشە گەورەکەی کوردستان، کە بە دیوارەوە هاتبووە هەڵواسین. پەنجەی ڕاکێشا و گوتی: «ها لێرە».

پرسیم: «ڕەمزی خێزانی ئەنگۆ لە کوێوە هاتووە؟»

گوتی: «دایکم لە خێڵێکی ترە، بەداخەوە ئێستاکە مردووە. خێڵەکەی دایکم لە بەری ڕۆهەڵاتی خێڵەکەی مەدا دەژین. بەردەوام لەوێشدا ڕێزم لێ دێتە گرتن.»

هەموو ئەو چتەیلەی ڕەمزی بۆی باس کردم، بە وردیم تاوتوێ کردن. ئەو چتەیلە بۆ ئەو دەمەی دەهاتینە سەر نەخشەکێشانی هەموو وردایەتییەکی خۆهەڵدان و کاری داهاتووی خۆمان، زۆر گرینگ دەبوون.

کە هەستی کرد من پێوەندی خێڵەکییانەی ئەوم زۆر بە دڵە، کەیفی هات، درێژەی دایە و گوتی:

---

* بێگومان رەمزی نەیگوتووە باوکم سەرۆک خێڵە، گوتوویەتی ئاغایە. سەرۆک خێڵ و ئاغا لە هەولێر جیاوازن. ئەوەی دووەم واتە ئاغا، تەنیا فیۆداڵی زەویدارە بەبێ هەبوونی خێڵ و هۆز و هێزی مرۆوی. وەرگێڕ.

«بروانە، چاكترین برادەرم لەم گوندە بچووكەدا دەژی، ئامۆزامە، بە (خوێنبرا) بانگی یەكتر دەكەین. باوكی سەرۆك خێڵێكی بچووكە و زەویوزارێكی كەمی لە ژێردەستدایە، بەڵام لەبەرئەوەی كەوتوونەتە بناری چیایەل، داهاتێكی چاكی لە چاندنی دانەوێڵەوە بۆ دێ. لەبەر هەندێ بوو كە ئەو دەیتوانی خەرجیی خوێندنی كوڕە گەورەكەی لە فێرگەی بەرزدا لە بەغدا دابین بكات. من و ئامۆزایەكەم چەندین ساڵ لە بەغدا پێكەوە بووین و گەلێك جار بیرمان لەبارەی ئازادیی كوردستانەوە تاوتوێ دەكرد.»

بێگومان، زۆرم پێ خۆش بوو كە دەمبیست بەو شێوەیە دەدوا، وا پێ دەچوو هەموو چتێك ڕوو لە باشە بێ.

(بۆدێنتەل) كەوتبووە نێوانی چیایەلی بەرزی سەر سنووری هەردوو ناوچەی ئەڵمان و سلاڤی زوانەوە. هەندێ لە وەرزێرەیلی ناوچەكە سلاڤی بوون و دوژمنداریی مەیان دەكرد. بەڵام جووتیارەیلی بە ڕەگەز ئەڵمان بە خۆهێشتی خۆیان نان و شیریان بۆ دەناردین. سلاڤەیلەكە تەنیا سەرنجی ترشاو و دوژمنانەیان پێ دەداین. ناو بەناو دەمانبیستەوە كە تالانكەرەیلی سلاڤ پەلاماری نیشتمانییەلی ئەڵمانیان دەدا. ئەوە بوو ئێمەش خۆمان وشت و وریادار كرد. چەند ڕۆژێكی پێشووتر دەستە چەتەیەكی پڕ چەك و دەمامكدار بە زەبری هێز چوو بوونە ناو سینەمایەكی ئەو ناوەوە، یەكێكیان هێنابووە دەرەوە، دابوویانە بەر دەسرێژ و كوشتبوویان. پاشان بزر بووبوون، ئەوان زۆر كەسی خۆیان لەو نێزیكانە هەبوو بۆ وەی وەیانشێرن.

ڕۆژێكیان لە وەرزینی ڕێڕۆیشتنندا ڕوومان دایە گوندێكی بچووك، گوندەكە ناوی (كلاگین فورتەر هۆڵدینگ) بوو. دوای حەوتوویێک ئەو گوندە لەلایەن چەتەیلی سلاڤەوە هاتە سووتاندن، تا كلۆكۆی دامركایەوە بۆ خۆی سووتا. پاش ئەوەی ئێمە ڕۆیشتین، پیرە جووتیارێكی ڕووخۆش و نانبدە هەر زوو زەوییە كرێگرتەكەی لە دەست چوو چونكە نەدەبوو میوانداریی مەی بە چاكی بكردایە.

بەو نیازەی نەبادا سلاڤەیل تووڕە و سڵ بكەین، ئێمە خۆمان هەرگاو وا

دەنوواند کەوا ئێمە پتر سەرگەرمی کۆچکردنین نەک چالاکیکردن و هەروەها لە وەشاردنی چالاکییە هەرە چڕەکەی خۆشماندا بە تەواوی سەرکەوتین. ئەگەر لە مەیان بپرسیایە ئێوە کێن بە خۆتان و ئەو دەستە بەرگە سەیر و سەمەرەیەی بەرتانەوە، ئازایانە دەمانگوت:

«سەر بە لیوای یەکەمی کەمێلی ڕۆهەڵاتی ئەفەریکیاین».

بۆ ئەوەی وەک سەربازی بێوەری و حەز لە کۆچ خۆمان هەڵخەین، بەردەوام دەمانچەمان بە کەلەکەوە شۆڕەوە دەکرد و بێتەل و چتی ترمان لەناو کۆڵەپشتی خۆماندا هەڵدەگرت. لە زنجەکەی خۆماندا، بەردەوام چەند تفەنگێکی ساز و نێزیکە دەستمان هەبوو نەبادا شەوێک بەسەرماندا بدەن و ناچار بین بەرگری لە خۆمان بکەین. ڕاستیت دەوێ ئەو بارودۆخەی خۆمان تێدا دەبینی، لە لایەک بە دۆستەوە هاتبووینە گەمارۆدان و لە لایەکی تر بە دوژمن، باشترین هەل بوو بۆ ئەو کردەوەیەی ئێمە نەخشەمان بۆی دەکێشا. پێکەنینمان هات ئەو دەمەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەندامێکی پارتی سەری لە مە دا. دەیویست بزانێ ئەم لیوای یەکەمی کەمێلی ئەفەریکیایە چییە و لەم ناوەدا چی دەکا. بە ئۆتۆمۆبێل هات، بەرگێکی پارتیانەی لەبەردا بوو، هاوڕێیەکی تفەنگ لەناو دەست و لەسەر ترازیشی لەگەڵدا بوو. خوا خوامان بوو دراوسێیەلی سلاڤی سۆسەی ئەم سەردانە نەکەن.

ئێوارەیەک تازە تاریک داهاتبوو، بە تەنیایی بۆ پیاسە چوومە دەرەوە. لە خانووی ماڵە جووتیارەیلدا، کە تەواوێک لە یەکترەوە دوور بوون، ئاگر دەسووتا. پیاو دەیتوانی بە چاکی سەرنج بدات چۆن کاری ناو گەوڕی مەڕ و ماڵات تەواو دەبێ و چۆن خێزانەیل لە ژووری نیشتماندا کۆوە دەبن بۆ شیوی ئێوارە. شیوی وان شلەیەکی تێری شیرە یانەخۆ وردکە گەنمەشامییە. پاشی ئەوە، ئەوان دەخزێنە ناو نوێنەیلی خۆیانەوە. لە نێوانی ئەو تێڕامانە بە شێنەییەدا، چتێکی لەناکاو وای لێ کردم لە شوێنی خۆمدا ڕۆبنیشم و لەوپەڕی سازیدا بم، تروسکەی ڕووناکییەکم کەوتە بەرچاو، نەمتوانی بڕیار بدەم ئەوە مۆرس بوو یانەخۆ چی. بە وردی سەرنجم ڕاگرت بزانم ئاخۆ

نیشانەی تری بەدوادا پەیدا دەبن یان نا. لەوانەیە نیشانەیەکیان لە نێوانی خۆیاندا هەبێ و بتوانن لە یەکتر بگەن. یان ڕەنگە یەکێکی تر لە شوێنێکەوە وەڵام بداتەوە، یان دەشێ یەکێک بێ حەزمان پێ بکا و بیەوێ بەم شەوە بگاتە لامان؟ کاتێ لە نشێوەکە ورد بوومەوە پیلێکی تیشکدەری گیرفان لە پشتمەوە داگیرسا. کورت – درێژ – کورت – وچانێک – درێژ –کورت – تەواو بوو. ئەو لایتەی من سەیرم دەکرد بە (درێژ وەڵامی دایەوە، ئەمە وا دەگەیەنێ نامەکە گەیشت، ئالۆگۆڕەکە تەواو بوو. بەو جۆرە ئەو چتەی بۆ من ڕوونەوە بوو ئەوە بوو ئەو دوو ماڵە سلاڤییە سەرچاوەی مەترسی بوون بۆ مە.

بیرم کردەوە « ئاگەدار بن، هاوەڵینە، زۆر خۆتان گەوج مەکەن و هێندەمان لێ نێزیک مەکەونەوە.»

بە هەڕاکردن گەڕامەوە لای زنجەکەی خۆمان. باسەکەم بۆ پیاوەیلەکەم گێڕایەوە. زۆرم کەیف هات لەوەی هیچ باکیان پێ نەبوو.

«وازیان لێ بێنە»، گوتیان: «با هەوڵی چتێک بدەن».

ئێمە تەواو خۆمان بە شەندەکەی خۆمانەوە خەریک کردبوو گوایە چاڵە نەوتەیلی کوردستان داگیر دەکەین و توجار بیرمان لەوە نەکردبووەوە کەوا چەتەی بۆدێنتەل بە سەرماندا زاڵ دەبن. بێگومان ئەگەر بەرەنگاری یەکتر بووبووینایە، ئەوا ئێمە وانمان دەبەزاند نەک چتێکی تر.

هەرچۆنێک بێت، ئەو شەوەمان بەبێ ڕووداو بەڕێ کرد و بۆ بەیانیش وەکو جاران دەستمان کردوەوە بە گەڕی دوور و درێژ و بە هەورازدا هەڵگەڕان و وەرزەی مۆرس ناردن.

پێویستە سەرۆکی شاندە بیر لە هەموو چتێک بکاتەوە، لە کوردستان، ددان هەڵکەن نەبوو. کورد منداڵی خواسان و ئەم جۆرە چتەیلەیان پێ ناوێ. ددانیان وەک ددانی گورگ ساغ و پتەون. بەڵام ئەدی ئێمە، ئێمەی شارستانیی بەستەزمانی ئەوروپایی؟ ئەگەر یەکێکمان ددانی ئێشا چیی بە سەر دەهات؟ ددان ئێشە بە جۆرێک ئازاری مرۆو دەدا پەکی دەکەوێنی.

لەبەرئەوە دەبوو پێش ئەوەی رووی خــۆمــان بدەینە کــوردســتــان، ددانی هەمووماان بێتە پشکنین. وێڕای ئەوە، ددانکێشی تیپەکەی خۆمان تاخمی وردەواڵەی کـارەکـەی خـۆی کـۆوە کـردبوو و ئێـمـەش بڕیارمـان دا توان و لێزانینی وی بەتاقی بکەینەوە.

بڕیارم دا خۆم بکەم بە یەکەمین قوربانیی (شمیدتی بچکۆل).

« فەرموو کاپتن، سەرکەوە.» لە بانیژەکەی سەرەوەدا کە چتومەکی خۆی دانابوو، بانگی کردم. بە پلیکانەدا سەرکەوتم، هەڵوەستەیەکم کرد و دەرزیلەی دەمـانچـەکـەمم دەرهێنا. کـورسـییـەکی گـەورە لە بەرامبـەری پەنجـەرەکـەدا هاتبووە دانان بۆ ئەوەی بە تەواوی ڕووناکیی بگاتێ. شـمیدتی بچکۆل لە من ڕاما.

«دەتەوێ چی بکەی، کاپتن؟ لە کاتی ئیشەکەی مندا دەتەوێ چۆلە بکوژی؟ چتی وا نابێ. پێویستە بە بێ جووڵە دابنیشێ.»

بە ڕووگرژییەوە گوتم: «شـمیدت تۆم زۆر خـۆش دەوێ، بە هیوام تەمەنێکی درێژ بژیت. بەڵام ئەگـەر ژیانـی خـۆتت بـەلاوە بەنرخـە، ئاگـەدار بە.» لەسـەر کورسییەکە دانیشتم «ئاگەدار بە ئەو کاتەی کونکەرەکەت (درێل –drill)ەکەت بەکار دێنی، هەست بە هیچ ئێشێک نەکەم.»

جا بەڕاستیش هەر وەها بوو. دەست و پلی چاپووکی وی، درێلەکەی کردە مایەی نیوچە ڕابواردنێک. بە درێژای ژیانم هیچ جارێک ددان دۆزی ئاوەها و هەروەها چ جارێکیش کورتەبالای وەک شمیدتی بچکۆلم نەبینیوە.

ئەو ڕۆژەمان بە گاڵتەوگەپەوە بەسەر برد و کەس تووڕە نەدەبوو. ئەو دەمەی یەکێک نوختەیەکی دەگرت هەموومان دەمانکردە بەزم و کەنین. بەڵام سەبارەت بە ئاوڕووی پیشەوەرییەوە، من شمیدتی بچکۆلم تووڕە کرد. چونکە ئەو کاتەی بە منەوە خەریک بوو و درێلەکەی دەهێنا و دەبرد و ئەوانی تریش لە ژێرەوە لە چاوەڕوانیدا دانیشتبوون، من دەستم کردە هاوار و ناڵە. تەنانەت کاتێ تەواویش بووم هەر ناڵەم بوو.

گوتی: «کاپتن، کاپتن، بێدەنگ بە، بێدەنگ بە. ئێستە ئەوانی تر پێیان وا دەبێ بە ڕاستی ژان دەکا. وا تێ دەگەن من پیشەی خۆم بە باشی نازانم.»

پێ کەنیم، وازم لێی هێنا بەکاری خۆیەوە خەریک بێت بێ ئەوەی چی تر بە دەم ژانەوە، نرکە و ناڵەم بێ و دەمــانچــە دەربێنم. ئەوانی تر لە ژێرەوە هەر خەریکی گاڵتە و گەپین بوون.

ئەو دەمە ڕەمزی بووبووە یەکێک لە مە. نەخشەکەی خۆمانم بۆی باس کرد، بەڵام بێ ئەوەی لێی بپرسم داخوا بەگەڵمان دەکەوێت یان نا. دەمویست تا پێم دەکرێ پرسیارەکە دواتر بخەم بۆ ئەوەی خۆم لە وەڵامی ناخۆشی (نەخێر) بە دوور بگرم. پێم وابوو چەندی هەواڵینیمان پتەوتر بێ و چەندی پتر متمانە بە توان و نەخشەکەمان بکات، هێندەی تر (بەڵێ)یەکەی نێرانەتر و بە گوڕتر دەبێ. وچانێکی لەبارم بە هەل زانی، بانگی هانز کریستۆف و ڕەمزیم کرد بۆ ئەوەی پیاسەیەکیان لەگەڵدا بکەم. دیمەنێکی دڵڕەڤی کەژ و کێوان کەوتبووە دەوروپشتمانەوە.

«ڕەمزی من وڵاتی خۆمم خۆش دەوێ.» گوتم.

«پێت بڕوا دەکەم،» وەڵامی منی دایەوە.

«ڕەمزی، من کوردستانیشم خۆش دەوێ،» گوتم.

«تۆ کەژ و کێوەیلی هەزار بەهەزارت خۆش دەوێ.» بۆی زیاد کرد.

«وڵاتی تۆ وڵاتی منە،» گوتم.

«خوا بکا وا بێ، کاپتن».

«ڕەمزی، تۆ لێرە لە ئەڵمانیادا دڵخۆشی؟» پرسیارم لێی کرد.

«دڵخۆش؟ بەڵێ، لەبەرئەوەی دەتوانم لەگەڵ تۆدا بم.».

«نەخێر، ڕەمزی ئەگەر خوا حەز بکا دەبێ بەم نێزیکانە بچم لە فێرگەی تۆدا فێری زانست ببم.» وەڵامیم دایەوە.

«من لەگەڵ زانستدا تەبا نیم، بەڵام تۆ حەزی لێ دەکەی.» گوتی.

« زانست بەلای منەوە تاکە چتێکە– کارە.» گوتم.

«کاتێ پیاو چتێکی ڕاست دەکا، ئەوە زانستە.» گوتی. تاوێکی تر بێدەنگ بووینەوە.

«جارێکیان دوو هەڵۆ هەبوون،» دەستم پێ کرد.

«خوێنبرای یەکتر بوون،» تەواوی کرد.

«بە یەکەوە بەرەو ڕۆژ فڕین و شێرێکیان بینی،» درێژەم پێ دا.

«لە سەرووی دیجلە و فوراتەوە،» وەڵامی منی دایەوە.

«بە یەکەوە دابەزینە سەر شێرەکە،» بەردەوام بووم.

«نێچیرەکەیان لە بن دەستی دەرهێنا.» ڕەمزی چیرۆکەکەی تەواوی کرد.

وچانێکی تر بەسەر چوو، هەردووک لە یەکترمان ڕوانی.

«زۆر باشە کاپتن،» گوتی، «من قایلم».

بە پیاوەیلەکەم گوت:

«ڕەمزی لەگەڵماندا دێت».

یەکێک لەو پیاوەیلە کە هیچ متمانەم پێی نەبوو. پرسیاری کرد «ڕەمزی؟» ئاوازی دەنگی تەواو نالەبار بوو. دوو ڕۆژ دواتر هانز کریستۆف هاتە لام گوتی: چتێکی گرینگ هەیە دەمەوێ پێتی ڕابگەیەنم. سەرنجێکی بە گومانەوەم بۆی هەڵبڕی.

گوتی: پێم وایە تیپەکەی مە یەکێکی تێدایە بە کەڵک نایە. کەسێکی گونجاو نییە».

پرسیم: «مەبەستت (س)ە؟»

گوتی «بەڵێ».

پرسیم: «چی کردووە؟»

«بەردەوام خەریکی ئەوەیە پیاوەیلەکە لە دژی تۆ هان بدا.».

پرسیم: «ها، ئەوجا کێ گوێی لێ دەگرێت؟».

«پێم وایە کەس».

«لە دژی شەندەکەش قسە دەکا؟».

«ئەمەیان نازانم.» هانز کریستۆف وەڵامی دامەوە.

یەکێک لە پیاوەیلەکەم بردە لایەکەوە و لەبارەی (س)ەوە پرسیارم لێی کرد.

وەڵامی دامەوە: «ئەمە هاوەڵی تۆ نییە کاپتن».

پرسیم: «بیروباوەڕی پیاوەیلەکە لەبارەی وییەوە چۆنە؟».

«دەم شڕێکی بڕوا پێ نەکراو.».

«چی لێ بکەم باشە؟».

«بیکوژە، دەسەڵاتت بە دەستە. ئەو کاتە ناتوانێ هیچ چتێک ئاشکرا بکا.».

گوتم: «باوەڕ ناکەم ناپاک بێت». بیرم بۆ ئەوە چوو کەوا دەبێ تا ئەو ڕادەیە بەرگریی لێ بکەم. «پێم وایە کەیفی بە من نایە. بەڵام هەر چۆنێک بێ پێویستە بڕوا.».

ئەو پیاوەی لەگەڵیدا دەدوام تەنیا شانێکی هەڵتەکاند و هیچی تری نەگوت.

ئەو ئێوارەیە لەگەڵ هەموویاندا دوام و یەکە یەکە هەمان پرسیارم لێ کردنەوە. هەموویان سوور بوون لەسەر ئەوەی کاورای ناوبراو لە ناو مەدا بیان و لایدەیە، ئەو پیاوە بە ڕواڵەت وای خۆ دەنواند کە تا ئەوپەڕی شێلگیری لەگەڵ من و کارەکەمدایە بەڵام لە پاشەملە دژی خۆم و شەندەکەمدا بوو. پاشان کاورام بانگ کردە لایەکەوە و ڕووبەڕوو پرسیارم لێی کرد بۆچی وا دەکا و چیی بە دەستەوەیە. دەستی کرد بە هات و هاوار و پاکانەی خۆکردن، کەوتە گازاندە و گلەییی ئەوەی ئەوانی تر ئەو چتەیلەیان لە دژی وی هەڵبەستووە. دەمودەست ڕەوانەی بەرلینم کردەوە. بارەگەی مەڵبەندم ئاگەدار کردەوە ئیتر ئەو کاورایە کەڵکی من ناگرێ، هەروا دەبێ کاورا سوێند بخوا نهێنیی نەخشەکەی مە بپارێزێ و هەروا وریا بێ بچووکترین لە دەم دەرچوونی هەر چتێک، ناپاکییەکی گەورەیە و دەیخاتە بەردەم تۆڵەی مردنەوە.

دوو ڕۆژ دواتر، برووسکەیەک لە بەرلینەوە هات. ئەو برووسکەیە هەرا و

بەزمێکی گەورەی نایەوە. نووسیبووی «سەرکردایەتی بەرزی سوپا: کردەوەی مامۆت دەست لە کار هەڵبگرێ. دەستبەجێ بگەڕێتەوە بەرلین.»

جارێکی تریش خوێندمەوە. دەبێ سپی هەڵگەڕابم، چونکە کەس نەیوێرا زاری لێک وەکا و بپرسێ چیی تێدایە. لە کۆتاییدا هانز کریستۆف هاتە قسە: «هیچ چتێک ڕووی داوە؟»

هەواڵەکەم دایە دەستی. هەموویان بێدەنگ وەستابوون، تەواو شڵەژا بوون. بە ورتەورت لە بەرخۆمەوە گوتم «ئەمە هەر نابێ، هەر نابێ.» هەموویان دەستیان بە دەربڕینی بێزاری کرد.

«دەبێ ئەمە هەڵەیەک بێ، کاپتن،» گوتیان. «دەبێ هەڵە بێ،» وەڵامم دانەوە.

ڕووم کردە نێزیکترین دایەرەی پۆستە و تەلەفۆنێکی بە پەلەم تۆمار کرد، گرینگ نەبوو چەندی تێ دەچێ، دەبوو بزانم چی ڕووی داوە، تەلەفۆنێکی بەپەلەم کرد. یەکێکی دەسەڵاتداری لەبارم چنگ نەکەوت. بەڵام تێ گەیشتم نامەکە بە هەڵە نییە و دەبێ یەکسەر بچینەوە بەرلین بەو نیازەی دەست لە کردەوەکە هەڵگرین. تەلەفۆنەکەم دانایەوە، تەواو شڵەژا بووم. هیچ تێ نەدەگەیشتم چۆن فەرمانی وەستاندنی کارێکی ئاوەها گرینگ دێتە دان، ئێمە نەوتی کوردیمان پێ دەویست. لە هەموو شوێنێکی بەرەی شەڕدا ئاگردوو کەم بووە، نەوت کەم بووە، چتێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نییە ئەم ورە بەزینەی بوێ. ئەوا منیش لێرەم، لەگەڵ پیاوەیلەکەی خۆمدا سازی ئەرک و فەرمانین. پیاوی جەربەزە و بە ورە و وەرزیوم لەگەڵدایە. لە نێوانی ئەوانیشدا کوردێکی هاوسێی چاڵەیلی نەوتمان هەیە و هیوا و ئامانجی تەواو لەگەڵ هیوا و ئامانجی مەدا جووتە. هەموو ئەم چتەیلە دەستیان لێ بێتە هەڵگرتن؟ هیچ مەبەستێکی ڕەوام تێدا نەدەبینی، بە لارەملی ئامێرەیلمان کۆوەکرد. گالیسکەیەکمان داوا کرد و کەلوپەلمان بردە خوارەوە و لە شەمەندەفەرمان بار کردن.

لە بەرلین، هەر بە پەلە خۆم گەیاندە کەرتی دژە خەفیەیی سەرکردایەتیی

بەرزی سوپا. سەرۆکی بەش لەوێ نەبوو، بەڵام جێگرەکەی وی بە گەرمییەوە – بەوپەڕی گەرمییەوە، منی وەرگرتەوە.

بەداخەوە ناتوانم زانیاریی ترت پێ بڵێم. فیسارە فەرماندەر بەرپرسی دەرکردنی فەرمانی دەست لێ هەڵگرتنی کارەکەیە. ڕەنگە بیانووی بەجێی هەبێ.» ئەمە زۆر بوو بۆ من.

«کۆلۆنیل، فیلد مارشال کەیتل خۆی فەرمانی سازدان و جێبەجێکردنی کارەکەی داوە. من خۆم لە بارەگەی مەڵبەندا بووم و لەگەڵ ئەفسەرەیلی ژێر فەرماندەی ویدا قسەم کردووە و ئەوان تکایان لێ کردووم زوو جێبەجێی بکەم چونکە ڕاپۆرتی جێ متمانە لە باکوری عێراق و ڕۆئاوای ئێران و ڕۆهەڵاتی تورکیاوە هاتوو، نیشانی ئەوە دەدەن کەوا خەریکە پەرەگرتنی نوێ لە هەمان ئەو ناوچەیەدا ڕوو دەدا، کە کارەکەی منی پێوە بەندە.»

ئەو کۆلونیلە دانیشتبوو سەیری منی دەکرد. بە تووڕەیی جگەرەی دەکێشا. وام دەزانی ئێستە دۆژهەم لێ رادەبێ: «خۆت بە چی تێ دەگەی؟ پێت وایە دەتوانی دژی فەرماندەری سەرکردایەتیی بەرزی سوپا بووەستیتەوە؟ تۆ شێتی؟» ئەمە وەڵامێکی ئاسایی بوو ئەگەر بیرت لەگەڵ بیری فەرماندەرەکەتدا ڕێک نەکەوتایە، بەڵام وەڵامەکە تەواو جودا بوو. لە جاران نەرمتر و بە تۆرەتر هاتە دووان.

«جارێکی تر دەچمەوە سەر بناوانی پرسەکە و پێی دەکەومەوە. پاشی چەند ڕۆژێکی تر ئەنجامەکەت دەدەمەوە دەست.»

گوتم: «سەیرکە گەورەم. سووتەنی بۆ مە چەند گرینگە، وا نییە؟ چەند گرینگە ئەم سووتەنییە بۆ سوپای خۆمان مسۆگەر بکەم؟ من ئەمەم بۆ دێتە کردن. تەنیا دوو سێ حەوتووی ترم پێ دەوێ و ساز دەبم. ڕاستیت دەوێ ئەگەر حەزیش دەکەن، سبەی یان دوو سبەی بە باڵەفڕە بەڕێ دەکەوم. بەڵام ئەگەر فەرمانی وەستاندنی هەموو چتێک وەک خۆی بمێنێتەوە، ئەوا حەز دەکەم فەرمانەکە لە لایەن فیلد مارشال کەیتل خۆیەوە بێتە دان.»

گوتی: «ڕاستە کاپتن میولەر، چرکەیەک بووەستە. با هەوڵێکی تر بدەم بەڵکو فەرماندەرەکەی خۆم ببینم، بێگومان تۆ زۆر لەسەر هەقی. منیش تا بۆم بشێ هەوڵ دەدەم چتەکە ڕوونەوە بکەم. ئەوەی ڕاستی بێ لەوانەیە تێک نەگەیشتنێک ڕووی دابێ و ویستبیان کارێکی تر بووەستێن نەک هینەکەی لەمەڕ تۆ.»

چووە ژوورێکی تەنیشتەوە و دووای دوو وردکە گەڕایەوە.

گوتی: «کاپتن میولەر، زۆرم پێ ناخۆشە تۆ تووشاری ئەم سەرئێشەیە بووی. بێگومان هەڵەیەک بووە و دەبوو کارێکی تر بووەستێ ناوی لە ناو کارەکەی تۆ دەچێت. دەبێ هەر ئێستە بچیتەوە سەر بنکەی وەرزینەکەت و هەر گاو پێڕەوی کارەکەت تەواو بوو، یەکسەر بۆ ئێرە بنووسی.»

هەمان ڕۆژ بەرەو بۆدێنتەل وەگەڕاین، کەمێک وەڕس بووین، بەڵام هێشتە بە سەرەنجامی کارەکە کەیفخۆش بووین.

پێش وەی بەڕێ بکەوین، چووم پرسیاری ئەو باڵەفڕەیەم کرد کە بۆ ئەو جۆرە کردەوەیلەی لە گوێن کردەوەکەی مە تەرخان بوو. ئەو باڵەفڕەیە دەیتوانی بۆ ماوەی چەندین هەزار کیلۆمەتر لە ئاسماندا بمێنێتەوە. لە بەرزاییی ٨٠٠٠ مەتردا دەفڕی و خشکۆکێک (سلایدێک)ی لە بندا هەبوو، بۆ ئەوەی خەڵک و چتومەک پێکەوە هەڵبدا و دەرفەتی پێکەوە بە زەویی گەیشتنیان هەبێ، سلایدەکە لە شوێنی خۆی دەترازا. ئەگەر بهاتایە و ئەو باڵەفڕەیە ساز بوایە ئەوا بەبێ هیچ تەنگاوبوونێک دوا دەست پێداهێنانی وەرزینەکەمان تەواو دەکرد و بەڕێ دەکەوتین، بەڵام لەوێ نەبوو بە ئەرک هاتبووە شەندن.

«کەی ساز دەبێ؟»

وەڵامیان دامەوە: «دوای دوو تا سێ حەوتووی تر».

«باشە، لە ماوەی دوو تا سێ حەوتووی تردا چاوەڕوانمان بن. ئاگەتان لێ بێ کەسی تر پێشی مە دەستی بەسەردا نەگرێ».

وەڵامی منیان دایەوە: «باشـە، بـا بزانین. دوو تا سێ حـەوتوو – کـردەوەی مـامـۆت.» ئەو کـاتەی کردەوەیەکی گـەورەی تایـبـەت دێتـە پێشـەوە، عـەریفێکی چەتربازی چاودێر بۆ ئاسـمـان بەگـەڵ باڵەفڕەکە دەکـەوێ. ئەرکی ئەو چاودێرە ئەوەیە چەترەیلەکە بپـشکنێ ئاخـۆ بە چاکی هاتوونـەتە بەسـتن و پەتەیلـەکـەی توند و پتەون. (چەترەیلەکە خۆبزێو بوون و لە کاتی خـۆ لە باڵەفڕە هەڵداندا لە خـۆوە دەبوونەوە). باز هەڵدانەکە بە سـووکی دەهاتە کـردن، من و پیـاوەیلـەکـەم متمانەی تەواومان بەو مـەشقدەرە کرد و لەگـەڵ خۆماندا بردمـانە بۆدێنتەل بۆ ئەوەی ڕێوشـوێنی ڕاسـتـیی کـارەکـەمـان فـێـر بکـا. هەروا دەمـانویست ئەزمـوونێکی خـۆهەڵدانیـشی لـەگـەڵدا بکـەین. دوای ڕووداوی بە دوانـاردنە بە هەڵە دەرچووەکـەی بەرلین، ڕەنجێکی چاکـترمـان دا بۆ وەی وەرزینەکـەمـان بە پەلە تەواو بـکـەین و خـۆمـان بـاشـتـر سـاز بکـەین. هەمـوومـان ئەم هەسـتـەمـان هـەبـوو «بـا زوو بـەڕێ بکـەوین هـەتـا پڕ و پـووچـی تر ڕووی نـەداوەتـەوە.». بـە ڕۆژەوە خـەریکی وەرزینـی فـڕین بـووین. سـوودمـان لە هەمـوو وردە سـاتێک دەبینی و تا درەنگانی شـەو دەوەرزاین. پاشـی دە ڕۆژ بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەرزاندنی کـەسـی تر بین، بە ڕژدی بە خـۆمـان کـەوتین و چووینـە (وێنەر نیـو شـتـات) بۆ ئەوەی ئەزمـوونی خۆ بـە چەتر هەڵدانی خـۆمـان لەوێدا بکەین. ئەوە بوو خـۆمـان هەڵدایـە ناو کۆنە باڵەفڕەیەکی (یونکەر٥٢)ەوە و بەرەو ئاسـمـان فـڕیـن، ڕۆژێکی خـۆش بـوو. لە پاشـکـۆی بـاڵەفـڕەکـەدا تەیمـانێکی لـە پۆڵا چێکردی هەبوو پەتی چەترەیلەکـەی مـەی پێـوە هـاتبـووە بەسـتـان، دەرگـەی مەکینەکە وەبوو و ئێمەش یەک لە دوای یەکتر بۆ خۆ هەڵدان وەستاین. حەزم بکردایە یان نا، من یەکەمین کەسـی ڕیزەکە بووم.

پیاوەکەی دواوەم گوتی: «ها کاپتن ئەوە دەترسی؟»

بە چرپەیەکەوە وتم: «ئەگـەر ڕاستت دەوێ دەبێ ددانی پێدا بنێم، کە ترسـم هاتووەتێ».

سەرم دەرهێنا و سەیرێکی ژێرەوەم کرد.

«کاپتن، ئەمە چۆکت دەلەرزێ؟».

ددانم پێدا نا « ئەگەر ڕاستت دەوێ، دەلەرزێ».

بێگومـان چتێک ڕووی نەدەدا، چونکە چەترەیلەکـە هەزاران جار هاتبـوونە جـەڕباندن و تاقیکردنەوە. پەتەکە بەبێ هەڵەکردن چەترەکەی هەڵدەدا. ئەگەر نا دەبوو لە بیـرت نەچێ بە دەست بیکەیتەوە. جاران، پێش ئەوەی تێ هەڵدانی خۆبزێو بێتە داهێنان، وایان دەکرد.

بە چاوەدێریـی پسـپۆڕێک، گـۆزینگی خـۆمـان نە شل و نە توند وەپێـچابوو، ئەژنۆشـمـان بە زرێیـەک داپۆشـیـبـوو. هەروەها کـڵاوزرێی پۆڵامـان لەسـەری خـۆمـان نابـوو، کاتێ دەگەیشـتـینە نیشـتگەی باڵەفڕە airstrip، دەبوو بە پەلە خۆمان هەڵدەین. ئێمە ١٥٠ مەتر لەسەروو زەوییەوە دەفڕین، بە خێراییی ٢٥٠ کـیلۆمـەتر لە سـاتێکدا. خـێـراییی مـە بۆ ١٥٠کـیلۆمـەتر لە سـاتێک هـاتە کەمەوەکردن، وەرزەدەرەکەی مە ئاماژەی دا و منیش بەرەو دەرگە هەنگاوم نا، ئامـاژەیـەکی تری کـرد و خـۆم هەڵدایە ناو هەوا. سـەرەوژێر بووم و لـنگم چووە ئاسـمان. سـەرەتا کەس هـەستی ئەوە ناکا لنگەوقـووچ دەبێتـەوە، پێی وا دەبێ هەر بە قـیـتی دەوەسـتێ. دەتگوت کـۆنە خـولیـای مـرۆو وەدیی داوە، یاسـای ڕاکـێـشـان هەڵوەشـاوەتەوە و پشت بـە زەوی بەسـتن نەمـاوە. خـۆشـی و شـادمـانیـیـەکی بێ ئەنداز مـرۆو دەتەنێ و ئـاوەها بۆ خـۆی لەوێ دەوەسـتێ. دەتوانێ لە خۆشـییانە هاوار بکا. ڕاسـتیت دەوێ کاتێ ئێمەش خـۆمان یەک لە دوای یەکتر هەڵدا کردمانە هاوار هـاوار. زنجیرێکی لارمـان چێ کرد. دووریی نێوانمان ٣٠ مەترێک دەبوو، هاوار هاوارمان بوو و لە خۆشییانە لنگەفرتێمان دەکـرد. لە پـڕێکدا زەویمـان لێ نێـزیک وەکـەوت و خـەونـی بە هەواکـەوتن بە هێـمنی بە کۆتا هات، لنگم هەڵکێشـا و لـەناکاو کـەوتمە سـەر زەوی. گـوژمـە بایەک ویستی چەترەکە بڕفێنێ، بەڵام هەر زوو پێشتێنەکەم داکەلاند و خۆم لە چەترەکـە ڕزگـار کـرد. بـە پەلە هەڵم کـردەوە سـەیرم کـرد وا ئـەندامـەیلی تری تیپەکەم بە زەوی گەیشتن، یەکێکیـان هەڵنەستایەوە. چوومە فریای. بە خراپی گەیشتبووە سەر زەوی و ئێسکی پانیەی لە جێ چووبوو، یەکێکی تر خوێنی لە دەم دەهاتەوە، هێندەی نەمابوو زمـانی خۆی کەرت بکا. ئەوەی دووەم باش بوو

بەڵام یەکەمیان دەبوو بچیتە تیمارگە و چەند حەوتوویێک بمێنێتەوە، ئەمەم هاتە بیر: ئەگەر لەبارێکی ئاساییدا هێندەمان بریندار هەبێ، ئەدی ئەگەر کردەوەمان بە شەو بێت دەبێ چیمان بەسەر بێ؟

ئەو ڕۆژە هات، وەرزینەکەمان تەواو بوو و گەڕاینەوە بەرلین. باڵەفڕە تەرخانەکەی پرۆژەکەمان بەم نێزیکانە پەیدا دەبوو. هەرکەسە و چەند ڕۆژێک پشووی هەبوو. کردەوەی مامۆت بەرە بەرە دەستەیەک پیاوی ئەوتۆی کۆوە کرد هەموویان سازی خۆبەختکردن بوون لە پێناو پرۆژەکەدا. لە نێوان هەموو ئەوانەی هەڵم بژاردبوون سیانیان پاش ماوەیەک ویستیان دەربچن. منیش دەسبەجێ بەرەڵلام کردن و هیوای چاکەم بۆ خواستن. کەیفشاد بووم بەر لەوەی زانیاریی ورد لەبارەی نەخشەی مەوە بزانن، لە کۆڵم بوونەوە.

لەو ماوەیەی پیاوەیلەکەم ئازاد بوون چی دەکەن بیکەن، (ئێواران هەموومان لە یەک شوێندا کۆوە دەبووین بۆ گۆوەند و بەزم گێڕان. بەڵام هەرا و زەنامان دروست نەدەکرد). منیش لەگەڵ هانز کریستۆفدا بە گەرمییەوە خەریکی پەیداکردنی ئەو پێویستییانە بووم کە هێشتا بە دەستمان نەکەوتبوون. لەچاو ئێرە، کاتێکی چەند خۆشمان لە بۆ دێنتەلدا ڕابوارد. هەڵسوکەوت لەگەڵ داودەزگەی میری و ئەو فەرمانبەرە بێزەوەرانەی وێ، چتێکی چەند ئەستەم و چەتن بوو. هەندێک جاران وام هەست دەکرد کە تەنیا مەبەستیان لە ژیاندا ئەوەیە تەگەرە بۆ من بنێنەوە. کۆلۆنیلێک هەبوو لایەنگرم بوو، هەرێی پێ دام یارمەتیم بدات بەڵام بەداخەوە دوو حەوتوو دواتر هاتە ماڵنشین کردن.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەسەر چوون، ئەوە بوو هەموو تەگەرە ڕواڵەتەیل لەناو چوون و هەر چ پێویستێکی کردەوەکەمان هەبوو، هەموویمان پەیدا کرد. دوو ئەندامی هەرە ئازای تیپەکەمم هەڵبژارد بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەمزیدا بەرەو ناوچەی ئامانج بەڕێ بکەوین و نووکی پردێک دابمەزرێنین. ئەوانی تر لە ژێر ڕابەرایەتیی هانز کریستۆف لە بنکەدا دەمانەوە بۆ ئەوەی وەرزینی پتر وەربگرن و هەروەها هانز کریستۆف تیپەکە فراوانتر بکا لە ڕێگەی دانەپاڵی پسپۆڕی زیاترەوە. بۆ نموونە تەکنیککارێکی کارگەی نەوتمان پێ دەویست بۆ

ئەوەی ئەگەر لە کاتی شەڕدا وێرانەکاری هاتە گۆڕێ، ئەو بتوانێ چارەسەر وەدۆزێ. خۆم وەکوۆڵینێکی چاکم لەبارەی دەرهێنان و پالاوتەکردنی نەوتەوە کردبوو، بەلام دەمویست لە کوردستاندا تەرخان بم بۆ وەی چاوم لەسەر تەواوی کردەوەکە بێت.

چوارده ڕۆژ پاشی بەجێهێشتنی بۆدێنتەل، ئێمە هێشتا چاوەڕوانی هەلی بەگڕکەوتنی باڵەفڕەکەی خۆمان بووین. هەموو ڕۆژ هەرێی نوێیان پێ دەداین. ئەمە ئەزموونێکی توندتیژی مێشک گوشین بوو بۆ مە.

چەند جارێکی تر نەخشەکەمم هێنایەوە بیرم بۆ ئەوەی دڵنیا بم ئاخۆ ڕەچاوی هەموو ڕووداوێکی کتوپڕم کردووە. یەکەمین چت، دەبوو لەگەڵ ڕەمزی و دوو ئەندامی بژاردەی تیپەکەدا، ئەوانەی تەواو متمانەم پێ هەبوون، ڕووەو ناوچە چۆڵەکەی کوردستان لە چیایەلی بەری ڕۆئاوای گۆلی ورمێدا، بفڕین. ڕەمزی لەوێوە پێوەندیی لەگەڵ خزم و هاوەڵەیلیدا دەکرد، لەوانەیە یەکەم جار بچێتە لای خوێنبرایەکەی و ماوەیەک خۆی لەوێ وەشارێ تا ئامۆزا ئەو زانیارییەلەی بۆ کۆوە دەکا، کە سەرکردایەتیی بالای سوپا بە پەلە دەیویستن.

ئەو زانیارییەلەی پێویست بوون: ژمارەی سەربازەیلی بەریتانیایی و عێراقی لە عێراقدا، تەبایی ئەو یەکە سوپاییەلە، شوێنیان لە کوێیە، چی دەکەن، چەکیان چۆنە، ورەیان چۆنە، هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگەوبان لە کوێدا هاتوونەتە دامەزران، باڵەفڕگە لە کوێن، باڵەفڕگەیل چەند سەربازیان تێدایە، جۆری ئەو هاوکارییەی لە نێوان هێزی سوپایی بەریتانیا و عێراقدا هەیە چۆنە؟

وام دانابوو بەلای زۆرەوە بە چوار حەوتوو وەلامی ئەم پرسیارەیلەم بێنە دەست. ڕەمزی دەیزانی زۆر گرینگە زانیاریی ڕاست و ڕەوانی دەست بکەوێ و بە هەموو شێوەیەک تێ دەکۆشا خۆی لەو زێدەڕۆییەی لە ڕۆهەلاتی ناویندا باوە، بە دوور بگرێ. تا ڕادەی بۆ گونجان، دەیتوانی زانیاری لە دوو یان سێ سەرچاوەوە وەربگرێ بۆ ئەوەی بتوانێ لەبەریەکیان رابگرێ، ئەوجا لە ڕێگەی پێناوێکی بڕوا پێکردییەوە ڕاپۆرتی دەسبژێرمان بۆ بنێرێ و ئێمەش هەر بە

پەلە بۆ سەرکردایەتیی باڵای سوپای ڕەوانە بکەین بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕوونی بارودۆخەکەیان لە لادا دروست ببێ.

هەر لەو دەمەدا، ڕەمزی دەیتوانی زانیاریی پێویست بۆ مە کۆوە کا بۆ ئەوەی لە پێناو ئامانجی سەرەکیی خۆماندا بکەوینە جووڵە، کە داگیرکردنی چاڵە نەوتەیل بوو لە لایەن خێڵەیلی کوردەوە.

لێرەدا پێویستە هەڵوێستی شێخەیلی کورد لە بەرامبەر عارەب و ئینگلیز و ئەڵمانیا و ڕووسیادا بزانین، ئاخۆ دەتوانن چەند پیاو بۆ لەشکر بانگ بکەن، چۆن دێنە چەکدارکردن، پێوەندیی نێوان شێخەیل و خێڵەیل چۆنە، بیروباوەڕی شێخەیلی متمانە پێکردی لەبارەی نەخشەکەی مەوە بۆ داگیرکردنی چاڵە نەوتەیل لە لایەن خێڵەیلی وانەوە یان سەربازی ئەڵمانیاوە چۆنە، چییان پێویستە بۆ یارمەتی و کۆمەکی نێوان خۆیان، ژمارەی سەربازەیلی بەریتانیایی و عێراقی لە چاڵە نەوتەیل و هەروا بە نیوەتیرەی ١٠٠ کیلۆمەتر لە چواردەوری واندا، چۆن هاتوونەتە چەکدار کردن، ژمارەی ئەو کەسەیلەی لە چاڵە نەوتەیلدا خراونەتە کار و سەر بە چ نەتەوەیەکن، چەندیان کوردن و لە چ خێڵێکدان، چەند لە مانە دەشێ ببنە خەفیە و دەسکیزی مە، چەند لەم خەفیەیلە دەشێ متمانەیان پێ بێتە کردن بۆ ئەوەی شوێنی خۆوەشاردنی خەفیەی تر دابین بکەن بۆ نموونە بۆ خەفیەی تیپەکەی مە، کێ لە نێوانی فەرمانبەرەیلی کاربەدەستدا بە تایبەتی لە نێوانی تەکنیککارەیلدا دەشێ وەک لایەنگری ئەڵمان سەرنجی لێ بێتە دان و ڕادەی بەرهەمی ئێستەی بیرە نەوتەیل چەندە.

ڕەمزی زیرەکترین مامڵەکەر بوو تا ئێستە بینیبێتم. بۆ لە یەکتر جوداوەکردنی دۆست و دوژمن شەش هەستی هەبوو. زانیاریی چاکی لەبارەی ئەو شێخەیلەوە کە لەگەڵ مەدا دەبوون و ئەو شێخانەی بە پارە و بەڵێن دەهاتنە گرتن و ئەوانەی توجاران نەدەبوو خۆمانیان لێ بدەینەوە، هەبوو. بە هۆی پایەی باوکیەوە لە ناو وڵات و گەڕی خۆی لە ناوچەی خێڵەیلدا، تێکڕای سەرۆک خێڵەیلی کوردی دەناسی. گەلێک جار گوێی لە دوامانی نێوان باوکی

و ئەو ســـەرۆک خـێـڵـەیلـەی دەهـاتنـە لای بووبوو. ڕێگەی لـەباری بۆ خـۆ لێ نێزیکەوەکردنی هەموویان دەزانی. سـەرەڕای ئەوەش، زیت و وریا و فێڵەباز و لە چەواشـەبوون بە دوور بـوو، ئێستـە هەلی تەمـەنی بۆ هەڵکەوتبوو بۆ ئەوەی بیێتە سەرۆکی کورد و ئازادی و سـەربەخۆیی بۆ وڵاتەکەی بێنێتە دی. دڵنیا بووم ڕەمزی خۆی لە هەموو ئەو چتەیلە دەبوارد کە خۆی و نەخشـەکەی مەیان دەخـستـە بەر مـەترسـیـیـەوە. وەک یاریکـەری بە توانسـتـی سـەرترینـجـانێ (شـەترەنج) دەیتوانی سـارد، لەسـەرەخۆ، یەک لە دوای یەکیان بگێڕێ، چتێک نەبوو ترسـی بداتە بەر، دەمـزانـی ڕەمـزی هەمـوو چتێک بـەوپەڕی وریاییـیـەوە دەخاتە جووڵە.

ڕەمزی وەشـاوەترین کەس بوو بۆ ئەم کردەوەیە هەڵکەوتبێ، جێ بڕوا و جێ مـتـمـانەم بوو، گـەورەترین ڕێز و هـەواڵینیـم بۆی هـەبوو. هـەسـتم دەکرد ئەویش هەمان هەڵوێستی هەیە و تەواو بڕوای بە منە.

بە بیـرەوە چووم: «ڕەمـزی گیـان، هـاوەڵەکـەم، هیوابڕاوت نـاکەم، من چاکـەی دڵسۆزی بە دڵسۆزی دەدەمـەوە. تۆ دەبێ بە فەرمانڕەوای کێوەیلی کوردستان. کەی کاتی هات، چ بە بەڵێن و دیاری چ بە زەبری کوتەک، شـێـخەیلی کورد لە ژێر دەســەڵات و فـەرمـانڕەواییی تۆدا یەک دەخـەم. پێـویسـتـە کـوردسـتـان سەرفراز و خۆشبژی بێ. بەلای منەوە هیچ چتێک هێندەی ئەوەم شاد ناکا کە لە تەک تۆدا بوەستم و بە هـەرچی چتێک لە وزە و توانسـتمدا بێ، هـاریکاری و پشتیوانیت بکەم».

وامـان دانابوو خـۆهەڵدانی مـە لە کـوردسـتـان دوو یان سێ مـانگ بکەوێتـە پێش وەی خـێـڵـەیلی کـورد بۆ باری ڕاپەڕین سـاز بکەین. لەو مـاوەیەدا دەمـانتـوانی لەسـەر گـردێکی بەرزی پێـوار و کـەس پێ نـەزاندا شـوێنێک بۆ نیشـتنەوەی باڵەفڕەی خۆمـان ساز و خۆش بکەین. دەبێ شـوێنێکی هێندە ڕێک و پـان و پۆڕ بێ بە چاکی بـەشی نیـشـتـنـەوەی باڵەفـڕە بکا. لە نێـو ئەو ئامێرەیلەی دامـان نابوو لەگەڵ خۆمانیدا ببەین، دەزگەیەکی نوێباوی بچکۆلەی بە پیل ئیشکەر بوو، کە دەیتوانی نیشانەیلی مە بۆ باڵەفڕەیەکی نێزیک بنێرێ.

باڵەفڕەکەی مـە، باڵـەفڕەیەکی دوو مـەکینەیی، دەسـتکردی فـرەنسـا بوو، لە باڵەفڕگـەیەکی دەرەوەی بـەرلیندا ساز وەسـتا بوو، گەورە نەبـوو بەڵام دەیتوانی لە بەرزاییـی ٥٠٠٠ مـەتردا بفـڕێ. هـەر کـاتێ زەوییـەکـەی بۆ دەهاتە سـازدان ئەوا دەیتوانی گرووپی دووەمی تیپەکەی مە بێنێ و بە پڕاوپڕی چتومەکی وەک چەک و کـەرەسـتەی شـەڕ و تەقـەمـەنییـەوە بێت و بنیشـێتەوە. دەبوو پێشـەکی سـووتەنـیی بۆ بـهاتایـە گـەڵاڵە کـردن، پاش ئـەوەی پڕمـان لە سـووتـەنی دەکـرد، باڵەفڕەکە دەبوو شـەوی پاشـتر وەگـەڕێ. قـۆنـاخی ڕێگەشـی، دوورگـەی (قـرم) بوو.

لە سـازدانی ڕاپەڕیندا، دەبوو کـورد بە باشـی بە چەک و تـەقـەمـەنی بێنە چەکـدارکـردن، نەک تـەنیـا تـفـەنگ بگرە هـەروەها دەمـانچـەی ئۆتۆمـاتیک و تفـەنگی میـکانیک و چەکی دژە تانک و تفـەنگی سـووکی باڵەفـڕکەشکێنیش. دەبوو لـە بنەبانـی ناوچە چۆڵەوانی و تـەپانی بنـەوەی چیـایەلدا، هـەڵبـژاردەی تایبەتی پیاوەیلی خێڵەکی لە لایەن ئەندامەیلی تیپەکەی مەوە بێنە وەرزاندن.

دەبوو هەموو چتێک سووک و ئاسان بهاتایەتە جێ. ئێمە تەنیا پێویسـتمان بەوە بوو بـەختـمـان یار بێ. بەڵام بـڕوامـان بـە بەخت باشـیی خـۆمـان هەبوو، ئەدی ئەوە نەبوو لە هەڵبژاردنی تـیپێکی زۆر وەشاوە و دەسـوەکەر و زوانزان و خـۆبەخـتکەر لە پێناو پڕۆژەکـەی خـۆمـدا سـەرکـەوتبـووم؟ ئەدی بەخـتـمـان یار نەبوو ڕەمزیمان لەو هەلە چاکەدا بۆ هەڵکەوتبوو؟ ئەدی برای خۆم و چاکترین هاوەڵم لە پێوەندیدا نەبوون بۆ ئەوەی لە وڵاتەوە بە بێتـەل ئاگەیان لە مـە بێت؟ پیـاوی لەمـانە چـاکـتر و جێ بڕواترم لە کوێ بۆ پەیدا دەبوون؟ هـەروەها ئەدی نەمانتوانی بەسـەر هـەموو تێکگیراوییەکدا زاڵ ببین بە باڵەفڕەشەوە؟

لە ئەستۆگرتنی هەموو ئەو ئەرکەیلەی چارەنووسی نیشتمانیـان لە گیان لە پێنـاوییـەکی هـەرە ئازایانە و هـەرە قـارەمـانانەدا پێوە بـەندە، کە سـەرەنجـام بڕیاری یەکجـارەکیی بردنەوەی شـەڕ بدا و سـەرکەوتن بێنێتـە دی، چ چتێکی لەمە گرینگتر هەیە لە پێشمەرگەیەک بێتە ویستن؟

پیـاو بیر لەوە دەکـاتەوە، سوپای ئـەڵمـان ئەو کـاتە لە قـەفـقـاس لە شـوێنی

خـۆیدا وەسـتـابـوو، بەڵام ئەمـە جـێی سـەرسـامـی نەبوو ئەگـەر خـێـراییی پێشکەوتنی ئەو سـوپایە و دووریی ڕێگەوبانی پێدا ناردنی کۆمەک و یارمـەتی بـهاتایەتە ڕەچاو کردن. سەرەتا دەبوو ئەو ڕێگەوبـانەیلە بێنە یەکخستن وێجا پەرە بە پێـشکەوتن بێـتـە دان. بەڵام مـن بڕوایەکی پتـەوم هـەبوو کـە لەمـەولا سـەرکـەوتـنی برووسکە ئاسـا نـامـێنن، بگرە خـەبـاتێکی ڕژد و لەسـەرخـۆ دێتـە پێشەوە. ئێستـە پێویست بوو کۆمـەک لە لایەکی ترەوە بـهاتایە ئەگەر شـەڕ بە ناچاری درێژەی بکێـشـایە یان بەولاوەتر ئەگـەر سـەرەنجـام بە سـەرکـەوتنی بێگومان خۆمان، بە ئەنجام بگەیشتایە.

ڕێگەی بەدەسـتـهـێنانی ئـەم سـەرەنجـامـە لە دەسـتی مندا بوو. بـۆ من هیچ چتێک لەم چتـە ڕوونتـر نەبوو، کێ شـەڕمان بۆ دەباتـەوە؟ تیپـەکـەی من، چۆن؟ بە هەڵکردنی ئاگری یاخـیـبوونێکی گـەورەی ئـەوتۆ کە یەک پـارچە ڕۆهـەڵاتی ناوین لـەگـەڵ خـۆیدا ڕابمـاڵێ. دەمـزانی لەوێ ڕک و کـینەیەکی بەرفـرەوان بۆ ئینگلیز و خۆشەویستییەکی گەورەش بۆ ئەڵمانیا هەیە. دانیشتوان چاوەڕوان بوون هـەر هێندە سـوپای ئەڵمـانیـا کـەمێک نێزیکەوە ببێ. هـەر هێندە ڕاپەڕین لە یەک شوێندا گڕی بگرێ، ئیدی وەک ئاگرێکی باوەشێنەکردوو دای دەگرت. دەمزانی پیـاوەیلی خۆمـان لە هـەموو شوێنێکدا جێگیر بووبـوون و خەباتی ژێر زەوینییـان بۆ سازدانی ئەو ڕاپەڕینە دەکرد، بە تایبەتی لە ئێراندا. بەڵام گڕ و پێتەکە لە کوردسـتاندا کڵپـەی دەکرد. لە هەمـان کاتدا خێڵـەیلی کورد سـازی داگیـرکردنی چاڵەیلی نەوت دەبوون. شـۆڕشێکی نەخشـەی ورد بۆ کێـشـاو سـەرتـاسـەر عـێـراقی دەگرتـەوە. ڕێگەوبان دەهاتنە گـرتن، کـۆگـەیلی نەوت ئاگـریـان بەردەدانێ. بـاڵەفـڕە دەهاتنە تەقـاندنەوە، چەویان دەخـسـتـە ناو سندووقـی چەورکـردنی فـارگـۆنی شـەمـەندەفـەرەوە بۆ ئەوەی هێـڵـی هـاتوچۆ بووەسـتێ. لە هـەمـوو هەلێکدا پەلامـاری پارتیـزانی بۆ سـەر ئینگلیـز دەهاتە کردن. داگیرکردنی چاڵەیلی نەوت وای لێ دەکردین بڕێک وێرانەکاری دروست بکەین، بێگومـان ئـەمـەش هێـرشـێکی دەسـبـەجێی سـەربازەیلی بـەریتـانیـا و عـێراقی بە دوادا دەهات، بەڵام لە سـەرچاوەی خـەفـیـەییی خـۆمـانەوە ئێمـە

دەمانزانی کەوا دەبێ چاوەڕوان بین بەشێکی سوپای عێراق وەگەڵ مە بکەوێ.

لە هەمان کاتدا لێشاوی بەردەوامی سەربازی بە باڵەفڕە هاتووی ئەڵمان لە قەفقاسەوە دەگەیشت. باڵەفڕە بە باری ئاردووەوە لە سەردانی خۆی دەگەڕایەوە. ئەمەش خۆی بۆ خۆی هانێکی گەورەی دەدایە ورەی سەربازی شەکەت و ماندووی مە لە قەفقاس و دنەی دەدان بەرەوپێش تەکان بدەن ڕووەو ئەو هاورێیەلەی ئێستە لە باشووردا شەڕیان دەکرد. سەرباری هەمووی، دەیانتوانی درێژە بە پێشکەوتنی خۆیان بدەن چونکە هەموو ئەو سووتەنییەی دەیانویست هەیانبوو و دەیانتوانی لە ئەنجامدا ئەو چاڵە نەوتەیلەی باکۆ داگیر بکەن، کە ئەوەتا کەلووەیلی بەرزی وانیان بە چاکی لێوە دیار بوون. ڕاستت دەوێ ئەو سووتەنییەی بۆیان دەچوو، بە چاکی بەشی ئەوەی دەکردن بتوانن بەرەو پێش هەڵمەت ببەن ڕووەو ئەو هەرێمە دەوڵەمەندەی نەوت.

ئێمە وامان دانابوو سوپای ئێران دێتە هانای وان. ئینگلیز هێشتا سوپای ئێرانی بە دەستەوە بوو، سەرکردەیلی سیاسیی سوپای ئێران لە گیرفانی واندا بوون. بەڵام ئێمە دڵنیا بووین کە بارستاییی سوپا بەلای مەدایە، هەموو چتێک بۆ کارکردن لە ئێراندا ساز بوو، جەنەراڵی تر شوێنی وانەیان دەگرتەوە کە لە ژێر فەرمانی ئینگلیزدا بوون و سوپا بۆ یارمەتی و پشتیوانیی سەربازی ئەڵمانیا، بەرەو باکور دەکشا. لە ژێرەوەش خۆسازدان بۆ حکوومەتێکی نوێ لە ئێران لە گۆڕێدا بوو بۆ ئەوەی ئەو حکوومەتە لە پنتی یەکلاوەبووندا دەسەڵات بگرێتە دەست. هەمان چیرۆک لە عێراقیشدا خۆی دووبارە دەکردەوە.

پێ دەچێ ئەڵمانیا لە ناو وڵاتەیلی ئەورووپادا هەڵبژاردنێکی ژیرانە بێ بۆ خەڵکی ڕۆهەڵاتی ناوین بۆ ئەوەی متمانەی خۆیانی پێ بدەن. باوی بەریتانیا ڕوو لە کزی بوو. کەس متمانەی بە ڕووسیای کۆمۆنیست نەبوو. ئەمەریکا زۆر دوور بوو. بە پێی سۆسەکردنی خۆمان، ئەڵمانیا چاکترین هەلی هەبوو بۆ ئەوەی وەک هاوەڵێکی ڕاستەکینە بۆ بازرگانی و وەک باژێرێکی نەوت، ڕێزی لێ بێتە گرتن. ئێمە وەک داگیرکەر و چەوسێنەوە نەدەهاتین بگرە وەک دۆست

و ڕێشاندەر، لە هەمووی گرینگتر پێوەندیی پتەومان لە دوای خۆمانەوە بەجێ دەهێشت.

کاتێ سەربازی مە دەگەیشتنە سەر زەوی و دەسەڵاتیان دەگرتە دەست، من و تیپەکەم لەگەڵ ڕەمزیدا لە کاری سەربازی وەدەکشاین و خۆمان بۆ پەرەپێدانی ئاشتییانەی کوردستان تەرخان دەکرد. ئێران دەبووە بەشی پیاوەیلی مە و لەوێدا بە خۆ دەکەوتین، عێراقیش دەبووە بەشی وانەی سەر بە دنیای عارەب بوون.

یەکەمین ئەرکمان ئەوە بوو کوردستان ئاوەدان بکەینەوە. ئەمەش بە دامەزراندنی ڕێگەوبان و هێڵی شەمەندەفەر و نۆکەند، لە هەمان کاتدا لە سایەی وەستاندنی دوژمنایەتی و کێشەی بێ پسانەوەی خێڵایەتییەوە، هەنگاومان بۆ هێورەوەکردنی وڵات دەنا. مەڵبەندی پۆلیسمان دادەمەزراند بۆ دابینکردنی ئاشتی و هێمنی لە سەرتاسەری وڵاتدا و لەو شوێنەیلەی سەرچاوەی بشێونە و ئاژاوەی نێوان کوردەیل دەنیشتنەوە، گوند و ئاوایی دەهاتنە چێکردن. پارەی هەموو ئەم چتەیلە لە چاڵەیلی نەوتەوە دەهات. سامانی نەوت بە شێوەیەکی زیرەکانە لەگەڵ عێراقییەیلدا دەهاتە بەشکردن، ئەوە بوو هەر لایە و بەشی خۆی دەبرد، ئەڵمانیاش تا هەینێ نەوتی بە برێکی زۆر چاک دەبرد. ئاواتم بوو ڕۆڵێک لەو مامڵەتەدا ببینم بۆ ئەوەی مسۆگەری بکەم هەموو بڕیارێک بە دادپەروەری دێتە دان.

پێویست بوو، لە لایەکەوە وڵات بەسەر پێڕەوێکی درێژخایەنی دار و دەوەن ناشتندا بڕۆیشتایە و لە لایەکی تریشەوە سامانی کانزایی بهاتایەتە دەرهاتن و بە بەرهەم هاتن. وزەی گێڕانی پیشەسازیش بە ڕۆنانی بەنداو و بە سۆلاوکردنی چەم و ڕووباری چیایەل، بە دەست دەکەوت.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامە بەرفراوانە، پارە زۆر گرینگ نەبوو. گرینگتر ئەوە بوو پاڵپشتی خۆ تەرخانکەر هەبێت، هیوایەکی بەرزمان هەبوو بتوانین ژمارەیەکی زۆر تیپی خۆبەختکەر لەسەر پێودانگی یەکەی خزمەتکاریی ئەڵمانییایی دروست بکەین، پرۆگرامەکەی مە بیرێکی ئاوها

ئازایانه و دوورەدیوەن بوو. بێگومـان مامڵـەت لەگەڵ ئەو پێنج وڵاتەی ئێستـە کوردستـانیـان لە ژێر دەستـدایە زۆرگران دەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی مـن دڵنیـا بووم ڕاسـتـی بەلای مندایـە و هەمـوو وڵاتێکیش دواجـار دادی خـەڵکی خـۆی لەبـارەی مـافی چارەی خـۆنوسین و ئـازادییـەوە دەپرسـێ، لەو بڕوایـەدا بووم کێشە و تەگەرەیل بە هەر ڕێگەیەک بێ دەهاتنە چارەسەربوون.

بەڵام بـا بگەڕێمـەوە سـەر بارودۆخی لـەمـەڕ خـۆمـان، ئەو باڵەفـڕەیەی چاوەڕوانـی بووین هێـشـتـە سـاز نەبووبوو. پێـیـان گـوتم لـە چاکـەوەکـردن هاتووەتەوە بەڵام بۆ کـارێکی بە پەلەتر هاتووەتە ویسـتن، تێ نەدەگەیشتـم چۆن دەبێ کارێک هەبێ لە کردەوەی مامۆت بە پەلەتر و گرینگتر بێ. بەڵام دەبوو بۆ جارێکی تریش چواردە ڕۆژ دواکەوتن ددان بە خۆمدا بگرمەوە.

بۆ ئـەوەی چی تر لە بـەرلین چاوەڕێ نـەبم، بڕیـارم دا تیـپـەکـەم ببـەمـە هۆمـبـۆرگ کە شـارێکی بچووکی دڵڕفێنی نێزیکی کـاسیلە. کەوتووەتە بناری سکلۆسـبێرگ و بە دارسـتان هاتووەتە دەورە دان، لیسـێلی پوورم مێوانداریی کـردین و ئێمـەش لە کـاتی پێویسـتـدا گـەیشـتـین، فـەرمـاندەی نـازیی ناوچەکە زۆری ڕک لـە پوورم بـوو، دۆزێکـی لە دژی وێ دابـوو بـە دادگـــە. ئێـــمـــەش هەمـوومان چووینە دادگە بۆ ئەوەی پشـتـیوانی لە پوورم بکەیـن. لەوێبوونی مـە کاری خۆی کرد و پوورم بێ وەی دەرچوو.

بڕیارمـان دا، چـاترین چارەسـەر بـۆ بەسـەربردنی ئەم مـاوە چـاوەڕوانیـیـە بەسـەردا سـەپاوە و بۆ ئەوەی نەبـادا تەمـەڵ ببـین، ئەوەیە بە کـەیف و سـەفـا ڕابـبوێرین. سوودێکی چاکمان لە خانووە جزیرییەکەی پوورە لیسێل وەرگرت، کە کەوتبووە سـەر لێواری مێرگێکی بەر هەتاوەوە. پاشـی ئەو هەمـوو حەوتوو و مـانگە پڕ لە وەرزینە گرانانە، پشـوودان و دڵنیـایی تا بڵێی خـۆش بوون. لەبەر هەتـاو پاڵ دەکـەوتین، لەزەتمان لـە ویزەویزی مـێـشـەنگ و پێـشکە و ئـاوازی دڵڕەڤـی چریکەی تـەیروتوالّ وەردەگـرت. داوەتـی چاکی پوورە لیـسـێلمـان دەخـوارد. ئەو ڕۆژە بە کـەیف و شـادییـانـەی ڕامـان بواردن تا ئێسـتـەش بە چاکی بەیـەکەوەمـان دەبـەستنەوە. ئیـتـر ئـاوەهـا، کاتەکـەی خـۆمـان بە چاکی

بەسەر برد. سوور دەمزانی جارێکی تر بەو زووانە پشووی ئاوەها بۆ مە هەڵناکەوێتەوە.

پاش داوەتێکی ماڵئاواییی چاک لەسەر نشێوەیلی سکلۆسبێرگ، لە هامبۆرگەوە، بەرەو بەرلین وەگەڕیاین، دە ڕۆژەکە تەواو بووبوو، دەبوو ئێستە باڵەفڕەکەی لەمەڕە مە ساز بووبێ.

## یان ئێستە یان هیچ ساتێ

دوای ئەوەی گەیشتینە جێ، یەکڕاست چوومە باڵەفڕگە بۆ ئەوەی لەگەڵ کابرای باڵەفڕواندا بدوێم.

«ئاخۆ باڵەفڕەکە هاتووەتەوە؟» لێم پرسی.

«هەر ئێستا لەو فڕینەی هاتووەتەوە کە پێشتر پێم گوتی،» وەڵامی دامەوە.

«کەواتە کەی دەتوانین بەڕێ بکەوین؟» لێم پرسی، شانی نەزانینی هەڵتەکاند.

گوتم: «ئێستە تۆ سەیرێکی من بکە، دەمەوێ چی تر نەیەینە دواخستن و بەرەو شوێنی کردەوەکەی خۆمان بەڕێ کەوین. ئەدی من چەندین جارم پێ نەگوتووی کە ئەم کردەوەیەی مە کردەوەیەکی چەند گرینگە، چەند یەکلاوەکەرە بۆ شەڕ؟ باشە ئێستە ئێمە کەی دەتوانین بەڕێ کەوین؟»

گوتی: «پرسیارت بۆ دەکەم و بەیانی وەڵامت دەدەمەوە. تکایە تۆ بەیانی زوو تەلەفۆنێکم بۆ بکە.»

گوتم: « نەخێر، من بەیانی خۆم سەرت لێ دەدەمەوە.»

ڕۆژی دواتر چوومەوە لای: «ها، باڵەفڕەکەی ئێمە چیی بەسەر هاتەوە؟»

گوتی: «هەر ئێستە فەرمانیان پێ دام کە باربوو و بژێویی لێ بار بکەم و بۆ لای ئەو تیپەی بنێرم، کە بە خێڵەیلی باشووری ئێرانەوە مژوولە.»

«باشە، دەزانی کەی وەدەگەڕێ؟».

«بەڵام من خۆم پێشی ئێوە سواری دەبم».

«بۆ کوێ دەڕۆی؟»

«هێشتا بە منیان نەگوتووە».

ئەوەندە تووڕە بووبووم خەریک بوو پەلاماری کاورا بدەم و هەلار بە هەلاری بکەم. بەڵام خۆم زەوت کرد و نەمهێشت هەستم پێ بکا.

«چۆن هێشتە پێیان نەگوتووی؟»

«لەبەرئەوەی هێشتە ڕێگەیان پێ نەداوم بەسەر تورکیادا بفڕم»

«کێ ئەم ڕێگەیە دەدا؟»

«فوهرەر خۆی.»

«پێت وایە کەی ئەم ڕێگەیە دەدا؟»

«هەر ڕۆژێک بێ.»

ئیدی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چاوەڕوانی بڕیاری سەرکردایەتیی میری بووین. ئەو بڕیارە بۆ کردەوەکەی مە چێتێکی بنوەیی بوو. هەموو ئەو ماوەیە باڵەفڕەکەی لەمەڕە مە ساز و تەیار لەوێ وەستابوو.

حەوتووێک بەسەر چوو، پاشان حەوتووێکی تر، ئەو دەمەش هەوای باشوور پێدا پێدا گەرمتر دەبوو. ئەو هەوایە بۆ توانی بەرگرتەنی (مقاومة)ی وزەی ئەوروپاییانەی مە لە کێش بەدەر بوو، پاشی ئەوە هەواڵی ستالینگرادمان بۆ هات. سوپای ئەڵمانیا دەیویست لە قەفقاس وەکشێ. ئیتر یان ئێستە یان هەتا هەتایە، یان دەبوو شەڕ بدۆڕێنین یان لە دوا ترووکەدا هەلومەرج ڕاستەوە بکەین. هێشتا کاتی ئەوە مابوو بتوانین چتەیل بخەینەوە سەرباری ڕاستی. ئەو کارە یەکلا وەکەرەی کە بڕیاری بارگۆڕینی ڕووکاری چتەیلیشی دەدا، بە مە و کردەوەی مامۆتەوە بەند بوو. بەڵام ئەو پرسیارەی ئێستە دەستم کرد لە خۆمی بپرسم ئەوە بوو ئاخۆ کردەوەکە بە چاوی خواسایییەوە هێشتە شیاوە؟ ئاخۆ بۆ مە کژ زۆر گەرم دانەهاتووە و بار و مەرج زۆر چەتن نەبوونە؟ ئاخۆ ئێمە دەتوانین بەرگەی کاری لە وزە بەدەری گۆڕانی ئاوهەوا بگرین؟ مانگی نیسان ئەو مانگەی ئێمەی تێدا سازی ڕۆیشتن دەبووین، کوردستان تەواو گەرم دەبوو، مایس گەرمتریش بوو، بەڵام لە مانگی حوزەیراندا تەنیا

گەوج و گەلۆر دەیانتوانی خۆیان لە گەرمای گڕگرتووی ڕۆهەڵاتی ناوین بدەن، بە کورتی حەجمانم لێ هاتە بڕین.

«با بە کەیفی تۆ بێ» گوتم، «بەڵام لە ماوەی دوو سێ حەوتووی تردا دەبێ ئێمە وەڕێ کەوین». باڵەفڕوانەکە سەرنجێکی پڕ لە سەرسوڕمانی تێ گرتم.

«ئەگەر ئێستە نەڕۆین،» گوتم، «دەبێ هەموو چتێک بووەستێنین، باری سەرکەوتن ڕۆژ بەڕۆژ پتر دەئاڵۆزێ. پێویستە ئێمە وەڕێ کەوین.»

دەستی کردە بڕ و بیانوو هێنانەوە «بەڵام...»

«بیبڕەوە،» گوتم «ئەم بڕ و بیانووە هیچ و پووچەیلەی لەمەڕ بڕیاری سەرکردایەتیی میرییەوە جاڕس و وەڕسیان کردم. ئێمە ئێستە دەڕۆین و هیچ گوێش نادەمێ باڵەفڕەکە چ جۆرێکە.»

کەوتە گرژ و مۆنی نواندن و شان و باڵی بێزاری هەڵتەکاندن.

گوتم: «خۆم ڕاستەوخۆ پێوەندی بە سەرکردایەتیی سوپاوە دەکەم و داوا لە مارشال کەیتل دەکەم خۆی وە هانامانەوە بێت و وەڕێمان بکا».

دەمودەست هەڵسوکەوتی کاورای باڵەفڕکەوان گۆڕا و دەستی کردە خۆشکەخۆشکەیی، «وەمدۆزی، پەککو ئەوەبۆ پێشتر بیرم بۆی نەچووبوو، باڵەفڕەیەکی دووررۆی تر لە بەردەستدایە، کۆندۆرە.»

بە بێزارییەوە گوتم: «ئەدی بۆ لە سەرەتاوە وا ناڵێی؟»

گوتی: «دەتوانی سەیرێکی بکەی، هەرچۆنێک بێت پێویستە پێت بڵێم ئەمەیان خشکۆکی بازدانی نییە. یەکسەر لە دەرگەوە بۆی دەردەچن».

گوتم: «هەر ئەوەندە؟ بەلای منەوە گرینگ ئەوەیە وەڕێ بکەوین.»

چەند ڕۆژێک دواتر، ئێمە لەسەر زەریای ڕەش و لە ناو پیرە کۆندۆردا بەرەو ژوانگەی خۆمان بەڕێوە بووین. حوزەیرانی ١٩٤٣ بوو، برای خۆمم لەوێ بە هیوا کردبوو بۆ ئەوەی بە بێتەل پێوەندیمان لەگەڵدا بکا. کەسی تر نەبوو لەوم پتر متمانە پێ هەبێ بۆ ئەوەی لە یەکبینە چاوەڕوانی نیشانە ناردنی مە بێت، نوێترین و بەهێزترین دەزگای وەرگری پێ بوو، ئەرکی وی ئەوە بوو نامەیلی

مه به دەزگە بۆ هانز کریستۆف بنێرێته بەرلین. ئەویش لە لای خۆیەوە دەیدانە (دەستــەی گــشـتـی) له (ســەرکـردایەتی) و (هـێـزی ئاسـمــانی) و پاشــان ڕێنوێنییەلی وانی بۆ من دەناردەوە.

بۆ کـرەدەوەی مـامـۆت، من پلەی (مـێـجـەر – رائد)م پێ هاتبـووە دان و دوو هاوڕێ ئەڵمـانەکەشم پلەی (لووتەنانت – مـلازم أول). لە بارێکدا ئەگەر هاتوو نیشتنەوەیەکی کتوپڕمان لە تورکیا یان لە هەر جێگەیەکی تردا بووبوایە بە تووشــەوە، ئەوا ڕەمــزی دەمــودەست بەرگی ســوپاییی دەپۆشی و پێناســەی چاوەشێکی ئەڵمـانیاییی بە ناوی (مـایەر)ەوە هەڵدەگرت. زۆر کەیفشاد بووم کــەوا هانزل و هانز کــریســتــۆف پشــتــیــوانم دەبن بۆ وەی ئاگــەیان لە جێوەجێکردنی پێویستییەلی من بێ لەبارەی پەیداکردنی پیاو و کەلپەلەوە. کـەسی تر نەبوو بە هەمــان پلەی مــتــمــانە، پشــتی پێ ببـەســتم بۆ ئەوەی داواکارییەلی من بە زوویی ڕابپەڕێنن. باڵەفڕوانەکەش، ئەو پیاوەی هەموو ئەو مـاوەیە مـامـەڵەم لەگەڵیدا دەکـرد، گـفـتوگـۆیەکی بـە وردیم لەبارەی شـوێنی خۆهەڵدانی خـۆمـانەوە لەگەڵدا کرد بۆ ئەوەی خـۆمـان لە شـیمـانەی چەوتی و تێک نەگەیشتن بپوێرین. لە بارێکدا ئەگەر هاتوو سەبارەت بە هەر هـۆیەکەوە، بە شـوێنی خۆهەڵدانەکەی خۆمـان نەکەوتین، لەبەر وەی کـاتی ئەوەشمـان نییە هێنده خــۆمــان بەمــلا و ئەولاوە خــەریک بکەین، لەســەر ئەوە ڕێک کــەوتین، دەسبەجێ باڵەفڕەکە بەرەو بنکە بگەڕێتەوە و پاشی حەوتووێکی تر دیسانەوە هەوڵ بدەین تاوەکو جێ مەبەستی خۆمان وەدۆزین. باڵەفڕوانەکە وای دەنواند، کە زۆر حەز دەکا بەرەو شوێنی ئەم خۆهەڵدانەی مە لەگەڵ مەدا بێ.

کـەمـێک پێش ئەوەی دوورگــەی قـرم بەجـێ بێـڵین، جـارێکی تریش لـەگـەڵ باڵەفڕوانەکەدا چاومان بەسەر هەموو چتێکدا وەگێڕا، جارێکیان خەریک بوو لە ناوەندی ئاسمـاندا ڕێبازی فڕینمـان لێ بشێوێ. پاشکۆی باڵەفڕەکە پڕ بوو لە بۆشکەی گـەورە گەورەی بەنزین و ئەو باوڵەیلەی چمـەکـەیلی مـەیان تێـدا هاتبـووە هەڵگرتن. خـۆمان لـە کونجێکی بچـووک پەستابوو، بە ئەستەم هەلی بزووتنەوەمان هەبوو.

ئەو دەمای دەگەیشتینە شوێنی خۆهەڵدان، فیکەی بەئاگاهێن دەی کێشا و پێشەکی دەبوو باوڵەیل بۆ دەرەوە بێنە ئاوێتن و پاشی وە ئێمەش دەسبەجێ خۆمان هەڵدەین.

دەبوو باڵەفڕەکە کەمێک پێش تاریکی کەوتن بەڕێ بکەوێ بۆ ئەوەی شەو بە ڕێگەوە بین. باڵەفڕەکەی مە مەکینەیەکی ئەوتۆی هەبوو دەیتوانی هێندە بەرز ببێتەوە لە سێرەی چاوی دوژمن و ئاگردەرەیلی وی بەدوور بێ. ئیدی لەوێوە لەوپەڕی بەرزی و بەوپەڕی لەزینەوە بەرەو ناوچەی دوژمن بکوتێ. بەداخەوە نەماندەتوانی خۆمان لە تێپەڕین بەسەر تورکیادا ببوێرین. یەکجار زۆرمان پێ ناخۆش بوو لەوێدا بکەوینە بەرچاوەیل. هەر چۆنێک بێ ئیتر لە بڕ و بیانووی لەمەڕ ڕێ وێدانی تایبەتیی (سەرکردایەتیی فوهرەر)ەوە ڕزگار بووین.

دەبوو لە یەکبینە باژۆین تا دەگەیشتینە زرێوارە ١٣٠ کیلۆمەتر درێژەکەی ورمێ لە بەری ڕۆئاوای ئێران. تەنانەت لە شەوەزەنگی ئەنگوست لە چاویشدا دەشیا لە ئاسمانەوە ئەو پانتاییە ئاوە بێتە ناسینەوە، کە تریفەی کزی ڕووناکیی شەو بەس بوو بۆ ئەوەی ببریسکێتەوە. بەڵام بەختمان یار بوو، مانگەشەو بوو ئەمان مانگەشەو، نووکی ژێرەوەی زرێوارەکە بە سانایی دەهاتە جیاوەکردن، چونکە لەم پنۆکەدا ڕووبارێکی تێوە دەڕژا، دەبوو ئێمە بناوانی ئەو ڕووبارە هەڵگرین تا دەگەینە ئەوەی پێچێکی تیژی دەکردەوە و ئیتر لەوێوە ڕووەو باکوری ڕۆئاوا وەردەسووڕاین. پێنج وردکە سات فڕین لە ڕووبارەکەوە ئێمەی دەبردە هەرێمی دوندی گەردەن کێلی کێوەیلی کوردستان. لێرەدا ورچ و گورگ و توورگ هەبوون بەڵام مرۆوگەلێکی کەمی تێدا دەژیان. ئەوانی یەکەم هەر هەند بوو کە ترسناک بوون و دەبوو خۆمان لە ڕێیان لابدەین، بەڵام ئەوانی دوایی، دەبوو وەک دەرد و بەڵا خۆمانیان لێ بپارێزین.

کاتێکی باڵەفڕەکەی مە دەگەیشتە چیایەل، دەبوو زوو شوێنی دۆڵێک هەڵبگرین و ٢٠٠ مەترێک بە نزمی لەسەر زەوییەوە بفڕین. دەبوو لەزینی مە بە ڕادەیەک بێتە کەمەوەکردن کە بتوانین خۆمان هەڵدەین. سەرەتا، باوڵەیل

دەهاتنە هەڵدان و ئەوجا من و سێ هاورێیەکەم شۆڕەوە دەبووین. پاشان باڵەفڕەکە بەوپەڕی لەزین، لە کورتترین ڕێگەوە بەرەو وڵات دای دەقڵاشت. پاشی چەند سااتێک لە لایەن بێتەلی ئەڵمانیاوە وەردەگیرایەوە و بۆ باڵەفڕگەیەکی نێزیکە دەست دەهاتە شەندن. برای خۆم و هانز کریستۆف و تێکڕای تیپەکە چەند شاگەشکە دەبوون دەمای دەیانزانی دەستە پیاوی یەکەم بە سەرکەوتوویی گەیشتوونەتە جێ. ئیدی هانزل دەسبەجێ دەچووە لای دەزگا وەرگرەکەی خۆی و خۆی بۆ یەکەمین ئامـاژەی من مەڵاس دەدا. پاش ئەوەی دەگەیشتینە سەر زەوی، بەناو دۆڵەکەدا دەگەڕاین و دەسووڕاین هەتا چوار باوڵەکەی خۆمان وەدەدۆزی و سەرەتا لە شوێنێکی کەس نەزاندا دەمانوەشاردن. ئەوجا یەکڕاست هەوڵم دەدا بە بێتەل پێوەندی لەگەڵ هانزلدا بکەم. بۆ پاشتر کاتی تایبەتمان هەبوو بۆ نامەناردن بەڵام نەمانـدەتوانی بەردەوام هەمان بەڵێن بپارێزین چونکە ڕەنگ بوو هەندێک مەرجی وەک: پاراستنی نهێنی و رووکار گۆڕین و نەساغی، یان هەندێک جار تێکچوونی دەزگاکەمان، پەکمان بخەن.

وامان دانابوو- لە بارێکدا ئەگەر دابەزینمان بکەوتایەتە بەرچاوان، سەرەتا خۆمان لە شوێنێکی چۆڵ و نەدیودا وەشێرین. بەڵام ڕەمزی وەک کوردێکی خۆماڵی بە زوویی خۆی دەگەیاندە ئامۆزایەکەی "خوێنبرایەکەی" بۆ ئەوەی زانیاریمان بۆ کۆوەکا و پێوەندیمان لەگەڵ شێخەیلی کورددا بۆ ببەستێ.

مەکینەکە لە چاوەنۆڕیی وەڕێ کەوتندا وەستابوو. ماتۆڕەیلەکەی گەرم دادەهاتن. هەرچەندە بەرگی سوپاییمان لەبەردا بوو بەڵام جلکی کوردیمان لە ناو لنگی ڕانکەیلی خۆماندا وەشاردبوو، بڕیار وابوو دوای بە زەوی گەیشتنی خۆمان، لەبەریان هەڵکێشین. سەر و بەچەکمان تەواو کوردانە بوو، هەر کەسە و کاکۆڵێکی هەڵپاچاو و ڕدێنێکی کتومت کوردانەمان هەبوو. ئێمە یەکسەر جلکی کوردیمان لەبەر نەکردبوو چونکە ئەگەر بهاتایە و باڵەفڕەکەمان ناچار بووایە کتوپڕ لە تورکیا یان لە هەر ناوچەیەکی دوژمندا وەنیشێ و ئەگەر لە

کاتی بەدیل گیرانی مەدا جلی سوپاییمان لەبەردا بووایە، ئەوا وەک گرتووی خـواسـاییی سـەروبەندی شـەڕ دەهاتینە بەند کـردن بەڵام ئـەگـەر بە بـەرگی شارستانییەوە بگیرایەین ئەوا دەردمان بەسەر دەهات.

سێ هاوڕێیەکەم و هانزلم بردە لایەکەوە پێم گوتن:

«هەر چتێ پێوەندیی بە مرۆوە هەبێ هاتووەتە جێبەجێ کردن؟ بۆ ئەوەی دڵنیا بین هەموو چتێک بە سووک و سانایی دەڕواتە ڕێوە، بەڵام ئاخۆ لەبارەی هێمای بێتەل و کاتی ناردنیەوە دڵنیاین؟»

هانزل سەری بۆ ڕالەقاندم.

«هانزل، ئیدی هەر نامەیەکت لە مەوە بە شەپۆلە درێژی وەرگرت و بۆت نەشیا هێمایەلی شی وەکەی، هیزە هەوڵێک لەگەڵ هێمای کتوپڕدا بدە. هەموومان هێمای کتوپڕمان بە چاکی لەبەرە "ئەرێ سووزانە شووم پێ ناکەی." لەوانەیە چتێک ڕوو بدا و سەرلەبەری دەستاوێژەیلی خۆمان لە دەست بدەین.»

ئیتر ئەوە بوو لە "کۆندۆر" سوار بووین.

## بە ڕێگەوە

ئەو دەمەی هەتاو بە بڵێسەیەکی گەشاوەوە سەرەو لێژەوە بوو و ئاسمان ماڵئاواییەکی ڕەنگینی گەرمی لێ کردین، بە بێدەنگی سەرم بۆ لای وڵات وەرگێڕا و لە بنەبانی دڵەوە هیوام بۆی خواست، هیوای ئەوەی بۆمان بلوێ یارمەتی و پشتەوانی بۆ وڵات و ڕۆڵەیلی وڵات دابین بکەین پێش ئەوەی زۆر درەنگمان بەسەردا بێ. دەرگە لە پشتمانەوە هاتە پێوە دان و مەکینەیل وە نەڕ و هۆڕ کەوتن. جگە لە دەستەی باڵەفڕە کە برێتی بوو لە کاپتن و دوو یارمەتیدەر، ئێمە – بەکاربەری بێتەل و باڵەفڕەوانێک و پاسەوانێک و کۆنە هاوڕێ جێبڕوایەکەی وەرزەدەری چەتربازی و پسپۆڕێکی دژەخەفیەییشمان لەگەڵدا بوو.

هەورازتر و هەورازتر بەرەو ناو تاریکی و ئەتمۆسفێری سەهۆڵین

هەڵکشاین. هەر زوو ١٠٠٠ مەتر بۆ سەر زەریای ڕەش بەرزەوە بووین. داوای بەروانکەی ڕزگاریم کرد، گوتیان بۆ مە نییە، تەنیا بۆ دەستەی باڵەفڕە هەیە. کەفوکوڵی تووڕەییی خۆمم بەرزەوت کرد. وادەی تووڕەیی و ڕکەبەری نەبوو، کردەوەیەک ١٠٠٠ کیلۆمەتر لە پشت دوژمنەوە بێ، ئەوپەڕی وریایی و ددان بە خۆدا گرتنی دەوێ. هێشتا بەرزتر هەڵکشاین. هێندەی نەبرد گەیشتینە ٤٠٠٠ مەتری سەر ڕێکاری زەریا. چاوێکم بەو ناوەدا گێڕا بەڵکو دەمەوانەی ئۆکسجینم دەست بکەوێ، چونکە بۆ ئەوەی بەسەر چیای ئاگریدا تێ پەڕین کە یەکڕاست کەوتبووە پێشمانەوە، هێشتا سێ چوار هەزار مەتری تریش بەرزەوە دەبووین. هەروەها بۆ ئەوەش نەبادا ڕووبەڕووی باڵەفڕەی دوژمن ببینەوە، دەبوو زۆر لە بەرزیدا بفڕین.

ئاماژەی پیاوێکی سەر بەدەستەی باڵەفڕوانیم دا بۆ ئەوەی بێتە لام. پرسیم: "کوا دەمامکی ئۆکسجین؟"

بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە گوتی: "هیچی لێ نییە."

"چی؟ دەمامکی ئۆکسجین نییە؟" گوتم.

وەڵامی نەدامەوە.

گوتم: "گاڵتەم لەگەڵدا مەکە. ئێمە بۆ بەرزتر لە ٧٠٠٠ مەتر هەڵدەکشێین. وا نییە؟"

جارێکی تریش سەری سەلماندنی بۆ لەقاندمەوە.

"ئیدی کوان دەمەوانەیل و لە کوێوەیان بە کارەبا دەگەینین؟"

گوتی: "ئێمە هیچ ئامێرێکمان بۆ ئەنگۆ نەهێناوە."

بەگژیدا هاتم و گوتم: "بەڵام دەستەی باڵەفڕوانی هەیانە."

گوتی: "بەڵێ."

هیوابڕا بووم، ئاخۆ ئەم پیاوە گێژ و گەوجە یانەخۆ شێتە؟ ئەگەر بمتوانیایە ببزوم ئەوا دەچوومە پێشەوە بۆ ئەوەی کاپتن ببینم.

ئەمە هەر ڕاست نەبوو. دەستەی باڵەفڕە (دەمامکی ئۆکسجینیان) هەبوو

دەیانتوانی لەوپەڕی بەرزیدا بژین بەڵام ئێمە کە گەڕەکەمان بۆ هاتبووە ڕێک خستن لەم سووچە تەنگەبەرەدا بە کۆڵەواری لەناو بچین. لە دڵی خۆمدا گوتم چتی وا هەر نابێ. هەوڵم دا ئەو بیرە لە مێشکم وەدەر نێم.

گوتم: "تکایە بە کاپتن بڵێ دەمەوێ بیبینم."

کابرا ون بوو و کاپتن هەر نەهات.

لەو کاتەدا کابرای وەرزەدەری چەتربازی کە لە بۆدێنتەل لەگەڵماندا بوو، بە دەنگ هات و گوتی:

"تێ ناگەم چتی وا چۆن ڕوو دەدا. بەڵام تەنگاو مەبە، من ئۆکسجینەکەی خۆمت لەگەڵدا بەش دەکەم. ئەمدەست و ئەودەست بە لوولەکە دەکەین و ئیدی هەریەکە و دەتوانێ چەند پشوویێک لە دەمەوانەکە وەربگرێ بەڵام تکایە زۆر نا، دەنا بەشی ئەوەم ناکا بگەمەوە وڵات."

هەستم بە دڵنیاییەکی خۆش کرد کەوا ئەمجارەش هەموو چتێک ڕێکوپێک بووەوە. بەڵام نەمدەتوانی خۆم لە چنگی ئەو بیرە ئازاردەرە ڕاپسکێنم کەوا هەندێک چتی نەبان و بیان لە گۆڕێدا هەن. ئاخۆ چ چتێکی چەوت و چەوێڵ بەگەڵ هەناردنی "کردەوەی مامۆت" کەوتبوو؟ نەمدەویست ددان بەم شیمانەیەدا بنێم. نەدەبوو خۆم بکەمە نێچیری ترس و دڵەڕاوکە – هەرچەندە کە ترس و دڵەڕاوکەشم هەبوون. لە ناوەندی کێشە و بەرەی نێوان ورەی سەرکەوتن و گومان و ترسدا، هەستم بە سەرمایەکی بە تین و تاو کرد. دەستەی باڵەفرە، پۆشەنی و بەرگی گونجاویان لەبەردا بوو، بەڵام ئێمە بە خۆمان و بەرگی سوپایی و ئامێر و سازیی خۆهاوێشتنەوە، لە کونجێکدا هەڵکونجابووین. چەتر و ئامێر شوێنەکەیان لێمان تەنگەوە کردبوو، نەماندەتوانی جووڵە بکەین، لەبەرئەوە لە شوێنی خۆماندا گورمیلە بووبووین، لە سەرمانە موچڕکە و لەرزە لەرزمان وێ کەوتبوو. چاوەنۆڕ بووین خۆمان بۆ ناو بۆشایی و تاریکستانی هەڵدەین. تەنیا لە پەنجەرە بچووکەکەی پشتمانەوە دەمانتوانی سەرەتاتکەی دەرەوە بکەین، هێشتا مانگ هەڵنەهاتبوو، هەستی پڕ لە دڵەکوتە و مەترسی بەرە بەرە پتری هەڵچنیم. بۆ؟ هیچ جاری تر ئاوها

نەشلـەژابووم. دەمویست بە سـەریدا زاڵ ببم. بە خـۆمم گوت ئەمـە ئەنجامی خـواسـاییی لە سـەرمـا ڕچین و کـاری ورەبەزێنـی نەبوونی کـەوڵی ڕزگـاری و دەمامکی ئۆکسجینە، بەڵام نەمتوانی بە سەریدا زاڵ ببم. تا ئەو ساتە بڕوای تەواوم بە سەرکەوتنی گیان لەسەر دەستییەکەی خۆمان هەبوو. ئەرێ ئێستە چ سـەو و هۆیەک هەبوو ببێتە مایەی دڵ لە دڵ دان؟ ئاخـۆ بە هۆی ئەو چتـەی لە بەرمانەوە بوو؟

ئەو دەمەی کردەوەکەم ساز دەکرد چەندین جار هەوڵم دەدا بە ڕاستی و بە دڵسـۆزی ئەم پرسـیـارە بەرەو ڕووی خـۆم بکەمـەوە: چ چتـێک هـانت دەدا؟ شـانازییـە؟ حـەزی گـیـان لە گـرەونانە؟ خـولیـای دەسـەڵاتدارییـە؟ یانەخـۆ بە ڕاستی خولیای ئەوەیە یاریدەی هاووڵاتییەلت بدەی؟

هەمـــوو ئـەو هـۆیەلـە وەســـەریەکـــەوە بووبـوونە وەڵام، لە ئـاواتێکی ڕووت و پەتییـەوە بۆ هیـوایەکی ڕاسـتینەی خـزمـەتکردنـی وڵات. بەڵام بۆ من پتـەوترین هـۆ، هەسـتێکی نادیار و بە ناچاری بوو نەمـدەتوانی ڕوونی بکەمـەوە. هـا بەو شێوەیە "بڕوایەکی گرینگ" هەڵی گرتم و ڕێی پێشان دام تا بگەمـە ئەو دەمەی لە "کۆندۆر"دا دابنیشم، چۆقەی ددانم بێ و لە سەرمانە هەڵبلەرزم.

جارێکی تریش لە بیری خۆمدا بەسـەر سازکارییەلدا چوومـەوە. ئاخۆ هیچ چتێکم لە بیر چووە؟ هیچ چتێکی چەوتم کردووە؟ چەندی بیرم دەکردەوە هیچ دەرووێکی ترم نەبـوو چ لەبارەی وەرزاندن و چ لە ڕووی پێکهاتـی تیپـەکـەوە تا زیاتر کردەوەی مـامۆتی پێ چڕ و پڕتر بکەم. بەڵام چەندی کنەی ئەوەم دەکرد بەسـەریدا زاڵ ببم، دڵەڕاوکەی تاین بەری نەدەدام. ڕاسـتت دەوێ چەندی پتر دەمکرد و دەمکۆشا لە بیر خۆمی ببـەمەوە، ئەو پتر تێم دەئاڵایەوە. سـەرەنجام خـــۆم بۆی شل کــرد. هەتا لەم کـونجـەی "کـۆندۆر" و ئاوەهـا بێ هێـوی و بێ سـەرەدەر و لە سـەرما ڕچیو کرووشکەم کردبێ، هیچم لەدەست نایە. بە کورتی دەبوو سـەر بهێنمـە بەر ئەو چارەنووسـەی ئاوەهـا دووری هەڵگرتبووم و خـۆی بۆم لە پارێز نابوو.

پاشان دەستم بە چتێک کرد بۆ ئەوەی ئەو دۆشدامانە کەمێک بڕەوێنمەوە.

دامـە دوای نزا خـوێندن. چەند وشـەیەکی ئـاینیم وەبیـر هاتەوە، کـە لـە تافی منداڵییەوە لەبەرم کردبوون: "دەستم بگرە و ڕێم پێشان دە"، پێدا پێدا دووبارە و سـێبـارەم دەکردەوە تا هـەست و هۆشـێکی دڵنیـایی دای گـرتم و ئیتـر لەو دەمەوە دڵنیا بووم هەر چییەکی بەسـەرم بێ و نەیێ، سەرەنجام و چارەنووس هەر لە دەستی خوادایە.

***

بیـرم کردەوە ئاخۆ ئەم باڵەفڕوانە شێتـە، چییـە؟ لەسـەر ئەو زەوییـەدا چی دەکـا؟ باڵەفـڕەیـەکی چوار مـەکینەی ئەڵمـانیـایی، بەم سـات یـەکی شـەوە لە بەرزیـی سێ تـا پێنـج هەزار مــەتر و لە نـاوەندی ئـاســمــان، لەبەر تیـشکی ڕووناکیی مانگەشەو، لەسـەر شارێکی پڕ لە چرا و چراخاندا سووڕی دەدا. لە پەنجـەرە بچـووکـەکـەوە شــارەکـەم لێـوە دیـاربوو. دەسـتم بـە هـات و هـاوار و پرسیار کرد. یەکێک لە بناگوێمدا دەنگی هەڵبڕی:

"ڕێگەمان بزر کردووە. هەوڵ دەدەین بزانین لە کوێین."

بەڵام ئەگـەر وابـێ بە چی بیـانووێک لەم بەرزییـە و بـەسـەر شـارێکەوە گـڕ دەخـۆین و دڵنیـاشین وڵاتـی دوژمنەیلە. لەباری ئـاوەهـادا پێویسـتـە یەکـڕاست بەرەو وڵات هەیپێ بکەین و پشتـی حـەوتووێک هەوڵێکی تر بدەینەوە. ئێمە خـۆ لە ســەرەتاوە لەســەر ئەوە ڕێک کـەوتبـووین. شـوێن تـەنگەبەری و نـەڕەنەڕی مـەکینە هیچ هەلی ئەوەیان نەدام دوو قسـە لەگـەڵ کـاورای باڵەفڕەواندا بکەم. ئەوان بۆ خـۆیان لێی دانیـشـتبـوون و چارەنووسی مــەشـیـان بـە تەواوی لە دەستدا بوو.

هێندەی پێ نـەچوو نزمـتر بووینەوە. بیـرم کردەوە لەوانەیە ئێسـتـە هەمـوو چتــێک ڕێک و ڕەوان بێ. بێگومـــان دەبـێ تەواو بـێ ئەدی بـاڵەفــڕوانـەکــە کـاورایەکی ئـەزمـوونديتـە نەبوو و چـەندین شـەندەی بە سـەرکـەوتـوویی بەڕێ نەکردبوو؟ دیارە ئەو کاری خۆی دەزانێ.

ئەوە بوو ئامـاژەیـان بۆ کـردین: سـازی خـۆهـەڵدان بن. ئیـتـر هەلی گـومـان و دڵەڕاوکە بە دەستـەوە نەمـا. هەسـتاینـەوە سەر پێ، جـارێکی تریش چەترەیل و

پەتەیلیـان پشکنییەوە. هەمـوو چتێک ڕێکوپێک بوون. دەرگـە کەوتە سـەر گازی پشت و دوو پیـاو هـاتن یاریدەی وەرزەدەرەکەی مـە بدەن و باوڵەیلیـان یەک لە دوای یەک دانا. پاشـان ئامـاژەیەکی تر هات و یەکـەمین باوڵ هاتـە هەڵدان بۆ ناو تاریکایی، پاشان دووەم، ئەوجا سێیـەم و چوارەم. پاشان نۆرەی من هات. لە بەر دەرگەدا وەستام و ویستم چۆن مەشقم کردبوو ئاوەها باز هەڵدەم بەڵام گـوژمـەبایەک نـاچاری کـردم خـۆم بدەمـە لایەکی دەرگـەوە، تاوێک نەمـتـوانی ببـزوێم. پاشـان پاڵ پێـوەنانی نابـەجـێی یەکـێک لە پشـتـەوە هـەڵی دامـە ناو بۆشـایی. تـاوێک لە هەوادا خـولامـەوە، سـەرم هەڵبـڕی، زەینم دا چەترەکـە بووەتەوە. پاش نـەڕە و هـەرای مـەکینە بێـدەنگیـیـەکی سـەیر و سـەمـەرە باڵی کێشا. دەمتـوانی کۆندۆر ببینم بە ڕێگەی خۆیدا دەڕۆیشتـەوە. "ئەی ئەوانەی تر لە کوێن؟" لـە خـۆمم پرسی. لە ژوور خـۆمـەوە، لە لایەک، تـوانیم دوو پاشـان سێ چـەتر لە ڕیزێکی ڕێکوپێکدا ببـینم. سـەرنجـێکی بە پەلەی ژێرەوەم دا. باوڵەیلەکە لە کوێ بوون؟ زەینی شـەوگارم دا، ئاخـۆ باوڵەیلەکە گەیشتـوونەتە زەوی؟ زەویمان چەند لێـوە نێزیک بوو؟ ئێستـە نا ئێستـە بە زەوی دەکەوتم. ڕاسـتت دەوێ لـەوانە بوو وەک چۆنی بۆ دەچووم ئاوەها بکەومـە سـەر زەوی. چتـێکم لـە ژێرەوەدا هاتە بـەرچاو، بە نـەرمی لە هەوادا دەهـەژایەوە: ئەو چتـە چـەتری بـاوڵێک بـوو. بـەڵام زۆر لە ژێرەوە بـوو. ئـاخـــۆ ئێـــمـــە لە کـــوێدا دەکەوتینەوە؟

لە ناکـاو مـوچڕکـەی ترسـێکم هاتێ و دڵم داچڵـەکی. ڕووبارێکم لە ژێرەوە هاتە بـەر سـەرنجی چـاو. ڕووبارێکی بـەرین، یەکـڕاست لە بنـەوەم بوو. دەبوو هێـشـتـا هـەزار مـەتری تر شـۆڕەوە ببـین. لەوانە بوو تەوژمی بـایەک ئێـمـە لە ڕووبـارەکـە لا بدات. بارمـان هێندە گران بوو میـنای پلووکە بەرد سـەرەو ژێر دەبووینەوە. تەنانـەت ئەگەر خۆشـمـان لە چەترەیلەکەی خـۆمـان بەربدایە هیچ هیـــوای دەربـازبوونمـان نەبـوو، شـــەرواڵی فـــشـــوفـــۆڵ و دەلینگ تەسـک و تریسکـەیلی مـە پڕ بوون لە چەک و پێـبـژێوی و توێشـەبەرەی لە قـوتووپەست. وێڕای ئەوەش دەزگای بێتـەلم لە کەلەکەی خۆمدا شـەتەک دابوو. بیرم کردەوە:

خوا بە هانای مەوە بێ.

سەیرم کرد بزانم هاوەڵەیلم چییان بەسەر هاتووە. هێندەی نەمابوو بڕوا بە چاوی خـۆم نەکـەم. دەتگوت لێم تێک چووە؟ یەکـێکیـان هیچ پێ نەدەچوو شۆڕەوە ببێ بگرە هەورازتر هەڵدەکشا. هەموو ئەوانی تر بە سەرلێشێواوی و گـێـژ و وێژی بـەمـلا و بەولادا دەهاتن دەچوون، تەنیـا ئـەوەیان نەبـێ کـە پێ دەچوو هەر سەرهەوراز بەرز ببێتەوە و بەناو تاریکیدا ون ببێ.

پێم وا بوو تارماییی زەویم لێ وەدەر کەوت. لنگم هەڵبڕی، چاوەنۆڕ بووم بە زەوی بکەوم. بەڵام مـەترسـیـیـەکـەم ڕاست نەبوو. کـەوتمە ناو چینێکی ئەستووری هەور و هێڵەوە. هێندی نەمابوو مێشکم لە ژێر تینی پاڵەپەستۆدا هەرەس بێنێ.

وا ئێستـە جـارێکی تریش بریسک و باسکی ڕووی گـەشاوەی ڕووباری گـۆڕینم لێ وەدەر کـەوتەوە. بەڵام بەختـمـان یار بوو تەوژمی با بۆ بەرێکی ڕووبارەکەی بردبووین. کاتێ لە زەوی نێزیک کەوتمەوە بە ئاستەم هەلی ئەوەم چنگ کـەوت خـۆم بۆ بە زەوی کـەوتن سـاز بدەم. گلـۆر بوومـەوە، پێش ئەوەی چەترەکە بەسەر زەویمدا ڕابکێشێ خۆم لێی بەرەڵڵا کرد. باش بوو کاتی خۆم زۆر جـارانم ئەو وەرزینە کـردبوو. زوو هەسـتـامـەوە سـەر پێـیـان. چەترەکـەم ڕاکێـشـا و کـۆوەم کردە سـەر یەک. بۆ یەکـەمین جار هەسـتم بەو گـەرمـیـیـە ترسناکە کرد.

هەنکە هەنکم بوو، گـەرووم گـیـرابـوو، پشـووم نەدەهات. بە هـیـچ کـڵـوەجێ نەمدەتوانی بەرگەی شالاوی ئەو پێشکەیلە بگرم کە تێم ورووکابوون. هەستی ڕاپەڕاندنی ئەرکێک هاتە فریامـەوە و هانی دام خـۆم گورجـەوە کەم. پێویستـە هـاوڕێیـەلم وەدۆزم و بـە هـانایـانەوە بـچم. بەڵام ئـەوان لە کـوێ بوون؟ ئاخـۆ دەمتوانی لە ناو تاریکیدا وە دوایاندا بگەڕێم؟ ئەوەی ڕاستی بێ دەشیا سوود لە تریفەی هەیوەشەو وەربگرم. بەڵام من لە شوێنێکی هەڵەت و پڕ لە هەڵدێر و گەوەدا کەوتبوومـەوە و بەسـەر هەر ملەیەک دەکەوتم تەنیا ملەیەکی ترم لێوە دیار دەبوو.

چەند خـۆشــە لەم بارودۆخـەدا یـەکـێک لە هـاوەڵەیلـم وەدۆزم. وەکـو برا و هـاوەڵێک ئامـێـزی تێ وەربێنم و بە سنگەوەی بگوشـم. ئەوە بوو یەکـێکیـانم وەدۆزی. هـا لـەوێ لە بەرچاوم بوو، دەیویست خـۆی لە چەترەکـەی بـەر بدا و کـۆی وەکـاتە بـاڵ یەک. ئەویش مـینای من هـانکە هـانکی بـوو و مـێـشــووله تەنگیان پێ هەڵچنیبوو.

هـەردووکمـان بە یـەکەوە بە شـوێن ئەوانی تردا ئەمـلا و ئەولا گـەڕاین بەڵام بێ سـوود بوو. دواجـار دەنگی سـەگوەڕێکمـان هـاتە گوێ. ئەمـە واتەی وە بوو کـە ئاوەدانی لەو نێـزیکانەدا هـەیە. هێندەی نەمـا بوو شـێت و شـور ببم. ئەو چتەی ئێمە دەمانویست خۆمـانی لێ لابدەین ئەوا هـاتە پێشمـان. لە شوێنێکی زۆر نێـزیک لە ئاوەدانیـدا کـەوتبـووینەوە. تەنگانەیەکی تریش وەک بڵـێی بە دەسـتی مەبەست هاتبێتە کردن، لە ناو پەرێزێکدا کەوتبووینەوە. تووڵەڕێمـان لێوە دیار بوون لە گوندێکەوە دەچوونە گوندێکی تر. دەبوو بە پەلەپرووزێ لێرە وە دوور کــەوین و ســەری خـۆمــان بەرەو چیــایەل هــەڵگرین و خــۆمــان لەوێ وەشـارین. بەڵام کوا چیایەل لە کوێ بوون؟ بە ئاسـتەم تارمـاییی چیایەلمان لە ئاسـۆگـەوە لێ دیار بـوون، زۆر دوور بوون. بۆچی لـە شـوێنـی ئاوهـادا هـاتینە هەڵدان؟ ئەگەر هیچ چتێک ڕوون نەبێ ئەوا هـەر تاکە چتێک ڕوون و خوویایە، نەدەبـوو لە نێــزیکی ڕووبـاردا بێـینـە فـرێدان لـەبەرئەوەی لـە کـوێ ئاو هـەبێ ئاوەدانیش لەوێدا هـەیە، لە کوێش ئاوەدانی هـەبێ شیمانەی ئاشکرابـوونی مە پترە. دەبوو بە پەلە لێرە وە دوور کەوین.

کوا ئـەوانی تر، کوانێ باوڵـەیلەکە؟ ڕووناکی هـەڵکردن، فیکەکێشـان یان هـاوارکـردن هـەر نەدەهاتنە کـردن. ئەدی لە کـوێوە دەست پێ بکەین؟ لەوانەیە ئێمە لە بەرزیی دوو هـەزار مەترەوە هـاتبینە فڕێدان، سـەرەڕای ئەوانەش دەبوو بەرەنگاری ئەو هـەمـوو گرد و هەڵەتەیلە ببینەوە. هیـچ شـوێنێکی گونجـاومـان دەست نەدەکـەوت بۆ ئەوەی سـەیری دەوروپشـتـمـانـی لێـوە بکەین. کـورت و کـرمـانجـی، دەبوو ئەوپـەڕی توانی خـۆمـان بەکـار خـەین و پێش ئـەوەی بەیان یەکـەمـین گـزنگی خـۆی باوێ، لێـرە برۆین. چونکە خـەڵک لەگـەڵ شـڵـێـوەی

بەیانیدا ڕوو لە دێبەر و کێڵگەی خۆیان دەکەن پێش ئەوەی ڕۆژ ڕابشکێ و هەڵاتنی هەتاو، دنیا لە گەرمان بپیشێنێ.

سەرەنجام، ئەو چتەی سەرەتا وا پێ دەچوو لە وزە و توان بەدەر بێ، تێیدا سەرکەوتین. پاشی چەند ساتێک گەڕان و سووڕان و سۆسەی ئەملا و ئەولاکردن و گوێ هەڵخستن و پشکنین، هەموومان گرد و کۆوە بووین. ڕەمزی هەڵمەتی بۆ هێنام. لە ڕک تووڕەییانەدا چاوی دەرپەڕیبوو.

"سەرۆک، ئێمە لە کوێین؟" چاوی بە ڕژدی لە چاوم بڕی. منیش بە ساردی وەڵامیم دایەوە:

"لە شوێنێکی چەوتدا هاتووینە فڕێدان." گوتم.

ئاشکرابوونی شکانی کردەوەی مامۆت وەک ئەوە وابوو دەنکەیەکی تاڵ لە ئەوکماندا ئاودیو بکەین. زۆر ئاستەم بوو تەنانەت یەکێک لەو چوار باوڵەیلەشمان پێ بێتە دەربازکردن. دەوروبەرێکی هەڵەتاوی بوو، سەتان گرد و نەوری وەک یەکی تێدا بوو. هەروەها ناوچەیەکی ئاوەدانیش بوو و ئەو دەمەش بەرەبەری بەیان بەردان بوو. دوای تاوێک خەڵک بە دوای کارباری خۆیان دەکەوتن و هەر نەبا پاشی ساتێک یەکێک لە باوڵەیلەی مەیان وەدەدۆزی. ئەمەش هەرا و جاوەجاوێکی گەورەی دەنایەوە. واتەوات و دەنگۆیەکی سەیر لەم گوندەوە بۆ ئەو گوند پەرتەی دەکرد و پۆلیس و هێزی داگیرکەر زوو بەزوو زانیارییان دەگەیشتێ. هاتەهات و هاوار هاوار هەڵدەستا و لە ماوەی تاکە ڕۆژێکدا دەکەوتینە دەست.

بەڵام سەرەڕای ئەو بارە پڕ نەهاتییەی کە خۆمان تێدا دەبینێ، کەفوکوڵی سەرڕێژی تووڕەییم وەنیشت. پاش ئەو هەموو پەشێوییەی ئەو چەند ساتەی دوایی، دەمارم بەرە بەرە هێور بووەوە. هەرچەندە هەموو هۆیەکی قەڵەمی دەست و پێ شکانم هەبوون بەڵام بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش هەستی هیوابڕاوی تەنگەتاوی نەکردم. دەمزانی تەنگانەی زۆر و زەوەندمان لە پێشدایە، بەڵام هەستم دەکرد دەنگێک بە بناگوێمدا دەچرپێنێ و دەڵێ ئەو

چتـە ڕاست بـوو و پێـویست بوو هەر واش بوایـە و پێـویسـتـە منیش هێـور ببـمــەوە. تا ڕادەیەکی زۆر لە منداڵێک دەچووم ڕاهێنانی کـارێکی ئاڵۆز بکا. ئەو منداڵە سـوور دەزانـێ کارەکە چتێکی پێویستـە و ناچارە ملی لەبەر بنێ، بەڵام چەندی پێ خۆشە ئەگەر بتوانـێ هەست بە سۆزی دڵنەوایی و خۆشتەوی و دڵۆوانیی دەستی دایکی خۆی بکات.

## هەڵاتن بەرەو چیایەل

دەم تێکنانێکی لە کـورتـی بڕاوە لەگـەڵ هاوەڵـەیلمـدا، تەنیـا دادی ئەوەی دا بۆیان بسـەلمێنم کـەوا ئەو هەمـوو زیتـی و زرنگیـیـەی لە کـردەوەی مـامـۆتدا هاتبـووە خـەرجکردن، «ئەو کردەوەیەی کـە سـەرکـردەیلی پایە بەرزی لـەمـەڕە خـۆمـان هێندەیان تەمـا پـێ بوو»، لەبار چوو. ڕەمـزی پێشـنیـازی ئەوەی کـرد بەرگی سـوپـایی خـۆمـان بگۆڕین بەو بەرگـە کـوردییـانـەی لەگـەڵ خـۆمـاندا هێنابـوو و هەتا شـەوە بۆی دەرچین. ئێـمـەش قـایل بووین. چەترەیلمـان لوول کردە سەر یەک و لەگەڵ بەرگی سوپایی و بەشەیلی ئامێرەیلدا تا بۆمان لوا بە چاکـیـمـان وەشـاردن. کـڵاو و جـەمـەدانیی کـوردیمان لـەسـەر نا. کـورتەک و شـەرواڵمـان لەبەر کرد و پێڵاومـان لە پـێ هەڵکێشـا. پێناسـەی سوپاییمـان بۆ کاتی تەنگانە لـە گیرفان نـا هەرچەندە بە کەڵکی هیچیش نەدەهاتن. چونکە لە هەر سـەرێکەوە بتگرتایە ئێـمـە لە وڵاتی یەکـێکدا کـەوتبـووینەوە کـە سـەری مـەیدانی شـەڕمان لەگەڵیـدا گرتبوو. پیـاو بە بەرگی شـارسـتـانی و لە وڵاتی دوژمندا لە هـەمـوو پاسـێکی یاسـاییی نـاو وڵاتەیلدا دەسبـڕاوە و ئەگەر بێـتو بکەوێتـە دەست، بەبـێ سـێ و دوو دەیدەنە بەر دەسـتـڕێژ یان بـە نێـزیکتـرین دارەوە دێتــە هەڵواسـین. لاریمان لەمــەدا نەبوو. بەڵام نـەمـاندەویست بکەوینە دەست. هـەر هێندەی پـێ دەویست، دوژمن چـتـومــەک و ئامـێـرەیلی ئێـمــەی وەدۆزیبـایـە، ئیـدی لە نیـازی مــە دەگـەیشت. ئەگـەر هـەر یەکـێکیش لە مــەی بەردەست بکەوتایە، چەند و چۆنی تێــدا نـەبوو هەرچـی بیــویسـتــایە لێی دەردەهێنا. کـەس هێندە بـێ مـەژی نییـە پێی وا بێ لە بەرامـبـەر شـێـوازی

دارکاریی ئەمڕۆدا دەتوانێ بەرگە بگرێ و ددان بە هەموو نهێنییەکدا نەنێ. ئەو سەردەمی قارەمانیەتییە بەسەر چوو کە یەکێک تا مردن دەهاتە جەزرەبە دان و دارکــــاری کــــردن بێ ئەوەی ورتەیەکی لە زار دەربچێ. لەبەرئەوە ئامـانجمـان وابوو بەڵکو بۆمـان بشێ سـەر بۆ شـوێنێکی دوور لە دەسـەڵاتی دوژمن هەڵگرین. لە ماوەی چەند وردکە ساتێکدا خۆمان سازی ڕۆیشتن کرد. بەڵام ئەو پرسیارەی هێشتا دەمانویست بێتە وەڵامدانەوە ئەوە بوو: ئێمە لە کوێین؟ تورکیـا؟ عێـراق؟ ئێران؟ سـووریا؟ ڕووسـیـا؟ بە گـوێرەی دیمەنی دەوروبەر، وا پێ دەچوو لە یەکـێک لەو وڵاتەیلەدا بین. بەڵام ئەگـەر لە بەشـە کوردستـانی عێراقدا نەبووینایە جلوبەرگمـان بە کەڵک نەدەهات. جلوبەرگی نائاسـایی وا لـە ڕۆهەڵاتیـایی دەکـا هەر بـە زگـمـاک چاوەچاو بکا بۆ خـۆ تێکەڵکردن و هەمـوو چت زانین. ئیـدی دەست بە پرسیـار دەکـا، تۆ کـێی؟ لە کوێوە هاتووی؟ بۆ کێندەر دەچی؟ لە چ خێڵێکی؟ چ کارەی؟ ئەگەر نەتوانی بە زوان و دیالەکتی خـۆی و بە ڕەوانی وەڵام بدەیەوە ئەوا کابرا لێت بە گومـان دەکەوێ و هەرچییەکی لە دەست بێ دەیکا بۆ ئەوەی پشتت بدا بە زەویدا.

لێــرەوە چیــرۆکی ئەمــەکــدارییــەکی لە بن نەهاتوو دەست پێ دەکـا. ئەمەکداریی ڕەمزی نافع ڕەشید، ئەو ئەمەکدارییەی لە تەنگاوەترین کات و تەنانەت تا ئەمـڕۆش کـە چەندین سـاڵ بەسـەر ئەو کـارەسـاتەدا تێ پەڕیوە، هێشتا گەرمیی فەرامۆشی وە گیانم دەدا. ئێستەش کاتێ بیر لە جوامێری و نەترسیی ڕەمزی دەکەمەوە، هەست و سۆزێکی بێ بن دام دەگرێ. ئەو پیاوە بە بێ ئەوەی سەبارەت بە هیچ هۆیەکەوە هاتبێتە ناچارکردن بۆ کردنی ئەم کارە، لە تەکمـاندا وەستـا و بە بوێری و مێرخاسییەکی لە بەزین نەهاتووەوە، بە پێشمان کەوت.

لەو سـاوە، ڕۆڵی من وەکو سـەرۆکی شـەندە بـە کۆتا هات و ڕەمزی ئەرکی گرتە دەست. بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین وا بزانین لە چ شـوێنێکداین، بە پێدزکە و مـاتەماتە وە دەر کەوتین تاوەکو ناوچەکە سۆسە بکەین. یەکەمین چتێک هاتە ڕێمـان مـارێکی سـەوزی ژەهردار بوو کـە لـەسـەر ڕێچکۆڵەدا پەپکەی کردبوو.

کاتێ سەری بەرزەوە کرد و سەرنجێکی ناحەزانەی پڕ لە کینەی داینێ، من سەرسام نەبووم.

نێزیکەی دوو کیلۆمەتر چووبووینە پێش، ئەو دەمای لەسەر گردۆڵکەیەکی بچووکەوە ڕووبارەکەمان لێ وەدەر کەوت. لە تەنیشتی ڕووبارەکەوە گوندێکی نێزیکەی پەنجا ماڵی هەبوو لەگەڵ مۆڵگەیەکی گەورەی پۆلیس لە سەرپەڕگەیدا. هاوار بە ماڵم. لە دەرەوەی گوند پیرەمێردێک بە تەنیا لە دێبەردا کاری دەکرد، کەتانێکی تووکنی لەبەردا بوو، لە ڕۆهەڵاتی ناویندا ئەمە باوە و لە جیاتی کراس دێتە لەبەرکردن. ئێمە خۆمان لە پەنایەکدا مات دا. ڕەمزیش لە ڕێگە پەڕییەوە و کارەکەی بە ئەستۆ گرت. بێگومان نەیدەتوانی ڕاستەوڕاست پێی بڵێ "بەیانیت باش" و لێی بپرسی ئێمە لە کوێین. نەیدەتوانی ئەمە بڵێ بە هۆی تاکە چتێکەوە، ئاخۆ پیرە جووتیار بە تورکی دەدوا یان بە فارسی یان بە عەرەبی. جگە لەمەش ئەگەر ڕێک و ڕەوان بە دیالەکتی کابرا قسەی نەکردایە، ئەوا گومان و حەز لە پرسیارکردنی بە زگماکی پیرە جووتیار پەلکێشی ناو باسخواسێکی درێژەکێشی ئەوتۆی دەکرد، کە توجار هیوای لێ دەربازبوونی نەبوو، تا ئەوەی کابرا تەواو پێ دەکەوت ئەوە کێیە و لە کوێوە هاتووە و بەرەو کوێ دەچێ و چی دەکا و سەر بە چ بنەماڵەیەکە.

ڕەمزی تەمای وابوو بە تەنیشت کابرادا تێ پەڕێ و سڵاوێکی سڵاو ئاسای لێ بکا بەوەی دەست بخاتە سەر ناوچەوان و سنگی خۆی و لە هەمان کاتدا چەند وشەیەکی وەک "سەلام" یان "سەیدا" بچرپێنی. ئیدی لە وەڵامی کاوراوە تێ دەگەیی بە چی زمان و دیالەکتێک بدوێ. ئەوجا دەیتوانی بە پەلە بۆی ڕێک بخا سەر بە چ تیرە و خێڵێکە و پاشی ئەوە دەیتوانی بە دیالەکتی گونجاوی تورکی، کوردی، عارەبی یان فارسی وەڵامی بداتەوە و بەو شێوەیە هیچ گومانێک سەری هەڵنەدەدا. باسخواسێکی خواسایی دەهاتە گۆڕێ. ڕەمزی لە خۆیەوە چیرۆکێک هەڵدەبەستێ (هێزی خەیاڵی ڕۆهەڵات ناوینی، هیچ سنوورێک نازانێ) و لە ماوەیەکی کورتدا هەرچییەکی بیەوێ دەیزانێ.

نیوچە رووناکبیرێکی رۆهەڵات ناوینی، سەرپاک زوان و دیالەکتەیلی ناوچەی خۆی دەزانێ. کەچی شوانێک یان جووتیارێکی سادە، تەنیا لە دیالەکتی خۆی دەگا. دیالەکت لە کوردستاندا لە بەرێکی رووبارەوە بۆ بەرەکەی تری جودایە و جودایی نێوانیشیان زۆرە.

خۆشییەکی گەورە بوو بۆ مە ئەو دەمای رەمزی بە ساغی، یەکڕاست و بە هەنگاوی گورجەوە گەڕایەوە لامان. ئاماژەی داین بەرەو گوند وە دوای کەوین. ئەو بووە ئاغامان و ئێمەش خۆڵامکارەی گوێ لە مست و دەست لەسەر سنگی وی. بە خۆمان و جلوبەرگی کوردیی بەرمانەوە سەرمان لە دوای وی نابوو. ئەگەر هاتو تووشی هەر کەسێک بووینایە ئەوا تەنیا ئاغامان دەدوا، نەریت وایە پاکار و دەست و پێ، کڕ و بێدەنگ بن.

کاتێ بە پێش گوند و مەڵبەندی پۆلیسدا تێ پەڕیین، رەمزی چتەکەی بۆ روونەوە کردین. توانیبووی بێ ئەوەی گومان دروست بکا، لە کابرای پیرە جووتیار دەربێنێ ئێمە لە عێراقین لە نێزیک سنووری تورکیادا.

"ها بەو بۆنەیەوە" رەمزی پرسیاری کرد، "ئەو ئافرەتەتان بینی بە سواریی کەر تێ پەڕی؟" سەیرێکی ئەم ئافرەتە بەس بوو بۆ ئەوەی هەڵی بێنی ئێمە لە کوێین: ئەو ئافرەتە کوردی "نەستۆری" بوو. رەمزی ئەو چتەی بە هێڵی رەنگاورەنگی جلکی ئافرەتەکەوە وەناسیبوو. ئەم تیرە دێرینەی کوردی دیانی نەستۆری لە عێراق، لە ژووری دیجلە و لەسەر سنووری تورکیادا دەژین.

بەداخەوە، نە پرد نە بەلەم نەبوون ئێمە لە رووبارەکە بپەڕێنەوە. پەڕینەوەی بە مەلەوانی چتێکی لە توان بەدەر بوو. چونکە لێرە باو نییە پیاو مەلە بکەن و ئەگەر بمانویستایە بە مەلە بپەڕینەوە ئەوا تێک و تێکڕای گوند دەهاتنە سەیرانی مە. هەروەها نەشماندەتوانی بەو ناوەدا بسووڕێینەوە تا تاریکان دادەهات. رێژەنی رووبارەکەش زۆر لەوە توندتر بوو ئێمە بتوانین خۆمانی لێ بدەین و بە ئەسپایی دەربچین.

تاکە یەک چارەسەرمان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو بەوپەڕی لەز، لێرە وە

دوور کەوین، بە پێیـان بێ، بە سـواریی گـوێدرێژ بێ یان هەر چتـێکی تری بۆمـان هەڵبکەوێ، نەدەبوو کـات بە فـیـرِۆ بدەین. پاشی سـاتێک، بە هۆی گەرماوە کەس بەسەر ڕێگەوبانەوە نامێنێ. هەموو خەڵک لەبەر سێبەردا پشوو دەدەن، لە ماڵ یان لە سێبەری دار و لێڕدا سـەرخەو دەشکێنن. ئەمە باشـترین هەلی دەربازبوونی مە بوو. لە ماوەی یەک تاکە ڕۆژدا بـەند و باو وەک ئاگری بە پـووشـەوە نـووسـاو بڵاوەی دەکـرد و تێکرِای دانیـشـتـوان بە گـومـانەوە سەرتاپێی هەموو ڕێوینگ و ڕێبوارێکیان بە چاو دادەبێژت.

ئێـمـە چیـایەمان لەوبەری ڕووبـارەوە لێ دیار بوون. ڕەنگە هـەر بیـست سی کیلۆمەترێک دوور بوون. بەلای منەوە چیا هێشـتا واتەی هێمنی و تەنیاییـیان دەدا و ئاواتم بوو دەسـتم پێیـان بگا، بەڵام چیـا لەو بەری ڕووبارەوە بوون و ئێستـە دەستی مەیان نەدەگەیشتێ. جا بە ڕاسـتی چیا چەند دادی مەی دەدا، تەنیـا چیـای وشـکێن و بـرینگێن و چـۆڵ و بێ ئاوەدانـی بە کـەڵکت دێن ئەو دەمـای دەچیتـە سـایەی ئەشکەوتێک، بەو مـەرجـەی بژێـوی و ئاوت بە ڕادەی پێویست پێ بێ.

مـووسـڵ سی چل کیلۆمـەترێک دوور بوو. لە مـووسـڵ پرد هەبوو و بریارمـان دا بە کـراوەیی و چاونـەترسی لەوێ بپـەرینـەوە و پاشـان بـەرەو خـێـڵـەکـەی ڕەمـزی، هەیپێ بکەین. ئەو شـوێنـە چاکترین شـوێنی جێ هیـوای دوورە بەلایی بوو، کە ١٥٠ کیلۆمەترێک بەولاوەتری مووسڵ بوو بەرەو چیایەل لە باکوردا.

هەرچەندە سـات هەشـتـی سـەر لـە بەیانیش بـوو بەڵام کـێـشـەی هەرە گـەورەمـان ئەو هـەتاوە بە تـیـشکە بوو کـە بێ بەزەییـیـانە تیـرێژی بە تینی دەهاوێشتـە سەرمـان. نەک تەنیا هەردوو هاوڕێ ئەڵمانەکەم بە دەست گڕەی گەرمـای لە وزە بەدەرەوە دادە دادیـان بوو بگرە ڕەمـزیش، کە ئێـمـە پێمـان وا بوو تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەم گەرمـایەدا هەڵدەکا. هەروەها بۆ منـیش هەرچەندە چەند سـاڵێک لەوەپێش لە هەمـان ئەم دەمـەی ساڵدا سـەردانی کـوردسـتـانم کـردبـوو، گـەرمـایەکـی تا بڵـێـی چەتن و لە بەرگـەگـری بەدەر بوو. سـەرباری ئەوەش، کاتێ جلەیلم گۆڕیبوو، لە بیرم چووبوو ئەو کڵاوە لبـادینەی هەردوو

مشكییەكەی تێوە دەهاتە پێچان، لە سەرم نێم. لەبەرئەمە من لە هەمووان پتر دەكەوتمە بەر تیشكی ڕاستەوخۆی هەتاو.

ڕێپێڵگەی مە كەوتبووە ناوەندی زەوییەكی ڕووتەن و لەبەر هەتاو هەڵقرچاو. ئێمە پەرێزەكەمان زۆر لە دواوە بەجێ هێشتبوو، كێڵگەیلیش لە بەرامبەر هەتاودا دەسووتان و دەبرژان. لێرە و لەوێ تاك و تەرا دار و دەوەن هەبوون بەڵام ئێمە لەبەرئەوەی نەدەوێراین كات بە فیرۆ بدەین، هیچ سوودمان لە سێبەر و سایەی فێنكی وان وەرنەدەگرت. هەر چۆنێك بێ سێبەری ئەو دار و دەوەنەیلە هێندەیان فێنك نەدەكردینەوە چونكە هەوایەكە تا بڵێی وشك و برینگ بوو. پاش ساتێك گوندێكمان لێ وەدەركەوت، ئیتر توانستی بەرگەگرتنی تینووەتیمان نەمابوو. گوێمان بە هیچ مەترسییەك نەدا و لە نێزیكترین ماڵدا داوای ساردداوی خۆوڵاتیمان كرد. دۆیان بۆ هێناین بەڵام تا بڵێی بێزەوەر و بێزهەستێن بوو. هەرچەندە زۆریش تینوو بووین بەڵام دوای هەر بینێك پشووێكمان دەدا بۆ ئەوەی بۆنە بێزەونەكەی كەمەوە كەین.

دواجار گەیشتینە شوێنێك ڕووبارەكە پێچێكی تیژی تێدا دەكردەوە. ئیدی یەكڕاست و بەربەیار بەرەو مووسڵ داكشاین. هەتاو هەورازتر هەڵكشا و چەندی چارەكە ساتێك ڕادەبرد بێزاریمان پتر دەبوو. دووجار جۆگەی ئاومان دیتەوە و ڕامان كردە سەری و تێرمان لێ وەخوارد. ئیدی كەس بێزار نەدەبوو ئاخۆ تامی چۆنە یانەخۆ پاكە. ئەوەی ئێمە دەمانویست تەنیا ئاو وەخواردن بوو. هەرچەندە ئاو وەخواردنی بێ ئەندازیش لە ژێر گەرمای بە تینی هەتاودا چتێكی بە مەترسییە و ئەگەر یەكێك ئاو زۆر وەخوا ئاوڕەگ دەردەدا و تەنكە خوناوێكی سارد دەدەڵێنێ بۆ ئەوەی لەش لە گەرمای دەوروبەر بپارێزێ. ئەنجامیش ئەوەیە ئاوی لەش یەكبینە لە كورتی دەدا و تینووەتیش پتر دەبێ. ئیتر هەر ئاو وەدەخوا و هەر خوناوكە دەكا تا دواجار لە ئەنجامی كەمەوەبوونی خوێدا برستی لەبەر دەبڕێ و هەرەس دێنێ.

دوای تاوێك ڕۆیشتن، هەڵوەستاین بۆ ئەوەی سەیرێكی چێتری دەوروبەری خۆمان بكەین. ئێمە تاكە بیرێك هەڵی گرتبووین: بگەینە مووسڵ، بە پردەكەدا

بپـــەڕینـەوە و بەرەو ســــایە و داڵدەی چیـــا و چۆڵان بـۆی دەرچـین. چەند شـوورەیەکمـان بڕی، فـرگـەیەکی باڵەفـڕەمـان بوارد. شـوانێـک قسـەی لەگەڵدا کـردین، پاشـان بۆ ئەوەی کـەمتـر بکەوینە بەر چاوەیل. دابەشـی دوو کۆمـەڵ بووین.

دەمەدەمی نیـوەڕۆ هەستم کرد وا بڕستم لەبەر دەبڕی و ئیتر گاوم لە دووام نایەن. بە ئـاسـتـەم دەمـتـوانـی بیـر بکەمـەوە، ئەژنۆم دەلەرزین و خـۆم لەسـەر پێیـان نەدەگرت. بیرێک پێمدا تەنیبووەوە، بیری ئەوەی ئیـتر ناتوانم ڕێ بکەم. هـاوڕێیـەلم ناتوانن پێمـەوە مـاندوو بن و لەگـەڵ خـۆیاندا هەڵم بگرن. لەوانەیە چاوەخـانووێک لە مـاڵێکی گـوندێکدا وەدۆزن و لەوێم بـەجێ بێڵـن پێش ئەوەی کار لـە کـار بتـرازێ و کـاتی گـرینگ و پڕ بایەخـیـان لە دەسـت بچێ. لە دواوە بەجێ مـابووم. کـەس ئـاگـەی لە دەردەســەری و پەککەوتەییم نەبوو. گـاوم بە ئاسـتـەم بۆ هەڵدەهاتەوە. دەمانچـەکەم توند لەناو چنگم گرت. چڕە دەوەنێکی دڕکاوی لەو نێزیکانەدا هەبوو. هات بە بیـرمـدا: خـۆزیـا دەگەیشـتـمـە لای ئەو دەوەنـە. هـەر هـێنـدە ســـــووکـــــە دەنـگـێـک لـەوێ تـرپـەی دەهـات و ئـازار و دەردەســەریی منیش بـە کـۆتا دەبوو. هـاوڕێیـەلم دەتاسـان، بـەڵام دەیانتـوانی لە پەنا دەوەنەکەدا بمنێژن و بەجێم بێڵن و هەر بـە پەلە بەرەو پەناگـەی چیایەل بۆی دەرچن.

بە ئـاسـتـەم دەمـتـوانـی بیـرێکی ڕووناک پێکەوە بنێم. تێ ڕادەمـام پاشـان ئەوانی تر چییان بـەسـەر دەهات. دەوەنە دڕکاوییـەکە لە پشـتـمەوە بەجێ مـا و هێـزی پێـم نەبوو وەگـەڕێمـە سـەری. بەلادا لەنگیم و کـەڕ و کـوند چاوێکم بە دەوروبەردا گێڕا بۆ ئەوەی شـوێنێکی نوێ وەدۆزم و خـۆمی بۆ پەلکێش بکەم و کۆتا بەم ژیانە دژوارەی خۆم بێنم. بەڵام هـیـچم وەنەدۆزی. تەواو لە هـاوڕێیـەلم دابڕابووم. ئـەوان لە پێـشـمـەوە دیار بـوون بەڵام بە یەکـجـاری مـاڵـئـاواییم لێ کردبوون. ئەگەر ئەوان نەوەستانایە و سـەیری دواوەیان نەکردایە و چاوەڕوانم نەبوونایـە، منیش تەکانێکی ئازاردەرم نەدەدا بۆ ئەوەی خـۆم کۆوەکـەم و گـاو هەڵێنمەوە.

بۆچی لەو شوێنەدا ژیانی خۆم بە کۆتا نەهێنا؟ بۆ؟ من نازانم. بە هیچ شێوەیەک نازانم بۆچی بوو. ڕەنگە فریشتەیەکی چاک لە دوا ساتدا لە خۆکوشتنی دەرباز کردبم. یان ئەوەتا نزا و پاڕانەوەی باوکم یان دایکم بوو؟ من تەنیا بیرم بۆ ئەو دەستە پارێزەرە دەچێ، کە ئەوەندە بە ڕوونی لە ناو باڵەفڕەدا بە هانامەوە هات. ئەدی ئەو کاتە نەپاڕامەوە "دەستم بگرە و ڕێم پێشان دە." ئێستە من فریای هەمان ئەو "هێز"ەم هەیە، هەرچەندە لە بارودۆخێکی جودا لەو بارودۆخەی جاری پێشوو بە هیوای بووم.

هەلی تریش لە ژیانمدا هەڵکەوتووە و بە تاقیکردنەوە بۆم دەرکەوتووە دەتوانم بە هێز و سۆنگەی هانایان دابنێم. هەرچەندە هەینێ وێڵی دوای ئەو پرسیارە نەدەبووم ئاخۆ واتەی ئەمە چییە.

ئەو جارەی ئەستەنبوڵ چۆن بوو؟ حەوتوویێکی بە شێنەییم لەوێ لەگەڵ هاوەڵێکدا بەسەر برد و دەمانویست هێشتا گەلێک دیمای تری شارەکە ببینین. ئێوارەی پێنجشەم بوو، بلیتم بڕی بۆ ئەوەی هەینیی حەوتووی داهاتوو بە سواریی "ئینەبۆلۆ" بچینە "سمیرنا". ئەو کەشتییە حەوتووی جارێک سەری لەوێ دەدا و وەدەگەڕیا. نەخشەکەی خۆمم بەماڵی خۆشمان لە وڵات ڕاگەیاند. لە ناکاو سەبارەت بە سەوێکی نادیارەوە هەستێکی نالەبار دای گرتم و داوام لە هاوەڵەکەم کرد سبەینێ بەیانی لەگەڵمدا بێتە "سمیرنا". هاوەڵەکەم سەیرێکی کردم وەک ئەوەی بە شێتم تێ بگا، چونکە هەرچەندە بە ڕاستی ئینەبۆلۆ بەیانی بە ڕێ دەردەکەوت بەڵام بلیتەیلی مە بۆ حەوتووی داهاتوو بڕابوون و هەروەها هێشتە گەلی چتی تر لە ئەستەنبوڵ مابوون دەمانویست بیانبینین. قسەی هاوەڵەکەی خۆمم سەلماند و هەستام چووم نووستم. بەڵام بەیانی زوو لە خەو ڕابووم و گوتم سەرەڕای هەموو چتێک هەر دەبێ ئەمڕۆ بڕۆم.

بۆ ئەوەی هاوەڵەتیمان تێک نەچێ، هاوەڵەکەم سەری هێنایە بەر. کاتێ گەیشتینە لەنگەر، بێ ئەژمار تەنگانەمان لەبارەی گۆڕینی بلیتەیلەوە بۆ چێ بوو و ئەو دەمای سەیرمان کرد زنجیرەیلی لەنگەر وا بە تەواوی وەبوون بۆمان

دەرکەوت تەنگەتاویمان بێ سـوودە. بەڵام ئەوان ئێمـەیان بینی کـە دەمـانەوێ لەگەڵیـاندا بڕۆین. کەشـتییـەکە وەسـتا و چاوەڕوانمان بوو تا سـەرکەوتین. دوو ڕۆژ دواتر گـەیشـتـینە سـمـیرنا. بەسـەر زەویدا سـەرمـان لـە ئیـفـیـسـووس و پێکراموس دا. کاتێ وەگەڕاینە سمیرنا هاوەڵەیل پێیان گوتین کەوا ئینەبۆلۆ لە گەڕی هەینیی پاشتردا لە ٣٠٠ مەتر دووری لەنگەرگەوە ژێرئاو بووە و تەنیا ڕێبوارێک و دوو کەشتیوان دەرباز بوونە.

دەبێ لە فریشـتە هاناوەرەکەی خـۆم بترازێ کێی تر وێ ئێـوارێ دنەی دابم بۆ ئەوەی بەیانی زوو کۆچ بکەم؟ بێگومان دایکە کلۆڵەکەی خـۆشم لە مـاڵەوە هەواڵی ژێرئاو کەوتنی ئینەبۆلۆ لە هەمـان ئەو سـەیرانەیدا وەدەخوێنێ کـە من دامنابوو لـەگەڵیدا بڕۆم و ئیـتر لەو سـاوەش چەندین حـەوتوو نامـەی منی پێ نەگـەیشـتـبـوو بۆیە یەکسـەر وا زەند دەبـا دەق تەواوە من لە ئاودا خنکاوم و هەموو تکا و نزای وێش بۆ سەلامەتیی من بە بادا ڕۆییوە.

ملی ڕێگەم گـرتبـووە بەر. پەڵە هەورێکم بینی. بۆ ئێـمـەی ئەوروپایی ئەمـە چـتـێکی نائـاسـای تێـدا نـیـیـە. بـەڵام لە ڕۆژهـەڵاتی نـاویندا وەرزی هـاوینـان تا چاوبڕ بکات ئـاسـمـانێکی پرشنگداری شـینە. دیمـای هەور وا لـە پیـاو دەکا لە خۆوە باران و ئاوی بێتەوە بیر. بێگومان نەیدەکرد بـاران، بەڵام بیری "هەور"، "باران"، "سـەرمـا" لە مێـشکی مـەدا بە خـتووکە کەوت و دنەی داین پێدا پێدا تەکانی بەرەو پێشـتر بـدەین. ڕێکەوتی هیچ ئاوێکمـان نەکرد. ئەوەندە نەمـابوو گـەرمـا پیـاو شێت و شـور بکا، بـەڵام هـەوری تاین هـەر لەوێ لە شـوێنی خـۆیدا بوو و چاوی هیوای مەی تێ گیرابوو.

پاشی نیوەڕۆ خـۆمان لەسـەر ڕێگەی بەرەو مـووسڵدا بینییەوە. دوای تاوێک، پەستێک گەیشتە لامان. پیرە پەست بە خۆی و پەنجەرەی تێکشکاویەوە لەتری دەدا و گـرمـە و نـاڵەی لێ هـەڵدەسـتـا. هێندە پڕ بـوو مـۆنجـەی دەهـات. خـەڵک خۆیان بەسـەر لیسـەیلی ئەودیو و ئەودیوەوە هەڵپەساردبوو. سـەر پشـتیشی پڕ بوو لەو سەوەتە و پرێسکەیلەی دەیانبردنە شار. بەڵام بۆ ڕۆژهـەڵاتی ناوین هیچ پەسـتـێک ئەوەندە پڕ نیـیـە ڕێبـوارێکی زێدە نەتوانێ خـۆی تێ بتـرنجـێنێ.

دەستمان بۆی هەڵشەقاند. پەستە بۆر وەستا و ئێمەش پێیدا هەڵگەڕاینە بانی. پەستەکە دەچووە مووسڵ بەڵام نیازی مە ئەوە بوو پێش ئەوەی بگاتە مووسڵ دابەزین.

لە خۆشییانە شاگەشکە بووین کاتێ سەوەیەکی پڕ لە هەڵووژەی تەڕ و ئاودارمان لە تەنیشتی خۆماندا بینی. سەرەتا هەریەکە و هەڵووژەیەکمان هەڵگرت. پاشان یەکێکی تر و یەکێکی تر، تا ئەوەی ئەو سەوە گەورە و گرانە چەند دانە میوەیەکی کەمی لە بندا مایەوە. بریا چەند پارچە زێڕێکمان لەو سەوەیەدا بەجێ بهێشتایە، خوا ئاگەدارە پارەمان زۆر بوو. تا ئەوڕۆش دڵم لیانە سەبارەت بەو پارە نەدانەی خۆمان. کزەبایەکی فێنک لەسەر پشتی پەستەکەدا لێی دەداین و کەیفمان زۆر لەمگێز بوو ئەگەر ئەو سەیرانە ٣٠ کیلۆمەترییە وا زوو تەواو نەبووایە. ئێمە بۆ وەستانی پەستەکە لەسەر ئاگر بووین. لەسەر ئەو دوندە، دەستە پارچە و بێ دەستەڵات هەڵکورمابووین تا چەند کەسێک هاتن ئێمەیان داگرتە خوارەوە.

ئەوە بوو پەستەکە لەبەر ئەو پردەی سەر دیجلەدا وەستا، کە دەچووە ناو مووسڵ. ڕێک لە بەردەم مەڵبەندێکی پۆلیسدا. هەموو ڕێبوارێکی نوێهاتوویان لەوێ دەپشکنی. نەدەشیا خۆ لە پشکنین بدزینەوە، چونکە ڕێبوارەیل یەکە یەکە بە جودا دەهاتنە پشکنین. بەڵام ڕەمزی ئیسپاتی کرد کە دەتوانێ لەگەڵ ئەم هەلومەرجەشدا خۆی بگونجێنێ. چاوی لە پۆلیسێک داگرت و ئاماژەیەکی فێڵبازانەی دایە. پۆلیسەکە پاش ئەوەی ڕێبوارەیلەکەی تری بەڕێ کرد یەکسەر هاتە لای ڕەمزی. لە ڕۆهەڵاتی ناویندا چتێکی ئاسایە پۆلیس بێتە لاتەوە ئەگەر سەرنجێکی بە مەبەستی بدەیتێ. پۆلیسی ئەوێ بەلەنگازن و دەیانەوێ بەسەری ببەن. پێویستییەکی زۆر گەورەیان بە چەند قروشێکی لەلاوە هاتوو هەیە. ئیدی ئەوە بوو بە بەرتیل- کە چتێکی نارەوای هەموو جۆرە کۆمەڵێکە، دەرباز بووین. بەڵام لە ڕۆهەڵاتدا بەرتیل وەرگرتن بە کەمایەتی نایەتە گرتن. ڕێگەیەکی نەریتییانەی ڕاییکردنی کاربارە و بە چتێکی خواسایی دێتە ژمار. بێگومان ڕەمزیش چۆن لە خەمی خۆیدا بوو

ئاوهاش له خهمی مهدا بوو.

به پهله له ههمـان بـهری پردهکـه و له کـونجـێکی قـاوهخـانهیهکدا بـه بێ چاوهچاوکـردن و خـۆدهرخـستن هەڵکونجـاین. هـاتوچۆکـەر زۆر بـوون بەڵام سـهرنجی هیچ کهسـیـان نهدهدا. ڕهمزی فـێڵـهبازێکی زمـانلـووس بوو و پێش تاوێک پۆلیسـێکی تهفره دابوو. بێگومـان نهدهلوا ڕهپوڕاست پێی بڵـێ ئێمـه کـێین. لهبـهرئهوه چیـرۆکـێکی بۆ خـۆی ههڵبـهسـتـابوو. گـوتبـووی ئێـمـه خـوڵامکارهی وین و ڕهمـزی ئێـمـهی لـه سنووری ئێـرانهوه به شـێـوهیهکی نایاسـایی و بـهبێ ئهوهی ڕێ پێـدهی کـۆچکردنی مـهی هـهبێ، ئێـمـهی ئاودیو کردووه. پۆلیسهکه بهرتیلی خۆی وهرگرت و ڕێگەی ڕۆیشتنی داین.

هـهر زوو ئێـواره داهات و بێگومـان ئێـمـهش زۆر شـهکـهت و مـاندوو بووین. جـارێکی تریش له قـاوهخانهیهکدا دانیـشتیـنهوه و پیـاڵه لهسـهر پیـاڵه چامـان وهخـوارد. چا فـهرامـۆشـیـدەر بوو و گـیـانی مـهی دهبووژاندهوه. کـاتێ بهرهبهره چرا دهرکـهوتن و شـهو داهات، ئێـمـه بیـرمـان له باری وێرانهمـاڵیی خـۆمـان کـردهوه. ئهمـه ئهو شـاره بـوو دوێنێ شـهو، کۆندۆرهکـهی لهمـهڕه مـه گێـرهی بهسهردا دهکرد. ئێسـتهش وا لێره له ناو کوردهیلدا مینای کورد دانیشـتووین و دهتوانین تاوێک باری کهساسی خۆمان له بیرهوه ببهین.

بنکهیهکی پشکنینـی پۆلیس له ناوهڕاستی پردهکهدا ههبوو و ههر کهسێکی نیـازی چوونه ناو شـاری بوایه پێناسـهی لێ دهههاته وهرگـرتن و پرسـیـاری لێ دهههاته کـردن. ئێمـه پێناسهمـان ههبوو بهڵام پێناسـهی دهسکار. تهنیا ڕهمـزی لهم بارهدا دهیـتـوانـی وهڵامی پرسـیـارهیـل بداتهوه. کـوردی ئاخـاوتنی مـه زۆر چاکی پێوه دیار بوو، که ئێمه بیانیین.

ئێـمـه ئهو دهمـه له دهرهوهی گـۆڕهپانی مـهترسـیـی ڕاسـتـهوخـۆدا بووین، دهمـانویست پێش ئهوهی ههنگاوی تر ههڵێنین چهندی بـۆمـان بشـێ چاکـتـر باردۆخـهکه تاوتوێ بکهین. شـهومـان له سـهربانی خـانێکدا بهسـهر برد و بۆ بهیانی کـاتێ له خهو ڕابووین، هـهرچهنده زۆریش شل و شهکهت بووین، بهڵام، بـه ورهیهکی نوێوه سـازی بـهرهنگاربوونـی ئـهو ڕۆژه بووینـهوه. جـودایـی

ڕۆهەڵات بریتییە لە گەرمای لە کێش بەدەری ڕۆژ کە بەرگەگری لە دەرەوەی ماڵدا چتێکی دژوارە، لەگەڵ سەرمای فێنکی شەوانی دەرەوەدا کە چەند پیاڵە چایەکی بەلەزەت وات لێ دەکـــا هەست بکەی وزە و بڕســـتی لەبەرچووت بۆ وەگەڕیایە.

ڕەمزی گوتی: «ئێوە ناتوانن بەسەر پردەکەدا بپەڕنەوە. پشکنینەکەی زۆر توند و ڕژدانەیە و پۆلیس پرسیار لە یەکە یەکەی خۆتان دەکا.»

ڕەمزی پێشنیازی ئەوەی کرد خۆی بە تەنیا بچێتە ناو شار و بە دوای خزمێکیدا بگەڕێ بەڵکو بتوانێ ئێمە وەشارێ. کاتێ ئەو قسەی دەکرد من سەیرێکی ئەوبەری ڕووبارەکەم کرد. بیرم کردەوە، ئاخۆ دەشێ بە مەلە بپەڕینەوە؟ ڕەمزی بیری منی وەخوێند، گوتی: "لەوانەیە پەڕینەوە بە مەلە لە شەواندا ببێ، چونکە وێ گاوێ ناکەوینە بەر چاوەیل."

«باشە ڕەمزی خوا حافیزت بێت. ئێمە لێرە چاوەڕوانت دەبین.» ڕوومان کردە کۆنە چایەخانەیەکی سەر ئەو شەقامەی بەرەو پردەکە دەچوو. چووین بە بێباکی لەوێ دانیشتین. بیرم کردەوە ئاخۆ کاورای خاوەن چایەخانە سۆسەی هیچ چتێکی لە مەدا نەکردووە؟ ئێمە بە بێ ڕەمزی زۆر سەغڵەت بووین. سەرەڕای هەموو بێباکییەکمان، دەتگوت لەسەر پۆلووی ئاگردا دانیشتووین.

ئاپۆڕەیەکی گەورەی هاتوچۆکەرەیل بە بەردەمی مەدا ڕادەبووری: گوێدرێژ بە بارەوە، کوردی ئەسپسوار، پیادە چتومەکی خۆیان بۆ بازێڕ دەبرد. ژمارەیەکی فرەی ئۆتۆمبێلیش تێکەڵی وان دەبوون. زۆربەیان ئۆتۆمۆبێلی سوپایی بوون. چاوێک لە خەفیەیدا مەشقی کردبێ هەرگاو بە ئاگایە و چاوەچاویەتی هەموو ئەو وردە زانیارییەلە هەڵبژێری کە پێوەندییەکی پتەویان بە سوپاوە هەیە. ئەگەر هاوەڵەیلم لە وڵات دەزاننەوە ئێرە چ سەربازێکی لێیە و ژمارەیان چەندە، وێ دەمێ دەتوانن بڕیارێکی گونجاو لەبارەی ئەو ڕاپۆرتە دژ بە یەکانەوە بدەن، کە ئێستە دەگاتە دەستیان و هەموو جۆرە نەخشەیەکی ستراتیجی دەنێتە لاوە.

هەروەها بۆ بابەتی هێڵە نوێیەکەی شەمەندەفەریش گوایە لە نێوانی بەغدا

و باكوردا هاتووەتە كێشان، پاشی چەند ڕۆژێک بۆمان دەركەوت ئەم هێڵە نەک هەر نەهاتووەتە دامەزراندن و خەریکی دامەزراندنیشی نین، بگرە هەروەها تا ئێستە نەخشەشی بۆ نەهاتووەتە دانان. پێدا پێدا زانیاریی بە درۆ لە لایەن ئەو دەسکیسەیلەی کە بە ڕاستی لە پێناوی دوژمندا کاریان دەکرد، بۆ ئەڵمانیا دەڕۆیی. ئەگەر بەپێی نەخشەی خۆمان ئێمەیان هەڵبدایەتە سەر زەوی، ئەوا لە هەمان ئێوارەدا زانیاریی بەنرخم لەو بارەیەوە بە وڵات دەگەیاند.

دوای ساتەوەختێک ڕەمزی گەڕایەوە. ئاماژەی داین و ئێمەش بە دوای وی کەوتین. بە چرپەیەکەوە گوتی: پێویستە لێرە بڕۆین. لەگەڵ خزمەکەمدا قسەم کرد. مووسڵ پڕیەتی لە کارمەندی سوپاییی ئەمەریکا و ئینگلیز و سەرتاپای خەڵکی ئەم شارە یان خەفیەن یان گوێ لە مستی ئەوانن.

گوتمان: "ئەدی بنکەی پشکنینی سەر پردەکە؟"

«چۆنم پێشبینی کردبوو ئاوەها بوو. هەموو کەسێک بە دوودڵی و گومانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دێتە کردن. بە وردی پرسیار لە هەموو ڕێبوارێک دەکەن. ئەگەر پێویستیش بە وەتوێژینی پتر بکات ئەوا دێتە دەسبەسەر کردن.»

«دانیشتوان بە ئێمەیان زانیوە؟»

گوتی: «نەک هەر ئەوان بگرە سەرانسەری عێراق لە مە جمیوە. بەیت و بالۆرە و وتواتێکی لە سنوور بەدەر لەبارەی مەوە هاتووەتە هۆنانەدن و سەرتاپێی وڵاتی گرتووەتەوە. خزمەکەم پێی گوتم جاڕی نرخێکی گەورەیان بۆ سەری هەر یەکێک لە مە داوە. داوایان لە تێکڕای دانیشتوان کردووە بەشداری لەو پشکنینەدا بکەن کە بۆ گرتنی مە دەستی پێ کردووە.»

لە دڵی خۆمدا گوتم: خۆزیا ئەوەندەمان بۆ دەلوا ملی خۆمان لە پەتی سێدارە ڕزگار بکەین.

نێزیکەی ٥٠ کیلۆمەتر لە ژووروی دیجلەدا بواری پەڕینەوە لە ڕووبار هەیە. لەوێش پۆلیس هەیە، بەڵام دەبوو ڕێگەیەک وەدۆزین بۆ ئەوەی بە دزیی

چاوەیلەوە بپــەڕینەوە. ئەوە بــوو ڕۆیشــتنی چەنــد ڕۆژێکی تــریشــمــان لــەبەر هەتاوی هەڵایساودا دەکەوتەوە پێش.

وەدەر کــەوتین، دوور بــەدووری ڕێگە دەڕۆیشــتین. پاش ئەوەی نیــوە ســاتێک تێ پەڕی، چەند ئۆتۆمۆبێلێکی باریی سوپایی لە کەلەکەی مەوە پەیدا بوون. پێش ئەوەی ئۆتۆمــۆبێلەیلــەکــە بــووەستن، ســەربازی چەک بــە دەست خــۆیان هەڵدایە ســەر زەوی. چواردەوری مــەیان گــرت. دڵم بە تــەپوکــوت کــەوت. گــوتم ئیتر هەموو چتێک تەواو.

بەڵام هەندێک جار لە هەلومەرجی ئاوهاییدا، ڕاچڵەکینی وا گەورە، کڕ و کپمان دەکا و وامان لێ دەکا خۆمان نەبان بکەین. ئێمە لە ڕۆیشتنی خۆمان بــەردەوام بووین بێ ئــەوەی گــــاومــــان گــــورج یان شــل بکــەینــەوە. بــۆ بــەخت چاکیمان هیچ چتێک ڕووی نەدا. ئەمە گاڵتە و تیزێکی لە ناکاوی چارەنووس بوو. ئەوەی ئێمــە لێی بە هەڵەدا چووبووین تەنیــا وەرزینێکی ســوپایی بوو و هیــچی تر. ئاخــۆ ئێمــە لە ترســانە خــۆمــان وێک هێنــابووەوە؟ یانە ســەرنجی کەســمــان بۆ تەنگەتاویی خــۆمان ڕاکێشــابوو؟ ئەم جۆرە بیر و دڵەڕاوکەیلە زۆری هەراسان دەکردین.

ئەو ڕۆژەش وەک ڕۆژەیلی تر گــەرم بوو و ئێمەش گشتمان دەرد و ئازارێکی زۆرمــان چێــژت. بەڵام کــاتێ دەهاتەوە بیــرمــان ئەوا ســەریان لە دوا نــاوین، هەنگاومــان گورجتــر دەکردەوە. ئێمــە نەمــاندەویست هەمــوو ئەو کۆشــەوەیەی کردوومــانە بە فیــڕۆ بــچێ. دەزانی چەند تینوو بووین ئەو دەمــەی پاش نیــوەڕۆ بەلای گــۆمــاوێکی ســەوزبــاودا تێ پەڕین، جــۆگەلــەیەکی بچــووکی تێ دەڕژا و هاڵاوی بۆگەنێکی بێزەوەری لێ هەڵدەســتــا، بەڵام لە هەمــووی ناخــۆشــتــر ئەو پشکڵی مەڕ و مــاڵاتەی ســەت مەترێک لە دووری ئــەو ناوە دەچێران، دەهــاتە نــاو گۆمــاوەکەوە. دانەوینــە ســەرچۆکــەیل، ئاومــان بەســەری خۆمــاندا کرد و تێرمان لێ وەخــوارد. ئێمــە هــەر ئــەوەندەمــان دەویسـت تا تینــووەتیــمــان دەشــکێ ئاو وەخۆین.

بەڵام ئەمــە چتــێکی بــە مــەترسی بوو. ئــەگــەر لەســەر ئەو ڕێبــازە بەردەوام

بووینایە ئەوا بە دەست دیزانتری و سێبەرۆ یان کۆلێراوە گیانمان لە دەست دەدا. ئەو دەنکەیلی ئاوپالێوی، کە دوێنێ بەیانی بە پێی ئامۆژگاریی بە دەم خۆ بۆ ڕۆیشتن سازکردنەوەی یەکێکی تیپەکەمان، لەگەڵ خۆماندا هەڵگرتبوو، خەریک بوو تەواو دەبوون. بە کورتی دەبوو بەسەر ترس و دڵەڕاوکەی پێوەندی بە خەڵکەوە کردندا زاڵ ببین.

ئەو چەند ڕەشماڵەی ڕەوەندەیل، کە لەو نێزیکانە هاتبوونە هەڵدان بە لای مەوە چاترین چت بوون، ڕەشماڵەیلەکە دوور و نێزیکی ڕێگە بوون. پێ نەدەچوو هێشتا وتوواتی لەمەڕ ئەڵمانەیلی هەڵاتووەوە گەیشتبێتە وان. ڕوومان لەوێ کرد. ئەمجارەش ڕەمزی بە زوانزانینی خۆیەوە نەیهێشت هیچ گومانێک سەرهەڵبدا و وەخواردنێکی پیاوانەشی بۆ وەرگرتین.

ڕەمزی کاتێ گەیشتە بەردەرگەی ڕەشماڵەکە دەنگی هەڵبڕی "سەلامونعەلێکم"، "عەلێکومەسەلام." یەکێک لە ژوورەوە وەڵامی دایەوە. پیرەژنێک هاتە دەرەوە. دیاربوو لە ژوورەوە لەبەر سێبەردا رازابوو. ڕەمزی بە خوڵکی پیرەژن لەبەر سێبەری ڕەشماڵەکەدا ڕۆنیشت. ئێمەش دوور بەدووری وی هەڵکونجاین.

ڕەمزی گوتی: "خوا تەمەنت درێژ بکا، دایە."

پیرەژن وەڵامی داوە: "چەند ڕۆژێکی کەمم ماوە، ئەفەندی".

ڕەمزی گوتی: "خوا دەس بە تەمەنتەوە بگرێ".

گوتی: "تینووتە، ئەفەندی؟" چوو هەندێک دۆ بینێ.

"ڕۆژی خوا بۆ چاکەی زەوییە،" ڕەمزی گوتی.

"بەڵام بۆ وانەی بەڕێوەن چاک نییە،" پیرەژن وەڵامی دایەوە.

پیرەژن بە خۆ و بە دەفرێکی گەورەی "دۆ"وە وەگەڕیا. دۆیەکەمان بە نۆرە وەخوارد «بێگومان ڕەمزییە فەندی یەکەم جار وەیدەخوارد» تا چۆڕمان لێی بڕی. ئەو چتەی دوێنێ لووتمان لێ لا دەدا ئەمڕۆ بە لامانەوە زۆر بە تام بوو. پاشان هەستاینەوە و ڕەمزی پارەیەکی خستە ناو دەستی پیرەژنەوە. بە ڕێ

کەوتین و پیرەژن لە دوامانەوە گوتی:

"یاخوا ڕێگەتان خۆش و دوورە بەڵا بن" نزایەکی چاکە، هەموومان گوتمان، تا ڕادەیەک بە گوڕ و تینتر ملی ڕێگای خۆمان گرتەوە بەر.

بەرەبەری ئێوارە گەیشتینە گوندێکی بچووک، گوندەکە کەمێک لە شارێیەکەوە دوور بوو. لە کژی ئاوهادا پیاو ناتوانێ شەو و ڕۆژ لەسەر یەک بە ڕێگەوە بێ. دەبوو لە شوێنێکدا وچانێک بدەین. هەروەها بە گوێرەی بەرفراوانیی دەشت و دەر و دووریی ڕێگەوبان، ڕۆیشتنی بە پێیان زۆر درێژەکێش بوو، لەبەرئەوە بیرمان لەوە دەکردەوە بەڵکو یەکێکی بە متمانەمان بۆ هەڵکەوێ و چەند ئەسپێکمان بۆ پەیدا بکا. کات بە پەلە بەسەر دەچوو و ئێمەش دەمانویست تا زووە لە دەست دەربچین و بگەینە شوێنێکی تەنا و دوورە دەست.

ڕەمزی بۆی دەرکەوت، پیرەمێردێک کە ئێمە میوانی بووین باوکی وی دەناسێ، ئەوە وای کرد ڕەمزی متمانەی پێ بکا و بەڵێنی لێ وەربگرێ چەند ئەسپێک بۆ مە پەیدا بکا. ئیتر دەمانتوانی ئەو شەوە ڕێگەیەکی دوور و درێژ ببڕین و بۆ بەیانی بگەینە سەر ئەو ڕووبارەی ئامانجی مە بوو. پیرەمێرد کرێی خۆی وەرگرت، کە بینی ئەو چتەی پێویستە هەمانە، لێی دا بچێ ئەسپ پەیدا بکا. لەو دەمەیەدا ئێمە نووستین. کاتێ وەئاگای هێنایانەوە مانگەشەوێکی ڕووناک بوو. لە خەو هەستاین، تەواو وشیارەوە بووین و خۆمان بۆ ڕۆیشتن ساز کرد.

سێ ئەسپیان بۆ هێنابووین. سێ ئەسپی لەڕ و لاوازی پێست بە ئێسکەوە نووساو، گومانی تێدا نەبوو کە تەنیا بە پووش و پەڵۆشە هاتبوونە بەخێوکردن. بەڵام ئێمە چارمان ناچار بوو. سوار بووین، دەبوو یەکێک لە وڵاخەیلەکە دوو کەسمان هەڵگرێ. بەڵەدەکەمان لە پێشەوە سواری ئەسپێک بووبوو. کابرایەکی تەمەن مامناوەندی، ڕووێکی گرژ و مۆنی سەیری هەبوو، جووتە چاوێکی نامۆ بە ڕوویەوە دەتریسکانەوە. کەسمان پێی خۆش نەبوو خۆی بداتە دەست ئەو چەکدارە کێوی و ئەشقیایە بەڵام کاورای پیرەمێرد

دڵنیای کردین کە پیاوێکی ناسە و بە ئاسانی دەمانگەیەنێتە جێ مەبەستی خۆمان.

دەبوو نرخی هەمــوو ئەوەمــان پێــشــەکی بدایە. ئەوجــا بە هەنگاوی بە ئەسپایی و سڵۆکەوە، گوندەکەمان بەجێ هێڵا و ملمان لە شەوی دڕ و تووش نا. حــەزمــان دەکـرد پێ هەڵگرین و وە لەزتر بڕۆین بەڵام ئەسـپـەیل ملیـان نەدەدا. سات لە دوای سات ڕابوورین و زۆری نەخایاند نیوەی ڕێگەمان بە بێ ڕوودانی هیچ چتێک بڕی. بەڵەدەکەی مە کڕ و بێدەنگ لە بەراییەوە دەڕۆیی. ڕەمــزی وریا بوو نەبادا لە وتووێژی خــۆی لەگــەڵ کــاورادا چتــێکی لە دەم بترازێ. گاوێ بەیان ئەنگووت، کەیفمان هاتەوە بەر. تێ بیراین ئیتر ناشێ پتر پشت بەم بەڵەدە دڕدۆنگە ببەستین. هیچ نەبوایە دەبوو بزانین کاورا ئێمە بەرەو کوێ دەبا.

گوندێک کەوتە پێشمان و ویستمان تاوێکی تێدا پشوو بدەین و ئەسپەیلیش ئالیک و ئاو بدەین. هەروەها تەواوێکیش گــەرم داهاتبــوو، لە ســێــبــەری خـانووێکدا لامـان دا. ڕەمـزی نان و ئاوی بۆ وەرگـرتین و ئەسـپـەیلیـشـمـان بەردایە سەر ئاو. نیو ساتێک ڕابووری بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی وەگەڕیانی ئەسپەیل دەربکەوێ، ئێمە تەنگەتاو بووین، ڕەمزی چوو بیانگرێتەوە. پاشی چەند وردکەیەک گەڕایەوە، ئاگر لە چاویەوە دەباری.

گوتی: «دەزانن خەڵکی گوند چییان پێ گوتم.» زانیمـان چتێکی نالەبار ڕووی داوە چونکە چ جاران ڕەمزیمان بەم تووڕەییە نەبینیبوو.

"کاورا سوار بووە و بە خۆ و هەموو ئەسپەیلەوە بەرەو مووسڵ ڕۆیشتووە."

کەواتە ئەمە فێڵ و تەڵەکەیەک بوو. کاورا پێش هەمـوو چتێک پارەی خۆی وەرگرت، ئەوجا ئێمەی هێنایە ناوچەیەکی تەواو چۆڵ و دوور لە هاتوچۆ. لێرە دەرچوونمان بە ٢٤ ساتیش لە تواندا نەبوو. وێڕای ئەوەش کـاورا یەکســەر بەرەو مــووسڵ هەیپــێی لێ کـردووە بۆ ئەوەی لە برێتــیی سی پارچە زیودا بازرگـانی بە مـەوە بکا. هێندە نابا تێکڕای خـەڵک دەکـەونە دوامــان و پێش

ئەوەی لە دەست دەربچین بە دیلی دێینە گرتن.

بەڵام دۆشدامان و بێ هیوایی چ سوودیان نەبوو، دەبوو بە خۆ بکەوین. چی بکەین؟ پێشی هەموو چتێک دەبوو لە گوند وەدەر کەوین. بە پێیان دەرچووین و پاشی ساتێک هاتینە کوێرەدێیەک، برێتی بوو لە کۆمەڵە زنجێکی لە گڵ چێکردی. ئافرەتێک لەسەر بیردا بۆ خۆی کاری دەکرد، کچە کۆچەرییەکی بەژن زراوی شۆخ و شەنگ. ڕەمزی داوای ئاوی لێ کرد. ئەویش گۆزەیەکی دایە دەستمان، تا تێر بووین وەمانخوارد. بیراوێکی پاک نەبوو بگرە شینکاوێکی لیتە بوو، بەڵام هیچ نەبێ لە ئاوە تێکەڵ بە پشکڵەکەی دوێنێ چێتر بوو.

ئافرەتەکە خولکی ماڵەوەی کردین بۆ ئەوەی سووکە نانێک بخۆین، ڕەمزیش داوایەکەی قەبووڵ کرد. میوانداریی ڕۆهەڵاتی ناوین چتێکی چەند سەرسوڕهێنە. چەندین جارم بە چاوی خۆم دیوە و چتێکی چەند خۆشە پیاو خواردن و وەخواردنی بە بێ هیچ مەبەستێک پێ بێتە دان، چاوەڕوانیی وەرگرتنی هیچ کرێیەکی لە برێتیدا نەیەتە کردن، بگرە هەر تەنیا لە پێناوی مێوانداری و نانبدەییدا. مێردەکەی لە ژوورەوە بوو، پیرە کۆچەرییەکی چوارشانە، ڕەنگ و ڕووی چرچ و لۆچداری پیاوە، لە گوێن قاوە هەڵقرچا بوو، بەڵام چاوەیلەی وی بەزەیی و چاکەیان دەنواند. هەندێ لە کوڕەیلیشی لەوێ بوون، یەک لە یەک بە خۆوەتر و بە سەمەرتر. چایان لە پێش مەدا دانا، نانیان بۆ هێنایین. بەجێیان هێشتین بە ئارەزووی خۆمان پشوو بدەین. پیرەمێرد خۆی لە سووچێکدا وەستابوو، دەست لەسەر سینگ، تا هەرچی چتێکمان بووێ بۆمانی جێبەجێ بکا.

ڕەمزی هەر زوو سەری باسخواسی لەگەڵ پیرەمێرددا وەکرد.

گوتی: "باوە گیان، دەمانەوێ لە زێ بپەڕینەوە"

"زێ زۆر دوورە ئەفەندی."، پیرەمێرد وەڵامی دایەوە. وچانێک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی:

"ئەفەندی ماڵ ماڵی خۆتە. لەگەڵ دەست و پێوەندەیلی خۆتدا لێرە بمێنەوە

تا تینی گەرما دەشکێ ئەوجا ورده ورده بدەنەوه ڕێ"

ڕەمزی گوتی: "باوه، چی لەو کاورایه دەکەی ئەگەر ئەسپت لێ به کرێ گرت و پاشـان به بیـانگەی ئەوەی دەچێ ئاویان دەدا، له دەمی هـەره پێـویست و ناچاریدا به جێت بهێڵێ؟"

پیرەمێرد نەرمه بزەیەکی هاتێ و شەویلاگەی تا نێزیکی بناگوێی وەبوو:

"خوام شایەت بێ، دەردێکی ئەوتۆی دەدەمێ تا ماوه له بیری نەکا."

ڕەمـزی گـوتی: "ڕاست دەکـەی باوه، بەڵام پێش ئەوەی ئێـمـه به خـۆمـان ڕابگەین کـابرا هـەڵات. چی بکەین؟ وەدوای وی بکەوین بۆ ئەوەی بیگرین و تۆڵەی خۆمانی لێ وەکەین یانەخۆ بەرەو ژێ بڕۆین؟"

کـۆچـەرییـەکـه پـێ کـەنی و گـوتی: "من یارمـەتیـتـان دەدەم ئەفـەندی. دوو گـوێدرێژم هـەیه دەتوانن به نۆره سـواری پشـتـیـان بن. بـەڵام دەبێ بەردەوام یەکێکتان بەپێ بڕوا."

"ئەی خۆت، باوه؟"ڕەمزی پرسیاری کرد.

پیرەمێرد خۆی هەڵکێشا و به بڕێک بێزارییەوه گوتی:

"بۆچی چما کۆچەر هەرگاو به سواری دەڕۆن؟"

جـارێکی تریش به شـێوەیەکی هەواڵینی دەست لەسـەر سنگ نوشتـایەوه. گەڕه چایەکی تری هـێنا و چووه دەرەوه گوێدرێژەیلەکه بێنێ. گەڕایەوه و وەک لێره باوه کوندەیەکی پڕ له ئاو کرد و لەسەر پشتی یەکێک له گوێدرێژەیلەکەی دانا. دەبوو زۆر ئاگـەداری ئەو ئاوه پڕ باییـیه بین. بەڵام ئاوەکـه بەشی ئەوەی دەکرد هـەمووما ن ناو بەناوێک دەم و گەرووی خۆمانی پێ تەڕەوه بکەین.

پێش ئەوەی بەڕێ بکەوین، ڕەمزی ویستی پێشدەست کرێیـەکه بدا، بەڵام کاورای کۆچەریی چاوبڵند به پاشی دایەوه.

گوتی: "که گەیشتینه جێ وێ دەمێ بیده."

دەبوو ئێـستـه بەسـەر بانێکی تەواو ڕووتەندا بڕۆین و پاشـان له نشکاوه بەرەو نـەوراییـیـەکـەی دۆڵی دیجله نشـێـو ببـینەوه. هـەتاو وەک جـاران بێ

بەزەییـیـانە لێـی دەداین. بەڵام ئەو ترسـەی نەبادا لـە پشـتـەوە زەبرێکمـان لێ بدەن، نەیهێشت تررووکەیەک چییە وچان بدەین. ئەو ڕۆژە بۆ ڕەمزی ڕۆژێکی ناسک و بە مەترسی بوو. لە بەرەو دواییهاتنی کۆڕەوی وێ ڕۆژێدا، ڕەمزی بە هۆی تیشکی گەرمی هەتاوەوە ئەوەندەی نەمابوو لە پەلوپۆ بکەوێ. شانازیمان بەوە هات تەواوی بەشـە ئاوەکـەی خـۆمـان دەرخـواردی وی بدەین. ڕەمـزی بە چاوی کز و ماتەوە سواری گوێدرێژەکە بووبوو، یان چاتر بڵێین بە شەکەتییەوە خـۆی لەسـەر پشـتی گـیر کـردبوو. ئەوجـا دەمی بە کـوندەکـەوە نا تاتێری لێ وەخـوارد. کاتێ گـەیشـتـینە سـەر زێ، بە جۆرێک هێـزمـان لەبەر برابوو لەسـەر زگ ڕاکـشـاین و وەک مـەڕ و مـاڵات بـینمـان بـە ئاوەکـەوە نا. پـارەی کـاورای کۆچەریمان دا و بە خـۆی و گوێدرێژیەوە بەرەو ماڵ وەگەڕیا. پاشـان بۆ ماوەی دەمەساتێک لە سێبەری دار و دەوەندا پاڵ کەوتین و خەوەنووچکە بردینیەوە.

ڕێژەنی ڕووبارەکەی پێشمان ورەی هێنااینەوە بەر. لە پەسارگەی خۆمانەوە بارودۆخمـان تاوتوێ کـرد. تەوژمـەکە توند بوو، هـەروەهـا ڕووبارەکە نێزیکەی ٢٠٠ مەترێکیش بەرین دەبوو. ئەگەر چارمان ناچار بوایە دەمانتوانی بە شەو خۆمانی لێ بدەین.

لەو بەرەوە، ڕێک لەسـەر لێواری ڕووبارەکەدا گـوندێکی پازدە بیـست مـاڵی هـەبوو. لـە چەپی گـوندەکـەدا باڵەخـانەیەکی بەردینی سـپی هـەبوو، هـەبوایە و نەبوایە ئەوە مـەڵبـەندی پۆلیس بوو. هـەر نیـو سـات جـارێک کـەڵەکـێک دەپەڕییـەوە، بەڵام سـەبارەت بە تـەنکاویی ڕووبارەکـە و لێـوارە پڕ بەردەکـەی، کەڵەک نەیدەتوانی تا سـەر لێوی ڕووبار بـچێ. ئیـتر دەبوو پێت پەتی بکەی و رانکت هـەڵکێـشی و ئەوی تری بە خـۆت بڕۆی. دەبوو دەسـتی یەکـتـر بگرن و کەڵەکوانەکەش ڕێی نیشـان دەدان و هەمووانی بە تەنکاوترین شـوێندا ڕەوانە دەکـرد. کـاتێ دەگـەیینە سـەر لێـوارەکـە، پۆلیـسـێک هـەبوو هـاتوچۆکـەرەیلی دەپشکنی. تەنیا لەم باری پشکنینەدا پۆلیسەکە بە چاو دەهاتە دیتن.

هێزی داهێنانی ڕەمزی لە برانەوە نەدەهات. بە پێی زانینی زگماکی خـۆی لەبارەی دەروونناسـینی خـەڵکی وڵاتەکەیەوە، دەسـبـەجێ نەخـشـەیەکی کێشا.

کاتێ کەڵەک گەیشتە جێ، ڕێبوارە وەستاوەیلەکە سوار بوون و کەڵەک وەکشایە ناو تەوژمەکە، ڕمزی باڵی هەڵتەکاند و هاواری کرد ئێمەش دەمانەوێ سوار بین، بەڵام کاورای کەڵەکوان بۆی نەلوا جارێکی تر وەگەڕێ و لەنگەر بگرێتەوە، ڕەمزی بە دوای کاوراوە دەستی بە هەرا و هۆریا کرد.

"کورە بگەڕێوە ئێرە هەی ناپیاوی هەرە گەورە. بۆ پێت وایە ئەوڕۆ هەمووی لە چاوەڕوانی تۆدا دەبین."

گوتی: "زۆر باشە. زوو دێمەوە و کاروانێکی سەربەخۆتان بۆ دەکەم، بەڵام زۆری تێ دەچێ."

ڕەمزی بە تووڕەییەکی فێڵبازانەوە نەڕاندی: "چتۆ تەڵەکەبازێکە، چتۆ دەسبڕێکە، خۆ هەمووتان گوێتان لێ بوو؟ کاورایەکی ئەوەندە بێ دەسەڵاتە ناکارێ جارێکی تر کەڵەکی خۆی ببەستێتەوە هێشتا پارەشی لێم دەوێ. بۆم بووەستە تا دەگەڕێیەوە ئێرە کاورا. ئەوجا تێت دەگەینم لەگەڵ کێدا قسە دەکەی."

ئەو کاتە کەڵەک خەریک بوو لە زێ دەپەڕییەوە، کابرای کەڵەکوان نەیدەتوانی وەڵام بداتەوە. دەستی ڕێبوارەیلەکەی گرت و بەرەو دەراوی بردن و وەگەڕیا. پیاو ڕاست بڵێ زوو هاتەوە. ئێمە سوار بووین، ڕەمزی وەکو پاشایەک بەوپەڕی دڕدۆنگییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کاورادا دەکرد، بۆ ئەوەی ئاشکرا بێتە زانین ها ئەوەتا لەگەڵ سێ دەست و پێوەنددا لە ڕێدایە. ئێمە هەرسێ دەست و پێوەند پێکەوە بە مات و مەلوولی هەڵکورمابووین و ورتەمان لێوە نەدەهات، وەک بڵێی تاکە خواستیمان لە ژیاندا ئەوە بێ بەوپەڕی ڕووخۆشییەوە فەرمان لە ئاغای خۆمان وەرگرین و جێبەجێی بکەین. کاورای کەڵەکوان بە بێدەنگی دەستی ڕێزی بە سنگەوە نا و هەموو پرسیارێکی زۆر بە شەرم و تۆرەوە وەڵام دایەوە. ئەمجارەش کەڵەک لەنگەری گرت و ئێمە دابەزیینە خوارەوە. کەڵەکوان بە بێدەنگی دەستی گرتین و بەرەو دەراوی بردین. ڕەمزی هیچی نەگوت، ئێمەش زارمان لێک نەکردەوە، هەموو لە هەموو کشومات بووین. ئەوەش ڕێک ئەو چتە بوو ئێمە مەبەستمان بوو.

کاتێ گەیشتینە سەر لێوار، یەکە یەکە ڕۆیشتین. کەڵەکوان بەوپەڕی ڕێز و نەوازییەوە تا ئەولاتر ڕێگەی پێشان داین. ئەگەر پۆلیسەکە هەر پرسیارێکی لێ بکردایە دەیگوت خەمت نەبێ ئەو پیاوەی لە رووبارم پەڕاندەوە مێرخاسێکی بە ناو و دەنگ بوو.

بەڵام ڕەمزی پێی وا نەبوو چتی وا ڕوو بدا، ڕادیتنەکەشی ڕاست دەرچوو. ئەو پۆلیسە بچووک و کەم دەرامەتەیلە، ئەرکی خۆیان بە دڵسۆزی و دەروونێکی زیندووەوە ڕادەپەڕێنن و هەر نیو سات جارێک کەڵەکێک دێ و دەچێ و ئەوان بە ساویلکەییی خۆیان دەیپشکنن. بەڵام ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوانەوە، هیچ کەڵەکێک نایە و ناچێ. ئیدی ئێمە دەتوانین بە دزیی چاوی یاساوە پێی پێوە بنێین. پاشی پێنج سەت مەترێک بۆ لایەکی تر وەردەچەرخێین و دەکۆچێنین، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین لە چاوی پۆلیسەکە ون دەبین. بەم شێوەیە بێ ئەوەی کەس بە مە بزانێ لە دیجلە پەڕینەوە و سەرکەوتنێکی چاکمان لە ڕێڕۆیشتنی خۆماندا بەدی هێنا. پاشان زانیمانەوە ئەو پۆلیسە، تەبای سەرپاک بەرپرسەیلی تری یاسا، پێش ماوەیەکی کەم فەرمانی پێ هاتبووە دان، هۆشیار بێ و لە هەموو ڕێبوارێک بپێچێتەوە چونکە چەتربازی ئەڵمانی دابەزیون و وا پێوەن هەڵدێن.

ئێستە ئێمە چیایەلمان سێ چوار ڕۆژێک لێوە دوور بوون. لەوێ دەکەوتینە سایەی پاراستنی هاوەڵ و هۆگرەیلی ڕەمزییەوە. ئەمە هانی داین خۆمان گورجتر بکەینەوە و بەرەو پێش بکوتین. دەمەتەقێیەکی کورتمان کرد. هەمووەمان لەسەر ئەو باوەڕە بووین، کە پێویستە بەوپەڕی توانستەوە پێ هەڵگرین. هەندێک جار بۆ پشووێک، سەرخەو دەمانی بردەوە و پاشان لە جاران ماندووتر هەڵدەستاینەوە، هەزاران مێشوولەمان تێوە ئاڵابوون. پێستی پێمان داماڵکابوو و خوێنی لەبەر دەڕۆیی. پەنجەپێمان بە خوێنی وشکەوەبوو بە یەکەوە لکابوون. کەس بیری لە بژێوی نەدەکردەوە. ئاویشمان لە کوێ بۆ هەڵبکەوتایە لەوێمان وەدەخوارد. تەنیا بیرمان لە گەیشتنە ئارمانج دەکردەوە. چەندی دوژمن لە وەدۆزینی مەدا بە پاش بکەوتایە، پشکنین و شوون

هەڵگرتنی وی بۆڕ و بەرینتر و چوست و چالاکتر دەبوون. هەنگاومان گورج کرد، ڕۆژ و شەو، ترسی گیران چنگ لەسەر شان سەری لە دوامان نابوو.

دواجار ئێوارەیەکیان گەیشتینە گوندێکی باوکی ڕەمزی. باوکی رەمزی ماڵی خۆی لێرە بوو، ئەگەر خۆشی لە ماڵەوە نەبوایە ئەوا پێوەندەیلی جێ متمانەی وی ڕایان دەگرتین و مشووریان دەخواردین. ڕەمزی لە سێبەری کەلاوەیەکدا بە جێی هێشتین و خۆشی بۆ ئەوەی کەس نەیبینی بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆدا چووەوە ماڵ. هێندەی نەبرد پاکارەیل ئەسپیان بۆ هێناین و بە شێوەیەکی هۆگرانە ئاماژەیان بۆ کردین کەوا لەلایەن ڕەمزییەوە هاتوونەتە شەندن و پێویستە بە سواری بڕۆین. پاش ماوەیەکی کەم گەیشتینە حەسار و بانێک، ئێمەیان بردە دیوەخان و بە ئەسپایی دانیشتین. پێڵاومان لە پێ داکەند و سەرخەوێکی چاکمان کرد.



نافیع ڕەشید ئاغا لە گوندی (تەرجان)

ئەو دەمای بە ئاگا هاتین ئێوارە درەنگ بوو. سەرکەوتینە سەربان بۆ ئەوەی خۆمان بدەینە بەر شنەبای فێنکی ئێوارە. هەریەکە و دەیچرپاندە گوێی ئەوی تر "باوکی رەمزی لەم دەمەدا لە گوند نییە"، ئەو پاکارەیلەی ڕەمزییان لە منداڵییەوە دەناسی و خۆشیان دەویست، ڕەمزی، پسپۆڕی و ئەزموونديتەییی مەی بۆ باس کردن، لێرە پیاو دەتوانێ وەکری و بێ ترس بدوێ چونکە ئەو چتەی گوێیان لێی دەبێ وشەیەکی چییە لە زاریان دەرناچێ، وەکو مردوو کڕ و بێدەنگن. هێلانەیەکی حاجی لەقلەق پێنج مەترێک لە مەوە دوور بوو،

خێزانێکی گەورە بوون. لەقلەقەیل بە شێنەیی دەندووکیان لە یەکتر دەدا. پاش ئەوەی تێر و پڕمان خوارد و خۆمان شوشت، خۆمان ساز کردەوە تا بەرەو ماڵی باوکی ڕەمزی لە هەولێر بەڕێ بکەوین. ئەو هەنگاوە پێویستییەکی بە ناچاری بوو لە پێناو ڕزگاریی خۆمان و هەروا بۆ ئەوەش بەڵکو لەوێ پشتیوانێکمان دەست کەوێ.


بۆ ئەوەی نیشانی بدەم بۆچی ئەو بایەخە گەورەیەمان بە ڕاکێشانی باوکی ڕەمزی بۆ لای خۆمان دەدا، حەز دەکەم بە کورتی ئاماژەی ئەو چتە بکەمەوە کە لە بەرەوە لە بابەتی پێکهاتی خێڵی کورد و پێوەندیی سەرۆک خێڵ و خێڵەکەیدا لێی دوام.

سەرۆک خێڵ دەسەڵاتێکی بێ سنووری هەیە. دەتوانێ سەرتاپێی گوندێک بە خەڵکەکەیەوە بفرۆشێ و کەسیش ناوێرێ بەرامبەر ئەم کردەوەیەی سەرۆک خێڵ دەم بکاتەوە. ئەگەر بیەوێ، دەتوانێ سەتان ژن و پیاو بۆ کەسێک بە کرێ بگرێ کە خۆی هەڵی بژاردبێ، ئەوانیش بەبێ ورتە بەگەڵی دەکەون. بە شێوەیەکی تر، ئەگەر لە پەنای سەرۆک خێڵێکی ناوچەکەدا بین ئەوا لە ئاشتی و تەناهیدایین. سەرۆک خێڵ خەڵکی خۆی دەناسێ و دەزانێ متمانە بە



نافیع ڕەشید ئاغا لە گوند

کیهەیان دێتە کردن. تا لە سایەی ئەمانەدا بیت بە ژیان و بە گیان لە داڵدەی واندای. نەخشەکەی مە ئەوە بوو تکا لە ئاغا بکەین بمانگەیەنێتە چیـــا و مـــــاوەیەکی زۆر لەوێ دوورەدەست بژین، لە هەمـان کـات بەڵەدێکی ئەوتـۆمـــان بـەگـــەڵ بدا سنووری کــــورد و تورک بزانێ و یەکێکمـان بە ئەسـپایی ئاودیوی تورکیـا بکاتەوە. لەوێ ئەو کـەسـە خـۆی بداتە دەسـتی پۆلیس و داوا بکا بێــــتــــە گـــــرتن و وەک نیشتمانییەکی ئەڵمانی دەتوانێ پێوەندی بە باڵوێزگەی خۆیەوە بکات و بەســــــەرهاتی مـــــە بە وڵات رابگەیەنێ. تەنانەت ئەگـەر بیـەوێ دەتوانێ بچێتەوە وڵاتیش.



نافیع ئاغای باوکی رەمزی

لە بـارێـکی ئاوەهـادا، دەتـوانـین لەسەر شوێنێک رێک بکەوینەوە و کەرەستە و چتومەک و دەزگای بێتەڵمان بە چەتر بۆ هەڵدەنەوە ســەر زەوی. ئەوجـا دەتوانـین پێــوەندی بـە بنکەی وڵات بکەینەوە و ئەو نەخـشـەیەمـان کـە ئاوها بێ سـەروشـوێن بووبوو، رێکوپێک بکەینەوە و بەرەو پێشی ببەین. دیسان سەر و مێشکم پڕ بووەوە لە نەخشە و نەخشەکاری و دەمـتوانی هەزاران بوار وەدۆزم. باسی دەست هەڵگرتن هەر مـەکە، دەبوو بڕوامـان پتـەو بێ کـە هێـشـتـا هەل هەیە کـردەوەکـەی خۆمـان جێبەجێ بکەین و تێیدا سەرکەوین.

کــە شـــەو داهـات ســواری ئەســپی چەلەنگ و چاپووک بووین و لەگــەڵ

سیناهیی بەیانیدا گەیشتینە هەولێر. ماڵی ئاغا کەوتبووە پەڕگەی شار، لە ناوەندی باخێکی گەورەی بە سێبەر و سایە و پڕ لە درەخت و گوڵزار و شووره بۆ کێشدا هەڵکەوتبوو. ڕەمزی هەر لە تافی منداڵییەوە هۆگری شوێنەکە بوو و دەیزانی چۆن لێی بچێتە پێش بە بێ ئەوەی کەس بیبینێ. لە ئەسپەیلی خۆمان دابەزیین. ئەو پاکارەیلەی لەگەڵماندا هاتبوون، بە خۆیان و ئەسپەیلیانەوە لەو ناوە بزر بوون و ئێمەش بێ ئەوەی کەس پێمان بزانێ لە کونێکی ناو دیوارەوە بە بێدەنگی ئاودیو بووین و لە کونجێکی دووردا هەڵکورماین.

ئەرکی ڕەمزی ئەوە بوو پێش ئەوەی باوی خۆی ببینێ، هەرچی چتێک هەیە بە برا گەورەی خۆی ڕابگەیەنێ. چونکە لە ڕۆهەڵاتی ناویندا برا گەورە میراتگری موڵک و ماڵی ئاغایە و وەکو باوکی خاوەن دەسەڵاتە. بە شێوەیەکی خواسایی خواز و ئارەزووی باوکی خۆی لە هەموو چتێکدا بە جێ دەگەینێ. ڕاستیت دەوێ باوک چەندی بە ناو ساڵیش بکەوێ و تەنانەت ئەگەر تەمەنی بگاتە سەت ساڵیش، جڵەوی هێز و دەسەڵات هەر لە دەستی خۆیدا دەهێڵێتەوە.

گرینگترین دڵەڕاوکەی یەکەمین کوڕی ژنی هەرە خۆشەویستی ئاغا ئەوەیە نەبینێ هیچ دژێک بێتە گۆڕێ، بۆ ئەوەی کاتێ باوک کۆچی دوایی دەکا ئەو یەکسەر خۆی لەسەر زینی فەرمانڕەواییدا توند بکا. بەڵام چۆن ئەو گوێڕایەڵی باوکیەتی، کە هێشتا ماوە، دەیەوێ برا بچووکەیلیشی کتومت ئاوها بەرفەرمانی وی بن.

ڕەمزی بزر بوو. پاشی تاوێک وەگەڕیا و برا گەورەی خۆشی لەگەڵدا بوو. برا گەورە چاویلکەیەکی چوارچێوە کانزای لە چاودا بوو، وێ دەچوو زۆر بە ترس و پارێز بێ. لە یەکەمین سەرنجی ئەو پیاوەوە بۆت دەردەکەوت، کە ئێمە میوانی بە پێشوازەوە هاتوو نیین.

ڕەمزی پێی گوتین: "برای من دەڵێ، نابێ باوکم بە هیچ جۆرێک بزانێ ئێوە لێرەن. لە یەکەمین شەڕی دنیادا باوکم دژایەتییەکی کراوەی ئینگلیزی کردووە

و سـەرەنجام هـەر هەنگاوێکی ئێستـە دەینێ، بەوپەڕی گـومـانەوە لێی دێتـە ڕوانین. لە پێناوی ئەوەی ئێمـە خـۆمـان بە هێـمنی و ئەسـپـایی بژین، ئاغـا بڕیاری داوە لە هەمـوو ئەو کـارەیلەی بە یاسـابەزاندن دێنە ژمـار، خـۆمـان دوورەپەرێز بگرین."

برا گەورە بە هەراسانییەوە جێ پێی خۆی بزواند و گوتی:

"نەریتی مـێـوانداری ئەوەیە خـواردن و وەخـواردنتـان پـێ بدەین و هـەلی حەوانەوەتان بۆ دابین بکەین. پاشان دەبێ بڕۆن."

بۆمـان دەرکەوت هیـچـمان لێـرەدا دەست ناکەوێ، دەبێ پشت بە ژیری و وریاییی خۆمـان ببەستین. برا گەورە بێدەنگ لە شـوێنی خۆیدا وەستـابوو بە بێ ئەوەی دەسـتی هیچ یارمـەتییـەک نە بۆ ڕەمـزی و نـە بۆ مـە ڕابکێـشێ. ڕەمزی گوتی: "دڵنیام باوکم یارمەتیم دەدا. بـەڵام برای گەورەم دەتوانێ باوکم بە تەواوی بکاتە دژی من." بە خـەمبـاری و توورەیی تێ هـەڵچووەوە و گـوتی: "خـۆزیا لە شـوێنێکی لەباردا دەکـەوتینەوە. بەڵام ئێسـتـە پشکنین و شـوێن هەڵگرتنێکی گـەورەمـان بە دواوەیە. بـرای من دەسـتی خـۆی لە گـرەو نانێ و بڕیاری داوە ببێتە کۆسپ لە نێوان من و باوکمدا."

دوای نیـوەڕۆ لەو ژوورە دانیـشـتـبـووین کـە باوکی ڕەمـزی لە کـاتی گەڕانەوەیدا بەسـەر مـەدا دەهاتەوە. وێ دەمـێ دوو کەس بە نۆرە دڵنەوایییـان دەکـردین بـۆ ئەوەی وزە و وەرەیەکی نوێ بخـەنەوە بـەرمـان. یەکـەمـیـان برا بچووکی ڕەمزی بوو، بـە تەمـەن ڕەنگە هـەر دە سـاڵانێک دەبوو، چاوگەشێکی چاو گـەورە. لە هـات و هاوار نـەدەکـەوت چونکە هێـشـتـا منداڵ بـوو. بە خـۆهێشـتـی خـۆی وەک خـزمـەتکار و یارمـەتیدەر و پاسـەوان و وەک هەمـوو چتێک بەگەڵ مـە کەوتبوو تەنیا بۆ ئەوەی لەگەڵ برا گەورەی خـۆیدا بێت، کە زۆر هۆگـری بوو. لاسارییی منداڵانـەی وی، بووبووە مـایەی کـەیفخـۆشیـمـان. چونکە هـەمـووان هـەسـتـیـان دەکـرد چەند مـتـۆی ڕەمـزییـە. هـەروەها پیـرەمـێـردێکیش هەبوو، زۆر پیـر و کـەلـەلا و بەناوسـاڵ کـەوتبـوو، ئـەویش "ئەحـمـەد"ی قـاوەچی بوو. چل پەنجـا سـاڵێک دەبوو، لەوە بتـرازێ قـاوەی بۆ



ڕەشید ئاغای باپیری ڕەمزی

ئاغـــای خـــۆی و بۆ خـــزمـــان و میوانەیلی ئاغا لێ دەنا، هیچی تری نەکردبوو. قاوەی بۆ مەش هێنا بەڵام چتـــۆو قـــاوەیەک، قـــاوە لێنان لە ڕۆهەڵاتی ناویندا بووەتە هونەرێکی بەدەو Fine art بە تـایبـەتی لە مـاڵە شێخەیلی مەزندا.

ڕەمـزی، یان ڕەمـزییـە شـێت کـە هـەر لە منداڵیـــیـــەوە وا هـاتبـــووە ناسین، لەگەڵ کـاورای پیـرەمێـرددا زۆر هاوەڵ بوون. کاتێ ڕەمزی باسی گـیـان لەسـەر دەسـتـیی مـەی بۆ دەگێڕایەوە، چاوەیلی پیـرەمێـرد لە خۆشییانە دەبریسکانەوە.

پیـرەمـێـرد گـوتی: "برایەکم هەیە بست بەبسـتی سنووری تورکـیـا شـــارەزایە و دەزانێ چۆن بەســـەر هەموو بنکەی پۆلیس و بنکەیلی سوپاییی ئەوێدا باز بدا. لەمشەو زووتر نییە دەنێرمە دوای، خۆی ساز بدا و بێ."

ئێـمـە ئێـسـتـە بـەمـە قـایل بووین، بە یاریدەی دۆسـتـەیلی بڕواپێکردووی ڕەمـزییـەوە دەتوانین ملی ڕێگە بگرین و پەنا بە هێز و تەکانی خـۆمـان، بەرەو کـەژ و کـۆسـار هـەڵکشـێین. لە سـایەی هاوەڵەیلەوە بۆمـان دەگـونجێ داوێکی پێوەندی لەگەڵ قاوەچییەکەی ماڵی باوکی ڕەمزیدا ڕابگرین.

ئەو کونە دیوارەی ئامێزی بۆ هاتنی مە وەکرد، ئەوا ئێسـتە وەک بلێی بە مـانەوەی مـە هەراس بووبێ، ڕێگەی بۆ ئاوەڵا کـردین جـارێکی تریش بۆ ناو تاریکیی شـەوگار سـەر هەڵگرینەوە. ئەوانەی بەدەم هەڵاتنەوەن، ئەو دڵنیـاییـە

پارێزەرەی کە شەوەزەنگ بۆیان دابین دەکا، لەگەڵ ترس و تۆقینی وەشاردی و کەس بەسەرچاوە نەزاندا هاوکێش دەبێت. ترس و تەزووی گیران لە دڵی مەدا وا پنجی داکوتابوو، دەمانگوت پێش ئەوەی بگەینە داڵدەی چیایەل بە دیل دەگیرێین.

بەرەو باکوری ڕۆهەڵاتی هەولێر دەرکەوتین. ڕێگەوبان لەوانی پێشوو ئاوەدانتر بوون چونکە خەڵکی ئەو دەوروپشتە شەوان چتومەکیان دەهێنایە شار و بۆ بازێڕی بەیانییان ساز دەکردن. دەستە سوارێک بەم شەوە و بە رووکارێکی پێچەوانەوەدا بەرەو چیایەل هەڵبکوتن، بێگومان سەرنجی خەڵکیان ڕادەکێشا. لەبەر هەندێ، دابەشی دوو دەستە بووین. بە پێیان و بە بێباکی، شان بەشانی تووله ڕێیەکە کەوتینە ڕۆیین. هەستم دەکرد تەزووم دێتێ ئەو دەمەی یەکێک لە مە نێزیک دەکەوتەوە. بیرم لەوە دەکردەوە ئێستە لە کات و ساتی ئاوەهاییدا دەبێ ڕێگەوبان لە بن چاوەدێریدا بن.

لە ماڵی ڕەمزیدا، ئەو چیرۆکە سەیر سەیرانەمان بیستەوە کە لەبارەی مەوە هاتبوونە هەڵبەستن. خەڵک دەیانگوت تیپێکی پێشکەوتووی سوپایەکی گەورەی ئەڵمانیایی نیشتوونەتەوە و ئەندامەیلی ئەو تیپە ڕەنگ و ڕوویان لە شێر دەچێ و ئاگر لە دەمیانەوە دەردێ. تانکی ئەوتۆیان هەیە تەنیا دیتنیان بەسە بۆ تێکشکاندنی مرۆ یان ڕدندە ئەگەر لێی بچنە پێش. ئەرێ ئەوە چەند ئەسپ سوارێک نین لە پێشمانەوە و خۆیان لە لایەکەوە مەڵاس داوە؟ ها ئێستە نا ئێستە دەماندەنە بەر تیشکی پشکنین.

ڕەنگە بە چاکی بێتە هەستکردن، وێ گاوێ دەمارگریمان لە باری هەرە پەستی خۆیدا بووە. ئیتر ئەوە بوو ملی مە لە سیکارد دەسووا.


ڕەمزی لەگەڵ یەکێک لە مەدا چووین بۆ ئەوەی بە بێ سەرنج ڕاکێشانی کەس، بزانێ ئاخۆ دۆستە بە متمانە و دەسرۆییوەکەی خۆی لە ماڵەوەیە. دووەکەی تریشمان دوا بەدوای واندا، تا هێزی پێمان هەبوو گاومان گورج کردەوە. بەڵام پاشان کەوتینە دوودڵییەوە ئاخۆ تووله ڕێیە ڕاستەکەمان گرتووە یانە نا. لە ڕۆهەڵاتی ناویندا چەندین پیادەڕێ لە گوندێکەوە دەچنە

گـونديٚكى تر و چـەندين سـاڵـە مـرۆو و گـويٚدريٚژ، ڕايـەڵكەيـان پيٚـدا دەكـەن. نيـشتمـانييـەلى ئەم وڵاتەى مينا ڕەمزى، كاتىٚ دەكەويٚتـە بەردەم دووڕيانيٚكەوە بىٚ ئەوەى زۆرى تىٚ ڕابميٚـنن، بە خـدووى زگمـاك دەزانن كـام ڕيٚگە ڕاسـتـە بۆ ئەوەى بيگـرنە بەر. بە هۆى پەشـيٚـوى و مـانـدووەتـييـەوە تەواو شـلـەژا بووين. پاش تـاويٚك ئاخــاوتن و تاوتويٚكردن و نەخــشــەدانان، هـاتينـە ســەر ئەوەى هـەردووكمـان ڕاستين، بەڵام هـيٚشـتـا تەواو دڵنيـا نەبووين كـام ڕيٚگە بەرەو ئەو لايە دەچىٚ ئيٚمە مەبەستمان بوو بۆى بچين.

زۆر بە ئـاسـايى، ڕەمــزى بيــرى نەكـردبووەوە كـەوا چـتـيٚكى ئاوهـا، چـەند ئاڵۆزى و سـەرشـيٚوان بۆ ميٚشكى مەى ئەورووپايى دەنيٚتەوە. ئەو بەرەو ئامانج ڕۆيشت و دەبـوو ئيٚـمــەش شــويٚنى وى هەڵگرين، ئەوا ئيٚــســتــەش بەم هـەمــوو هيٚزى بيـر و ئاوەزييـەوە، دوو گـيـانى سـەر لـەدوو نراو، تەنيـا باڵ، شـەكـەت و مـاندوو، هـەمـوو ئيٚـسكى لەشـمـان ئازارى لىٚ هەڵدەسـتـا، لـە دەشـتـيٚكى وڵاتى دوژمندا ون بووبووين. بەم شـەوەزەنگە تاريكە و بە نەوەدڵى هـەنگاومـان بەرەو پيٚش وەگواست. لە خـۆمم پرسى: ئاخۆ بە ڕووكارە ڕاستەكەدا دەڕۆين؟ ئاخۆ ڕيٚگەمـان ون نـەكردووە؟ ئەگـەر ون بووبين ئـەوا هيـچ هيـواى ڕزگـاريمان نـييـە. چونكە ئەگـەر بيٚتـو خـۆمـان وەك بيـانى، واتە وەك دوژمن هـەڵنـەدەين ناتوانين لەگـەڵ كـەسـدا بدويٚين. ئـەو كـاتەش تيٚكڕاى خـەڵك بە گـەورە و بـچـووكـەوە بە ڕۆژنامـە و ڕاديۆ و وتووات هـاتبـوونە ئاگەداركردنەوە تاوەكو چاو لە دواى مـە بگيٚڕن. چەند ساتيٚكى شەومان بە لارە لارە بڕى.

لە ناكـاو دەنگى تەپ و كـوتى ڕەوينى ئـەسـپـمـان هـاتە گـوىٚ. ئەمـجـارەش گويٚمان هەڵخست: دەبىٚ چەند ئەسپيٚك بن. يەكەمين بيرمان پۆليس و سـەرباز و پشكنين بوو، بيـرى دووەمينمان خـۆوەشـاردن و ڕاكـردن و دوورەوە كەوتن لە ڕيٚگە و خۆ ونكردنى ناو چاڵ و كەندڕى ناو كيٚڵگە بوو. پاشـان چەند هـەست و بيريٚك ئيٚمەى گيٚڕايەوە شويٚنى جـارانمان. پيٚم خۆش نييە ئەم جـۆرە ساتەيلە زۆرجار لە ژيانى خۆمدا تاقى وەكەم.

تـرووكـەيـەك پاشـتـر، سـوارەيل گـەيشـتنە سـەرمان، يەكـيٚكيـان خـۆى هـەڵدايە



سوعاد نافیع برا بچووکی ڕەمزی لەو سەردەمەدا کە ڕەمزی و ئەڵمانەکان هاتن بۆ هەولێر

خوارەوە و هاتە پێشمان و هاواری لێ کردین، تێیان نەگەیشتین. ویستمان بە تەنیشتیاندا ڕەت ببین و بە ناو دیواری پارێزکەی تاریکەشەودا خۆمان ون بکەین، پاشان وشەیەکمان کەوتە بەرگوێ: "ڕەمزی" یەکسەر تێ گەیشتین ئەو خۆی ئەسپی بۆ ناردووین. توجاران وەکو ئەو شەوە پڕ دڵەڕاوکەیە ئاوها سووک و بەو بزێوییە خۆم هەڵنەداوەتە سەر زین. بە لەزینێکی چاک ڕۆیشتین. بەڵام کاتێ بە پارێز و ماتەماتە چووینە ناو گوندێکی کوردییەوە، گزنگی بەیانی دابوو. لە بەر ماڵی شێخدا وەستاین و هەلیان پێ داین بچینە ژوورەوە.

لێرەدا خوێنبرایەکەی ڕەمزیمان بینی. جۆرێکی سەیر و سەرسووڕهێن بوو. وەکری، زیرەک، ڕۆشنبیرێکی چاک، بە تەمەن هەروەکو خۆمان دەبوو. ڕەمزی لە فێرگەی بەغدا لەگەڵ ویدا بووبوو.

ئەو کەسەی هەلی دیمانەی کوردێکی ڕەسەنی لەم شێوەیەی بۆ هەڵدەکەوێ، ناتوانێ خۆی لە هەستی بەهێزی خۆشەویستی لە بەرامبەری ئەو گەلە و وڵاتی واندا ببوێرێ. کورد، گەلێکی بەرچاو ڕوون و ژیر و وریان. وزەیەکی بەرزەوت نەبووی لە بڕان نەهاتوویان هەیە. مرۆوگەلێکن هێشتا لە ڕێ و ڕەچەڵەکی خۆیان، لە گوندی خۆیان لە داونەریتی خۆیان نەشۆراونەتەوە، هەر کوردێکی تۆ دەیگری ڕەسەنزادەیەکە بە شیری دایکی خۆی فرچکی گرتووە.

دەمانتوانی پشووی ڕۆژێکی درێژ لێرە بدەین، کانگەی بیر و دەروونمان

ئەوەندەی نەمابوو چک بکا. پێویستێکی گەورەمان بە هاتنەوەخۆیەک هەبوو پێش ئەوەی دوا داخوازیمان بخەینە پێش چاوەیل. لە دەرەوە لەبەر سێبەری دارێکدا ڕۆنیشتین و ئەوپەڕی کەیفمان لە بۆن و بەرامی سەر خۆشکەری گوڵ و چرۆی دار و کزەبای فێنکی نسێ و دڵنیایی وەردەگرت. کاتێ باسخواس هاتە سەر و وردایەتییەلی پێویست، چووینەوە بەربانکی (بەربانک: تارمە) ناوەوەی خانووەکە، سێبەری بەربانکێک لەوێدا هەبوو. بۆ مە سێبەری دار و بار و گوڵ و چرۆ و پێش کانیاوە ساردەکەی باخەکەی دەرەوە خۆشتر بوو، بەڵام لەوانە بوو دانیشتوانی گوند بمانبینن و ئێمەش نەماندەویست هیچ هۆ و بیانوویێک بۆ وتوواتی ناپێویستیی خەڵک لەبارەی میوانەیلەوە سەر هەڵبدا. ئەوە بوو لە بەربانکی ژوورەوەدا دانیشتین. خواردن و وەخواردنی چاکمان خوارد و نووستین. زۆرمان حەز دەکرد مانەوەمان پتر بخایەنێ بەڵام چارمان ناچاربوو دەبوو زوو لێرە وەدەر کەوین.

ئەم هۆگرەیلە نوێیانە شوێنێکی زۆر چاکیان بۆ خۆوەشاردنی مە وەدۆزی. شوێنێکی وا نەبوو بۆ مانەوەی چەند مانگێک بشێ بەڵام بۆ خۆوەشاردنی چەند حەوتوویێکی داهاتوو باش بوو.

لە سەروو، لە چیایەل، ڕۆژەڕێیەک بە سواری لێرەوە، لە شوێنێکی چەپەکی دوورەدەستدا زنجێکی بچووکی ماڵە کوردێک هەبوو. ژن و پیاوێک و چەند منداڵێک بوون. ئەو خێزانە ژیانیان لەسەر شاتوویێکی گەورە و چەند سەرمەڕ و بزنێک بوو. ماڵێکی لاچەپ بوون و هاتوچووی کەسیان بەسەرەوە نەبوو. ناو بەناو تاکوتووک خەڵک بەوێدا ڕادەبردن. چەند سەت مەترێک بەولاوەتری ماڵەکە، ئەشکەوتێک لە پشت چیایەکەوە هەبوو. بۆ ئەوەی ئەو ئەشکەوتە ببێتە شوێنێکی چاکی خۆوەشاردنی مە، کانییەکی سازگاری بچووکیش لە نێزیکیدا هەبوو. چتی زۆر گرینگ ئەوە بوو ئەو ماڵە سەر بە خێڵی باوکی ڕەمزی بوون. ئەوپەڕی وەفایان بۆ وی هەبوو، هەروەها سەرەڕای ئەوەی زۆربەی جار سەرانەی چاوێنی "عەینی"یان لە برێتی زەوی و ماڵەکەیان دەدا، هەر کاتێکیش شەڕی خێڵەکایەتی هەڵبگیرسایە دەبوو بەدوای سەرۆک خێڵ

بکەون. ڕەمــزیش بەو نـاوەی کــوڕی ئـاغـا بـوو، پایـە و ڕێزی گــەورەی لەلای ماڵەکەدا هـەبوو، ئارەزووش ئارەزووی وی بوو، دەبێ ئێـمە وەشـارن و دڵسۆزی و وەفاشمـان بۆ بنوێنن.

ئەو کـاتەی هێـور هـێـور لەو مـاڵە وەدەر کـەوتین، تـەواو ئێـوارە داهـاتبـوو. لەبەرئەوەی مـاڵ و باخەکە کەوتبوونـە سـەرڕەڕگەی گوند، دەمانتـوانی بێ وەی کەس بمانبینێ، خـۆمـان ون بکەین. هاوەڵەکـەی ڕەمزی تەواوێک لە پێش مـەوە بە سـواری دەڕۆیشت بۆ ئەوەی ڕێگەکـە بـەسـەر بکاتەوە و ئـەگـەر نیـشـانـەی مـەترسییـەک هـەبێ وریامـان بکاتەوە. هـەستێکی خۆش بوو، دوای ئەو هـەمـوو تەنگاوی و بێ هیـواییـیـە، سـەرەنجـام بگەینە سـایەی چیـایەل. سـەرەتا ملی توولەڕێیـەکـمـان گرت. هێندەی نەبرد توولە ڕێی تاین تەسکەوە بـوو و بوو بە چەمێکی بەردەڵانی نێوان دوو نشێوی چیا، ئەو دەمەی ساڵ، جـۆگەی ئاو کەم بوون، بـەڵام وەرزی باران تـەوژمی بە ڕێژەو گـەلێک زۆرن. ڕۆیشـتنی بە پێـیـان سـەخت بوو بەڵام ئەو ئەسـپـەیلـەی مــە بەسـووکی و لـەزینێکی سـەرسـووڕهێنـەوە دەڕۆیشـتن. سـەرمـان لە سووکی و بزێویی ئەسـپی ڕێشـاندەرەکـەی خۆمـان سوڕمابوو، لەبـەر تیشکی کزی هـەتاودا، وەکو تارمـاییـیـەک دیار بوو لە پێشمانەوە دەڕۆیی.



چەپ: قەرەنی نافیع ۱۹۱۲–۱۹٦۹
ڕاست: سوعاد نافیع ۱۹۲۹–۱۹۹۱

درەنگانی شـەو گەیشـتینە جێ ژوانی خـۆمـان، خـەڵک لەمێژ بوو نوسـتـبـوون، بەڵام سـەگـوەڕ لە نێـزیکەوەبوونی مــەیـان ئاگــەدار کردنەوە.

**بە ئەسپایی**

بێگومان، خەڵکی گوند لەسەر ئاگر بوون بۆ ئەوەی پێ بکەون کێ بوو بەم نیوەی شەوە گەیشتە وێ و دەسبەجێ بڕیاری ئەوە بدەن چتێکی نەبان لە گۆڕێدایە. کاتێ دەبینن ئەوە ڕەمزی و هاوەڵەیلی وی بوون، هێور دەبنەوە. وەکو لە ڕۆهەڵاتی ناویندا باوە، پێش هەموو چتێک چای دەهاتە لێنان و ئێمەش بە نیوە خەرمانەیەک لە حەساری بەردەم خانووەکەدا دانیشتین و سڵاوی یەکترمان وەرگرتەوە. پاشان هاتینە سەر خاڵی سەردانی خۆمان و بە شێوەیەکی خواسایی ئەمە درێژترین باسی دانیشتنەکە بوو. لە باری ئاوهادا تەنیا خاوەن ماڵ و لەوانەیە هەندێک جار کوڕە گەورەی وی تێکەڵ بە باس و خواس بێن. ئەوانی تر لە لایەکەوە دادەنیشن، دەبوو نیازی خۆمان تەواو ڕوونەوە بکەین بۆ ئەوەی خەڵکەکە بزانن چییان لەسەر پێویستە تا بیکەن. هەموویان بە خوازی خۆیان هەرێیان بە مە دا و روون دیار بوو، کە مایەی سەربەرزییە بۆ وان بتوانن کوڕی ئاغای خۆیان و هاوەڵەیلی کوڕی ئاغا داڵدە بدەن.

دۆستەکەی ڕەمزی هەستا ڕۆیشت بۆ ئەوەی بەیانی زوو لە ماڵی خۆی بێ نەبادا کەس سۆسەی لە ماڵ دەرچوونی وی بکا. بۆ نووستن سەرکەوتینە سەربانی خانووەکە بۆ ئەوەی بە چاکی لە پارێزدا بین. شەو، ساردی کرد، خۆمان بەو لێفانە داپۆشی کە خەڵکەکە بۆیان هێنابووین. وام دەزانی ئەوەندە شەکەت و ماندووم هەر چاو بنێمە سەر یەک ئیتر خەو دەمباتەوە، بەڵام وا دەرنەچوو.

هاوەڵ، تۆ دەزانی کێچ و ئەسپێ چین؟ مێوانی زۆر نالەبارن و ئەو کەسەی ناسیارەتیی لەگەڵیاندا هەبێت بڕوام پێ دەکا. بابی ئەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و کوردستاندا ماومەتەوە بزانم چاوەڕوانی چی بم. بەڵام باری ئێرە زۆر نالەبار بوو. بە کورتی، چەند جاری دەهاتمەوە سەر ئەوەی ببۆرژێم، لە نشکاوە دەکەوتمەوە بەر هێرشێکی گەرم. بەرگری لەخۆکردن هەر نەبوو. خۆم وەرگێڕایە سەر سنگ بەڵام زۆری پێ نەچوو. جۆرە پیلان و داوێک لە

شـوێنێکی تر گـەڕا و لـە نشکاو هـێـرش بەرەو ڕانم سـووڕا. باسـی نـووسـتن مـەکـە، ئەو هـەمـوو هـێـرش و پەلامـارە نـەیانهـێـشت خـەو لە چاوم بکەوێت. هـەمـوومـان موبتـەلای هـەمـان ئازار و دەرد بووین تەنـیا ڕەمـزی نەبێ. ڕەمـزی، هـاوەڵی خۆشـەویستی مە، بەوپەڕی دڵنیایی لە حەوشەدا ڕاکشابوو، ئەم گیان لەبەرە بچووکانە یان بێزیان لە خـوێنی ڕەسـەن خۆمـاڵیی وی دەبووەوە یان بە ڕاسـتی هـەروەکو خـۆی لە مـاڵەوە گوتی لەمـێژە لێـیـان بزر بووە. تەنـیـا پاش ئەوەی هـەموو سـەرین و لێفەیلمـان لە سەربان لابرد ئەوجا توانیـمان تا بەیانی لەو بەر سەرمایە بخەوین.

ڕۆژی پاشـتـر دەسـتـمـان کرد بە خـۆشـکردنی ئەشکەوتەکە. بەردەیلمـان بردە لایەکـەوە و زەوییـەکی ڕەق بەڵام ڕێکوپێکمـان بـۆ خـۆمـان خـۆش کرد. لەگـەڵ خەڵکی گونددا ڕێک کەوتم هەموو ڕۆژ خواردنمان بۆ بێنن و ئێمەش پارەیەکی چاکـیـان لە برێتـیـدا پـێ بدەین. ئـێـمــە بە حــەزی خــۆمــان بـوو لەو شــوێنە وەشـاردییـەدا بین، نەبادا خـەڵکێکی لایدە ڕوو لەو مـاڵە بکەن و سـەر بە ژووری ماڵەوەدا بگرن. هـەروەها دەمانویست تا ئەو کـاتەی یەکەمین شـەپۆلی پشکنین دەنیشـێـتـەوە، لێرە بین و دۆسـتـەیلیش بەڵێنیـان پـێ داین بەردەوام وریا بن و هـەرچی چتێک هاتە ڕوودان پێمانی ڕابگەینن و هـەر مەترسییەک هاتە پێشەوە زوو بەزوو وریامان بکەنەوە. زۆر بە پەرۆش بووین برای قاوەچییەکە بگاتە جێ و یەکێکمان بە پەلە بگەیەنێتە تورکیا. بە مەزەندەی مە، کابرا بە دوو سێ ڕۆژ سەری هەڵدەدا.

پاشـی ئـەوە دەبوو بکەوینە خـۆمـان و هـێـشـتـە لـە سـەرەوەتری چیـایەلدا شوێنێکی تری خـۆوەشاردن وەدۆزین. هـەرچەندە ئەو شوێنەی ئێسـتـەمان چۆڵ و دوورەدەست بوو بەڵام هـێـشـتـا پۆلیـسـی عـێـراقـیی دەگـەیشـتـێ. لـە دۆڵەیلی سـەروودا، لەو شـوێنەی لوتکەی بەفـرین سـەری خـۆی لە ئاسـمـان دەسـوێ، یاسایەکی تر دەسڕۆیە، یاسای خێڵ و خێڵەسات.

نە پۆلیـسـی عـێـراق و نە سـەربازی ئینگلیـز ناوێرن خـۆیان لە تـەک ئەو ناوچەیـە بدەن. ئەو شـوێنە دڵی وڵاتـی کـوردەیلـە، "پەردەی ئاسـنـین"ی کـوردی

خوێن لەوێوە دەست پێ دەکا و سنووری دەستکار واتەیەکی ئەوتۆی نییە.

بە ڕۆژەوە دادەنیشتین پلانمان دەکێشا. کاتێکیش تاریک دادەهات هەریەکە و دوو سات ئێشکمان بە نۆرە دەگرت. دەمانچەی ڕووتمان لە ناو دەستدا بوو. ترسی تووش هاتنی مرۆوی نەیار تاکە ترسێک نەبوو هەڕەشەی لە مە دەکرد، بگرە دەبوو خۆمان لە دڕندەی کەژ و کێوی کوردستان، لە ورچ و کەمتیار و گورگیش بپارێزن. هەروا بێ ئەژمار مار و مێروو هەبوون و دەبوو لە کاتی ڕۆیشتندا زۆر وریا بین. لەوانە بوو هەنگاوێکی دووبەختی ببێتە مایەی دەرد و چەرمەسەریی زۆر یان ڕەنگە مردنیش. بە تایبەتیش لە کاتی ڕۆژدا کاتێ ماری ژەهردار لەبەر گەرەوی گەرمادا ڕادەکشێن و ژەهری کوشتەری ناو کەڵبەیان زۆر بە کار و بە مەترسییە.

## پۆلی قاچاخچییەل

چەند ڕۆژێک بە بێ ڕووداو ڕابووریین. ئەو پیاوەی دەبوو یەکێکمان لە کەوشەنی تورکیا ئاودیو بکا هێشتا دەرنەکەوتبوو، پێمان وابوو هەر کاتێکی دەربکەوێ دەردەکەوێ. بەیانیانێک، ئەو دەمەی دوا ئێشکگرتنی شەو تەواو بووبوو و هەموومان بە یەکەوە لە ئەشکەوتەکەدا نوستبووین، یەکێک لە مە وە ئاگا هات. داخۆ هیچ چتێکی بیانیی هاتبووە گوێ؟ پاڵی دابووەوە و نووستبووەوە. جارێکی تریش وە ئاگا هاتبووەوە، نیشانەی مەترسیی ڕاگەیاند و ئەوانی تری وریادار کردەوە.

بەڵام کار لە کار ترازابوو و بۆ هەڵاتن زۆر درەنگ داهاتبوو. هەناسەمان ڕاگرت، دەنگی سمی ئەسپەیلمان هاتە گوێ، لە سەت هەنگاوێک بەولاوەتر نەبوو. کاتێ سەرمان کێشایە دەرەوە، چەند کورد و چەند هێستریکمان بینی و گوێمان لە غەڵبەغەڵبی وان بوو. هێسترەیل بار و بنەیان لێ هاتە وەکردن و بەرەڵڵای سەر کانییەکە بوون، پیاوەیلیش هاتن شوێنێکی سێبەر بۆ خۆیان وەدۆزن. کاتێ ئێمەیان لە ناو ئەشکەوتەکەدا بینی، ڕاچڵەکین و یەک لە دوای یەکتر بە خۆیان و پەنجە لەسەر پیلکەی تفەنگەوە هاتنە پێش. نەیاندەزانی

داخۆ ئێمە دۆستین یان دوژمن. بە پارێزەوە سڵاویان کرد. ڕەمزی دەسبەجێ بە گـوڕ و بزاوتی لەمــەڕ خـۆیـەوە سنگی ڕەپێش کـرد و زەردەخــەیەیەکی بۆ کـردن. خـوڵکی چا وەخـواردنی کـردن. ئەم نیـشـانـەیە بەڵێنی مـامـڵـەتی دۆسـتـانەی لە نێوانی هەردوولادا ڕاگەیاند. بێگومـان هـەردوولا زۆریان حـەز دەکـرد بزانن ئەوانی تر لـە کـوێوە هاتوون و لـەم ناوچە لاچەپـەدا چی دەکـەن. ڕەمـزی بوو بـە دەمـڕاسـتی وتـوێژەکە و تەکـتـیکی خـۆی وەگـەڕ خست. کـاتێ هەسـتـی ئەوەی کـرد نـاتوانێ خـۆی لـە دەسـتـە و بـەرۆک بوونی وان ببـوێری "ئەشکەوتەکـە هێندە درێژ نەبوو بـۆ وەی خـۆمـانی تێدا ون بـکەین"، بڕیاری دا تەکـتـیکی خۆی لـەسـەر بنەوێی هـەواڵینی و پارە، ئەو دوو چتـەی لە ڕۆهـەڵاتدا باویانە، دابمەزرێنێ.

لەوانە بـوو ڕاسـتی و ڕاسـتـوێژیـی تەواو، باشـتـرین سـیـاســەت بن. بەلای ڕەمـزییـەوە ئـەم هـەلومـەرجـە نوێیـە وای دەویست بـە تایبـەتیش ئـەو کـاتەی بۆی دەرکەوت ئەوانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکا سـەر بەو خـێڵـەن، کـە دایکی خۆی، واتە کیژی میـری وانی، لێوە هـاتووە. وێڕای ئەوەش، ئەمـانە دانیشـتووی هـەرێمی چیایەلی سـەروو بوون، کە بۆ مە پەناگەی هـەرەباشـی داهـاتوومـان بوو.

کەوابوو پرس تەنیا پرسـی پارە بوو. هێشتا بڕێکی تەواو دراوی زێڕمـان پێ مابوو بۆ ئەوەی بتوانین باربووی سـەرۆک تیپێکی لەم جۆرەی پێ بکڕین. بەڵام ئەو چتـەی دەبوو وریای بین ئەوە بوو پارەکە پێشدەست نەدەین. دەبوو لـەسـەر شوێنێک ڕێک بکەوین و پارە لەوێدا بێتە دان.

هـەتا پارە فـەرمـانڕەوا بوایە ئێمە پشـتـڕاست بووین. ئەدی پاشـان؟ گومـانم نەبوو تا ئەو کـاتە دەمـانتـوانی لـە بەسـتنی سـەری پێـوەندی لەگـەڵ خـێـڵـەیلدا سـەر بکەوین و ڕاسـتـیت دەوێ نەک هـەر ئەمــە بگرە کـەلپـەلێکی زۆرمـان لە ئامـێـری نوێبـاو و چەک و کـەرەسـتـە و بژێوی شـەڕ، لە وڵاتەوە بـۆ دەهات بۆ ئەوەی کـردەوەکـەی خـۆمـان بە گوێرەی نەخشـەی بۆ داناوی خـۆی بکەوێتـەوە سووڕ.

هـەموو جـۆرە بار و بیرێک بە مـێشکی مندا سـەریان کرد. کـاتێ سـەرنجم دا

دەبینم وا ڕەمزی پێیان دەڵێ ئێمە کێین و لە کوێوە هاتووین و نیازمان چییە، هەروا وردە وردەش لە سایەی سەرڕاستیی خۆیەوە توانیی سۆزی وان بۆ لای خۆی بەکێش بکا. بە هیچ بارێک کردەنی نەبوو ئەو ڕاستییە وەشارین کە ئێمە کورد نین. چونکە هەزار و یەک پرسیاری ئەوتۆیان بەرەو ڕوو دەکردین، کە ئێمە نەدەکاراین وەڵام بدەینەوە.

مێوانەیلیش دڵی خۆیان بۆ مە وەکرد و پێیان لێ نا، کە پۆلێکی قاچاخچین و پێوەن بڕێکی گەورە لە تووتن بە ڕێگەیەکی کەسنەزاندا بەرەو شار وەگوازن بۆ ئەوەی خۆیان لە باجی میری بدزنەوە و تووتنەکەش لەوێ بە نرخێکی گران بفرۆشنەوە.



حاجی عەلی قاوەچی. ئەمیر، ماهیر، شەهیر نوورەدین ڕەشید

ئاخۆ ئەمە هەلێکی چاک نەبوو لەو دەمایەی دەمانویست داڵدەی ئێستەی خۆمان بەجێ بهێڵین، تووشی ئەم پیاوەیلە ببین و بە هەمان ئەو ڕێگە نهێنییەی ئەوان بە چاکی شارەزای بوون، بەرەو ژووری چیایەل هەڵکشێین؟

سەرۆکی تیپەکە هەرێی پێ داین پاشی دوو ڕۆژ بگاتەوە ئێرە و لەگەڵ خۆیدا بمانباتە چیا. هەر هێندەی دەویست بە پەلە چتومەکی خۆی لە هەولێر ساغەوە بکا. پێی گوتین گوندەکەی وی لە شوێنێکی زۆر بەرزی پاڵی چیادایە و بۆ مە لەبارترین شوێنە. لەوێ تەواو دوورەبەڵا دەبین و دەبوو ئێمەش بڕوای تەواو بە خۆی و ئەو پیاوەیلە بکەین، کە لە یەکبینە بەرفەرمانی وی بوون.

پێویست بوو ئێستە بە پەلە بە خۆمان بکەوین. ئەو بەڵەدەی یەکێ لە مەی

بۆ تورکیـا دەبرد بڕیـار بوو ئەو ڕۆژە یان ڕۆژی دواتر بگاتە جێ. بەڵام ئێمـە حـەزمان نەدەکرد هـەر کـەسە و بەدوای کـاری خـۆیەوە بێرەدا ڕابوورێ و ئێمـە وەگەڵی کەوین. ڕەمزی پێشنیازی کرد خۆی بە تەنیا بچێتەوە لای قاوەچییەکە لە هـەولێـر و بزانـێ بار و دۆخ چۆنـە و پاشـی دوو ڕۆژ بێـتـەوە، هـەروا ئەگـەر هـاتوو ئەو قـاچاغـچییـەلە پێشی ئەو هـاتنەوە دەبوو ئێمـە بەگـەڵ وان بکەوین و خـۆشی بە دوای مـەدا بـێ. ئەو پێـشنیـازەمـان بەلاوە بە جێ بوو و ڕەمـزی لە هـەمـان پاش نیـوەڕۆدا بە جـێی هێـشـتین. بـۆ ئەو هیچ مـەترسـییـەک لە گۆڕێدا نەبوو لەبەر وەی بە کوردی دەدوا و کـەسیش حسـێبی ئەوەی نەکردبوو یەکێک لەوانەی لەگەڵ ئەو ئەڵمانەیلەدا خـۆی بە چەتر هەڵداوە بە ڕەگەز کوردە. کورد، بە گشتی لە چیا و چۆڵی خـۆیان بە دوور ناکـەون چونکە ئەوان لەو چیـایەلەدا هـەست دەکـەن لـە زێد و مـەفـتـەنـی خـۆیاندان، بە سـەروەڵ ئـاسـوودەیی دەژین. بەڵام هـەندێک جـار هـەڵدەکـەوێ شێـخـێکی کورد لە ناوچەی سـەرسنوور بژی و پێـوەندیی چاکیشی لەگەڵ شارسـتـانەتیدا هـەبێ و کوڕێکی بنێـرێتە بەغدا بۆ یەکـێک لە قـوتابخـانەیلی بەرز، یـان تەنانەت بۆ نموونە یـەکێکی وەکـو ڕەمـزی بنێـرێتـە زانسگە لە بەیرووت یـان ئەسـتـەنبـۆڵ. زۆربەی جـار ئەمـانـە پاشـی تەواوکـردنی خـوێندنی خـۆیان دەگـەڕێنەوە مـاڵـی باویان و سـەرلەنوێ نەریت و خـووی جـارانیان هـەڵدەگرنەوە و وا خـۆیان دەنوێنن، کـە هـیچ جـارێک گـوندیان بە جـێ نـەهێـشـتـووە. بۆ نموونە ئەمـانە لـە بەیرووت بە شـێـوەیەکی نـاسک بە چەنگاڵ و کـەوچـک شـیـو دەخـۆن، بەڵام کـاتـێ دەگـەڕێـنەوە وڵات زۆریـان کـەیف دێ ئەو چتە بێزارکەرەیلە لە بیری خۆیان ببەنەوە.

ڕەمـزی لـە وڵات هێـشـتـا بە کـراوەیـی خـۆی پێـشـان نەدابوو، چونکە ئەو بە ڕەسـمـی سـاڵێـک لەمەوپێش چووبـووە دەرەوەی وڵات و وەگـەڕیانیـشـی بێگـومـان بە ڕەسـمی نـەهـاتبـووە ڕاگـەیاندن. دیـارە هـەمـوو کـەسـیـش لەبارەی ئەوەی ئەو کەی و چۆن وەگـەڕیایە، دەکـەوتنە پرسیـار و کـۆمـەڵی ڕێکوپێکی بە زەبتوڕەپتی پۆلیـسـیش دەسـبـەجێ بڕیاری وەی دەدا کـە دەبێ ئەم وەگـەڕیانە چتـێکی تێدا بێ. بەڵام ڕەمـزی لە گـەڕ و سـووڕی ناو وڵاتدا هیـچ مـەترسـیی لەسـەر نەبوو.



ڕەمزی و نوورەدین زازا (لە بەیرووت)

تەنیا دەستاویژێکی پێناسینی پێ دەویست، ئەویش ئەوەی هەبوو.

ئیتر ڕەمزی بەجێی هێشتین. کاتێ پاشی چەند ڕۆژێک بە یەکتر گەیشتینەوە بارودۆخ تەواو جودا بوو. کەسمان پێشبینیی ئەو نسکۆیەی نەکردبوو، کە ئاوەها زوو هاتە پێشمان، بەڵام ڕەمزی لە هەموو دەردەسەرییەکی بەر و دوای یەکدا، لە تەک مەدا وەستا. تەنانەت ئەویش، لە ئەنجامی ئەو بارە بیری و دەروونییەی دەبوو پێیدا تێ پەڕێ، بۆ ماوەیەک مێشکی تێک چوو هەرچەندە، کە ڕۆڵەی هەڵکەوتەی لە بەزین نەهاتووی خاک و خۆڵیش بوو.

هەستی ئەوەی کە ئۆباڵی ئەو چارە کلۆڵییەی وی لە ئەستۆی منداپە، زۆر بە گرانی لەسەرم وەستا، ئەدی ئەوە نەبوو من هاتنی ویم بۆ ئەڵمانیا سەروبەر کردبوو و لەگەڵیدا دوابووم تا هاتبووە سەر ئەوەی بەگەڵ مە بکەوێ؟ ئەی چەندین جار هەرێی سەربەخۆبوونی وڵاتەکەیم پێ نەدابوو؟

ئەو دەمەی پاشی چەند ساڵێک تووشی یەکتر بووینەوە، زۆرم ترس هاتێ، لە دڵی خۆمدا گوتم: "ئەگەر بێتو ئێستا وەکو پڵینگ ڕامالّت بدا و لە ئەوکت بگرێ و فەراقی ڕەشت لێ ببڕێ، مافی خۆیەتی."

کەس ناتوانێ بڵێ بۆ وات کرد کاورا، من هێزای ئەوە بووم.

"ڕەمزی، من زۆر بە داخەوەم." ئەو کاتە هەر هێندەم بۆ هاتە گوتن.

"گوێ مەدێ، کاپتن، گوێ مەدێ، چی تر بیر لەوە مەکەوە"، بەوپەڕی خۆشەویستی و هەواڵینییەوە وەڵامی دامەوە.

چاوم پڕ بوو لە هێستر. زمانم بە جۆرێک چووە کلیلە نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە. ئەو بۆ ئەوەی من بە خۆمدا نەشکێمەوە، خۆی وا پێشان دا چاوی لێم نەبووە.

## دیلمانی

پێش ئەوەی ڕەمزی ئێمە بەجێ بهێڵێ، دەمانزانی ڕۆژێکی گرانمان دێتە پێش لەبەرئەوە داوای لە دانیشتوانی زنجەکە کرد مەنجەڵێکی گەورە ئاوی گەرممان بۆ بهێنن بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بە چاکی بشۆین و برینی پێ و پلمان جارێکی تر پاکەوە بکەین.

دەتگوت لە نوێژەنەوە لە دایک بووینەتەوە. ئای لەو گەرماوە چاکەی کردمان. پێش ئەوەی بۆ پەسارگەی خۆمان وەگەڕێین، بۆ خۆمان لەوێ دانیشتبووین چامان وەدەخوارد، ئێشکگرەکەی ئێمە لەو کاتە کتوپڕ بە هەڵەداوان وەگەڕیا. هاواری دەکرد و دەستی هەڵدەوەشاند، ئاماژەی ئەو لایەی دەکرد کە پێویست بوو خۆمانی تێدا وەشێرین.

تەنیا یەک وشەی لێ حاڵی بووین، تەنیا: "پۆلیس، پۆلیس" و هیچی تر. کەسمان نەدەبینی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵمانکوتایە ناو ژاژەڵانێک و خۆمان بە پەلە وەشارد. ئەشکەوتەکە چتێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو بەڵگەی تێدابوونی ئێمە بگەینێ. بەردەوام وردە کەلپەلی خۆمان لەگەڵ خۆماندا هەڵدەگرت.

وای بۆ چووین هەبێ و نەبێ ئەم پەلامارە کتوپڕە یەکێک بێ لەو پشکنینە ڕواڵەتییانەی بە دوای مەدا دێتە کردن، بێگومان بۆیان نەدەلوا تێکڕای خانە ژاژەڵانەکە بپشکنن. هێندەی پێ نەدەچوو دەڕۆیشتن و ئێمەش بە کەمێک ترس و لەرزەوە دەردەچووین.



ڕاست بۆ چەپ: قاله (خەڵکی سلێمانی بووه)، ڕەمزی، کامەران بەدرخان،
نوورەدین زازا، محەمەد ئەرمەغانی

چارەکە ساتێک ڕابرد – ماوەیەکی بێ کۆتایی بوو بۆ مە – ئەوجا دەنگی سمی ئەسپ و هەرا و جاوەجاو هاتە گوێی مە. هەڵکورمام، ئاواتم دەخواست زەوی هەڵم لووشێ. هەندێک جار دەنگەدەنگ لە لایەکەوە دەهاتنە گوێ و هەندێک جاریش لە لایەکی ترەوە. یەکێک بۆ ناو ژاژەڵانەکە هات و لێم نێزیکەوە بوو. دەمتوانی خشەی ئەو ژاژەیلە ببیستم کە وەبەر سمی ئەسپەکەی دەکەوتن. ئەو دەمەم هاتەوە بیر لە ناو باڵەفرەدا نزام دەخوێند یان ئەو گاوەی دەمویست خۆم بکوژم. دەستم بە ئاوڕەگ دەردان و لە ترسانە لەرزین کرد. مردنی بە سێدارە چارەنووسێکی خۆش نەبوو. کاتێ بیرم لەوە کردەوە، خەریکە چارەنووس بە ئەنجام دەگا و تۆڕی ڕووداو ئێمە هەڵدەداتە ناو مردنێکی دژوار و گۆڕێکی هەتا هەتایەوە، هێورتر بوومەوە. خۆم گرت بزانم چیی تر ڕوو دەدا.

پاشان وەکو ئەو جارەی ناو باڵەفرە دەستم کردە نزا خوێندن: "دەستم بگرە

و ڕێم پێشان دە – ئەگەر بۆ سەرکەوتنیش نەبێ با بۆ گۆڕ بێ. با وا بێ بەڵام لە ژێر سـایەی تۆدا بێ." لە ناوەندی نزا خـوێندندا گـوێم لە هاواری یەکـێک بوو.

"وەرنە دەرەوە ئەگەرنا ئاگرتان دەدەین."

لەو دەمـەی لە خوا دەپاڕامـەوە چارەنووسم لە دەسـتی خـۆیدا بگرێ، بەخت هـەرەسـی هێنا.

یەکێک لە هاوڕێیـەلم هەسـتـایەوە. ئەمە بەجێـهێنانی دوا ئەرک و پێوەندیی هـاوڕێیـەتی بوو. منیش هەسـتـامـەوە. سـێـیـەمین هـاوڕێشـمـان هـەسـتـایەوە. دەستمان هەڵبڕی.

پۆلیس بە جلی نیزامییەوە ئێمەیان لە چەمـەر کێشـا، تفەنگیان لێ سـوار کـردین، بەڵام تـەواوێک لێـمـانەوە دوور بـوون. پیـاو بە روونی هـەسـتی دەکـرد ئەمـانە تەنگاون لـە مەترسیی ئەو کێشـەیلەی ڕەنگە ئەم ئەڵمـانەیلـە بینێنەوە. لێـهاتوویی مـەیان لە شـەڕدا بیسـتبـوو. فەرمـانیـان پێ داین چۆک دابدەین بۆ ئەوەی یەکێک لەوان دەسـتی مـە لە پشـتـەوە ببـەسـتێتـەوە. ئەو کـاتەی دەسـتی یەکەمین گرتووی بەستایەوە، من بە ئینگلیزی هاوارم کرد.

" ئەو چتـەی ئێوە دەیکەن ناڕەوایە. نابێ ئێمـە بێینە کەلەپچە کردن. ئێمـە ئەفـسـەری ئەڵمـانین، بـە نـهێـنیـیـەوە هاتووین. خـۆتان چاک دەزانن ئێـمـە ئەفسەرین. بێگومان جلوبەرگەیلیی سوپاییی مەتان وەدۆزیوە."

ئەو کـاتەی من هـاوارم دەکرد، یەکێک دەیویست دەسـتم ببـەستێتەوە. حـەزم دەکرد بمرم نەک دەستم بێتە بەستنەوە. کەلەپچەکەم ڕاتەکاند و بەختم یار بوو پێش ئەوەی بارەکـە بئـاڵۆزێ سـەرپێـچییـەکەم کاری خـۆی کرد. وا پێ دەچوو پۆلیس ئەفسەری فـەرمـاندەری تیپەکە لە ئینگلیزی بگا و دڵنیا نەبێ ئاخـۆ ئەو چتـەی من گـوتم دەبێ چـتـێکی تێـدا نەبـێ؟ هـەر چۆنێک بێت ئامــاژەی دەست بەرەڵڵاکردنی مەی دا. هـەستاینەوە، دەمانویست گەورەترین چێژ لەو ئازادییەی لەو هەلـەدا بۆمـان هەڵکەوتبـوو وەرگـرین. دەســتـیـان پێ بەرزەوە کـردین. ئەو کاتەی خەریک بوون وەپێشمـان دەن، بزەخەندەیەکی بە گاڵتەمان هاتێ.

پۆلیسی ئەفسەرە عێراقییەکە زۆری شانازی بەوە دەهات، کە لە سەرتاسەری عێراقدا خۆی توانیویەتی ئەڵمانەیلی هەڵاتوو بگرێ. بەوپەڕی بە خۆوە نازین و بە سەرکەوتوویی سواری پشتی ئەسپەکەی بووبوو. دەیویست بە چاکی چاودێریی گیراوەیلەکەی خۆی بکا. لەوانەیە دڵنیا بێ دەسخۆشییەک لە فەرماندەرە بەرزەکانیەوە، یان تەنانەت خەڵاتێکیش وەردەگرێ. چتێک هەبوو دەیتوانی تەواو لێی دڵنیا بێت ئەویش ئەو دەستمزە بوو کە بۆ سەری مە هاتبووە دانان، ئەمە وێڕای ڕەزامەندیی سەرکردە فەرماندەرەکەشی. هەژار لە خۆی، نەیدەزانی پاشی چەند مانگێکی کەم بە هۆی گوێ بە فەرمان نەدانەوە پلەی دادەبەزێ.

بە لووتی بەرزەوە لە پێش ئەو پیاوەوە دەڕۆیشت، کە خۆی و سەربازەیلەکەی بۆ سەر مە هێنابوو. روون دیار بوو هیچ بایییەکی بۆ کاورا دانەدەنا و بە چاوی سووکەوە سەیری دەکرد. ئەو پیاوە سەر بە پۆلی قاچاخچییەلەکە بوو. سەرپۆلکە خۆی نەبوو بەڵام بە چاکی دەهاتە ناسینەوە کە ئەندامی ئەو پۆلە بوو. ئەو کاتەی ئەوان دەچنە ناو شار و شاریش لەو بەند و باوەیلەی لەبارەی مەوە هاتبووە هەڵبەستن مۆنجەی دێ، بێگومان ئەو دەستمزە گەورەیەشیان بەرگوێ دەکەوێتەوە، کە بۆ سەری هەر یەکێک لە مە هاتبووە دانان: ٢٥٠ پاوەن بۆ سەری هەر یەکێک، واتە ١٠٠٠ بۆ سەری هەر چوارمان. ئەم پارەیە گەلێک لەوە پتر بوو لە مەیان وەردەگرت. بۆیە بڕیار دەدەن هەموو چتێکی پیرۆز: هەواڵینی، بەڵێن، نەریتی خێڵایەتی، بفرۆشنەوە.

پاشی چەند ساتێک لە ژوورێکی بارەگەی پۆلیسدا لە هەولێر دانیشتبووین. قەرەوێڵەی گەرۆکیان بۆ هێناین بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆمان ڕاکشێین و پشوو بدەین. هەروەها خواردنی چاکیان لە پێش داناین. پاشان سەرتاشێکیان نارده لامان ڕدێنی کوردانەی مەیان پاک تاشی و ئێمەیان جارێکی تر بردەوە سەر نەریتی هاونیشتمانیی ئەوروپایی. بەڵام هێشتا بەرگی کوردانەمان لەبەردا بوو. ئەوەی لە هەموو چتێک پتر نارەحەتی کردبووین ساغ نەبوونەوەی سۆراغی ڕەمزی بوو. سەیر بوو کەس لەبارەی

کەسی چوارەمەوە پرسیاری لێ نەدەکردین. هەرچەندە زانیبوویان ئێمە چوار کەسین. دەبێ ئەویشیان گرتبێ؟ ئاخۆ ئەوان دڵنیا بوون لەو چتەی پێوەی خەریک بوون؟

هەڵوێستی پۆلیس دڵدەرەوە و بە بەزەیی بوو. هەموو چتێکیان دەکرد لە پێناوی ئەوەی لەو چەند ساتەی کەوتبووە پێش بە دەستی ئینگلیز دانەوەی مەدا، بەوپەڕی توانستەوە دڵخۆشیمان بدەنێ، دەیانزانی یەکێک لە ئاواتەیلی مە سەرفرازیی کوردستان بووە.

ئێوارە منیان بردە دەرەوە بۆ ئەوەی لە شوێنێکی تری مەڵبەندی پۆلیسدا گفتوگۆیەکی ئاساییم لەگەڵدا بکەن، ئەو پۆلیسەی بەگەڵم کەوتبوو بازووی تێ وەرهێنام، دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی، خوای کردە شایەتی ئەوەی سەری بە بڕین بچێ ئەگەر هیوای هەموو سەرەنجامێکی کرێت بۆ ئینگلیز بە ئاوات نەخوازێ، کە ئەو دەمە وڵاتیان لە ژێر ڕکێفی خۆیان نابوو.

زۆرمان پێ خۆش بوو چەند ساتێکی تریش پێکەوە دەبین، چونکە ئەگەر ئاڵۆزبوون و لک لێوە بوون لە شایەتی و دوامانی ئێمەدا رووی بدایە، ئەوە هێنان و بردنێکی زۆرتری بۆ ئەزمـــوونـاندنی مـــە دەنایەوە و دووچاری سەرئێشەیەکی بێ سوودی دەکردین.

کێ هەیە هێشتە هەناسەی بێت و بچێ و هیوای لە ژیان بڕابێ؟ تەنانەت ئەو دەمەی لە بەردەمی سێدارەشدا دەوەستێ و پەت دەنێنە ئەوکی، هێشتە هیوای بە مۆجیزەکەیە. ئەوەکەی ئێمەش ئاوەها بوو. بڕیارمان دا بەسەرهاتی مە ئەوە بێ کەوا کتوپڕ لە شوێنێکی چەوتدا کەوتووینەتە سەر زەوی و ئێمە بە ڕاستی نیازمان وا نەبووە هیچ چتێک لە دژی عێراقدا بکەین. کاری ئێمە لە کوردستانی ئێراندا بووە، نیازمان ئەوە بووە، لە ئێراندا بچینە پێش و کاتێ بۆشمان دەرکەوت کە لە عێراقدا دابەزیوین، چتومەکی خۆمان بە جێ هێڵاوە و کۆچاندوومانە.

ڕۆژێک و دووان بەسەر چوون. پاشان بەیانیانێک لە ناکاو دەرگە بە توندی هاتە وەکردن و یەکێک بۆ ناو ژوورە نیوە تاریکەکەی مە هاتە هەڵدان، ئەوە

ڕەمـزی بوو، بە وێنـەی دامـاوێک چ جـار لە بیـرم ناچێـتـەوە: ڕەمـزی، کـوڕی سەرۆک خێڵ، مرۆڤێکی سـەرسووک و گەردەن کێل، بڕوابـەخۆ، بە تێکشکاوی و نیوە مردوویی، پیس و بەرگ دادڕاو، بە چاوی پڕ لە خوێنەوە.

هاوارم کرد. "ڕەمزی، ڕەمزی، ئەوە چییان بەسەر هێناوی؟"

بە پـەلە و سـامگرتوویی، یەک لە دوای یـەک سـەیری کـردین. سـەرەتا ناڵەناڵێکی کرد و پاشان نقومی بێدەنگی بوو. کاتێ بە خۆی هاتەوە کەیفشاد بوو بەوەی جارێکی تر لەگەڵ مەدا تەنانەت لـە تاڵترین و بێ هـیواترین، جـا بە ڕاستی بێ هیواترین بارودۆخدا یەکی گرتبووەوە.

گوتمان: "ڕەمـزی، تۆ هاوەڵی بە ڕاستیی مەی. خۆزی بە خۆزیداران تۆ لەم چارەنووسە دەربـاز دەبووی. زۆرت لە پێناوی مەدا بەخت کرد و ئێستەش چی ترت لەدەست نایەت."

پاشان خێرا خێرا بەسەرهاتی خۆی بۆ مە گێڕایەوە. وەک بڵێی ئەو چتەی ئەو وەیدەگێڕێ وتنێکی بە پەلەی بـووێ. دەتگوت ئێستـە نا ئێستـە سـەری لە دوا دەنێنەوە و لەم کونەوە بۆ ئەو کون شوێنی هەڵدەگرنەوە.

گـوتی: "تازە گـەیشـتبـوومـە هـەولێـر، کـتوپڕ نەخـۆش کەوتم، دڵـم پێی گـوتم مـەترسـییـەکی گەورەم بۆ هـاتووەتە پارێز، هەرچەنـدە چتێکی ئـەوتۆم بە چاو نەدیتبـوو گومـانم لە کن پەیدا بـکا بەڵام هەستـم دەکرد وا چاوی بەدکاری لە هەمـوو لاوە سـەرنجم دەدا. شـەوم لە پەنـای دەوەنێکدا بەسـەر برد. تـوولە ڕێیـەک لـەو نێـزیکانە هـەبوو، بـە درێژای شـەو ژمـارەیەکی مـشـەی هاتوچۆکەرەیلی بەسەرەوە بـوو. بە ڕێگەیەکی ناڕاستـەوخـۆ و بەسـەر کەوڕ و تاوێرەیلدا خـۆم گـەیاندە ئـەو ئامـۆزایـەم، کـە ئێـوە بینیـبـووتان، پێی گـوتم پشکنینێکی گران بە دوای مندا دەستی پێ هاتووەتە کردن و بە هیچ بارتێک ناتوانم لەلای ویدا بمێنمـەوە چونکە پۆلیس هەسـتی پێ دەکـەن. گـوتی پێم خۆشـە گیـانی خۆمت لە پێناودا دابنێم بەڵام بۆ ئـەو دەمە ژیرانەترین چت بۆ من ئەوەیە بچـمـە لای مـامم و خـۆم لەوێدا وەشـارم. ئەوە بـوو بە دزییـەوە خـۆم گەیانـدە ئەو مامەی هـەردەم خۆشی ویستووم. گوتم یان وەمشێرە یان ئەوەتە

سەرەدەرێکم بۆ وەدۆزە.

پێتان وایە چی پێ گوتبم باشە؟ بچمە نێزیکترین مەڵبەندی پۆلیس و خۆم بەدەستەوە بدەم لەبەرئەوەی باوکم و برای گەورەم لە دوێنێوە هاتوونەتە گرتن و لە لای ئەو پۆلیسەیلەی لە بەردەستی ئینگلیزدا کار دەکەن دەستبەسەرن. هەر دەستبەسەریش دەبن هەتا ئەو دەمەی من دێمە گرتن. هاوەڵینە ئێوە دەزانن "ئەبو- باوک" بۆ مەی ڕۆهەڵاتی چییە. ئیتر ئێوە دەتوانن ڕابمێنن ئەو هەواڵەی مامم چەند جەرگبڕ بوو بۆ من، "ئەبو"، ئاغا، لە گرتیگەدایە. دەسبەجێ بە ڕاکردن چوومە مەڵبەندی پۆلیس.

ڕەمزی لەوێ لە بەردەمی مەدا وەستا بوو. بەلەنگاز و لەش تێکشکاو، هیچمان لە دەست نەدەهات دڵی ویی پێ بدەینەوە.

بە کورتی، پاشان ئێمەیان بردە مووسڵ و لە گرتیگەی تەن بە تەنیان دانایین. ئەو دەستە جلکەی لە کاتی ڕاکردندا لەبەرماندا بوو، لەلایەن ئینگلیزەوە لێمان هاتە سەندن. "سەرۆک هەرێمی عێراق" کە جەنەراڵێک بوو، یەک لە دوای یەک ئێمەیان بردە لای، دەیویست بەسەروبەری هەموو چتێکدا بکەوێ. ئەو سەربردەیەی لەمەڕ ئێرانەوە لەسەری ڕێک کەوتبووین بۆ ویشمان دووپات کردەوە. کاورا وا پێ دەچوو بڕوا بکا.

بۆ بەیانی، چوار ئۆتۆمۆبێلی بەریتانیایی پڕ لە پۆلیسی سوپا هاتن، ئێمەیان بەرەو بەغدا برد. شێوەی گیران و ئەو پاسەوانییەی لە مە گیرابوو وای دەگەیاند کە بە چاوێکی پڕ لە مەترسییەوە سەیری مە دەکەن و ئەوەش بە کورتی وای دەردەخست، کە پاشەڕۆژێکی نالەبارمان لە پێشدایە. لە بەغدا، سەرەتا ئێمەیان بردە گرتیگەی جودا جودا لە بەندینخانەی پۆلیس و پاشان لە دوای چەند ڕۆژێک بۆ خانووێکی بەغدایان وەگواستین. ڕاستیت دەوێ ئەو خانووە لەسەر شێوەی "ڤێللا"یەکدا بوو و بە پەلە گۆڕیبوویانە بەندینخانەیەکی تایبەت. منیان خستە ژوورێکی گەورەوە. ژوورەکە پەنجەرەیەکی گەورە و پانکەیەکی گەورەی لە ژێر میچەکەیدا هەبوو، بەڵام ئێمە تەنیا تەنیا بووین. دەرگە، مێکوتیان هەبوو و بە قفڵی گەورە هاتبوونە

قـایمکردن. ورده ورده دڵنیـا بووم، کـه مـەبەسـتـیـان ئەوە نیـیـە پاشـی چەند وردکەیەک یان تەنانەت پاشی چەند ساتێکیش هەڵمان بواسن.

بیـرەوەرییـەکی ئازاردەری جـاری پێشـووی بەغـدام بـە توندی سـەر و دڵی گرتمەوە. بـۆ سـەردانی مـەبەسـتێکی ناوەکی هـاتبـوومـە بانـگهێشـتـنکردن لە پێناو ئەوەی ژیـان و بەڕێوەچوونی بەندییـەل ببینـم. ئەوانەیان نیـشـان دام، کە بە ژیـانی هـەتاسـەر لـه بەندینخـانه هـاتبـوونـه بەندکـردن و ئەوانـەش کـه چاوەڕوانی جێبـەجێکردنی فـەرمـانی لەداردان بوون و هـەروەهـا ئەوانەش کە دەست و پێ بـه کـەلـەپچـه و کـۆتـەوە بوون، بێگومـان دەبـوو گـرتیگەی هەڵواسـینیش ببینـم. ئەو گرتیگەیە بـرێتی بوو لە کۆلیـتێکی بچووک، جـووتێک دەرگـە– تـەڵە trapdoorی هەبـوو بە نوێڵـێک کـاریـان دەکـرد بۆ ئەوەی بەرەو ژێرەوە بینـەوە. کـاریتـەیەک بـەسـەر زنجـەکەوە هـەبوو، چەنگاڵێکی پێـوە بوو و شـەش پەتیش بە دیوارەوە هـاتبـوونە هـەڵواسین. پەتەیلەکـە بە پێی بـاریکی و ئەسـتـووری هـاتبـوونە ڕیزکـردن. باریکەیل بۆ پیـاوی بچـووک و بنێس بوون، ئەسـتوورەیلیش بۆ پیاوی گران و بە خـۆوە. ویسـتم ئەو بیرە لە مێشک وەدەر نێم، بەڵام مـوچڕکێکی سارد بەپشـتمدا سـەری کرد و هەستم کرد ئەسـتەمـە بۆم بلوێ بیری ئەو سێدارەیلە لە مێشکم ببەمە دەرەوە.

خواردنمان باش بوو، هەموو ڕۆژ لە لایەن خاوەنی ئوتێلەکەوە بە تایبەتی بۆ مـه دەهـات. پێ دەچوو ئـێمـە لە عێـراقدا وەک گرتووی بەناوبـانگ مـامڵـەتمان لەگەڵدا بێتـە کردن، هـەرچەندە کە ئەو جوداییە کەمێکی زۆر کـەم دڵخۆشـیی دەدامێ. تەنیـا کـاتی ژەم نەبـێ کە قـفـڵـەکـە ڕادەهـەژا و هـەندێک ئەفسـەری عێـراقی یان ئینگلیـز یان هەندێک خـەڵکی شـارسـتـان دەهـاتنە ژوورەوە، ئەو کاتانە خـۆم کۆوە دەکرد و هەڵدەسـتـامـەوە. دەمویست بـە بارێک خۆم نیشـان بدەم ئیسپاتی بکەم وڵاتی خۆم بە چاکی هەڵی بژاردووم بۆ ئەوەی متمانەم پێ بکا.

ڕۆژەیل درێژ و گەرم بوون، سـەرەڕای بای پانکەش، هێشـتـە گەرمییـەکەی لە کێشدا نەبوو. سـەرم دەسووڕا، بیـر و مەژیم بەردەوام وەدەگەڕیانە سەر تـاکە

پرسیارێک: چۆن دەبێ چتی ئاوها ڕوو بدا؟ سەبارەت بە گەرما، نە شەو و نە ڕۆژ، نوستن نەبوو و بە هیچ بارێکیش ئارەزووم لە خوێندنەوەی کتێب نەبوو. ئەم پرسیارە شەو و ڕۆژ لە هەموو چتێک پتر ئازاری دەدام: چۆن ئێمە بە هەڵە هاتینە فڕێدان بۆ سەر زەوی؟ هیچ پێوەندییەک نەبوو لە نێوان ئەو چتەی ڕووی دا و ئەو چتەی بە روونی و بێ پێچ و پەنا لەگەڵ باڵەفڕوانەکەدا لە سەری ڕێک کەوتبووم و ئەویش بەبێ هیچ بەرگر و بەرهەڵستێک پەسندی کردبوو وەک بڵێی ئەو، ئەو چتەیلەی هەر هەموو پێ سووک و سانا بن. بە ڕاستی، بە هۆی ڕێککەوتێکی نالەبارەوە هەموو چت بە بەرەواژی هاتە ڕوودان.

یەکەمین ڕێنوێنیی کە لە سەری ڕێک کەوتبووین ئەوەبوو لە ناوچەیەکی دوور لە ئاوەدانیدا بێینە هەڵدان. ئەدی ئێمە لە کوێ هاتینە هەڵدان؟ لەسەر گوندێک. هەروەها ئەوەش هاتبووە ڕوونکردنەوە کەوا پێویستە لە ناوچەیەکی چیاییی ٥٠ تا ٨٠ کیلۆمەتر دوور لەو ڕووبارەی دەڕژێتەوە ناو "گۆلی ورمێ"وە بێینە هەڵداشتن، بەڵام ئێمە لە نێزیک ڕووبارێک لە ناوچەیەکی دەشتانیدا هاتینە هەڵداشتن. هەروەها باشترین بەرزی خۆمانی لێوە هەڵدەین ٢٠٠ مەتر بوو بۆ ئەوەی لە نێزیکی یەکتر بکەوینە سەر زەوی، کەچی دەشێ ئێمە لە بڵندیی ٢٠٠٠ مەترەوە هاتبینە هەڵدان، بڵندایییەک تا دڵنیایی بدا کە ئێمە تەواو دوور لە یەکتر دەنیشینەوە.

چەندی دەمکرد و دەمکۆشا بیرم لەسەر ئەم چتە وەگوازم، بێ سوود بوو. بیرم دەم نادەم وەدەگەڕیا سەر ئەو چتەی بیر لێکردنەوەی بە دەستی خۆم نەبوو. خۆزی بە خۆزیدارەیل، لێکدانەوەی ئەو نسکۆیەم بەدەستەوە دەهات ئیتر هەینێ دڵنیا دەبووم و ئەو بیرە ئازاردەرەی ئارامی لێ بڕیبووم، بۆ خۆی بە دەراوێک دەگەیی. بەڵام چەندی پرسیارم لە خۆم فرەپاتە دەکردەوە، هۆیەکی ئەوتۆم وەنەدەدۆزی. تا پاشی دوو ساڵ لە دێرە کۆنەکەی ئیماوس Emmausدا ئەفسەرێکی ئینگلیز لە دەمی ئەرکی ئێشکگریی خۆیدا بۆی وەگێڕام.

## مەعادی

## لەبەر پەتی سێدارەدا

بەیانیانێک، پێیان ڕاگەیاندم کەوا سەرۆک پۆلیسی عێراق کە جەنەراڵێک بوو، دێ و دەیەوێ وتووێژم لەگەڵدا بکا. ئەوەندەم گوێ بەو هەواڵە نەدا. هەرچەندە راستیشت دەوێ حەزم دەکرد چتێکی ئەوتۆ ڕوو بدا خەیاڵ و بیری بێ کۆتاییم وەپسێنی. پرسیاری ناوی ئەو جەنەراڵەم کرد، کاتێ زانیم ئینگلیزە لە شوێنی خۆمدا رەنگم پەڕی. ئەو هێزەی نیازمان بوو بیبەزێنین وا ئێستە ئەو بەسەر کەوت. ئەو دیمانەیە، هەڵسوکەوت و زەپت و ڕەپتی ئاسنینی لێم دەویست.

بە بەرگی شارستانییەوە هات، دوو پۆلیسی عێراقیشی لەگەڵدا بوون. یەکێکیان بە ئینگلیزی دەدوا و ئەوی تریان بە عەرەبی. ئێستە، گەڕێکی بێ برانەوە لە پرسیار و وەڵام دەستی پێ دەکرد. کەوتمە بەر دەستڕێژی پرسیارەیل، ڕۆژی یەکەم پێنج ساتی خایاند و ڕۆژی دووەم حەوت سات. سەرۆک پۆلیسی عێراق پیاوێکی ژیر و لە کاری خۆ گەیشتوو بوو. ئەوەش تەواو بوو، پاشان، سێ حەوتووی دوور و درێژ - بێ ئەوەی هیچ وەتۆژینێکم لەگەڵدا بکەن، بەسەرچوون. چەند جارێک ئەفسەرێکی گەنجی ئینگلیز سەری لێ دام و لەبارەی هەندێک بابەتی گشتییەوە ئاخاوتنی لەگەڵدا کردم، ئەو بە ئەڵمانییەکی شێوە ڤیەننایی دەدوا. سۆسەی چتێکی مەترسیدارم لە چاویدا کرد.

بەیانییەک سەر لەزوو، کتوپڕ ئەو هەڵسوکەوتە بەڕێز و تۆرەیەی عێراقییەل لەگەڵ مەیاندا دەکرد بە کۆتا هات. چەند سەربازێکی کەتە و تێکسمڕاوی

ئینگلیز کە هەر لە شاگردی مالآت سەربڕ دەچوون، هەڵیان کوتایە ژوورەوە، کۆوەیان کردم و فڕەیان دامە ناو ئۆتۆمبێلێکەوە. ئۆتۆمبێلەکە، بە هاژۆتنی خێرا و کوێرانە ڕۆیشت و پاشان لە نشکاودا وەستا. دەمتوانی دەنگی مەکینەی باڵەفڕەیەک ببیستم و پێش وەی بزانم لە کوێم، لە پاشکۆی باڵەفڕەیەکی بارەبەر و لە نێوانی دوو پاسەوانیان دانیشاندم. دەرگەیل زوو هاتنە پێوە دان و باڵەفڕە بە ڕۆیشتن کەوت. نەمدەزانی بەرمان بە کوێوەیە. بەلآم لێم ڕوون بوو لێرە بە دواوە هەموو چتێک ئاڵۆز، فرە ئاڵۆز دەبێ.

دەمتوانی بە هۆی باری هەڵکەوتی هەتاوەوە بزانم ڕووکاری ئێمە بەرەو ڕۆئاوایە. بە تیچاوێک سەیری دەرەوەم کرد و زانیم بەسەر ناوچەیەکی ئاوەدانیی لێوی زەریادا دەڕۆین. بە تیژی بەسەر شارێکدا تێ پەڕین و سێ نیشانەی زۆر ناسراوم لە ژێرەوە ناسییەوە، سێ هەڕەمەکییەکەی گیزە "أهرامات الجیزة". دەبێ وێ گاوێ ڕەنگە لە ڕووم پەڕیبێ لەبەرئەوەی بۆم دەرکەوت ڕووکارمان بەر بە کوێیە، بەرەو بارەگەی سەرکردایەتیی ئینگلیز لە ڕۆهەلآتی ناوین. وەتۆژینی توندوتیژ لەوێدا دەهاتە گۆڕێ و پاشان هەموو چت بە کۆتا دەهات. دەمزانی هەر دەبێ بە کۆتا بێ و چارەی نییە. چونکە لە هەلومەرجی ئاوەهادا کۆماندۆزی ئینگلیز لە لایەن سوپای مەوە دەکەوتنە بەر دەستڕێژی گوللە. بریا پاشی هاتنە گرتنم، یەکێک فیشەکێکی پێوە دەنام و لەم سەرەنجامە دۆژەهی و تاڵەی دەرباز دەکردم.

لە دەرەوەی قاهیرە نیشتینەوە و منیان بە سوارییی ئۆتۆمبێلێک بردە ناو مۆڵگەیەک. ڕووبەری ئەو مۆڵگەیە بە نێزیکەی بیست کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبوو، پڕ بوو لە باڵەخانە و داودەزگەی سوپایی و گۆڕەپان و پاشان ژمارەیەکی بێ ئەنداز خانووی سوپایی دەهاتن. هەموو شوێنێک تەلبەند بوو. دەرگە هاتە وەبوون، پاڵێکیان پێوە نام و لەبەر گڕە و گەرمای هەتاویان ڕاگرتم. زۆر تێنوو بووم، ئەوا ئێستە لەبەر هەتاویشیان ڕاگرتبووم بۆ ئەوەی لە سۆتانە ببرژێم. داوای ئاوم کرد، بە تیز و گاڵتەوە وەلآمیان دامەوە. پەندێک لە کوردستان باوە دەڵێ ئەگەر ماریش لە ئاو وەخواردن بوو نابێ بیکوژی.

ڕۆهەڵاتیایی ئاوەها بیر دەکاتەوە و ئەوروپاییش ئەگەر تووڕە بوو بەم شێوەیە تێ دەبیـــرێ. لە خـــۆمم پرسی، ئاخـــۆ ئەوروپایی بە ڕاســـتی توانی خۆشەویستییان هەیە؟ پاشان ئەو ئەفسەرەیلەی دەبوو وتوێژم لەگەڵدا بکەن، هاتنە لام. ئەو بارە حـەوت مـانگی خـشـتی خـایاند. دەتوانم تەنیـا وشـەی "گەوجینە" بە ناوێک دابنێم بۆ ئەو هەموو مانگەیلە.

گـەوجـیـەتی لەو وتوێژەیلەدا باڵادەست بوو. پاشی سـاڵێک جـارێکی تر هەردوو هاوڕێیە لەشساغ و دەم بە پێکەنین و لێهاتووەکەی سەر بە کردەوەی "مامۆت"م بینییەوە. ئەوانیشیـان هێنابووە "مەعادی" و هەردووکیـان شێت بووبوون.

ڕەنگە زۆر لەوانەی ئەم کـتـێـبـە وەدەخـوێنن و جـاران لە هێـزی ئەفـریکا سەرباز بووبن و لە کاتی دیلیدا بۆ مەعادی هاتبنە ناردن، ئێستا وەتۆژینی ئەو شوێنەیان لە بیر مابێ، بەڵام لەوانەیە وەتۆژین لەگەڵ واندا سووک و سانا بووبێ و تەنیا بە مەبەستی وەرگرتنی ئەو زانیارییەلە بووبێ، کە سەربازێکی ئاسـایی یان ئەفسـەرێک دەیزانێ و شـایەنی وەیە لێی بێـتـە وەرگرتن. بۆیە دەشێ جارێکی تر بیر لەو شوێنە ناهەموار و دڵتۆقینە نەکەنەوە. ئەندامەیلی ئەو یەکە کۆماندۆیەی لەلایەن دەسەڵاتی هەرە بەرزی ئەڵمانیاوە فەرمانی کار و کردەوەیان دابوون بە شێوەیەکی جودا مامڵەتیان لەگەڵدا دەهاتە کردن.

هەرچەندە جارێکی تر لەبارەی ژیمانی ئەو گرتیگە دڵتۆقێنانە پرسیارم لێ دێتەوە کردن، ناتوانم بە زوان وەڵام بدەمەوە. توجار بۆم ناکرێ بڵێم لە چی دەچوون. ئەو چتەی مرۆو شێت دەکا جەور و ستەم نییە. بێگومان جەور و ستەم هەبوون بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی و ڕەمەکی و تەنیا کاری لە مرۆڤی ترسنۆک و بێ ورە دەکرد. چەند جارێکیان دەکوتین و جەزرەبە دەدان، ئەوانیش بۆ ئەوەی جارێک تر نەیەنەوە کوتان پێیان لە هەموو چتێک دەنا، بەڵام لێدان و کـوتان لەگـەڵ هەندێکی تردا بە پێـچـەوانەی ئەو مـەبەسـتـە دەکەوتەوە کە پسپۆڕی وەتوێژین دەیویست بە دەستیانی بهێنێ. ئەو لێدان و کـوتانە دەبووە مـایەی سـەرهەڵدانی بەرگـری لە کن گـرتی و ئەمـەش بە

پێچـەوانەی نیـازی لێـوەتـۆژ بوو. یەکـەمـین وشـە ئەفسـەری ئەزمـووندەر بە بزەیەکی گاڵتەئامێزانەوە لە گرتیگە پێی گوتم ئەوە بوو:

"ئێمە زۆر بەچاکی شارەزای شێوەی تۆژینەوەی OGPUی ڕووسیایین."

پاشان بە دەنگێکی نەرم وەک ئەوەی چتێکی زۆر بێ بایەخ بڵێت، چرپاندی: "ئەرێ سووزانا شووم پێ ناکەی؟"

پاشـان ڕووی لێم گرژ کرد و هیـچی تری نەدەگوت. سـەرەتا توانجـێکی تێ گرتم. ئەمە هەڵسوکەوتـێکی ژیرانە بوو، ئافەرین بۆ خۆت و توانستت. بەڵام بە داخەوە تۆ ئەگەر ئەم هەمـوو چتەیلە بزانی، با هـەر لە نێوانی خۆماندا بێ زۆر چتی تر هـەن توجـار ناتوانـی بیـانزانی. ئـەگەر بە هۆی دەزگـای بێتـەلەوە، بە مـۆرسـێکی بە پەلە سـازدراو پێوەندی بە هـانزلەوە بکەیت، هـەر چییـەکت بوێ دەتوانی بیـزانی، هەروەها دەتوانـی تێکڕای تیـپـەکـە بە داودەزگـەوە بە دوای مەدا بێنێ، ئەم چتە گومانی تێدا نییە.

وەتوێژین لە بەندییـەل زانسـتێکە بۆ خـۆی. زانسـتێکی زۆر تاوانبـارانەیە بەڵام پیاو دەشێ فێری ببێ. ڕاستیت دەوێ خۆی، فێربوونی ژمارەیەکی زۆری ڕێگە و شێوەیە. ئەگەر یەکێک لە سەرەتاوە بزانێ کام ڕێگە بە کەڵکی بارێکی تایبەت دێ ئەوا بە زوویی دەتوانێ مـەبەسـتی خـۆی بە دەست بێنێ. ئەگەر نا، بە ڕژدی و ڕکابەری دەکەوێتە دوای ئەزمـووناندنی یەک لەدوای یـەکی ڕێگە و شـێوە. ئیـتر بەندەوار، واتە گیـانی مـرۆو هەموو ڕێگەیلێک دەئەزمووێ. گەورە یان بچووک، بەهێـز و لاواز، جەربەزە و ساویلکە، هـەر هـەموویان لە وەتوێژینی ناو گـرتیگەدا دواجـار بەرپرسـیـاری خـۆیـان دەناسن. هەروەهـا هەمــوویان هۆشـیـان لە سـەردا نامـێنێ. بە کورتی، ئەزمـوونین درێژە دەکێـشێ تا ئەوان گرەوی سـەرکەوتن دەبەنەوە. سـەرەتا، بەندی بە نەرم و نیـانی هەڵسـوکەوتی لەگەڵدا دێتـە کردن و تـا دەگاتە ئەوەی پێ لە هەمـوو چتێک دەنـێ وەک پاشـا بەسـەری دەبا و هـەرچییـەکی بوێ، دێتـە جێ. پـاشان وەک تێکڕای ئەوانی تر، دەردی سـەگی دەدەنێ. یەکێکی تر خـۆراکی لێ دێتـە کـەمەوە کردن تا دەگاتە ئەوەی وزەی دەروونایەتیی بەرگرتەنیی هەرەس دێنێ.

هێشتنەوەی بەندینی خۆراگر، بۆ چەندین حەوتوو یان چەندین مانگ لە تاریکی و نووتەکیدا باشترین چارەسەرە بۆ ئەوەی هەرەسی پێ بێنی. یان ڕێگەیەکی تر، شەوێک کتوپڕ دەرگەی گرتیگە بە ڕاتەکاندنێک دێتە وەکردن. بەندی لە ناو نوێندایە، ڕامالّی بۆ دێتە بردن، ملی دێتە گرتن و بە بەر جوێن و تێ هەڵدانی دەدەن و پەلکێشی لای ئۆتۆمۆبێلێکی دەکەن. بە بێدەنگی بەرەو شوێنێکی چۆڵی دەبەن. کەس ورتەی لە زار دەرنایە، پاشان فەرمانی دەدەنێ بێتە دەرەوە و لە بەرامبەریاندا بووەستێ، کۆمەڵێک سەربازی چەک بە دەست ڕیز دەبن. فەرمان دێتە دان، ئەفسەرێکیش لەوێ دەوەستێ و ساتێکی لە ناو دەستدایە «پاشی دوو وردکە هەمووتان دێنە گوللەباران کردن».

وچانێک بێدەنگی.

«ئەگەر چتێکتان هەیە بیڵێن».

«وا وردکەیەکی تریش بەسەر دەچێ. چل چرکە، سی، بیست.»

چەک دێنە بەرزەوە کردن

«هیچی ترتان نییە بیڵێن؟ من تەنیا بەرژەوەندیی ئێوەم دەوێ، دەتوانن ژیانی خۆتان بکڕنەوە، ئێ، باشە، دە چرکە پێنج. وریایی. ئا ـ گ ـ ر... هەی بەرازینە پێتان وابوو مردنێکی قارەمانانە دەمرن. نا، نا، هاوەڵینە. ئەمە تەنیا ئەزموونێک بوو بۆ ئەوەی بزانن چیمان بۆتان ناوەتەوە».

پاشان بە لێدان و کوتان و نفرِ و جوێنەوە جارێکی تر دەتهێننەوە گرتیگەی خۆت.

لەوانەیە یەکێک نهێنییەکی هەبێ و بە هیچ بارێک بەرەی لەسەر لا نەدابێ و بە کەسیشی نەگوتبێ، بەردەوام وەتوێژینیشی لەگەڵدا بێتە کردن. پاشان کتوپڕ ڕۆژێک سەری سوڕ دەمێنێ، خۆی بە خۆی دەڵێ ئەرێ ئەم نهێنییە چییە؟ کابرا دەڕووخێ، توانی بەرگریی نامێنێ، ئەگەر بێو پیاوەیلی وەتوێژین هیچ چتێکیان لەم بابەتەی ئەو بە کەسی نەگوتووە بە دەست نەکەوتبێ، ئیتر باشترین چت ئەوەیە ددان بە هەموو چتێکدا بنێ و خۆی لە ئازار و جەزرەبە ڕزگار بکا.

بەڵام چتی وا چۆن ڕوو دەدا؟ ئەدی لەوێ، لە گرتیگە، لە کاتی شێنەییدا چەندین کەسی سەرنج ڕاکێشی ئەوتۆ لەو دەوروپشتدا نین و پێشتر لە سێرک و تیاتردا، مەشقی بیر وەخوێندنی خەڵک و نواندنی موگناتیسی و گەلێک چتی تری ئاوەهاییان کردووە؟ ئەمانە لە کاتی شەڕ و لە وەتوێژینکاریدا دێنە بەکارهێنان. یان دەشێ دەرمانێکی نواندن بکەنە ناو شێوی ئێوارەی یەکێکەوە و هەرچییەکی بیانەوێ لێی دەربهێنن. بۆ بەیانی هیچی وەبیر نایەتەوە. بەڵام لە کاتی نووستندا هەرچی پرسیارێکی لێ بێتە کردن بێ سێ و دوو وەڵام دەداتەوە. ئەدی ئێستەش دەرمانی ئەوتۆ نییە یەکێکی پێ بێتە بەزاندن؟

ڕێگەیەکی تر، ترساندنی جادووکارانەیە. هەر دەڵێی بە ڕێککەوتە، پشیلەیەکی ڕەشی گەورەی بریسکەدار لەبەر پەنجەرەی گرتیگەدا هەڵدەترووشکێ. چەندن ئەوانەی بە هۆی جادووەوە هەرەس دێنن؟ کاتێک پشیلەی ڕەش لە سەرەتای دەست بە وەتوێژینکردندا دەبینن وا هەست دەکەن کار ڕووی لە لێژییە.

خەفیە دانان لەگەڵ هەر کەسێکی ناو گرتیگەدا ڕێگەیەکی چاکە بۆ هەڵفریواندن. من دوو کەسم لەم پیشەکارانە بە چاوی خۆم بینیوە.

بە جلوبەرگێکی پیس و بێزەوەر و تیتۆڵ بە تیتۆڵی دیلیەتییەوە لە گرتیگەی خۆمدا ڕاکشابووم. هیچ چتێکم لەلا نەبوو بێتە خواردن. لە برسانە لاکەی سەرم دەهات. بۆم نەدەلوا خۆم بکوژم، هەر چتێکی بۆ ئەو مەبەستە دەستی بدایە لەوێ هاتبووە هەڵگرتن.

ئەو کاتەی کەوتبوومەوە بەر ڕەشەبای وەتوێژینەوە، توانی دیتن و بیستنم بۆ ماوەیەک نەمابوو، ئەوەندەی نەمابوو ئاوەزیشم بشێوێ.

هەندێک چت هەبوون نەمدەویست بە هیچ بارێک ددانیان پێدا بنێم. بەڵام ئەو کاتەی بۆم دەرکەوت ئینگلیز لەبارەی دەستەی گشتیی مەوە زانیارییان لەلا هەیە، هەر سەرم سوڕ ما. توجاران باوەڕم نەدەکرد توانی چتی

ئاوەهایان هەبێ. ئەم جۆرە زانیارییەیان چۆن دەست کەوتووە؟ زۆر جار ئەم پرسیارەم لە خۆم دووپاتە دەکردەوە. دەبێ هەندێ چت لە بنج و بناوانەوە بە چەوتی هاتبن.

دەمویست تا دەلوێ خۆم چەپەک بدەم، تا لەم تەنگانەیە ڕێ دەر دەبەم کات بەڕێ بکەم. هەر ڕۆژێکی ڕادەبووری بە سەرکەوتنێکم دادەنا. هەرچەندە ڕۆژ بەڕۆژ وەتوێژین پتر تاوی دەساند، بەڵام وێڕای ئەوە توانیم چەند حەوتوویێک بەسەر ببەم. پاشان وردە وردە بۆم دەرکەوت چەندی درۆ بکەم و خۆم بدزمەوە، ڕۆژێک هەر دێت ڕاستیم بە ڕوودا دەدەنەوە. سەرەڕای ئەوەش بڕیارم دا ئەو چتە گرینگانە هەر وەشارم.

ڕۆژێکیان منیان بردە پێش دادگەیەکی سوپایی و بەبێ هیچ پرسیار و وەڵامێک فەرمانی لە داردانیان بۆ دەرکردم. ئیتر وا مردن هاتە پێشەوە. خۆشم چاوەڕوانی ئەوە بووم. بۆ من مردن گەلێک خۆشتر بوو بۆ تەواوبوونی هەموو چتێک نەک ئەم هەموو وەتوێژین و هێنان و بردنە بێ بڕانەوەیە. تەنیا بێزم لەو تارا ڕەشە دەبووەوە کە دەبوو بۆ چوونە سەر دار، لە سەر و بەچەکەوەی بپێچم، بیرم لەو چتەیلە دەکردەوە کاتێ سەرۆک ئەفسەری وەتۆژین هاتە پێشەوە و پێی گوتم.

«لە ئێستە بە دواوە بە مردووت دادەنێین. بەڵام تەنیا ئەو کاتەی توانیمان هەموو ئەو چتەیلەی پێویستمانە لێتی دەربێنین، هەڵت دەواسین. هەی بەرازی پیسکەی ئەڵمان، لە ئێستەوە هەموو ڕێگەیەکت لەگەڵدا بەکار دێنین و تۆش هەر دەبێ بە زوان بێی. هەر ئەوەشت بە دەستەوە ماوە.»

بە مستەکۆڵە و تێ هەڵدان بۆ گرتیگەیان ڕاپێچ دامەوە.

ڕاست بوو، ئەو ڕێگەیەی تا ئەو کاتە لەگەڵ منیاندا بەکار هێنابوو تەنیا گەمەی منداڵەیل بوو.

کاتێ گەیشتمە ئەو ڕادەیەی ئیتر نەتوانم بەرگەی وەتوێژین بگرم، ڕێگەیەکی چاکم وەدۆزی بۆ ئەوەی ژیانی خۆمی پێ ببڕێنمەوە. بڕینەوەی ئەو

ژیانەی چی تر ژیان نەبوو. وێڕای ئەوەش هاتبوومە سەر ئەو لێوارەی بە زەبری کوتەک ئەو نهێنییانەم لێ بستێنن کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردن. منیش نەمدەویست ئەو چتە بە هەرچی شێوەیەک بێ ڕوو بدا، بۆیە وا چاترە بمرم. هەر چۆنێک بێت من فەرمانی مردنم دەرچووە. لەبەرئەوە وا چاترە ئێستە بمرم پێش ئەوەی ئەم زانیارییە گرینگانەم لە زار دەربچێ.

بیکەم، یان نەیکەم؟ بە دوو سێ چرکە هەموو دەرد و چەرمەسەرییەکم بە کۆتا دەبێ و بۆ خۆم گەردەن ئازا دەبم. بیرم لەوە کردەوە مرۆ دەستی ناچێتە گیانی خۆی بەڵام دوور نییە لە هەلومەرجێکی وەک ئەوەی مندا، پێویست بێ بیکا.

گوێم لە ترپەی پێی سەربازەیل بوو لە دەرگەی گرتیگەی من نێزیک کەوتنەوە. ئێستە نا ئێستە جارێکی تر بۆ وەتوێژینم دەبەن. ئەگەر بمەوێ ژیانی خۆم تەواو بکەم دەبێ هەر ئێستە بیکەم. ململانەیەک کەوتە ناو مێشکم. بە داماوی لەسەر نوێنە ڕەقەکەمدا ڕۆنیشتم و لەگەڵ خۆمدا کەوتمە مشتومڕ. خۆزگە یەک سات کاتێکی بە شێنەییم دەبوو بۆ ئەوەی ئەو بیرەی خۆمی تێدا تاوتوێ بکەم. ئەو دەمەی بیر و خەیاڵ وەک بابلیسک بەناو مێشکمدا پێچی دەدا، کەسایەتی و بەخۆوەنازیم دەستیان بە هەڵوەشانەوە کرد. لەوێ دانیشتم بێ ئەوەی وزەی نزا خوێندنیشم بە بەرەوە مابێ. تەنیا چتێک لە توانستدا بووبێ بیکەم ناڵەناڵێکی بێ هێز و کۆشینی ماندووانەی گیانی خۆکێشان بوو، ئەوەش زۆر دوورەدەست بوو. هەستم کرد ئیتر سوودی نییە، دادم نادا.

پاشان لە ناو گڕ و کەفی بیر و خەیاڵدا وێنەیەکم هاتە بەرچاو، وێنەی ژنەکەم. لێی ناورامەوە، مەڕۆ بەجێم مەهێڵە. تاک و تەنیام، شکاوە باڵم. دەمەوێ گیانی خۆم بکێشم. لە ترسانە و لە تاوی ئازاری گیانمدا وا دەگریم.

هاوارم کرد: «هەڵم گرە، لەگەڵ خۆتدا هەڵم گرە» هەر هاوارم کرد. وێنەکە بە جوانی و بێدەنگی و خۆشەویستییەوە لە شوێنی خۆیدا وەستابوو. ئەوە وێنەی ژنەکەم بوو. ژنە ئازیزەکەی خۆم. هەستامەوە سەرپێ. دیسانەوە

زرمـــەی پێی پۆســـتـــاڵی ســـەربـازەیلـم هاتەوە گـــوێ. لە بـەردەرگـــەی مـندا وەسـتـابوون و دابوویانە بەر قۆنداغەی چەک. ئێسـتـە نا ئێسـتـە شـمـشـێرەی دەرگەیان دەکـێشـایەوە «وەرە، هەی بیـژووی خـوێناوی»، بە مـسـتـەکـۆڵە و تێ هەڵدان و هەنگاوی گورج و خێرا، دوو سـەرباز بەناو حـەوشـەدا پـەلکێشـیـان دەکردمەوە.

بەڵام نا، ئەمجارە بانگی هاوسێیەکەیان کردم. ئەو بێ دەرەتانە بە پێشـیان کەوت و گوێم لێ بوو چەند جارێک ناڵە و هاواری لێ هەستا.

دەنگی گرمـەژنی چەند گوللەیەکەم وەک چەنـدین جاری پێشـووتر لە دەرەوە هاتە گوێ. لە دڵی خۆمدا گوتم دەبێ ئـەمـجـارە کێ بێ؟ دەبێ جـاری داهـاتوو نۆرەی من نەبێ؟

نەخـێـر من فـەرمـانی لەداردانم بۆ دەرچووە. مـن نایەمـە گـوللەبـارانکردن. بەڵام ئـەدی ئەو دەسـرۆکـە. ئەو دەسـرۆکـە دڵتـۆقـێنەی چەندی لێ دەترسم. خۆزگە دەمـتـوانـی خـۆم لەوەیان بدزمـەوە. خـۆزگـە دەمـتـوانـی بەبێ ئەو تارا و دەسرۆکە بمرم. بمتوانیـایە ئاسمانی شین و هەتاو لە دوا هـەناسەدا بە چاوی خۆم ببینم.

وێنەی ژنـەکـــەم دیارییـــەک بوو لـە لایەن خـــواوە. وێنەکـــە ڕۆیشت بـەڵام پرشنگێکی هێمنی و تروسکەیەکی کزی رووناکیی لەلا بەجێ هێشـتم. وەک بێ ئەنـوایـەک خـــۆم بەو ترووسکەیەوە هـەڵواسـی. جـــارێکی تریش توانـی بیرکـردنەوەی بە شـێنەییم بۆ گـەڕایەوە. پرسـەکـە پرسێکی بە پەلە بوو، چی بکەم؟ بڕیارم دا جـارێکی تر نەچمـە وەتوێژین. دەبوو دەسـتپێشـخـەری بکەم و گیانی خۆم بستێنم. ئێسته تیرێژێکی باریک ـ بەڵام گەرمی رووناکی هاتە ناو گرتیگەی من و دەسـتی کردە ڕەواندنەوەی بـێ هیـوابیم، هـەروەهـا ئـەو تیـرێژە هـەتاوە بە ڕوونی تێی گەیاندم ئەرکی من چییـە. دەبێ لە پێناوی ژن و منداڵ و خێزانەکەمدا بژیم. خێزان و وڵاتەکەم پێویستیان بە منە. دەبێ ڕۆڵی خـۆم لە ژیاندا بلەیزم. ئـاخـۆ چەند چـتـی هەڵەم لـە ژیانی خـۆمـدا کـردووە؟ بوومـــەتە مایەی چەند نارەوایی؟ چەند چاکەم بە نەکردوویی بەجێ هێشتووە.

له بیری خۆمدا گوتم خوای خۆشتەوی، تۆ با هەر هەبیت بەڵام هیچ گرینگییەکت بۆ من نییە. تەنیا تکای ئەوەت لێ دەکەم لەم ساتە تەنگانەیەدا گوێم بۆ ڕادێری. من لە ئێستەوە بەڵێنی ئەوەت دەدەمێ دەستی ناڕەوا لە کاری تۆ وەرنەدەم. من دەستم ناچێتە گیانی خۆم. ئەگەر تۆش نیازی ئەوەتە من بمرم، تکای بەزەیی پێدا هاتنەوەت لێ ناکەم، بەڵام بمخە بەر دڵۆوانیی خۆتەوە و لە گوناهەیلی ژیانم خۆش بە.

بەڵام ئەگەر دەلوێ سەردەمێکی تریشم ژیان بە دیاری بدەیتێ، لە بنەبانی دڵەوە تکای ئەوەت لێ دەکەم. زۆر چاک ئاگام لە کەم و کورتی و چەوتی و چەوێڵیی خۆم هەیە. چەندین ساڵم پێ دەوێ بۆ ئەوەی تۆڵەیان بدەمەوە، چتەیل ڕاستەوە بکەم، فێر ببم هاوەڵەیلی خۆمم خۆش بووێ، لایەنی ئامۆژگارییەلت بگرم، ببمە نۆکەرت.

ئەم بڕیارە توندوتۆڵە ورەی بەبەرمدا هێنایەوە و بە ئەسپایی لەسەر چۆک هەستامەوە. بڕیارم دابوو تا دوا پشوو ملی ئەو ڕێگەیە بگرم، کە خۆم بە بێباکی و نەخشەیلی دوورەدەستی خۆمەوە لەسەر بنچینەی کەشوفشی سەرەڕۆی خۆم بۆ خۆمم داڕشتبوو، بەڵام ئێستە ناتوانم بە تاکە کەسیی خۆم بەو ڕێگەیەدا بڕۆم. ئێستە بەوپەڕی بڕواوە، خۆم و ژیانی خۆم لە پێناوی ئەو خوایەدا دەنێم کە هەموو چتێک لەمەڕ وییە و هەر ئەو خۆشی منی گووراندووە و ئەگەر مەیلیشی لێ بێ دەست بە باڵمەوە دەگرێ. تەنیا داوای بوورینی ئەوەی لێ دەکەم کەوا هەموو ئەو ماوەیەی پێشوو پشتم پێی نەبەستبوو. جارێکی تریش نزام خوێند بەڵکو ئێستە دەستم بگرێ و ڕێم پێ شان بدا.

ئێستا بۆم دەرکەوت ئەم ئازارە بۆ من چتێکی پێویست بوو بۆ ئەوەی بەو بەرەنجامە بگەم لەبارەی خواوە. هەرگیز دەست هەڵگر نیم لەوەی لە بنەبانی دڵەوە سوپاسی ئەو خوایە بکەم، کە بواری نەدام لە ڕێگەی خۆمدا بەردەوام بم، بگرە بەرەو کەلەبەرێکی بردم و تەنانەت بۆ پێش سێدارەشی ڕادام. تا گەیشتە ئەوەی بەسەر لاملی و کەشوفشی ڕەگاژۆی مندا سەر بکەوێ. لە ئێستە بە دواوە گوێ لە مستی وی دەبم و هەرچی چارەنووسێکیش ئەو بۆمی

هەڵبژێرێ بۆی لارەمل دەبم.

زۆر بە درەنگەوە وێ کەوتم خوا بەو ڕادە بەرفرەهە لە ژیانی مندا تێکەڵە. لە یەکێک لە نامەیلی بەراییی ژنەکەمدا کە پاشی سێ ساڵ و نیو لە قاهیرە بە دەستم گەیشت، نووسیبووی:

«تکایە پێم بڵێ لە فلان و بێوان ڕۆژدا چی ڕووی دەدا؟ جارێکیان لەگەڵ باوکمدا بەناو لێرەوارێکدا دەڕۆیشتین و لە پڕ زریانێکی توند هەڵی کرد و گێژی دام. دەنگی تۆم بە ڕوونی هاتە گوێ، بە تەنگەتاوی و بێ دەرەتانییەوە هاوارت دەکرد «هەڵم گرە، لەگەڵ خۆتدا هەڵم گرە»، بە خەیاڵی خۆم توند تۆم بە ئامێزەوە گوشی. کاتێک زریانەکە نیشتەوە، هێندە بێ بڕست و ماندوو بووم، دەمویست هەر دانیشم و بنووم. کاتێ بە ئاگا هاتمەوە بە باوکمم گوت دەبێ تۆ لەم ساتەدا چتێکی گرانت بەسەر هاتبێ، بە لای زۆرەوە دەبێ مردن ڕووی تێت کردبێ.»

ڕاستی دەگوت، من مردم، منە لاسارە بێ خوایەکە مرد. ئیتر لەو ساتە بە دواوە، بێ پشوو هەوڵم دا ببم بە نۆکەر و پێکارێکی چاکی خوا.

وەتوێژین بە تەوژمی بێ وچان و لێزانییەوە درێژەی دەکێشا، بەڵام ئێستە چتێکم لە ناوەوەدا هەبوو لە هیوابڕاویی دەپاراستم، ئەو چتەش هێزێک، هەستێکی پارێزی و تەنایی و تەباییی ناوەکی بوو. ئەو چتە لە دواجاردا بە ڕوونی دەرکەوت. ئیتر دوای ئەوە، لێوەتۆژ نەیانتوانی چی ترم وا بە ئاسانی بەرزەوت بکەن. "بەو بۆنەیەوە یەکێک لەو لێوەتوێژەیلە، ئەو پیاوە شێوە ئاخاوتن ڤیەنناییە بوو کە چەند جارێک لە بەغدا سەری لێ دابووم."

لە سەرچاوەیەکەوە یارمەتیم بۆ هات، کە زۆر کەم چاوەڕوانی بووم، ئەویش دوو دەسکیزەکەی گرتیگەی خۆم بوون. دوو کەسی هەتا بڵێی فێڵباز و فریودەر بوون، پاشان چەندین جار سەرکەوتنی فڕوفێڵی وانم بیستەوە. بیر لە هەلومەرجی ئەو بەندینە تێکشکاوە بکەوە چەندین مانگە تاک و تەنیایە و بیر و دەروونی لە بارێکدایە کاتێ بەندینێکی نوێ دەبەنە ژوورەکەی، ئەوپەڕی

کەیفخۆشی دای دەگرێ. ئەو بەندینە نرکە و ناڵەی لێ هەڵدەستێ و سکاڵای خۆی دەردەبڕێ و وردایەتیی هەندێک چت ڕوون دەکاتەوە هێشتا پێی لێ نەناوە و داوای ئامۆژگاری دەکا. هەردووکیان زوو متمانە بە یەکتری دەکەن. ئیتر هەموو بەندینەیل دەکەونە ئەو داوەوە و درەنگیش پێی دەزانن.

کاتێ دوو هاوەڵە بەندینەکەیان بۆ هێنام، لە سەرەتاوە لێیان بە ترس و پارێز بووم. زوو بۆم دەرکەوت کاری ئەوانە چییە، بەڵام نەمهێشت ئەوان هەست بکەن من دەزانم کارێ وان چییە. بە پێچەوانەوە بەلای خۆمدا ڕاکێشان. ئەرکی وان ئەوە بوو چتی ڕاستیان بۆ دەربکەوێ و پێ بکەون ئاخۆ ئەو چتەیلەی هەموو ئەو حەوتوو و مانگەیلە لە ژێر وەتوێژیندا دەیلێم کتومت هەر ئەو چتەیلەن کە بە متمانەوە بە وانی دەڵێم. هەمان ئەو چتەیلەم بۆ دووبارە کردنەوە کە جاران دەمگوتن و داد و سکاڵام کرد لەوەی کەس بڕوام پێ ناکا و لە یەکبینە دارکاریم دەکەن، بەڵام ڕاستیت دەوێ هیچ چتێکی ترم نییە ددانی پێدا بنێم. دەمویست بڕوایان پێ بێنم ئەوەی لە ژێر وەتوێژیندا گوتوومن هەموویان ڕاستن و هیچی تر نەماوە لێمی وەربگرن. بێگومان کاری ئەو وەتوێژینە بێ بەزەییانەی ئەو هەموو حەوتوو و مانگە دژوارانەی پێیان تێپەڕ بووبووم، هێشتە بە سەرمەوە مابوون. مرۆو بە ئاسانی مێشکی تێک ناچێ، کەوا بێ باشترین قسە لەبارەی بەسەرهاتی تیپە چوار کەسییەکەی کردەوەی مامۆتەوە مابێ بیکەم، ئەوەیە هەروەکو گوتم دوان لە هاوڕێیانم، بە ڕاستی مێشکیان تێک چووبوو.

بێگومان وەتوێژین کتوپڕ نەدەهاتە هەڵگرتن. ئینگلیز بە هەر ڕێگە و هۆیەکی لە بەردەستیاندا بوایە هێشتە دەکۆشان بیر و دەروون و ورەم بڕمێنن. شەڕ و گێچەڵم لەگەڵ دوو دەسکیزەکەدا چەندین مانگی خایاند و بە هەموو شێوەیەک دەکۆشان پشتم لە زەوی بدەن.

پاشان بەرە بەرە پاڵەپەستۆیان لەسەر هەڵگرتم و بەبێ گێچەڵ بە تەنیایی لە گرتیگەیاندا بەجێ هێشتم. چەندین مانگ ڕابوورین، گرتیگەکەم بووبووە کلێسایەکی بچووک و تیشکی نەمری گەرمی دەکردەوە. منی لە نوێژەنەوە

لەدایکبوو، لەوێدا بوو کە پێنگاوی نوێم بە ڕێگەیەکی نوێدا هەڵدەهێنا. ئیتر وەڕس نەدەبووم، کتێبم پێویست نەبوو. بیر و خەیاڵاتی خۆم بەشیان دەکردم. بڕوام بە هەبوونی ئەو خوایەی ئاگەی لە هەموو زیندەوەرێکە و لەگەڵ ئەوانەی ڕووی تێ دەکەن، ئەوینداری دەبەستێ، بەرە بەرە گەشەی دەکرد.

ئەو دەمەی وەتوێژین تەواو بوون، پێم وا بوو هێندە نابا فەرمانی لە داردانم دێتە جێبەجێکردن. کاتێ دەرگەی گرتیگە دەهاتە وەکردن ڕادەچڵەکیم. وێڕای باوەڕی نوێم بە خوا، چاوەڕوانیی مردن لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر و لە مانگێکەوە بۆ مانگێکی تر، کارێکی توند و نالەباری لە دەمارگریم کردبوو بە تایبەتیش لەبەرئەوەی هێشتە لە سەرەتای ئەو باوەڕەدا بووم.

### بەغدا

ئێوارەیەک لەپڕ دەرگەی گرتیگەم بە سەردا هاتە وەکردن، پاسەوانەکە لەوێ لە چاوەڕوانیدا مایەوە، پاشان ئەفسەرێک بە بەرگی شارستانییەوە هاتە ژوورەوە و پێی گوتم وەگەڵیان بکەوم. بیرم کردەوە دەبێ ئەمە واتەی چی بێ؟ ئاخۆ ئێستەیە؟

لە سەربازگەیان بردمە دەرەوە و بە سوارییی ئۆتۆمۆبێل بەناو مەعادی و قاهیرەیاندا بردم. لە نێوانی دوو پاسەواندا سڕ بووبووم. نەمدەزانی چیم بەسەر دێ و بەرەو کوێ دەچم. ڕووناکی و خەڵکم بینی. خەڵک، هێندەی نەمابوو لە بیرم بچێتەوە هاوەڵەیلی گیان لەبەری ئاساییی خۆم چۆنن. سەرەڕای باری گرانی مێشکی نالەبارم، بەڵام ئەو ڕۆژە کە جارێکی تریش خەڵکم تێدا بینییەوە، وەک خۆشترین ڕۆژی ژیانم بەسەر برد.

منیان بردە بەندینخانەیەکی تا ڕادەیەک چێتر و هەندێک خواردنیان وێ دام. پاش ئەوەی ئەو ماوە دوور و درێژە ئالیکیان لە دەفرێکی تەنەکەی ژەنگاویدا دەدامێ، جارێکی تریش توانیم خواردن لە ناو دەفری سپی و بە چەنگاڵ و کێرد بخۆمەوە. سەمەرەیەک بوو بۆ خۆی. بەیانیی ڕۆژی دوایی، سواری باڵەفڕەیان کردم و بەرەو شوێنێکی کەسنەزان بەڕێ کەوتم.

دواجار له باڵەفڕگەیەکدا، له بیاوان نیشتینەوە و پاشی یەک سات هاژوانی تر، بینیم وا له بەغدا نێزیک بووینەوە. له بنکەیەکی پۆلیسی عارەبیدا گیرساینەوە و به شێوەیەکی ڕەسمی منیان گەیاندەوە میریی عێراق. وا دیار بوو عێراق منی به بەندینی خۆی دادەنا و به شێوەیەکی کاتی و به مەبەستی وەتوێژین منی دابووە ئینگلیزەیل. ڕاستت دەوێ ئەوە بووە هۆی ئەوەی ئینگلیز نەیاندەتوانی هەڵم بواسن. هەروەها زووش بۆم دەرکەوت، کە هەرچەندە هێشتە شەڕ بەردەوام بوو بەڵام فەرمانی لەداردانی من له لایەن عێراقەوە کاتی بەسەر چووبوو.

ئێستە، ئێمە وەکو دەستبەسەر هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا دەهاتە کردن. لەبەرئەوە له خانووێکی چاک دروستکردووی گەڕەکێکی نوێی بەغدادا، له خانووێکی ستایل ڕۆهەڵات ناوینیدا هاتینە بەندکردن. بۆ من خۆشترین چت پاش ئەو ماوە درێژە بەندێتییەی میسر، جارێکی تریش تێر به سکی خۆم نان بخۆمەوە. هێشتا به تەنیایی له گرتیگەدا بووم و ژوورەکەشم بچووک بوو، بەڵام زوو کەیفشاد بووم ئەو دەمەی بۆم دەرکەوت کە هەردوو هاوەڵەیلیشم لێرەن. لەبەرئەوەی یەکێکیان تووشی ئاوەزی شێوان بووبوو، ڕێگەی ئەوەیان دابوون پێکەوە بن، ئەمەش بۆ لەشساغەکە بارگرانی بوو. هەر ڕەمزی نەبێ دیار نەبوو.

کەی بوو بۆ دوا جار بینیم؟ له سەربازگەی وەتۆژینی مەعادیدا، لەوێ شوێنێکی بچووک هەبوو؟ ئەوانەی کێشەی زۆر گەورەیان هەبوو ڕێگەیان دەدان دوو دوو به جارێک راهێنان بکەن. به دیوارێکی بەرزی له گوش چێکردوو له یەکتر دەهاتنە جوداوەکردن. لەبەرئەوە بەندینێک بەندینەکەی تری نەدەبینی. ڕۆژێکیان وا هەڵکەوت تیشکی هەتاو به شێوەیەک دەکەوتە سەر گوشەکە، دیوەکەی تری تەواو ڕووناکەوە دەکرد. کابرایەکی باریک و بنێسی تێکشکاو به لارەملی و هەنگاوی لەرزۆکەوە دەهات و دەچوو. قۆڵ و باسکی به جۆرێک پێستەیان بەسەر ئێسکەوە نووسا بوو بەزەییت پێدا دەهاتەوە. پێستەی به ڕەنگی بەفر سپی داگەڕابوو، نیشانەی ئەوە بوو چەندین مانگ له

تەپانی بنی گرتیگەدا بووە. کاتێ ئەو پیاوە بەلەنگازە تێکشکاوە بەرەو لای من وەرچەرخـا و بەرەو ڕووم هات، هـاوارێکی ترش و تاڵ لەبەر بینگمـدا تاسـا. بیرم کردەوە: ڕەمـزی، هەی بێ چارە، چییـان بەسـەر هێناوی؟ فرمـێسک بە لووزەو بە چاومـدا هاتـە خـوار. خـوای بـە بەزەیی، یان خـۆت گـوتەنـی "ئەڵڵا" چەپاڵەت بدا و لـەم سـاتـە دامـاوییـەت ڕزگـار بکا. ڕوون دیار بوو وەتـۆژین ئەویشی لە ئاوەزی بێوەری کردبوو.

چەند حەوتوویێک پاشتر پاسەوانەکە پێی گوتم ڕەمزیش لێرەیە. لە ژوورێکی بە تـەنیـا بوو. هەر وێ گـاوێ پێ کـەوتم هـاورێیـە نەسـاغـەکـەی مـەیان بۆ چارەســەر بردووە. تـەنگاو بووم. ڕۆهـەڵاتی نـاوین ئـەوروپا نـیـیــە و بـاوەڕم نەدەکرد دوکتۆرێکی ئێرە بتوانێ چارەسـەرێکی ئەوتۆ بۆ ئەو بارە ئاڵۆزەی وی وەدۆزی. ئەو چارەسـەرەی ئێرە تەنیا دەیتوانی بارەکە ئاڵۆزتر بکا. پێم وا بوو دەتوانم یارمەتییەکی چاکتری هاوەڵەکەی خۆم بدەم.

کەس پێی نەدەگوتم چۆنە، ئیتر دەستم کردە ئەوەی مـان لە خـواردن بگرم. مــانگرتنێکی تـەواو. نە نـان نـە ئاوم وەرنـەدەگــرت. ڕۆهەڵاتـی ئەوەی بـەلاوە گرینگ نییە، چەک بە ڕووی مرۆوی بێ دەسـەڵاتدا دێتە هەڵکێشان. ئـەفسـەر پۆلیسی ئێشکگر زۆری لێ کردم دەست لە مانگرتن هەڵبگرم و پێی گوتم ئەوا هاوەڵەکەشم باشترین چارەی بۆ دێتە کردن. داوام کرد بمباتە لای وی. ئەوە بوو بـەڵێنی ڕۆژی پاشــتــری پێ دام. هەرچـەندە هـەرێ و بەڵێن لە ڕۆهـەڵاتی ناویندا گـرینگییـەکی ئەوتـۆی نییـە، بەڵام وێڕای ئـەوەش هەسـتـێکی پڕ لە شـانازیم لەلا دروست بـوو کەوا لەو نەریتـە ڕەمـەکییـە و لە خـەڵکی تر بەدەر و جودا دەبم.

هەر لە بـەیانییـەوە تـا ئێـوارە و پـاشـان ڕۆژی دواتـر و دواتریش لەسـەریەک تەفـرەیان دام. بەڵام هەر ئـەو دەمـە ڕێگەیان دام بە ڕۆژەوە لەگـەڵ هاوەڵەیلی خـۆمـدا بم. هـەلێکی دڵخـۆشکەر بوو جـارێکی تریش یـەک بگرینـەوە. مـایەی دڵخــۆشــیم بـوو ڕەمــزیش بەرە بـەرە تەرازووی هۆشـی هاوســەنگ دەبووەوە. پێشـتـر ئاماژەم کرد، بەیەکگەیشتنەوەی دوا جارمـان چتێکی چەند جەرگبڕ

بوو و ڕەوتار و هەڵسوکەوتی ئەو چەندی کار تێ کردم.

کاتی داوای بوورینم لێی کرد هەر ئەوەندەی گوت: «گوێی مەدێ کاپتن، گوێی مەدێ». ئەمە بۆ ئەو کاری "قیسمەت: چارەنووس" بوو و چتێک نەبوو بوورینی منی بووێ.

ئەو پۆلیسەی خۆراکی بۆ هێناین، بە چرپەوە گوتی هاوەڵە نەخۆشەکەی مە بە زنجیر هاتووەتە بەستنەوە. ئەوە زۆر بوو بۆ من، جارێکی تر ڕکم لە خواردن گرتەوە. هاوەڵەیلی من لە یەکبینە دەنگوباسی منیان بە پاسەوانەیل دەگەیاند و دەیانگوت جار لە جار باری نالەبارترە. بێگومان زۆریان پێوە دەنا بەڵام تا بڵێی چتێکی ئەستەم بوو بتوانی لە گەرمترین وەرزی ساڵدا بە بێ ئاو هەڵبکەی.

تەنیا بە ورەی خۆڕاگری و هێمنایەتیی بیر و لەشەوە، توانیم ددان بە خۆمدا بگرم. پاشی سێ ڕۆژ پێیان گوتین دوکتۆری سەرپەروەر دێ و هەموو زانیارییەک لەبارەی ئەو هاوەڵەی مە و شێوەی چارەسەرکردنی ویمان دەداتێ. ڕۆژووم شکاند بەڵام وەکرییانە پێم گوتن ئەگەر ئەمجارەش فریوم بدەنەوە ئەوا دڵنیا بن دەست پێ دەکەمەوە و جاری داهاتووشم زۆر بە ڕاستی دەبێ.

جا بە ڕاستی ڕۆژی دوایی دوکتۆر هات. ڕواڵەتێکی ئەوروپاییانە و شێوە ئاخاوتنێکی ڤیەنناییانەی خۆشی هەبوو. دەرکەوت کاورا جوولەکەیە و کۆچی کردووەتە ئەمەریکا و نەخۆشخانەی ئاوەزی تێکچوونی لە ناوەڕاستی نیۆیۆرکدا هەیە. وەک دوکتۆری سوپای ئەمەریکایی هاتبووە بەغدا بۆ ئەوەی بە شێوەی سەرەکی بۆ مەبەستی پروپاگەندە لە نەخۆشخانەی میریدا کار بکا و سەرکەوتنی گەورە گەورەشی بەدەست هێنابوو. کەواتە هاوەڵەکەی مە نوێترین چارەسەری بۆ دەهاتە کردن لەسەر دەستی کەسێک لەوانەیە زەوینەیەکی چاکی ڕک و کینە لە دڵ هەڵگرتنی لە ئاست ئەڵمانیادا هەبێ کە ئەویش جوولەکەیەکی تێ کۆچاندووە. هەر چۆنێک بێ، دوکتۆرەکە بۆ پیشەی خۆی سەرڕاست بوو و هاوەڵەکەی مەی بە بێ نیشانەی هیچ ڕک و کینەیەک چارەسەر دەکرد. ڕوونکردنەوەکەی وی، ئێمەی هێمن کردەوە و هیوای بەرزی

سەرکەوتنمان بۆی خواست.

پاشی چل ڕۆژ، کـاورایەکی هـەڵئـاوسـاوی ڕەنگ پەڕیو لە نەخـۆشـخـانە وەگــەڕیا. لەوێ دانیــشـــتـبـــوو هیــچی نەدەکــرد، دامــاو و بیــربـڵاو. بە خۆشەویستییەوە دەمانلاواندەوە بۆ ئەوەی دڵخۆشی بکەین و جارێکی تر بە کـەیفی بێنینەوە. بەڵام کـاتێ لـەگـەڵیـدا دەدواین تەنیـا سـەرنجی دەداینێ، دەتوانم بڵێم هیچ تێ نەدەگەیشت.

بیرێکم بۆ هات: ئەگەر بێتو چەند پارچە شیعرێکی کورت یان درێژی پێ لەبەر بکەم ڕەنگە سـوودێکی هەبێ. پاشی کردە و کـۆشــەوەیەکی زۆر، وردە وردە کاری تێ کرد. دوا جار گەیشتە ڕادەیەک ئیتر جارێکی تر بیری تاریک نەبێتەوە. بگرە وریا و چالاک بێ و بابەتێکی لە مێشکدا بێ. بێگومان بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ هۆشیاری و چەلەنگی و بەخۆوەنازین و گەشبینی و دەماغ بەرزیی جاری جارانیدا نەدەهاتە بەراورد کردن، بەڵام نالەبارییەکەی لەناو چوو، سوپاس بۆ خوا.

مانەوەمان لە بەغدا چتێکی لەبار و گونجاو بوو ئەگەر هێندە پاسەوان و ئێـشکگرمــان بەســەرەوە نەبوایە. لە ناو مـاڵەکـە، لە بەربانک و بەردەرگـەدا بەردەوام نێزیکەی سی چل پاسەوان هەبوون و ڕۆژ بەڕۆژ دەگۆڕان. خولیای ئەو پاسـەوانـەیلە ئەوە بوو بـاس و هەواڵی خـەڵک بە دوور و درێژی بۆ یەکـتـر وەگێڕن و هەروەها بـە دەنگی بەرزیش وەک لە ڕۆهەڵاتدا باوە، بدوێن. ئێمەی بەندین، هەر بە دەست گەرما و هەرا و زەنای ڕۆژگارەوە وەڕس نەبووین بگرە شەوانیش بە دەست جاوەجاوی جاڕس و وەڕسکەرەوە خەومان نەبوو.

ئیـتـر هێندە بێـزار بووبووم، بـە جـۆرێک سـاز بووم لـە هەلی تۆز و بـایەکی داهاتوودا ڕابکەمـە لای باڵوێزگەیەکی بێلایەن و داوا بکەم بەڵێنێک لە نێوانی من و هاوەڵەیلم لەگەڵ میریی عێراقدا بێتە بەستن بۆ ئەوەی هیچ نەبێ بتوانین شەوانە بنووین.

چتێکی خۆشـمـان لەبارەی ئەو ناوچـەیەی پێویست بـوو لە بنەڕەتدا تێـیدا

بێینە هەڵدانە سەر زەوی، لە یەکێک لە پاسەوانەیلەوە بیست. جارێکی تر بارە تراجیدییەکەی کردەوەی خۆمانم بە ڕوونی هاتەوە یاد. لە هەمان ئەو شوێنەدا و تەواو لەو کاتەی ئێمەی هاتینە هەڵدانە کوردستان، یاخیبوونێکی کورد دژی عارەب و دژی ئینگلیز سەری هەڵدابوو*. ئەگەر هەموو چتێک بە پێی نەخشە بەڕێوەیە بچووایە، ئەوا ئێمە لە جەرگەی یاخیبوونەکەدا دەکەوتینەوە. لە سایەی لێزانیی خۆمانەوە لە ڕێکوپێککاری و چەک بەکارهێنان و هەروا لە سایەی ئەو کەلپەلانەی لەگەڵ خۆماندا هێنابوومان و ئەو پێویستییەلەی تر، کە بە هۆی پێوەندیکردنی بە بێتەلەوە و بە بڕێکی زۆر پێمان دەگەیشتن، بە تەواوی دەمانتوانی ئاتاج و پێویستییەیلی ئەو یاخیبوونە دەستەبەر بکەین. ئەدی ئێمە هەموو چتێکمان بە پوختەیی گەڵاڵە نەکردبوو؟ ئەدی باڵەفڕەی خۆمانمان نەبوو و چاوەڕوانی بە بێتەل پێوەندیکردنی مە نەبوو بۆ ئەوەی چتومەکمان بۆ بێنێ و ئەدی شوێنی نیشتنەوەی باڵەفڕەمان خۆش نەکردبوو؟

سەرباری هەموو چتێکی تر، ئێمە ئەو چتەمان بە کورد دەدا کە لەمێژە نەیانبوو، ئەو چتەی بووبووە هۆی لەبارچوونی هەموو یاخیبوونەلیان: ئامانجی تێکڕایی، ئامانجی کوردستانێکی سەرفراز و یەکگرتوو. ناو بەناو خێڵێک دەیویست سەرفرازی بەدەست بێنێ بەڵام بەهۆی خوەسای خێڵایەتی و دەرەبەگایەتیی وڵاتەوە هێشتە هەلی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری هەڵنەکەوتبوو. هەروەها هێشتە بوار نەگونجابوو بۆ ئەوەی تاکە سەرۆک خێڵێک بە سەرۆکی تێکڕای کورد بێتە ناسین، تەنیا سەرۆک خێڵێک تا ئێستە توانیبێتی بەشی هەر گەورەی ناوچەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و سەربەخۆیی بەدەست بێنێ، شێخ مەحموود بوو. تا ئەو دەمەش هەر بە مەلیکی کوردستان دەهاتە ناسین. بەڵام ناوچەی دەسەڵاتی وی سەر بە عێراق بوو کەچی وڵاتی کورد بەرەو ناو ئێران و تورکیاش خۆی دەکێشایەوە.

* مەبەست لەوە ڕاپەڕینی بارزانە لە ۱۹٤۳دا کە مستەفا بارزانی لە سلێمانی دەرچوو و لە ڕێی ئێرانەوە گەڕایەوە ناوچەی بارزان، لەوێ دەستی بە ڕاپەڕین کردەوە دژی دەسەڵاتی ئینگلیز و حکوومەتی عێراق. وەرگێڕ.

به هاندانی ڕاپەڕینێکی گشتی و دانانی سەرکردایەتییەک لەسەر بناوانی هاوبەشیدا، دەمانتوانی یاریدەی کوردەیل بدەین لە پێناو سەرفرازییان و ئەوانیش یاریدەی مە بدەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی خۆمان.

ئێستە ئێمە دەمانزانی چارەنووس لە بناوانەوە بەرەواژی هێنا. ئاگری یاخیبوونەکە لە ڕۆهەلاتی ناوین بۆ سوودی ئەلمانیا هەلنەگیرسابوو، هەرچەندیشە کە لێوەی نێزیک بوو. لە چارەی کردەوەکەی مەدا هاتبووە نووسین نووچ بدا وەک چۆن لە چارەی ئەلمانیا هاتبووە نووسین شەڕ بدۆڕێنێ.

زۆرمان کەیف بەوە هات، کە زانیمان ئەو ئەفسەرەی بەرپرسی تیپە پۆلیسەکەی پاسەوانیکردنی مە بوو، لە کاتی هەلگیرسانی یاخیبوونەکەدا لەگەڵ پیاوەیلی خۆیدا بۆ کوردستان هاتبووە شەندن.

ڕاستیت دەوێ، ئەو یاخیبوونە چەند مانگێک درێژەی کێشا هەتا ئەوەی کورد چەک و بژێوییان مابوو. بەلام کەس نەبوو یارمەتییان بۆ بنێرێ لەبەرئەوە پاشەکشەیان کردبوو و خۆیان لە چیایەلی هەزار بەهەزاردا وەشاردبوو. لەبەرئەوەی پۆلیس زۆریان ڕێز لەو چەتە و نیشان ئەنگێوەیلە نابوو، لە لایەن وانەوە تا ئەوپەڕی ڕادە نەرمییان لەگەلدا هاتبووە نواندن، بەلام هەر ئەوەندەی لەبەر سێرەی دەستڕێژی وان دەرچووبوون، ئیتر چیرۆکی ئەوتۆیان لەبارەی شەڕ و سەرکەوتنی خۆیان دەگێڕایەوە تەختەداری زەویی ژوورەکانیشیان دەهێنایە هەژین. بۆمانیان گێڕایەوە چۆن پۆلیس ئەفسەرەکەی لەمەڕ خۆشمان گیانی خۆی ڕزگار کردبوو. لەسەری چیایەلدا تووشی هەترەش چوونێک دەبێ تەنانەت کوردەیلی یاخیبووش گوێیان لەم دڵتۆقێن و ترس و لەرزە بێ ئەندازەیە دەبێ و بە زیرەکی و شارەزاییی خۆیان شەوێک دەردەکەون بۆ ئەوەی بیگرن. ئیدی کاورا ڕووت و قووت دەکەنەوە و بە نوێژی نیوەڕۆ بەرەڵلای دەکەن بۆ ئەوەی وەگەڕێتە لای پیاوەیلی خۆی.

دوای چەند ڕۆژێک، ڕەمزی گەڕایەوە سەر باری جارانی. گاوێ ڕێگەیان دەداین بە ڕۆژەوە لەگەل یەکتردا بین، کاتمان بەوە بەسەر دەبرد چیرۆک بۆ

یەکتر وەگێڕین. ئەو چیرۆکەیلەی زۆرمان پێ خۆش بوون ئەوانە بوون ڕەمزی لەبارەی کوردستانی وڵاتی خۆیەوە بۆی وەدەگێڕاین. ئەو وڵاتەی چەندین ساڵ بوو دەمناسی و فێر بووبووم خۆشم بووێ، وا ئێستە گوێم بۆ یەکێک لە هەرە چاکترین ڕۆڵەیلی سەربەرزی وی شل کردووە. نەریت و خدووی خێڵەیلی جیاجیای بۆ باس دەکردین، دوژمنایەتی و تۆڵەساندن و قارەمانیەتیی وانی بۆ وەدەگێڕاین، لەبارەی ئاین و تیرە ئاینەیلی جیاجیا و سەرچاوەی کانزا و ڕێگەی پەرە پێدانیانەوە دەدوا. ئیتر ئەوا جارێکی تریش هاتینەوە ناوەندی بابەتی ژمارە یەک: پەرەپێدانی کوردستان. نەخشە و پێشنیازی دادەنا: ئێرە دەکەینە دارستان، لەوێ شەقام دەکێشین، بڕیارمان دەدا شار لە کوێدا بێت، بنکەی بازرگانی و کولتووری لە کوێدا بن.

پشتینەی ئەو کاتە پڕ لە شادییەمان لەلایەن کوردێکەوە دروست بووبوو، کە بە هەر شێوەیەک بێت هاتبوو و بووبووە پۆلیس. دەیویست سڵاوی نیشتمان بە ڕەمزی ڕابگەینێ. لە سووچێکی حەوشەکەی ژێرەوەدا هەڵدەکونجا و چەندین سات لە یەک پشوو داستانی ئەوین و لاوکی کوردانەی دەژەنی. ئەو، وان ئاوازەیلەی بە شمشاڵی شوانانەی کورد و بە شێوەیەکی زۆر تایبەتەوە دەژەنی. کاکی شمشاڵژەن دەیتوانی نیو ساتی تەواو لە یەک بینە بژەنێ. تەنانەت لە نێوانی (نۆتە)یلیشدا پشووی نەدەدا. لەبەرئەوە، وچانی تەواوی لە نێوانی هەناسە وەرگرتن و هەناسەوەداندا نەبوو. ئیتر هەر دەیژەنی و دەیژەنی، بە هونەرێک دەیژەنی توجاران من نەمدەتوانی سەرم لێی دەربچێ.

بۆ گوێی ئەورووپایی، ئەستەمە بتوانێ خۆی لەگەڵ مۆسیقای تورک یان عەرەبدا بسازێنێ، کە بۆ مە تەواو ناساز و ناتەبان. بەڵام هەر چۆنێک بێت لەگەڵ مۆسیقای کوردیدا دەهاتینە گڕ. ڕاستت دەوێ ئەو مۆسیقایە لەگەڵ مۆسیقای مەدا جودا بوو بەڵام هەستمان دەکرد جۆرە پێوەندییەکیش هەیە، چونکە کوردیش وەکو ئەورووپایی لە ڕەگەزی هیندۆ ـ ئەورووپایین. هەروەها زوانی کوردیش لەگەڵ زمانی مەدا بەندیواریی هەیە بەڵام زوانی عەرەبی هیچ پێوەندێکی لەگەڵ ئەڵمانیدا نییە. (دا)ی کورد واتە (یا) بە ئەڵمانی، (نۆ) واتە

(ناین)، (مـــادەر) واتـە (مـــاتەر)، (پـێـــدەر) واتە (فـــاتەر)* وشـــەی (ئەبـو) لە عەرەبییەوە هاتووەتە وەرگرتن.

کاتێ پۆلیسە کوردەکە شمشـاڵە شوانانییەکەی خـۆی دەژەنی، بیر و خەیاڵ ڕەمـزییان هەڵدەگرت، چەندین مـیل دووریان دەبرد. خـەونی بە کـەژ و کێـوەیلی چۆڵی کـوردسـتـان و گوندەیلی سـەرەتاییـیـەوە دەبینـێ. وێڕای هەمـوو چـتـێک ئەمانە چیای (وی) و گوندی (وی) بوون. ئـەو خوشک و برایەلەی وی، کە خۆی لە پێناویـاندا هێنایە بەر پەتـی سـێدارە، لەوێدا دەژیان. ڕۆژێکیـان، ڕەمـزی لە کـاتی نانـی نیـوەڕۆدا بە ڕاکـردن هاتە ژوورەکـەم و مـاڵئـاواییی لێ کـردم. دەیانبردە بەندینخانەیەکی عێراقی. تەنیا کاتی ئەوەم هەبوو دەستی بگرم و بە قووڵی لە چاوەیلی وی ڕابمێنم. پاشان لێی دا ڕۆیشت.

« خـوا دەسـت بە باڵتـــەوە بگرێ، خـوا بە فـریاتەوە بێ، خـوات لەگـەڵدا بێ، ڕەمــزی»، بە هـەمــوو دڵەوە لەدوایەوە هاوارم کـرد. بـە درەنگەوە پێم زانـی، کـە ڕەمزی بە تۆمەتی ناپاکی لە نیشـتـمـان، بیست ساڵی خشت بـەندیی لە لایەن (دادگەیەکی سـوپاییی عێراقـەوە) بۆ بڕاوەتەوە. کاتێ زانیم ئـەو دۆسـتـە لە دڵ شیرینەمان جارێکی تریش تووشی ئاوەزی شێوان دەبێتەوە، زۆر خەمبار بووم.

بەڵام دیارە لـەگەڵ کـۆتابوونـی شـەڕدا، ڕەمـزیش بـەبەر بوورین دەکـەوێت و جارێکی تر وەدەگەڕێتـە نیشـتمانی خـۆی، ئیتر ئەو کاتە قـارەمانیـەتیی وی لە ســــەرتاســــەری وڵاتدا دەنگی دەدایەوە، تـەنانـەت نەخـــشـــەی بەدیهــێنانی سەرفرازیی کوردستان، کە هـەرچەندە سـەریش نەکەوتبوو، دەکەوتە سـەر زاری سـەرپاکی کوردەیل.

---

* مـیولەرە فـەندی بە هەڵە ئـەم وشـەیلە بە کوردی دەزانێ. دیارە ئەمانە کوردی نین و گشتیان فارسین. وەرگێڕ

## له ئاخی پیرۆزدا

پاش ئەوەی ڕەمزییان بردە بەردەمی دادگەی سوپایی، هێندەی نەبرد جارێکی تریش ئێمە لە لایەن ئینگلیزەوە هاتینە دوور خستنەوە، ئەمجارە هەموومان لە ناو یەک باڵەفڕدا. ساڵێک بوو لە بەغدا لە بەندینخانەدا بووین و گەلێکمان پێ خۆش بوو ئەو سەردەمە دڵتۆقێن و مێشک ئازاردەرە بەڕێ بکەین. لە باڵەفڕگەی (لود ـ Lydda) لە فەلەستین نیشتینەوە. ئێمەیان هاوێشتە ناو ئۆتۆمۆبێلێکی بارەبەری سەرگرتوو و دەستمان بە گەڕێکی درێژ بە توولە ڕێیەکی بەربەیاری ناو ولاتدا کرد. جارێک لە ڕێگەدا هەڵوەستاین پاشان بەڕێ کەوتینەوە. هەندێک جار بە ڕێگەی مەیلەو باش و هەندێک جاریش بە ڕێچکۆڵەی نالەباردا، نێزیکەی ساتێکمان بە ڕێگەوە بەسەر برد تا ئەوەی لە پێش باڵەخانەیەکی بەردینی گەورەدا وەستاین، بە تۆڕێکی تەلبەند چواردەوری هاتبووە گرتن. دەروازەکەی لەسەر پشت بوو، ئێمەش چووینە ژوورەوە بۆ ئەوەی جارێکی تریش ببینەوە دیلی ئینگلیز.

ئەو شوێنە کوێ بوو، نەماندەزانی. ناوی ئەو شوێنە بۆ مە وەشاردی بوو. باڵەخانەکە نێزیکەی دوو سەت بەندینی تێدا بوو. شوێنێکی لاچەپی تایبەتی هەبوو بۆ وانەی کێشەیان گران بوو. هەندێک کەس لەمێژە لەوێ بوون و پاشان بڕێکی پتر خەڵکیان هێنا. زۆری نەبرد بووینە چل کەس و لە ژوورێکی بچووکی تەنگەبەردا مۆڵیان داین و چوارده مانگی تێدا ماینەوە. ئێمە لەگەڵ خەڵکەکەی تری وێدا تەواو هاتبووینە جوداوەکردن.

لە ناو تاوەیەکی سووڕەوەبوودا کەوتبووینە سەر ئاگر. ڕاستە ژاوەژاوی پۆلیسمان لێرە لە کۆڵەوە بووبوو، بەڵام خەڵکێکی هێندە زۆر لە ناو ژوورێکی وا بچووکدا هاتبووینە مۆڵدان تەنانەت بەرزترین ورەی دنیاش نەیدەتوانی خۆی لە تێکەڵاوبوون بپوێرێ. هەوایەکی درژ و توندی ئەنجام پێشبینیکراوی هەبوو. نالەبارترین شێوەی بەندینخانە بوو، پەنجەرەیلی وێ بە دوو چین تۆڕە سیمی باریکی تێک پەڕیوی ئەوتۆ گیرابوون، پیاو تەنیا ئەو کاتە دەیتوانی

دەرەوە بەدی بکات ئەگەر سەری بە پەنجەرەوە بنووساندایە.

بۆ بەسەربردنی کات هەر چتێکی بۆمان بلوایە دەمانکرد. دەرسی زوانمان بە یەکتر دەدا: فارسی، فەرەنسی، ڕووسی. هەر کەسە و بە هەموو توانستەوە دەیویست خۆی خەریک بکا.

ڕۆژێک، لە ناکاو یەکێکی ژوورەکەمان کەڵەمبازێکی هەڵدا:

«هەمووتان وەرن، ئاخۆ دەزانن ئێمە لە کوێین؟»

چاومان تێی بڕی. ئەمە ئەو چتە بوو کە لەمێژ بوو بە هیوای زانینی بووین: «لە ئیماوسین Emmaus» گوتی. لە بیرتانە (دوو کوڕی گەنج بۆ ئیماوس چوون).

«ئیماوس؟» پرسیمان. ڕۆژنامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و ڕای کردە لای پەنجەرەیەک «ئێرە، سەیری ئەم وێنەیە بکەن: ئەو سوورە تووە، ئەو گەرماوە، ئەو دارستانە سەرووە. کتومت ئەوەی دەرەوەیە».

ڕاستی دەکرد ئێمە لە ئیماوس بووین. ئەم وەدۆزینە بۆ من مایەی سەر سووڕمان بوو. بۆم دەرکەوت چەند ساڵێک لەمەوپێش هاتبوومە هەمان ئەم خانووە. لە ئۆرشەلیم (قدس)ەوە هاتمە ئیماوس و لە هەمان ئەو ژوورەیلەی ئێستە تیایدا بەندین لە میوانداریی باوە میولەری سەرۆک (دێر)دا نانم خوارد و تاوێکی خۆشم ڕابوارد. ژوورەیل بەم بارە نالەبارەی خۆیانەوە نەدەهاتنە وەناسین و دیارە ڕەبەنەیل لەگەڵ دەست پێکردنی شەڕدا چۆڵیان کردبوو. دێرەکە بووبووە مۆڵگەی دیلەیل. ئەمە ئەو شوێنە بوو ئینگلیز ئەوانەیان تێدا بەند دەکرد، کە سەروبەریان تەواو ڕوون نەبوو، هەروەها ئەوانەی بە شێوەی نایاسایی هاتبوونە فەلەستین، بەڵام سەر بە هیچ هێزێکی دوژمن و ناحەز نەبوون، بۆ نموونە: تورک، گریک،... هتد. سەرەڕای ئەوانە، دەسەڵاتدارەیلی عەرەب، درووز و کورد، ئەوانەی گومانی ئەوەیان لێ دەهاتە کردن بە بیروباوەڕ دژی ئینگلیز بن، لێرە بوون. هەروەها چەند کاربەدەستێکی باڵوێزگەی ئەڵمانیا بە تەفرە و بەڵێنی درۆ هاتبوونە ناوچەی ژێردەستی ئینگلیز و پاشان بە شێوەی نایاسایی وەک گومان لێکردووی تر هاتبوونە

دەستبەسەر کردن.

پیـاو دەتوانێ تـێ ببـیـرێ ئەگـەر ئەو هـەمـوو خـەڵکە جـودا جـودایە بە زۆردارەکی ناچاری پێکەوە ژیان ببن دەبێ چی ڕوو بدا. زۆربەی ئەوانە خەڵکی ڕۆهەڵاتی ناوین بوون. کوڕی خواسا بوون، نەریت و خدووی نیشتمانی خۆیان تەنیا لە چیا و بیاوانەیلدا دەناسی. ڕۆژێک، کاورایەکی عەرەب هەست دەکا پیاوێکی سەر بە هێزی داگیرکەری ناو ئەو مۆڵگەیە سووکایەتیی پێ کردووە. کاورا دەچێ چوارمێردەکی لەسەر جێ و بالینگانی خۆی دادەنیشێ. بێدەنگ و دۆش دابردوو، لە تووڕەییدا سوور سوور هەڵدەگەڕێ، چەپڵەیەک لێ دەدا و بانگ دەکا: «حەسەن.»

پاشان چەپڵەیەکی تر لێ دەدا و بانگ دەکا

«برایم.»

کوڕەیلی وی دێن و لە بەردەمیدا کڕنوو دەبەن، دەست دەخەنە سەرسنگ و ناوچەوان. باوکە ئامـاژەی ئەو پیـاوە دەکـا کـە سـووکـایەتیی پێ کـردبوو. کـاوراش وەک نـە بای دیبێ و نە باران، لە پەنایەکدا دانیـشـتـبـوو مـوتاڵای دەکرد. باوکە بە کورتی پێی گوتن:

«هەڵی واسن.»

حـەســەن و برایم بە گـوێڕایەڵـیـیـەوە هاتن و چتـێکی لەباریان وەدۆزی. هێـچکێکیـان (هێـچک: قـوڵفـە) لێ دروست کـرد و بە کـاریتـەی سـەر دەروازەیانەوە هەڵواسی. دەروازەکە لەسـەر پشت بوو. پاشـان هەردووکـیـان ڕۆیشتنە لای کاورای لە پەنادا دانیشتوو، حەسەن چتێکی پەستایە ناو دەمی کاورا و برایمیش پەلکێشی لای دەروازەکەی کرد. هەر زوو هێچکیان خستە ملی کابراوە و حەسەن کاورای بۆ سەرەوە هەڵکێشا، بە ڕێککەوت ئێشکگرێک بەو ناوەدا ڕابرد، دەمـانچـەی هەڵکێـشـا و لە حـەسـەن و برایمی شـڵـەژاوی ڕاخـوڕی. ئـەوانیش بە ناچاری نێـچـیـریان دابەزاند. زۆریان پێ سـتـەم بوو نەیانتوانی فەرمانی (ئەبو ـ باوە)ی خۆیان بەجێ بێنن.

ئەو چتەیلەی پێوەندییان بە مۆڵگە و دانیشتووی ناویەوە هەبوو، بێگومان من زۆر بە درەنگەوە زانیمن. ماوەیەکی کەم بەر لەوەی بە سواری پاپۆڕ لە کۆتای ساڵی ١٩٤٥دا بمانبەنە مۆڵگە ـ بەندینخانەیەکی شەڕ لە میسر، ڕێگەیان پێ داین لەگەڵ گیراوەیلی تری ناو مۆڵگەدا تێکەڵ ببین. هەروەها وەکو ئەوانی تر هەلیان پێ داین هەموو ڕۆژ ماوەیەکی کەم لە دەرەوەدا بەسەر ببەین. ئەوە پاش ئەوەی چواردە مانگی خشت وەکو مەڕ و مالات لە گەوڕێکی تەنگەبەردا هاتبووینە مۆڵدان. زەوینەی گەوڕەکە بەردی تات بوو. ئای چەندمان پێ خۆش بوو جارێکی تریش ئاخ لە ژێر پێی خۆماندا ببینینەوە.

هەندێ لە هاوگرتییەلم چارەنووسی وەک منیان بەسەر هاتبوو. ئەوە نەبێ کردەوەکەی من لەسەرەتاوە بە چەوتی هاتبوو بەڵام ئەوان توانیبوویان بەینێکی باش بە سەربەستی لە ئێراندا کار بکەن. توانیبوویان بۆ چەندین مانگ یان چەندین ساڵ بە یاریدەی ئێرانییەلی ئەڵمان ویستەوە خەباتی ژێرزەوینی بکەن.

تا ئەو دەمەی بارەکە بۆنی هیوایەکی لێ دەهات، ئێرانییەل شوێنی خۆوەشاردنی ئەڵمانەیلیان دابین کردبوو تەنانەت ئەگەر هەندێک جار ژیانی خۆشیان دابێتە بەر مەترسییەوە. بەڵام ئەو دەمەی گلۆڵەی مە کەوتە لێژی و دەرکەوت سوپای مە لە هەموو شوێنێکدا ڕوو لە شکانە، ئیتر ئەوانیش کەوتنە ئەوەی ئەڵمانەیل بدەنە دەستی ئینگلیز، کە ئەو کاتە وڵاتی لە بن دەسەڵاتی خۆیدا نابوو، هەرچەندە داوای ئەوەشیان کردبوو کە نابێ ئەم ئەڵمانەیلە بێنە کوشتن. هەمان کات، ئەوانەی بەرپرسی سەرپەروەریی هاووڵاتییەلی ئێرانی بوون، هەتا ڕادەیەک لەلایەن ئینگلیزەوە ڕێزیان لێ دەهاتە گرتن چونکە نەیانویستبوو بەبێ مەبەست ختوکەی ئەو ئێرانییەلە بدەن، کە بە باوەڕ ئینگلیزپەروەر نەبوون.

لەوێ، چالاکیی ژێرزەوینیی ئەڵمان لە دوو شوێندا کۆجێ بووبوو. یەکێکیان لە ناوچەی تاران و ئەسفەهاندا، ئەوی تر لە باشووری ئێران لە ناو خێڵەیلی لوور Luren و قەشقایی Kaschgais و بەختیاریدا Bakthiari. ئەم چتەش

ئەوەی دەگـەیاند کـەوا دەتوانن بە ئازادی لە ناو خـێڵـەیلی باشـووری ئێـراندا هـاتوچوو بکەن. ئەم هـەلومـەرجـەی وان تـەواو وەک هـی کوردەیلـی لەمـەڕ خـۆم بوو. بیـانی نەیدەتوانی پێ بنێـتـە نـاو ئەو هـەرێمـەوە، تەنانەت ئێـرانیـیـەلی تارانیش نەدەوێران خـۆیانی لێ بدەن. بەڵام دەبێ ئەوە بڵـێم هـاوڕێیـەلی بە جەرگی ئەڵمانم توانیبوویان پێی خۆیان لەوێدا بنەجێ بکەن و وەک ڕاوێژکاری سـەربازیی سـەرۆک خێڵـەیل کار بکەن. تێکڕای خـەڵک، سـەرۆک خێڵـەیل، پیاوەیلی خێڵەیل و ئەفسەرەیلی ئەڵمانیش چاوەڕوان بوون سـەربازی ئەڵمانیا لە قـەفقـاسـەوە بەرەو باشـوور هەنگاو هـەڵێنێ. هەمـوو چتێک بۆ مـەبەسـتی ڕاپەڕینێکی گـەورە دژ بە ئینگلیزی ناحـەز و لە پێناوی ئەڵمـانیـای دۆسـتـدا هـاتبووە سـاز و تەیار کردن. بایەخی گەورەی باشـووری ئیـران بـۆ ئینگلیـز لە یەکەمین سـەرنجی نەخشـەدا دەردەکەوێ، چونکە ئەو شوێنە سـەرچاوەی هـەرە گەورەی نەوتە.

هەندێکی تر لە پیاوەیلی مە لە تیپێکی سـەرەکی لە ناو تاران و دەوروبەریدا کـاریان دەکـرد. ئەمـانـە لەمـێـژ بوو، هـەر لە سـەرەتـای شـەڕەوە لەوێ بوون و چووبوونە ژێر زەوی. ئـەوانی تر زۆربەیان بە چەتر نـیشـتـبوونـەوە. بەبیـرم دێ ئـەو دەمـــەی لە بـەرلین بـووم (بـەینێکی زۆر پێش ئەوەی بـەڕێ بکـەوین) چۆن دەســتــەی باڵەفـڕوان بـە شـلــەژاوی گـەڕانـەوە و هەواڵیــان هێنا کــەوا لە خـۆهەڵدانێکی ســەرکـەوتوو لە بیـاوانی لووت Luthدا لە ئێـران، یەکـێک لە چەترەیل وەنەبووە، لەبەرئەوەی ئەو پەتـەی لە پاشکۆی باڵەفڕدا بە هێچکێکەوە بەسـتـرابووەوە و پێـویـست بووە بە شـێـوەیەکی خـۆبزێو وەببێ، گـیـر بووە و وەنەبـووە. وای بۆ چـووبوون کـــاورا وەک پلووکـــە بەردێک ڕووەو زەوی شـــۆڕ بووەتەوە، بەڵام ڕاسـتـت دەوێ کاورا بە ئەسـپـایی نیشـتـبـووەوە، چەتـرەکە بە شکانی هێچکەکە وەبووبـوو. ئەو تیپـە دوای گـەڕێکی چەند ڕۆژی بە سـواریی وشتر، خۆیان گەیاندبووە تاران، چووبوونە ناو شارێکی ژێر چاودێریی توندی پۆلیـسـەوە. بە یارمـەتیی ئـەو هـەواڵەیلەی لەوێدا دەژیـان، لۆرییـەکـیـان بـەکـرێ گرتبـوو. لۆرییـەکە کەرپووچی بار کردبـوو و ئەوانیش خـۆیان لە بۆشـاییی ناو

بارەکەدا وەشاردبوو.

پیاوێکی ئەزموونديتە بوو و چەندين ساڵ لە ئێراندا ژيابوو و زانيارييەكی چاكی لەبارەی شێوەزمانەيلی جودای وێندەرێوە هەبوو. ئەو پياوە چارەنووسێكی دڵتەزێنی بە بەش بوو. لە زنجێكی بچووكی كەس بەسەرەوە نەچووی ناو دارستانێكی گەورەدا دەژيا. خاوەنی زنجەكە نەيدەزانی ئەو پياوە بە دزييەوە خۆی لە باڵەفڕە هەڵداوە. ڕۆژێكيان پياوە ئەڵمانەكە نەساغ دەكەوێ و دوكتۆرێكی متمانە پێكردووی بۆ دێن و نەخۆشيی گرانەتای لێ وەدەدۆزن. چيی لێ بكەن؟ ناتوانن بيبەنە نەخۆشخانە، چونكە سەرلەبەری كردەوەكە دەكەوێتە ڕوو. هەروەها ئەندامەيلی تيپەكە نەياندەتوانی متمانە بە خاوەن ماڵ يان يەكێ لە كرێكارەيلی وی بكەن و ڕاستيی لە لادا بڵێن. تەنيا ناوی گرانەتا بەسە بۆ ئەوەی ببێتە مايەی ترس و لەرز. گرانەتا ئاهۆيەكی گيرۆيە و لەوانەيە پەتای ئەم نەخۆشييە زۆر زوو بڵاوە ببێ. پێش ئەوەی بە هيچ بڕيارێك بگەن، كاورا مرد. شەو لە بارودۆخێكی زۆر ئاڵۆز و دژواردا لاشەی كاورايان بردە بياوانێك و ناژتيان. وێ دەچوو ئەم گرووپە تايبەتەی ناو تاران لە ئەرك و فرمانی خۆيدا چەلەنگ و گورج و گۆڵ بووبێ و بەوپەڕی ورداتييەوە نەخشەی دەست بەسەرداگرتنی حكومەتی بە ياريدەی ئەڵمان ويستەيلەوە كێشابێ. ڕاستيت دەوێ، پياو دەتوانێ بڵێ لە حكوومەتێكی بە ڕواڵەت بەولاوە، كە لە لايەن ئينگليزەوە بەڕێوە دەچوو، سەرتاسەری ئێران ئەڵمان ويست بوون. هەر چۆنێك بێ، لە تيلەچاوی سوپاييیەوە هێشتا كاتی بزاوتن نەهاتبوو. لێرە و لە هەموو شوێنێكی تری ڕۆهەڵاتدا نێزيكەوەبوونی پتری سوپای ئەڵمانيا بە پێويست دەهاتە زانين. ئەگەر ئەم (پتر نێزيكەوەبوونە) بگونجايە، يان ئەگەر لە هەندێك شوێنی تردا ڕاپەرينی لە خۆوەی خێڵەكييانە ڕووی بدايە، ئەوا سەرەنجام و بنەتای شەڕ، بە بارێكی تردا دەكەوتەوە.

بەلاف و گەزافی مەگرن لێم ئەگەر بڵێم ئێستە من كە زانياريی تەواو وردم لەبارەی هەلومەرجی ئەو كاتەی وێوە هەيە، تەواو دڵنيام ئەگەر كردەوەكەی من سەر بكەوتايە، ئەوا شەڕ ڕووكارێكی تەواو جودای دەگرتە بەر. وەك لە

پێشـەوەدا ئاماژەم کرد، لەو شوێنەی دەبوو ئێمـەی لەسـەر سنووری عێراق ـ ئێراندا تێدا بنیشینەوە، ڕاپەرینێک رووی دابوو. هەل بۆ مـە هـەڵکەوتبوو. لە ماوەی چەند حەوتووێکدا، سەرتاپێی ڕۆهەڵاتی ناوین هەر لە ئێرانەوە بگرە تا دەگاتە میسر، بە سوودی ئەڵمانیا دەهاتە سەر باری ڕاپەڕین.

بەڵام مرۆو پێشنیاز دەکا و خوا بڕیار دەدا. ئەم ڕاستییەم چ جار وا بە ڕوونی بۆ نەهاتبوو. ئێمـەی ئەڵمـان، سـەرکـەوتن لە دوای سـەرکـەوتنمـان دەهێنایە دی تا ئەو دەمەی خوا بڕیاری دا ئیتر هەنگاومان بە دوادا نەیەت.

لە دێرەکـەی ئیـمـاوسـدا، ئەو کـاتـەی لە پشت جـووتـە تۆڕی لە سـیم دروستکردووی پەنجـەرەوە دەمڕوانییە دەرەوە و سەرنجم لـە ئاخی پیرۆز دەدا، لەوێ، ئەو جوولەکەیلەی ئێمـە جـاڕی کینە و ستەمکاریمان لە دژدا دابوون، سـەرگـەرمی ئاواکردنەوەی نیشـتمـانێک بوون. ئەو کاتە گەلێ جار ئەم جۆرە بیرەیلەم بە مێشکدا ڕادەبوورین.

## مەتەڵ هەڵهات

لە بەرەودوا هاتنی مـانەوەی من لـە ئیماوسدا، ئێشکگرێکی نوێیان هێنایە بەردەرگەی مە. کابرای ئێشکگر هەر بۆ ئەوەی کات بـەسـەر ببا یەکـە یەکە پرسـیـاری سـەربـردەی گـرتیـیـەلی دەکـرد. منیش بۆم گـێـڕایەوە چۆن لە کوردستاندا هاتمە گرتن.

«ها، ئەوەکەی ڕۆئاوای مووسڵ؟» گوتی.

«بەڵێ» گوتم.

پێکەنینێکی بە گاڵتەی هاتێ. سێ مانگ بوو شـەڕ تەواو بووبوو ئیدی هیچ زیانێکی بۆ کاورا تێدا نەبوو ئەگەر ئەو چتەی دەیزانێ بیلێ.

ئەو کـاتە، ئەو لە مـووسـڵدا گـیرسـابووەوە، چـوارده ڕۆژ پێش ئەوەی ئێـمـە خۆمـان هەڵدەین یەکـە (وحدة)ی وان فـەرمـانی بۆ هاتبـوو خـۆیان بۆ گـرتنی دەستەیەک چەتربازی ئەڵمانی ساز بکەن کە لەوێ دەنیشتنەوە.

لە حەژمەتانە هەناسەم بڕا. ڕاستت دەوێ، لەوانەیە ڕەنگی مردووێلیشم لێ

نیشتبێ، چونکە سەربازەکە پشتی تێ کردم. لەوانە بوو پێی وا بووبێ من لە تەواوی بەسەرهاتەکە ئاگەدارم و نەیدەزانی ئەو زانیارییە هێندەم بەرەودوا وەدەگێڕێ. وا ئێستە وەڵامی ئەو پرسیارەم هاتە دەست هێندە شەو و ڕۆژە، هێندە حەوتوو و مانگە هەراسی لێ هەڵگرتبووم: چتی وا چۆن بووە؟ دەبێ فەرماندەرەیلی بەرلینم منیان دابێتە دەستی ئینگلیز. دەبێ وڵاتی خۆم بە تیز و تەشەرێکی ناپیاوانەوە ناپاکیی لەگەڵدا کردبم. هیچ دەمایەک تا ئێستە، هیچ دەمایەک، تاکە جارێکیش بیرم بۆ شیمانەی ناپاکی نەچووبوو. لە ژیانی خۆمدا، هیچ دەمایەک ڕێککەوتی ئەوەم نەکردبوو لە وڵاتی خۆمدا هاووڵاتییەلی خۆم ناپاکیم لەگەڵدا بکەن.

ئێستە هەموو کێشانە و پێوانەیەکم لە بەرچاو کەوت. پێشی هەموو چتێک نیازیان وا بوو بە بۆنەی وێ نەدانی داودەزگەی هونەریی پێویستەوە کردەوەکە هەڵوەشێتەوە. کاتێ زانییان من گوێ نادەمێ و بەردەوامم، فەرمانیان نارد دەست لە کردەوەکە هەڵگرین. بەڵام ئەوەش دادی نەدا چونکە هەموو دەم بۆم دەشیا پشت بەو فەرمانە ببەستم، کە دەسەڵاتێکی سەرووتر بڕیاری لەسەر دابوو. ڕەنگە ئەو پیاوە قەڵپ و ناپەسندەی لە بۆدێنتەل لەگەڵماندا بوو دەستی لەم کارەدا هەبووبێ. هەروەها پاشان چەندین حەوتووی تر بەسەر چوون و من چاوەڕوانی سازبوونی باڵەفڕە بووم، دیسانەوە پێیان گوتم هیچ باڵەفڕەیەک بۆ ئەو کارە لە بەردەستدا نییە. نەمهێشت ئەوەشم بەسەردا تێ پەڕێ. دەبێ کەسێکی تایبەتی زانیاریی لەمەڕ شوێنی خۆهەڵدانی مەوە دابێتە دوژمن، نەک ئەو شوێنەی من دەمویست بگرە ٢٥٠ کیلۆمەتر دوورتر، لە کن مووسڵ، لەو شوێنەی دەتوانن دەسبەجێ بەدیلمان بگرن. کەوابوو باڵەفڕەکە یەکسەر بەرەو مووسڵی فڕاندین. بۆ بەرزاییی سێ تا پێنج هەزار مەتر داکشایە خوارەوە، چەندین جار خولی سەر شارەکەی دا وەک ئەوەی بەو ئینگلیز و ئەمەریکایەلەی بۆ مە لە ژواندا دانیشتبوون بڵێ، «ها وا لێرەین شان بەشانی ڕووبارەکە کەمێک بەولاوەتر بەرەو ڕۆئاوا دەفڕین، لەوێندەر ئەم پیاوەیلە و چتومەکەیلیان لە بەرزاییییەکی زۆرەوە هەڵدەدەین بۆ ئەوەی لە

دووری یەکتردا بکەونەوە و نەتوانن پێک بگەنەوە. ئێمە دەمانویست هەر لە هەوا بەهۆی وێ نەدانی ئۆکسجینەوە لە ناویان ببەین بەڵام داخی داخان کاورای چەتر مەشقدەری وان، ڕزگاری کردن».

ئەوە بوو هاتینە فڕێدان و کەوتینەوە، بەڵام هەڵمان بۆ ڕەخسا و سەری دەربازبوونمان هەڵگرت. سەرەنجام هاتینە گرتن، چونکە هەموو چتێک لەبارەی مەوە هاتبووە زانین و خوا خۆی دەستی لە گرەوەکەدا هەبوو. کردەوەکەی مە لە چارەیدا هاتبووە نووسین سەرنەکەوێ.

پاشی چەند ساڵێک، لە نیشتماندا زانیمەوە ئەو باڵەفڕەیەی ئێمەی هەڵدابوو، کاتێ گەڕابووەوە بنکە، چی ڕووی دابوو. هانز کریستۆفی هاوڕێم کە تەواوی بڕوام پێی بوو لەوێ لە چاوەڕوانیدا دەوەستێ. ئەرکی وی ئەوە بوو ڕاپۆرتەیلی من بگەیەنێتە بەشەیلی جودا جودای (دەستەی گشتی) و نیاز و فەرمانی وانیش وەربگرێتەوە و بۆ منی بنێرێتەوە. هەر خۆشی بەرپرسی بۆ ناردنی چەک و ئەسپاب و پێویستییەلی ترمان بوو. هەروەها ئەو باڵەفڕەیەی تایبەت بوو بە هاتوچۆی نێوانی مە و بنکەی خۆی، لەوێدا دەوەستا، چاوەڕوانی فەرمانی هانز کریستۆف دەبوو. هەروەها خۆی بەرپرس بوو لە پەیداکردنی پیاوی پسپۆڕ و کارامە لەوانەی بەینێکی چاک لە ڕۆهەڵاتی ناویندا ژیابوون. کارامەییی ئەمانە بۆ داگیرکردنی چاڵەیلی نەوت زۆر پێویست بوو، هەروا بۆ ئاواکردنەوە و پەرەپێدانی کوردستان زۆر بە کەڵک دەهاتن. هەروەها دەبێ برای خۆشم لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەی ئەو باڵەفڕەیەدا لەسەر ئاو و ئاگر بووبێ. دەبێ هیچیان بەسەر نەهاتبێ؟ کەی بێ یەکەمین پێوەندی بە بێتەلم پێوە بکا؟ بەرە بەری بەیانی گوێیان لە هاڕە و نەڕەی باڵەفڕەیەک بوو نێزیک دەکەوتەوە. باڵەفڕەکە نیشتەوە و کاورای باڵەفڕوان بەوپەڕی ساردییەوە پێی گوتن هەموو چتێک بە پێی نەخشە هاتە جێبەجێکردن.

هانز کریستۆف بە تەقڵەکوت خۆی گەیاندە بەرلین و شانی لە کار توند کرد. دەبێ هەموو چتێک کۆک و ساز بێ لەبەر وەی کردەوەکە ئێستە لە

جێبەجێبووندایە و لەوانەیە ئێستە نا ئێستە هەواڵ بێ و داوای هەناردنی پیاو و کەلپەلی پێویست بکەن. برای خۆشم لە تەک دەزگە ـ وەرگرەکەی خۆیدا هەڵدەتڕووشکێ، سـاتە و سـات، ڕۆژە و ڕۆژ، باسکی دەزگـە بادەدا و گـوێی پێوە دەنێ، بە دوای لێزان و پسپۆڕەیلدا دەنێرێ و دەزگایەکی شەپۆڵ فرەتر بەکار دێنێ، دەڵێ، هەر نەبێ با سووکە پێوەندێکم دەست کەوێ؟ دڵنیایە کردەوە سەرکەوتنی هێناوە و خۆشی من چاک دەناسێ. ئەدی من لەم جۆرە کارەیلەدا وەشاوە و بە توانست نەبووم؟ چەندین جار خۆم لە باڵەفڕەوە هەڵداوە و دەزگای بێتەلم بە سینگی خۆمەوە توند گوشیوە و زۆری وریا بوومە، دڵنیا بوومە هیچی بەسەر نایە. ئەدی ڕەمزی، بە چاوقایمی و زرینگیی خۆیەوە لەگەڵماندا نەبوو و بەڵەدیی نەدەکردین؟ دەبوو بەم زووانە پێوەندییەک، نامەیەک وەرگرێ. شەو و ڕۆژ، وشت و وریا گوێ هەڵدەخا، بەڵام بێ سوود دەبێ. دەزگاکە بێ دەنگ، بێدەنگییەک لە گوێن بێدەنگیی مردووەیل و تەواو، سەری سوڕمابوو.

لە هەمان کاتدا پسپۆڕەکەی دژەخەفییەیی، ئەو پیاوەی لەگەڵماندا سواری باڵەفڕە بوو و بە ڕاستیش هیچ پێوەندییەکی بە تیپەکەی مەوە نەبوو، لە هانز کریستۆف نێزیک دەبێتەوە و ترس و دڵەڕاوکەی خۆی لەبارەی ئەم کردەوەیەی مەوە بۆ دەچرپێنێ. دەبێ خراپییەک ڕووی دابێ. چتێکی چاکە ئەگەر بێو جارێکی تریش سۆراغی هەموو چتەیلەکە بکاتەوە. هاوەڵەکەی منیش خۆی ئاسا، بەوپەڕی ئەمەک و وەفاوە ڕاپۆرتێکی ڕاستەوخۆ لەمەڕ ئەو کارەوە دەداتە سەرکردایەتیی بەرلینی خۆمان و داوای تاوتوێکردنی کارەکەیان لێ دەکا.

ئەو وەڵامەی وەری دەگرێتەوە وەڵامێکی خاو دەبێ. یەکڕاست بچێتە پێشەبەرەی شەڕ. گەلێکی گوت کوڕە پیاوی چاپن ئەمە نابێ، گوتی من بەرپرسی ڕاگرتنی پێوەندیم لەگەڵ ئەو پیاوەدا و بەرپرسی هەناردن و هاوردنی ڕاپۆرتی ویم و ڕاهێنانی گرووپی دووەم و بەرێ خستنی لە ناکاوی ئەو گرووپە بۆ وێدەرێ لە ئەستۆی مندایە. بەڵام دادی نەدا و بەرگەی نەگرت.

ئەویان نارد و گرووپی دووەمیش پەرتەیان کرد، ئیتر ئەوا گەمەی بەدیۆمی ناپاکی، گەیشتە سەرکەوتنی یەکجارەکیی خۆی، ڕەنگە ئەو کەسەی هەموو ئەو کێشەیلەی نابێتەوە، دەوروپشتی چۆڵ بووبێ و بە تایبەتیش ئەفسەرێکی ویژدان زیندووی ئەوتۆ کە لە ئەنجام و بەرهاتی مەترسییەل بپێچێتەوە، لەو ناوەدا نەبووبێ.

## وەگەڕیان بەرەو ڕووناکی

وێدانەوەی دێری ئیمـاوس بە ڕەبەنەیلی خۆی لە کۆتای شەڕدا، ئەوەی دەگەیاند کە دەسبەسەرەیلی گریک و تورک و عەرەب و درووز و ئەوانی تر یان دێنە بەردان یان وەگواستن بۆ مۆڵگەیەکی تر. من بەینێکی باش لە ناو ئەو دارەبازەیەدا مامەوە و ئەو چتەی لەوێ لە هەموو چتەیل پتری چەوساندبوومەوە، برسیەتی بوو. فەرماندەری بەندینخانە، ئەو بەراز و بزێوییە بە مشەیەی لە کامپی ئۆرشەلیم ماوەمان بۆ دەهات، یەکڕاست بۆ ناو ڕەوەبەرازەکەی خۆی دەنارن.

بەختی چاکمان ـ ئەگەر بشێ وا بڵێین ـ لە فەلەستیندا ئەوە بوو، ماوەیەکی زۆر پەتا و ئاهۆیەک لە ناو وشتردا بڵاو بووەوە و لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆریان مردارەوەبوون یان سەربڕان. ئەوە بوو ماوەی چەند حەوتوویێک، لەباتی بازەلیا و فاسۆڵیا و گێزەر، بڕێکی گەورەمان لە گۆشتی وشتر بۆ هات. دەبێ فەرماندەری بەندینخانە ئەو گۆشتەی بە خۆڕا یان هێند هەرزان چنگ کەوتبێ خوا خوای بووبێ لە جیاتی ئەو گۆشت بەرازەی دەستی بەسەردا دەگرت، دەرخواردی مەی بدا.

لە لای خۆمەوە ماوەیەک بڕیارم دا چی تر گۆشت نەخۆم، ئەو هەلومەرجە بۆ من لە فریودانێک دەچوو. تۆ گاوێ برسی دەبی بیر لە نەخۆشی ناکەیەوە، هەر دەتەوێ بخۆی. بەڵام من بڕیاری ئەوەم دا بە خواردنی ئەو پارچە پەتاتە بچووکانەی لەگەڵ گۆشتە زۆرەکەدا بوون، قنیات بکەم. هەرچەندە زگم تێر نەدەبوو بەڵام لە برسانەش نەدەمردم. ئێستەش کاتێ ئەو ڕۆژەیلەم دێنەوە

بیر، دڵم خۆش دەبێ چونکە توانیم لەبارت باوەڕی خۆمدا ڕاستگۆ بم.

پاشـان سـەبارەت بەو فـەرمـاندەرەوە، کـە پیـاوێکی هـێندە سـادیسـتی لاپرەسەنگ بوو دەیتوانی گرتییەل هێندە جەزرەبە بدا نیوەمر ببن، جارێکیان بیستمەوە چۆن پەندەکەی پێشینان دەڵێ چ بچێنی هەر ئەوە دەدرووییەوە، ئەو پیاوە خۆشی کەوتبووە دادگە و بە تاوانی دەستپیسی هاتبووە بەندکردن.

ئێـمـەی (تایبـەتی) هیـچ پلەیەکی یاسـاییـمـان نـەبوو. دەسـەڵاتدارەیل نـەیاندەویست بـەدیلـی خـواسـای شـەڕمـان حـسـێب بکەن و هـەروا نەشـیاندەویست سـووک و سانا بەرمـان بدەن. ئیـتـر ئەوە بوو لـە گرتیگەدا ماینەوە تا ئەو دەمـەی ئێمەیان بردە بەندینخـانەیەکی خواسای ئەڵمانیی سەر بە چەترگەی شەڕ لە میسر.

ئەو ڕووداوە بۆ مـە لەوپەڕی گـرینگیـدا بوو. پاش چـەندین سـاڵ دابڕان لە هەمـوو پێـوەندییـەک بـە دنیـای دەرەوەدا، پاش ئـەوەی لە ڕێزی مـردووەیلدا دەهاتینە ژمار، وا جارێکی تر هاتینـەوە ڕێزی زیندووەیل. یەکەمین پێوەندیمان ئەوە بوو لە خاچی سووردا بێینە ناونووسکردن واتە بە ڕاستی بچینەوە ڕێزی زیندووەیل و جـارێکی تر نەیەینەوە شـوێنبـزرکـردن. پاشی بەینێکی کـەم، بۆ یەکەمین جار ڕێگەیان داین نامە بۆ ماڵەوە بنووسین. هەست و خوستێک دای گـرتم توجـاران ناتوانم بە نـووسین دەری برم. پیـاو بـە ئاسـتـەم دەیزانی چی بنووسێ. پرسـیـار هێندە زۆر بوون مـرۆو بیـاننووسێ و تەنیـا هـەلی ناردنی چەند دێرە نووسینێکی کەمیش هەبوو.

ئیتر ڕۆژ و حەوتوو و مانگی مرۆوتۆقێن و بێ بڕانەوە سەریان لە دوو یەکتر نا. ئاخۆ ژنەکەم بە ژیان مابوو؟ ئاخۆ ئەو منداڵەی ـ کاتێ من بەجێم هێشت لە زگیدا بوو، بە سـاغ و سپی لە دایک بووبوو؟ دەبێ کوڕ بووبێ یان کناچە؟ ئەدی دایک و باوکم، ئاخۆ برام، خوشکەیلم، هاوڕێیەلم، چییان بەسەر هاتبێ؟

هەرکە گەیشتمە ئەو چەترگەیە، گەرماوگەرم کەوتمە وەخوێندنی کتێب. شـێـوەیەکی ڕێکوپێکی ئاڵوگـۆڕی زانیـاری هاتە گـۆڕێ و هەرگـاو بۆم

هەڵبکەوتایە هاوبەشیم لەو دەرسەیلەدا دەکرد کە پێوەندییان بە زانست و فەلسەفە و خانووسازییەوە هەبوو. زۆر لە ئیسفەنجێک دەچووم چەندین ساڵ لەبەر گڕەی گەرمادا هاتبێتە فڕێدان و پاشان کردبێتیانە ناو ئاوەوە. پێم وابوو هەر دەیمژم و دەیمژم و دەیمژم بێ وەی تێنووەتیم بشکێ. بیری خۆم بەوە رادەهێنا چەند پارچە شیعرێکی درێژ و تا ڕادەیەکیش ئاڵۆز لەبەر وەخوێنم ئیتر بەم شێوەیە هەر لە بەیانیان سەر لە زووەوە تا درەنگانی شەو خۆم خەریک دەکرد و دەمتوانی کەم تا کورتێک برسیەتیی خۆم لە بیر ببەمەوە، ئەو برسیەتییەی هەموومان کەم یان زۆر پێوەی وێران بووبووین.

ئەو جوداییەی لە نێوان نیشتەنییانی خواسای چەترگە و ئێمەی شارستانیدا هەبوو، ئەوە بوو ئەوان مووچەی خواسای خۆیان وەردەگرت و دەیانتوانی بژێویی زێدەی پێ بکڕن. تێبینی دەهاتە کردن ئەفسەرەیلی پلە بەرز، ناوکێلیشیان ئەستوور بووبوو. گرتووی تایبەتیی وەک مەش هیچ مووچەیەکیان نەدەدانێ و دەبوو پشت بەو جەمە خواردنە کەمە ببەستن کە ئەوان بۆیان دابین دەکردین. ڕاستیت دەوێ، کەمێک پاش ئەوەی من کامپەکەم بەجێ هێشت، گرانەتای برسیەتی بڵاو بووەوە.

لە بیرم چوو ئاماژەی ئەوە بکەم، چەترگە بەندینخانەکەی لەمەڕە مە، کە بۆ ئەفسەرەیل بوو، کەوتبووە بیاوانەوە و ٨٠ تا ١٠٠ کیلۆمەتر لە قاهیرەوە دوور بوو. ڕۆژان گەرم و شەوان سارد بوو، هەندێک جار ساردێکی کوژەک. لە چادرەیلدا دەژیاین و هەر چادرەی دوو تا هەشت کەسی بە پێی پلەی سوپاییی پێشوویان تێدا بوو. چاڵی یەک مەتر قووڵمان هەڵدەکەند، بە خشتی کاڵ (خشتی لە گڵ و ئاو چێکردی و بەرگەرمای هەتاو وشکەوە بوو)مان هەڵدەچنی. گیانێکی پێشبرکەی ئەوتۆ هاتبووە گۆڕێ لەبارەی ئەوەی کێ بە چاکترین شێوە چادر هەڵدەدا و پیاو بەزەی بەحاڵی مەدا دەهاتەوە چۆن و بە چی دەردەسەرییەک ئەو چادرەیلەمان دەهێنایە سەر باری ئەوەی بۆ دانیشتن بشێن. بەوپەڕی گرینگی پێدان و ماندووەتییەوە باخچەمان لە پێش ئەو چادرەیلەدا چا دەکرد و شانازیمان بوو ئەگەر گوڵێکی بچووک یان نەمامێکی

گەنەگەرچەک چووزەرەی دەربکردایە.

ئەو چەترگەیە بریتی بوو لە کۆمەڵێک گرتیگەی ئاسایی و یەک گرتیگەی نائاسایی. ئەوانی پێشەوە، بە ڕۆژەوە بەرهەڵدا بوون و گرتییەلی وان دەیانتوانی هاتوچوو و دیمانەی یەکتر بکەن. ئەوی تریان (ناپاک)ی تێدا بوو و لە بەشەیلی تر، هاتبووە جوداوەکردن. ئەمە (سیپە یان قەفەزی گەورەی نازییان)ی پێ دەهاتە گوتن و دەبوو بە چاکی بێنە جەزرەبەدان. بە بێ هیچ سۆنگە و سەوێک ئێمەی (مەدەنی)یان لەوێ گیر کردبوو هەرچەندیشە ئەوانی لە دێری ئیماوسەوە هاتبوون هیچ پێوەند و سەراسووەکمان بە سیاسەتەوە نەبوو. بەڵام دەبوو تەبای پیاوەیلی سەر بە سیاسەت، ئێمەش هەموو ئازار و جەزرەبەیەک بچێژین.

پاش چەندین مانگ چاوەڕوانیی بە ئێش و ئازار، ڕۆژێکیان نامەی لەمێژەوە بە هەویای ماڵەوەم بۆ هات. نامە و وێنەی جوانی دایکێکی نەشمیل و کوڕیژگەیەکی سێ ساڵانەی هێشتا باوکی خۆنەدیو. هێشتا بە ژیان مابوون بەڵام لەسەر لێواری هەرەس بە دەردی برسیەتی. ژنەکەم بە خۆی و منداڵی ناو کۆڵەپشتییەوە لە تاو ئاژاوە و بشێوەنەی دوادوای شەڕ سەری خۆی هەڵگرتبوو و هەڵاتبوو. دایک و باوک و براشم مابوون و ئەوانیش دەرباز بووبوون. بەڵام ئەو هاوەڵ و هۆگرەیلەی لە بەرلینمدا بەجێ هێشتبوون، نێزیکەی هەر هەموویان فەوتابوون.

پاش خۆ بە چەتر هەڵدانی مە، کورتە هەواڵێک گەیشتبوو: چوار ئەڵمان لە عێراقدا خۆیان بە چەتر هەڵداوە، دوای ماوەیەکی کەم بە دیل هاتوونەتە گرتن. ئەم هەواڵە لە بارودۆخی وێ دەمێدا، هەمان واتەی مردنی دەدا. ئیتر ساڵ بەساڵ هیچ هەواڵێک لە مەوە پەیدا نابێ و سەرەنجام هەموویان دەگەنە ئەو ڕاستییەی ئیتر من بە ژیان نەماوم. لە هەمووان پتر ژنەکەم دەستی لێ شوشتبووم چونکە ئەو ڕۆژەی ناو دارستانەکە منی زۆر بێ دەراو و ئەنوا بینیبوو.

تاوێکی کەم پێش ئەوەی شەڕ بە کۆتا بێ، نامەی ئەفسەرێک لە هەموو

چتێک پتری سەرسام کردبوو. ئەو ئەفسەرە بۆی نووسیبوو لە بەندینخانەی ئیماوس لە فەلەستین لەگەڵ مندا بووە و من بە ژیان ماوم و باشم، بەڵام هەلی نووسینم نییە. بیرم کەوتەوە ئەو پیاوە کێ بوو. ئەندامێکی کەرتی دیپلۆماسی بوو پاشان لەگەڵ دیپلۆماسییەکی ئینگلیزی دیلی ژێردەستی ئەڵمانیدا ئاڵوگۆڕی پێ هاتە کردن. ڕۆژێکیان، بردیانە دەرەوە و کاورای دیپلۆماسی خۆشی نەیدەزانی بۆ کوێی دەبەن.

ئەم هەواڵە، بۆ وان چەندی خەیاڵ بکەی هەواڵێکی دڵخۆشکەر بووە. ئەو کەسەی ئەوان بە مردوویان دانابوو، زیندوو بوو. ئێستە پیاو دەیتوانی بە هیوای دیدار بێ، هەرچەندە ئەم دیدارە ساڵانێکی زۆریش بخایەنێ.

هەر چۆنێک بێت، ئەو نامەیەی بۆم هاتبوو دڵخۆشیی نەدەدامەوە: ژن و منداڵەکەم لە برسانە زگیان دەگوشی. ڕۆژە بەڕۆژە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەیلدا دەمخوێندەوە کەوا مەترسییەکی گەورەی کەمیی بژێوی لەوێدا هەیە. زۆرم حەز دەکرد برێکی ئەو پارە و پوولە کەمەی وەرم دەگرت، بۆ ئەوانی بنێرمەوە بەڵام نەدەلوا.

ژنەکەم لە نامەی دووەمیدا نووسیبووی ڕۆژێکیان بە هۆی لەڕیی خۆی و کرێتیی بژێوییەوە لە پێپلیکانەی ماڵەوە بەرەوە بووە. هەموو دەم لە پەژارەی ئەوەدا بووم چۆنیان هاریکاری بکەم. کاتێ کژ، ساو بووایە سێ پنتی بچووکم لە ئاسۆوە لێ بەدەر دەکەوتن، پێم وا بوو سێ هەڕەمەکییەکەی (گیزە)ن، هەشتا کیلۆمەترێک دوور بوون. دەبێ قاهیرە لەوانەوە دوور نەبێ، ئەو شارەی پڕیەتی لە بژێوی و منیش پیاوێکی بە گوڕ و توانم و دەتوانم کار بکەم و پارە پەیدا بکەم. تەنیا بە هۆی پەرژینی تەلبەندێکەوە لەو شارە جودام. بۆ بەسەر ئەو پەرژینەدا پازێک نەدەم؟ وا لێرە دەستەوەستان دانیشتووم و بچووکترینترووکەی هیوای یارمەتیدانی ماڵەوەم لێ بە دەرەوە نییە و خێزان و کەسوکاریشم وا دەردی برسیەتی دەچێژن، خۆمم بۆ نەدەهاتە بەرزەوتکردن.

وا جارێکی تریش خولیای کار، خولیای خۆ لە مەترسیدان، هاتەوە بن کلێشەم. ئەوە ئەو خولیایە بوو گەلێک جارم لە ژیانی خۆمدا ئەزموونیبوو.

جاری یەکەمم لە بیرە، وێ دەمێ هێشتە هەرزە و رواڵ بووم بۆ یەکەمین جار بە تەنێ، سنووری ئەڵمانیام بەزاند و چوومە ناوچەیەکی بیانییەوە. هەروا دیمانەی یەکەم جاری زەریاشم لە بیرە. بەڵام لە هەموویان پتر ئەو ڕۆژە گرینگانەم دێنەوە بیر، دە ساڵێک لەمەوپێش لە بەغداوە بەرەو ژوور هەڵکشاین، بەرەو کوردستان، کوردستانی ئازیزم.

بە پەلە بیری خۆمم تاوتوێ کرد. هاوەڵێکی چاکم لە چەترگەدا هەبوو هەمان باردۆخی منی هەبوو. ئەویش ژن و منداڵەیلی برسی بوون، هەروەها پیاوێکی زوانزایش بوو. یەکێکی تریش گوتی لەگەڵتاندا دێم. گوتمان بۆ نا، بەڵام سێ کەس بەسە. ئەم نهێنییەمان لە هەموو ئەوانەی لەم بازنەیەی مەدا نەبوون، بە چاکی وەشارد. لە هەمان کاتدا بە یاریدەی هۆگر و هاوەڵەیلەوە دەستمان دایە خۆ سازکردن. هاوەڵی چاک، زۆر چاکمان لە چەترگەدا هەبوون.

توانیمان کەمێک زانیاری لەبارەی چۆنیەتیی دیوی دەرەوەی سیمەکەوە پەیدا بکەین. زۆر کەس هەڵاتبوون بەڵام پاش ماوەیەکی کەم گشتیان هاتبوونەوە گرتن و هاتبوونەوە. بەڵام سەبارەت بە ڕێوشوێنی دەرچوون و هەموو وردایەتییەکی دەربازبوونەوە، هاوەڵەیلی ناو چەترگە توانییان یاریدەیەکی چاکمان بدەن بە تایبەتیش لە سایەی پێوەندییان بە بەشەیلی تری چەترگەوە.

شوێنێکی تایبەت لە دیوی دەرەوەی چەترگەدا هەبوو. بۆ ئەوەی بگەینە ئەو شوێنە دەبوو پێشی هەموو چتێک لەم سیپەیەی خۆمان دەربچین. لە دەوران دەوری کامپەکەدا بە دووریی سەت مەتر، کۆمەڵێک کەلوو هەبوون، ئێشکگریان بەسەرەوە بوون و چاویان لە هیچ چتێک نەدەبوارد. دوو چینە پەرژینی دڕکداری بەرز هەبوون، دوو سێ مەترێک لە یەکەوە دوور بوون، هەر کەسێ پێی بنایەتە سەر لیمی نێوان هەردوو پەرژینەکە، دەکەوتە روو. هەر یەکێک لەم دوو پەرژینە بە تۆڕێک سیمی تێک پەڕیوی ڕاست و چۆپ هاتبووە چنین. لەمپەری هەرە گەورەمان ئەو داوێنە پێکەوە چنیوەی سیمە دڕکدارەکە

بوو، کە دیوی دەرەوەی پەرژینەکەی داپۆشیبوو.

ئەو دەمەی تاریک و لێڵە دادەهات، زرێپۆشی سەر والای تیژڕۆ بە دەوری چێوەی چەترگەدا دەسووڕانەوە و تیشکیان دەهاوێشتە سەر پەرژینەکە بەلام سووڕانەوەیان بە پێی کاتی دیاریکردی نەبوو. هەندێک جار دەهاتنە بن سیمەکە و هەندێک جاریش پیاو دەیتوانی خۆی پەنا بدا و لە شوێنێکی نەدیودا خۆی لە پشت گومەتە خۆڵێکدا وەشارێ و بەم شەوە هەست لە گوێ هەڵخستن و چاوەچاوەی تیپە ئێشکگرەکە ڕابگرێ. ئیدی کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو پیاو لەم چەترگەیە دەربچێ. بەلام ئەوین دەتوانێ بەسەر گەورەترین تەگەرەدا زاڵ ببێ و گۆی گرەو بباتەوە. گرەی گەرمای نیوەڕۆ بوو، پێمان وا بوو ئێشکگرەیل لەو دەمەدا هێندە وریا نین. دووان لە مە وەک تێسکەی تفەنگ دەرچووین و بە سیمەکەدا هەڵگەڕاین و پێوەندیمان بە هاوەڵەیلی ناو بەشەکەی تری چەترگەکەوە کرد بۆ ئەوەی هەلاتنی ئەو ئێوارەیەی مە سەروبەر بکەن. بێ ئەوەی هیچ کەسمان لێ بە ئاگا بێ لە سیمەکەوە دابەزین و وەگەڕاینە شوێنی خۆمان. ئەمە ئەزموونی بە کردەوەی هەلاتنی ناو پەرژینەکە بوو.

هەموو چتێک هاتە ساز و تەیارکردن بڕیاری ئەو شوێنەمان دا لێوەی دەربچین. شوێنەکە کەوتبووە نێوان دوو دووریی وەکو یەکی نێوان دوو کەلووەوە و لەبەر وەی زەویی ئەو شوێنە کەمێک لە بەشەیلی تری پەرژینەکە نەورتر بوو، کەمتری ڕووناکی دەکەوتە سەر. پێنج شەش دانە تێلی ئەمسەر و ئەوسەر چەماوەمان خستبووە گیرفان بۆ ئەوەی سیمە تەلبەندەکەی پێ بەرز و نزم بکەینەوە، بەمە مرۆو دەیتوانی بە شێوەیەکی ئاسانتر بە ژێر پەرژینەکەدا بڕوا.

ئێوارە داهات، پاسەوانەیلی ئینگلیز پشکنینی ئێوارەیان تەواو کرد. وڵس و مالاتەکە بە هێمنی لە گەوری خۆیاندا وەرک کەوتن. دەبوو ئێستە ددان بەخۆدا بگرین. بەبێ هیچ سۆنگە و سەوێک دڵمان بە تەپوکوت کەوتبوو و ترس تەنگی پێ هەڵچنیبووین. ڕێگەوبانی ناو کامپەکە هاتوچۆیەکی زۆری

بەسەرەوە بوو. ئێشکگری نوێ هاتنە بەر دەرگە. کاتی دەرچوونمان لە گرتیگە کاتێکی ناسک و ئاستەم بوو چونکە نیو ساتمان دەویست بۆ ئەوەی بگەینە شوێنی هەلاّتنی خۆمان. باشترین کاتی دەرچوونمان لە چەترگە ئەو ماوە کورتە بوو کە دەکەوتە نێوان ڕۆژ ئاوابوون و تاریکی داهاتنەوە. لە ڕۆهەلاّتی ناویندا، گۆڕان لە ڕۆژەوە بۆ شەو زۆر نەرمە و ئەو ماوە کورتەی ئەو گۆڕانە زۆر بە کەڵکی مەبەستەکەی مە دەهات. ڕەنگی کۆنتراست و دژ بە یەک دیار نییە و چتەیل بە چاکی لە یەکتر نایەنە هاوێرکردن، هەروەها کژی ئەو ماوە کورتە بە جۆرێکە زۆر بە کەڵکی هەلاّتنی مە دەهات.

ئەو دەمای ئێمە لە گرتیگەی خۆمانەوە چاوەنۆڕی یاریدەی کەسەیلی تر بووین، دوو کەس لە هاوەڵەیلمان گفتوگۆیەکی گەرمیان لەگەڵ پاسەوانەیلی بەر دەرگەدا هێنایە گۆڕێ. بەمەش پاسەوانەیل بۆ ماوەی چەند وردە ساتێک پشتیان کەوتە مە. هەناسەیەکی قووڵمان هەڵکێشا و پاشان «بەرەو خەباتی ڕێگەی ژن و منداڵ» پێمان پێوە نا. هەلاّتین و هێندەی نەبرد لە ناو هاتوچووی گرتییەلی تردا بزر بووین. دەمای ڕۆژیش ئاوا بوو، هاوەڵەیلی ترمان بە هۆی تێلی چەنگاڵەوە پەرژینەکەیان کون کرد. بەرینیی ئەو کونە تەنیا ٢٥ سانتیمەترێک دەبوو. درکەیلی سیمەکە زۆر تیژ و ئازاردەر بوون و ئەگەر جووڵانەوەیەکی بە هەڵەت بکردایە بە توندی لێت گیر دەبوون، بەلاّم گوێمان پێ نەدا. ئەو یارمەتییە یارمەتییەکی بێ میناک بوو. ئەو کاتەی ئێمە ئەو چتەیلەمان دەکرد، چەند کەسێک چاویان بڕیبووە شوێنی پاسەوانەیل تا بزانن ئاگەدارن یان نا، بەلاّم نا ئاگەدار نەبوون. دە وردکە سات چاوەڕوان بووین، پێنجی تر، وێجا کاتی بەڕێ کەوتنمان هات. کاتێ گوتم:

«باشە با بڕۆین» موچڕکێکی بچووکم هاتێ.

لەم ساتەوە ئیتر هاوەڵەیلی مە نەیاندەتوانی پتر یاریدەی مە بدەن. ئێستە پرس پرسی ژیان و مردن بوو. ئەو چتەی بۆیان دەهاتە کردن تەنیا ئەوە بوو هیوای خۆشبەختیمان بۆ بخوازن، هەڵبەتە ئەمەشیان پڕ بە دڵەوە دەکرد.

توانیم لە پەرژینی یەکەم دەرباز بم و پاشان وەک ماری ئاوی، لەسەر زگ بۆ

پەرژینە چەتوونەکەی دووەم خشیم، توانیم لەمەشیان دەرباز بم هەرچەندە ئاسانیش نەبوو. پاشان بە بێدەنگی و بە پەلە و بە بێ هیچ کۆسپێک، مەتر لە دوای مەتر لە پەرژینەکە دوورەوە کەوتم. ئێستە نا ئێستە قرمەژنی گوللە دەهات. دەمارگریمان لەو پەڕی کرژیدا بوو. پاش ئەوەی نێزیکەی پێنج مەترێک چوومە پێش، سەرنجم دا وا تیشکێک لەلای چەپەوە بەرەو ڕووی من دێ. تیشکەکە هێشتە لە پشت بستوویکەوە بوو و تا دەهات هەراشتر دەبووەوە. ئەو زرێپۆشەی بە چواردەوری کامپەکەدا دەسووڕایەوە لە ماوەی چەند تروکەیەکی چاودا دەگەیشتە سەرم. ئیتر نەمدەتوانی وەگەڕێمە دوا. زرێپۆشەکە پێشی من دەگەیشتە جێ. ئەگەر ئاوەهاش بمێنمەوە هێندە نابات و زرێپۆشەکە وەمدەدۆزی. ئەوە بوو پێم پێوە نا. هەر پێیەکم کردە چوار و تا هێزم تێدا بوو بەرەوپێش تەکانم دا. توجاران لە ژیانی خۆمدا بەو شێوە ڕام نەکردووە. ماوەی دە پازدە چرکە بەم شێوەیە بە بیاواندا هەڵاتم، تا ئەوەی ماشێنە تیشکدەرەکەم هێندە لێ نێزیکەوە بوو، ناچار بووم لە سەرزگ ڕاکشێم. دڵم بە جۆرێک بە تەپوکوت کەوتبوو، دەتگوت جارێکی تر هێور نابێتەوە، دەتگوت هێندەی نەماوە بتەقێتەوە. نەمدەزانی زرێپۆشەکە بەری بە کوێوەیە: بەرەو پەرژینەکەیە؟ پشتی لە پەرژینەکەیە؟ ئەگەر بکەوتمایە بەر تیرێژی ڕووناکییەکەی، ئەوا وەک خاڵێکی ڕەش بەسەر لیمە سپیواژەکەوە دەردەکەوتم.

بیرێکی بە ترس و سامتر هاتە مێشکم: باشە ئەگەر زرێپۆشی چەمەری ملی لێ نام؟ زرەی زنجیری ڕەورەوەیلی وی، هێندە نێزیکەوە بووبوو دەمگوت ئێستە نا ئێستە لە ژێریدا دەپلیشێمەوە. وەکو بەرد، بەبێ جووڵە و بزاوت لەوێدا ڕاکشابووم. پاشان نەڕەنەڕەکە بەرە بەرە دامرکایەوە. ئاهی خۆشیم دایەوە، مەترسییەکە ڕابووری، کەس نەیبینیم.

ئەدی دووەکەی تر؟ ئەوانیش دەرباز بووبوون. بە سنگەخشکێ و کۆمەکۆم لە دوای منەوە دەهاتن. زۆرم کەیف هات. ئەوانیش هەمان ترس و دڵەڕاوکەیان بەسەر هاتبوو. پاش ئەوەی لە سیمەکە دەرچووبوون و

نێزیکوەبوونی زرێپۆشەکەیان بینیبوو، وەکو شێتەیل ملیان بە دەشتەوە نابوو و ڕایان کردبوو.

شەوێکی ئەنگوستەچاو یان چاتر بڵێین شەوێکی مەندی بە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی جوانی ئەوتۆمان بەسەردا هات بە جۆرێکی وا کە مرۆ یەک ساڵی تەواو لە بیاواندا وێڵ و وەیلان ببێ و ڕاست و چەپی خۆی لێک هاوێر نەکا. شەپۆڵی سێبەر بەناو بیاوانی بێ سنووردا پەنگی دابووەوە. هەر دەتگوت زەریایەکی بەرهەڵدایە، زینووەیلی لیمین ڕووناک و نشێوەیل تاریک دیار بوون، ئای دیمەنێکی چەند بە سام و بە مەترسی بوو.

دەبوو پێ هەڵگرین، تا دەتوانین پێ هەڵگرین و لەوێ دوورەوە کەوین نەبادا ئێشکگری کەلووەیلی چاوەدێری، سۆسەی مە بکەن و وەمان‌دۆزن. مۆجیزەیەکی سەیر بوو، لە هەلاتنی مە خافڵ بووبوون، ئێمەش بە دزیی چاوی وانەوە دەرچوو بووین. ڕەنگە نێزیکوەبوونی و نەڕە و هەرا و تیشکی زرێپۆشەکە، ئێمەی لە بەرچاوی وان وەشاردبێ.

پێڵاوی خۆمان بەدەستەوە گرتبوو، وەک پشیلەی کێوی بەرمان بە دەشتەوە نابوو، ملمان دەنا. چاومان لە تاریکی بڕیبوو، تاریکی و نوتەکیی شەو، ترس و سڵۆکیی مەی پتر دەکرد و لە هەموو بنەپنجک و بەردێک دەسڵەمینەوە. هەموو سات سازی دەنگدانێکی لە ناکاو و وەبەر تیشکدانێک بووین. گاوێ تروسکەی چەند ڕووناکییەکمان لە دوورەوە بەدی کرد لە شوێنی خۆماندا وەستاین، ئەمانە ڕووناکیی گوندێکی عەرەب بوون کە پازدە کیلۆمەترێک لە دووری چەترگەی مەوە بوو. کەندرێک هەبوو ئاوی سازگاری لە نیلەوە بۆ ئەم گوندە دەهێنا و بیاوانێکی بەرفراوانی بە درێژاییی سی کیلۆمەتر دەدێرا و باخ و باخاتێکی ڕەنگینی زەڵ و دارخورما و لۆکە و پرتەقاڵ و چتی تری وەبەرهەم دەهێنا. لەو شوێنەی نۆینەیلی ئاو دابەشین تەواو دەبوون، ئەنیشکەیەکی توند هەبوو و پاشان سەرلەنوێ بیاوان دەستی پێ دەکردەوە. لە بەری ئەوبەرەوە دەسەلاتی ئینگلیز نەبوو و ئەگەر سەربازێکی ئینگلیز خۆی دەربخستایە، لەوانە بوو بکەوێتە بەر دەسڕێژی گوللەوە. جووتیارەیلی میسر

له بەری ئەوبەردا دژی ئەڵمان نەبوون، بۆیە دەمانویست بە پەلە بگەینە وێ.

تاوێک بەرەوپێش ڕۆیشتین و لە ناکاو ڕووبەڕووی باڵەخانەیەک بووینەوە. ناسیمانەوە، شوێنی ماڵات کوشتنەوەی چەترگە بوو. گەلێک جارمان بینیبوو مێگەلی مەڕ و ماڵاتی پیر و لاواز و ئێسک بە پێستەوە نووساویان بۆ ئەو لایە ڕادەدا. سەگوەڕێک دەستی پێ کرد، بە لەز پێچمان کردەوە و باش بوو سەگەل نەهاتنە دوامان. ئەو سەگەلە نەک هەر ڕاگیریان دەکردین بگرە لەوانە بوو ونجڕونجڕیشمان بکەن.

ئەو کەندڕەی نیشانەی ڕزگاریی مە بوو، نێزیک کەوتەوە. هێندەی نەبرد چەند بنەدارێکمان لێ وەدەر کەوت. مەترسیی گەورە لێرەدا بوو، کۆمەڵێک پۆلیسی ئینگلیز و میسری لەو ناوەدا بوون. دەنگەدەنگێکمان لە لایەکەوە هاتە گوێ، بەرەو ڕووی مە دەهات. درەنگمان بەسەردا هات و نەشیا لە ڕێگە لابدەین. دەبوو بوێری و ئازایەتیمان کۆوەکەین و لە ڕۆیشتنی خۆمان بەردەوام بین، باش بوو ئەو دەنگەیلە دەنگی چەند عەرەبە ژنێکی چارشێوبەسەر بوون و کاتێ ئێمەیان بینی بە بێدەنگی بە لاماندا ڕەت بوون. ئەگەر ئەوانە پیاو بوونایە، گومانی تێدا نەبوو قسەیان دەکرد و کێ دەیزانی سەرەنجام چۆن دەکەوتەوە. هەر نەبا کەمێکیان دوا دەخستین و ئێمەش نەماندەویست چتی وا ڕوو بدا.

ئەو دەمەی ئێمە گەیشتینە ئەو ڕێگەیەی کەندڕی ئاوەکەی کەوتبووە پشتەوە، خۆمان ڕووتەوە کرد و جلوبەرگمان پێکەوە بەست، هاتینە خوارەوە و چووینە لێواری ئاوەکە. کەس لەو دەوروبەرەدا نەبوو. مانگ لە چواردەدا بوو و پرشنگێکی زیوینی بە ورشە و پرشەی دەهاوێشتە سەر ئاوی تاین. بازێکم هەڵدا و کەوتمە مەلە، بارکۆڵەی جلەیلم لە ژوور سەرمەوە بەستابوو. پانیی ئاوەکە تەنیا بیست مەترێک دەبوو بەڵام بۆ لەشی ریوەڵە و وشکەوەبووی مە دوورییەکی بێ کۆتایی بوو. بەرە بەرە بارکۆڵەی پشتمان گران بوون و دوای تاوێک نەشیا چی تریان هەڵگرین، جلەیلی من کەوتنە ئاوەوە و تەواو تەڕ بوون. لەو چەند مەترەی دواییدا هەر هێندەم بۆ لوا نەهێڵم بە ئاودا بچن و بە

ڕووتی بمێنمەوە. دەردی هاوەڵەیلیشم لە دەردی من کەمتر نەبوو.

جلوبەرگەیلمان گوشی و خۆمان پۆشتە کردەوە، لە سەرمانا چۆقەی ددانمان دەهات. لەو دەمەدا پیاوێک وردە وردە لێمان نێزیکەوە بوو، وێ دەچوو لە زووەوە چاوی لێمان بووبێ. زۆری خوڵک کردین بۆ ئەوەی بەگەڵی کەوین، چاوی لێمان بێ و لە ماڵی ویدا بنووین. لە دەم و دوومانی هاوەڵانەی ئەو پیاوە زۆر ترساین. ڕاستە دونگەی هیچ چتێکی ئەوتۆی لە مەدا نەکردبوو بەڵام وێش دەچوو فریومان بدا و بیەوێ بمانباتەوە گوند و لەوێ بچێتە پۆلیس و لە برێتی دەسخۆشانەیەک زوانمان لێ بدا. باش بوو ئەز و فریدرێک عارەبییەکی چاکمان دەزانی، ئەو پیاوەمان دایە بەر دەسرێژی سوپاس و پەسن تا لە دەستی دەرباز بووین، پاشان یەکراست بەناو دار و دەوەنەیلەوە ملی ڕێگەمان گرت و چاومان دایە بیاوانی ئەوبەر و پاشان ڕێگەی بەرەو قاهیرە.

سەبارەت بەوەی سەرفرازیم بۆ وەگەڕیابوو، بووبوومە پیاوێکی ئەوتۆ ئازا خاوەنی بڕیاری سەربەخۆی خۆم بم، لە خۆشییانە پێم نەدەکەوتە زەوی. پاشی ئەو هەموو ساڵەیلەی دیلی و بەندایەتیی کونجی بەندینخانە، هەر دەتگوت ئێستە وا لە چیرۆکی ئەفسانەییدا دەژیم. گەلێک لەمێژ بوو دەستم بە هیچ بنەدارێک نەکەوتبوو. ئێستە وا بنەدارێکم لە بەرامبەردا بوو و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بۆی دەچووم و بە ئەسپایی دەستم بە لک و پۆپ و گەڵایەلیدا دەهێنا. پەنجەم بۆ پەمۆی سپیی قۆزاخەیلی تەقیوی دەبرد. لە بەرامبەر ئەم زەوییە، سەرتاسەری ئەو زەوییە پیرۆزەدا هەست و سۆزێکی بێ بن، سەرومڕ دای گرتم. هەردوو دەستم بەرزەوە کرد و سەرم بەرەو ژوور هەڵبڕی، بە بۆنەی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی ئاسمان لەو گیان لە پێناوییەدا بۆی بەدی هێنابووم، زۆرم سوپاس کرد. ڕاستی بڵێم، ئەگەر لەو ساتەدا بهاتمایەوە گرتن و منیان ببردایەوە گرتیگە و لە سۆنگەی ئەو هەڵاتنەوە جەزرەوەیان بدایەم، هێشتە ئەم ساتە کورتەی لە کۆت و پێوەند ڕزگاربوونم زۆر لە کن شایەن و پەسەند بوو.

پیــادەڕێی تەنگەبەری ناو دەوەنجــاڕەکـە تاریکســتــانێک بوو، چاو چاوی نەدەبینی. ســاتمەمــان دەکـرد، ســەرەنگریّ دەبووین، دەکـەوتینە ئەمــبــەر و ئەوبەری ڕێگە. هـەندێ جار دەکەوتینە ناو کەندڕێکەوە و تا ئەژنۆمـان لە قـوڕ دەچەقی، بەڵام وچانمان نەدەدا و ملی ڕێگەمـان دەگـرتەوە بەر. جـارێک بەلای دەســتـە پیـاوێکدا ڕەت بووین، ڕەنگە کرێکاری بێســتـانەکە بـووبن، بەوپەڕی ڕێزەوە سلاوی عارەبیمان لێ کردن و ئەوانیش بە دەستووری خۆیان سلاویان لێ وەرگرتینەوە. بێگومان دەبێ ئەوان بە مەزندە زانیبێتیان ئێمە کێین، بەڵام زوو خۆمان کوتایەوە ناو تاریکی و بزر بووینەوە.

پاش ئەوەی چەند ساتێک ڕێگەمان بڕی، گەیشـتینە بیاوانەکە، کۆمـەڵێک ماڵ و کەوێڵی بچووک بچووک لە دەرەوەی سنووری بێستانەکەدا هەبوون. ئەو خـانووەیلە کـەوتبــوونە ناو بیـاوانـەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی زەویزاری بەراو و بە کەڵکیـان پێوە بەفیـڕۆ نەچێ. نـەدەلوا بەو شـەوە بڕۆین، بەر لە هەمـوو چتێک دەبوو خـۆمـان لەم جل و پاتاڵەی بەندینخـانەیی ڕزگـار کـەین و هـەروەها دەبوو بزانین کام ڕێگە هی مەیە و بەر بە کوێوە دەدەین. بەو جلوبەرگەوە لە سەرمانە دەلەرزین، بەڵام کاتێ بۆمان دەرکەوت هێشتا گەرمـای ڕۆژگار تینێکی خۆشی لە ژێر لیمی بیاواندا ماوە، هەریەکە و چاڵێکمان بۆ خۆمان هەڵکەند و چووینە ناو لیمێکی ستوورەوە. چەند ساتێکمان پشوو دا و ماندووەتیمان سایەوە. پێم وایە تاوێکیش رازاین. وێڕای ئەوەی هێشـتـە تەنگانەی زۆرمـان لە پێشـدا مـابوون بـەڵام دڵمـان خـۆش و کـەیفـمــان ســاز بوو کـەوا بۆ خـۆمـان نیـوچە سـەرفرازێکین. لەگەڵ گەرد و گۆڵی بەیانیدا بەخـۆ کەوتینەوە و بەرەو قاهیرە بەڕێ کـەوتین. خۆمان لە خەڵک و لە ئاوەدانی بە دوور دەگرت. گوندێکمان لێ وەدەرکـەوت، فـرێدرێک بە تەنیـا هـەنگاوی بەرەو گوند نا. بە ڕاسـتی پیـاوێکی لێزان و دنیادیتە بوو، هێند ڕەمـەکییانە لەگەڵ خـەڵکی ئەو ڕۆهـەڵاتی ناوینەدا دەجووڵایەوە، هەر دەتگوت وا لە نیشتمان و زێد و وڵاتی خـۆیدایە. لە دەرگەی یەکــەمین مــاڵی دا و بـە بێ ترس لـە بەرچاوی مــەدا ملی نا و چووە ژوورەوە. پاشان دەستێکی بۆ مەش ڕاوەشاند و بانگی کردین.

له نێزیک (ئەبو)ەوە وەکو ڕۆهەلاتییەک چوارمشقی دانیشتین. (ئەبو) چای بۆ تێ کردین و (خبز) و پەنیری بزنی بۆ دانایین. لە برسانە لاکەی سەرمان دەهات، زۆر بە ئیشتیاوە نانەکەمان خوارد. زوو لەگەڵ کاورادا ڕێک کەوتین. لە برێتی جلەیلی خۆمان کە ماڵی گرتیگە بوون و بە ئاسانی دەهاتنە وەناسین، کاورا هەریەکە و دیژداشەیەکی درێژی، کۆنی دڕادڕاوی پیس و چڵکنی وێ داین. ئەو جلە عەرەبییە هەر لە جلی شەوانە دەچێ، جووتیاری ڕۆهەلاتی ناوین بۆ هەموو کاتێک لەبەری دەکا. جلێکی فشوفۆڵە و بۆ گەرمای وێندەرێ دەست دەدا. ئەو وەرزێرە ڕووت و هەژارەمان بەجێ هێشت، بە کەیفێکی خۆشەوە وەڕێ کەوتین. وامان پێ باش بوو تا دەلوێ پتر لە چەترگە دوورەوە کەوین. بەلام ئێمە هێشتە لە تەنگانە دەرنەچوو بووین، هەر میسرییەکی لە نێزیکەوە زەینی مەی بدایە دەیزانی شێوەمان ئەوروپاییە و ئەمەش مانای یەک چتی دەگەیاند، دیلی شەڕین، یان ئەڵمان یان ئیتاڵین و ڕامان کردووە. خەڵکی سادە و ڕەمەکی هیچ زیانیان نەبوو، بەلام لە میرەدێ و کۆمەڵگەی گەورەدا تەنگانەمان بۆ پەیدا دەبوو. بێگومان فێڵەباز و ناپیاوی وا لەو شوێنەیلەدا هەبوون کە لە بەرامبەر دەسخۆشانەی چەند قرۆشێکدا، بە گرتووان بدەنەوە. لە هەمووی ناخۆشتر، دەبوو ئەو ڕاستییەمان لە بەرچاو بێ کە پۆلیس هەر لە پێناو ڕاگرتنی ڕایەڵەی هێمنیدا، ڕێورەسمی زۆر توندی هەبوو بۆ گرتنەوەی هەر هەلاتوویێک و دەسبەجێ دەیدانەوە قاهیرە. لەوێش دەیانبردنە بەندینخانەی ئەوروپایەل و پاشان دەیاندانەوە دەستی ئینگلیز.

ڕۆژێک، سەرلەبەیانی زوو بوو. بە پارێز و ماتەماتە لە گوندێکی تر نێزیکەوە بووین. تامەزرۆیی و ئاڵهای ژیانی شارستانانە جارێکی تر وەگەڕیا سەرمان. لە ناوەندی ڕەز و باخاتێکی هەراودا خانووێکی جوان لە شێوەی ماڵە هەواری ڕۆژەیلی پشوودا هەبوو، لە تەرزی ئەو خانووەیلەی ماڵە دەوڵەمەندی گریک و ئەمەریکاییی شارنشین لە گوندەیلیاندا ڕۆ دەنان. ئەوان بۆ وەی ڕۆژانی پشووی خۆیان بە خۆشی و بەشادی بەسەر ببەن دەهاتن سەردانی ئێرەیان دەکرد. ئێمە دڵنیا بووین ئەو جۆرە خەڵکەیلە دەشێن بە فەرەنسی بدوێن.

دیسان هەر فریدریک بە خۆی و بە جلوبەرگی تیتۆڵ بەتیتۆڵی جووتیارانەی خۆیەوە ڕووی لە باخەکە کرد. ئافرەتی شۆخ و شەپاڵ، پیاوی سەلار و ناوسەرە لەسەر بانیژە دانیشتبوون و خواردنێکی زۆر و زەوەندیان لە بەردەمدا بوو. مێز و خوان بە دەفر و ئامانی گڵێن و زیوین ڕازابوونەوە. یەکراست ڕووی لەوانە کرد، بەڕێز و شەرمەوە بۆیان چەمایەوە و بە زوانێکی ڕەوانی فەرەنسایی سڵاوی لێ کردن. خۆمانی پێ ناساندن و پاشان گوتی زۆر حەز دەکەین جارێکی تر وەکو ژیانی ماڵەوە، لە کوپی نایابدا چا وەخۆین. ئێمە نیاز و مەبەستی ترمان نەبوو و بە هیچ بارێک داوای چتی ترمان نەدەکرد و پاش ئەوە یەکڕاست دەڕۆیشتین. ئەو ماڵە باشە زۆریان کەیف بە کراوەیی و بێ شەرمیی مە هات و لەگەڵماندا کەوتنە گاڵتە و گەپ. تێر و پڕمان چای و کێک و میوەجات خوارد. پاشان هەستاینەوە و ماڵئاواییمان لێ کردن، بۆیان چەماینەوە:

«زۆر سوپاس مەدامینە، زۆر سوپاس مسیۆینە،»

بەسەری بەرزەوە لە دەرگەی حەوشە دەرچووین، بووینەوە جووتیارە بێ دەرەتانەکەی جاری جاران و بە لۆژەلۆژ ملی ڕێگەمان گرتەوە بەر.

بەڕاستی خۆش و دڵگر بوو، هەتا بڵێی دڵگر بوو. سەرفرازی، تان و پۆیەکی نوێی دەدایە گش چتەیل. تەنانەت کاتێ هەردوو چەتەوڵەکەی ڕێگەشم وەبیر دێتەوە کە زۆر ناپیاوانە تاڵان و بڕۆیان کردین، کەنینم دێتێ. شان بەشانی کەندڕێکی سێ مەتر پانی ناو باخەکەدا دەڕۆیشتین، لە ناکاو دوو ئەسپسواری دڕ و کێوی و ناپیاومان لەوبەری کەندەڕەکەدا لێ وەدەرکەوتن. ڕاوەستان و دەنگیان داین، بەڵام ئێمە گوێمان نەدانێ و بەجێمان هێڵان. لە دواوە هاواریان کردین کە بووەستین. ئەدی چتێکی بێ ئابڕووانە نەبوو ئەو چەتەیلە لە دوورەوە بێن و گیرفانی سووکی مە ببڕن؟ نەیاندەتوانی لە کەندڕەکە بپەڕنەوە و هەروەها چەکداریش نەبوون بەڵام دەیانتوانی چەکێکی ترمان لێ بخەنە کار. کورت و کرمانجی، گوتیان ئەگەر گیرفانی خۆمان بەتاڵ نەکەین ئەوا ڕێ و ڕاست دەچنە نێزیکترین مەڵبەندی پۆلیس و زوانمان لێ

دەدەن. ڕەشە تالانێکی ناپیاوانە بوو بەڵام پیاو ڕاست بڵێ تۆزێکیشی پیاوەتی تێدا بوو. دەبوو بەو پەڕی دڵنیاییەوە خۆمان بە دەستەوە بدەین. بە دڵێکی گرانەوە یەکە یەکە گیرفانی خۆمان بەتاڵ کرد و هەرچی سامان و کلووری هەمانبوو بۆمان هەڵدانە ئەودیوی کەندڕەکەوە. لە خۆشیی ئەوەی کە دزەیل دیژداشەکانیان لێ نەستاندین، شاگەشکە بووین.

بەڵام لە هەمان ئەو کۆچەی خۆماندا ڕێککەوتی کوڕە گەنجی میسریی ئەوەندە دڵئاوا و نانبدەمان دەکرد، خواردنیان بۆ دەهێناین و گەلێ جاریش ئەگەر بیانزانیایە ئێمە ئەڵمانین، داوەتی ماڵەوەیان دەکردین. تەنیا یەک جار گومانم لە دڵسۆزیی میوانداریيەک کرد. ئێوارەیەکیان، جووتیارێک بانگهێشتنی کردین. پاش ئەوەی خواردنێکی سادە، بەڵام چەورمان خوارد، لەگەڵ چەند پیاوێکدا کەوتینە ئاخاوتن، لە ناکاو یەکێکیان گوتی دەمەوێ سەیری ددانتان بکەم. بێگومان دەیویست بزانێ چەند سەرە ددانی زێڕمان هەیە. هیچمان لە دەست نەدەهات ئەوە نەبێ دەمی بۆ بکەینەوە و ئەویش بە ئارەزووی خۆی ئەنگوستی تێدا بگێڕێ. زوو بڕوای هێنا، یان چاکتر بڵێم هەر بڕوای نەهێنا، چونکە بۆی دەرکەوت ئەوە ناهێنێ خۆی بە دەرهێنانی ئەو چەند سەرە ددانە زێڕەوە ماندوو بکا. ئێمە نێچیری لاواز بووین و بە بێ سەرئێشە دەستی لێ هەڵگرتین.

دوای چەند ڕۆژێک گەیشتینە شیناوەردێکی تر، شیناوەردی ئەمجارە زۆر گەورە بوو. پیاوێکی کەڵەگەتی بیاوانی (بەدەوی)، پاسەوانی زەویوزارێکی فراوان بوو. ئێمەی بە ناو بیاوانێکی بەرهەڵدادا برد و لە ڕێگەدا سەرنجی مەی بۆ چەند کونێکی بچووکی ناو لیمەکە ڕاکێشا و گوتی ئەم کونەیلە مشکی بازهەڵدەریان تێدا دەژی و ئەویش دەیانگرێ و دەیانخوا. هێندەی پێ نەچوو چاوی تیژی ئەو پیاوە کونێکی بەدی کرد و کەوتە هەڵکۆڵینی. مشکێکی بچکۆڵە ویستی دەرپەڕێ، بەڵام پیاوەکە بە دەست گرتی.

زەحمەتە مرۆو بتوانێ باسی ئەو گیانەوەرە بچووکە بکا. بۆ گەورەیی، لە مشک گەورەتر و لە جورج بچووکتر بوو. دەتگوت کەنگەری بچووکەوە بووە.

دەستـەیلی درێـژ و باریک بوون. بەڵام پاشـووی کورت و بەهـێز بوون. بە هۆی ئەو پێـیەڵەی خۆیەوە دەیتـوانی بە کـەڵەمـبازی یەک مـەتر یەک مـەتری، بڕوا بەڕێوە. ئەو گیانەوەرە بەستەزمانە هێند بە تووڕەیـی سەیری کردم و دڵیشی وا بە تەپوکوت کەوتبوو، ناچار بووم بە هانایایەوە بچم.

بە کاورام گوت با بزانـین ئەو مشکە بازهـەڵدەرە چۆن دەڕوا، کاورا دەسـتی کـردەوە و بە یـەک تـرووکـەی چاو مـشـکی تاین کـەڵەمـبـازێکی دا و لـەوێوە بۆ ئەوێ، تا کونێکی وەدۆزی و خـۆی تیدا ون کرد. ئێمە بـە کەڵەمـبازی سـەیر و سـەمەرەی مشکەکە پێ کەنین و پێش ئەوەی کاورا چاو بۆ کونێکی تر بگێڕێ باسکیم ڕاکێشا و بە ڕێ کەوتینەوە.

لە دەروازەی پشتـەوە چووینە ناو ئاوەنیـا و بەراوێکەوە، چەند کـرێکارێکی مـیسـری بەخـێرهاتنێکی گـەرمیـان کـردین و خـوڵکیان کـردین لەگـەڵیـاندا دامەزرێینە سـەر توێشەبەرە سادەکەیان و نانیـان لەگەڵدا بخۆین. تا ئێستەش بـە یادی ئـەو پیــاوەیلـە و بە یـادی هەمـــوو ئـەوانەی لـە ڕۆژەیلە پێـــویست و تەنگانەیەدا دەسـتی یارمـەتیـیـان بە باڵەوە گـرتین، مـوچڕکـەی شـادیم تێـدا دەگەڕێ.

کرێکارەیل پێیان گوتین ئەندازیاری بەرپرسی ئەو کێڵگە و مەزرایە، ئەڵمانە و ڕەنگە یارمەتـی و ئامۆژگاریی باشـمان پێ بدا. ئێستگەیەکی پاڵەپەستۆ لەو نێزیکانە هەبوو، ئەو ئەندازیارە ناو بەناوێک لە کاتـی دیاریکراودا پەیدا دەبوو بۆ ئەوەی ئێـستگەکـە بپشکنێ. ئێمـە دەمـانتـوانی لە کـاتی هاتـنی ویدا هەل وەرگـرین و بچـین لەگـەڵیـدا بدوێین. بە ڕۆیشـتنی ڕێگەوە هـێندە کـەشـەنگ و کـەلەلا بووین، چەند سـاتێک لـە سـێبـەری دار و بنەداردا سـاینەوە. لە ناکـاو ئەندازیارەکە بە سـواریی کەرێک پەیدا بوو. سەرنجێکی سـەرتاپاگری داینێ، دەبوو ئێـمــەش ملی ڕێگە بگرین و بڕۆین. ئـەو پیــاوە بە پارە و بە جلوبەرگ هێندەی یاریدەی ئەو ئـەڵمـانەیلە دابوو کـە لـە چەترگـە ـ بـەندینخـانـەی جـۆر بەجـۆرەوە هاتبـوون، پیـاوچاکی هەرە گـەورەی دنیـا لـەمـە پـتـری لـە دەست نەدەهات. چاکەنەوازی و پیاوەتیی وی، هێندە بە بڵاوی دەنگیـان وەدابوو، ڕۆژ

نەبوو میسری و ئەورووپایی، خەڵک نەنێرنە لای ئەو ئەندازیارە. بەڵام کاتێ فریدریک ـ هاوەڵە ڤیەننایییەکەم، بەوپەڕی ڕێز و نەوازییەوە لێی پرسی ئاخۆ دەتوانێ هەندێ ئامۆژگاریمان بکا چۆن بگەینە قاهیرە، ئەندازیارەکە بە سەرنجێکی گرژەوە گوێی بۆ شل کرد.

«هەر ئەوەم بۆ نایەتە کردن بهێڵم نەمساییـیـەکی وەک تۆ چی تر لەم بارودۆخەدا بژی» گوتی، «وەرن لەگەڵمدا.»

وەگەڵی کەوتین و نێزیکەی کیلۆمەتریک ڕێگەمان بڕی تا گەیشتینە کۆمەڵێک باڵەخانەی بچووک. خانووبەرە و مەڵبەندی کارگێڕی و کامپ و جێگەی لە قوتوونانی بەرهەمی میوەجاتیشی لێ بوو. کێڵگەیەک بوو لە هەموو ڕوویێکەوە نوێباو، لە ڕووی ڕێکوپێکی و ئامێرەوە لە سەرتاسەری میسردا لە وێنەی کەم بوو. بەلامەوە سەیر نەبوو کاتێ پێیان گوتم ئەو داودەزگەیە لە لایەن پیاوێکی ئەڵمانەوە هاتووەتە دامەزراندن و بە گەڕ کەوتووە. لە سەرەتای شەڕدا، ئەو داودەزگایە بەو ناوەی ماڵی دوژمنە، دەستی بەسەردا هاتبووە گرتن و بە (پاتشا)یەکی میسری هاتبووە فرۆتن. ئەندازیارەکە هەر لە سەرەتاوە لێرە بووبوو، بەرپرسیاری مەکینە و بە تایبەتیش ترومپای فرە ئاڵۆز و ئامێری ئاودێریی زەویوزار بوو. زۆر شەرمەزار دەبووین کاتێ ئەو پیاوە ئاوها بە دڵ و بە گیان، خەمی مەی دەخوارد. خواردنی دەداینێ و شوێنی نووستنی پێشان دەداین.

پاش ئەو هەمووو ساڵەیلەی دیلی و بەندیەتی، کە ڕۆژ بەڕۆژ لە بەرچاوی خۆشمدا بووبوومە چتێکی هیچ و پووچ و لە بیرم چووبووەوە مرۆوێکی سەربەخۆی خاوەن کەسایەتیی خۆمم نەک کۆیلەیەکی چەپەڵ و ئێسک گران و بێ کەڵک، وا ئێستە هەستم بە گرانایی و بوونی خۆمم دەکردەوە. پێم وایە ئەو هەل و دەرفەتەی منی تێدا لە گرتیگە وەدەر کەوتم، چاترین و لەبارترین دەمی ئەو هەلاتنە بوو.

بۆ ئێوارە، بەینێکی تەواو لە دەرەوە لە ژێر ئەستێرەیلدا ڕۆنیشتین. خانەخوێیەکەی مە پێی شەرم نەبوو لە بەرچاوی کرێکار و فەرمانبەرەیلدا

لەگەڵ مەی ڕووتە و چڵکندا دانیشێ. هێندەی نەبرد، باس و خواسی نێوانمان متمانە و بڕوای لە کن هەردوو لادا پەیدا کرد و ئەندازیارەکە هەندێ رابردوو و بەسەرهاتی تاڵ و شیرینی ژیانی خۆی بۆ مە وەگێڕا. کوڕێکی تاقانەی تەمەن هەژدە ساڵیی هەبووە ئەویش لە پێشبڕکە و جریدبازیدا لە سوارییی ئەسپ پەڕیبوو. کورتەکی کوڕەکەی بۆ بیرەوەری هەڵگرتبوو بەڵام هەموو چتەیلی تری دابووە ئەو کەسەیلەی داوای یارمەتییان لێی کردبوو. بێگومان نەیدەهێشت ئێمەش بە تۆی دیژداشەیەکەوە لەوێ هەڵبرێین، چتێکی هەر پێ دەداین، بۆ پارە پارەی نەبوو بەڵام مشووری چارەسەرێکیشی دەخوارد.

ڕۆژی دواتر، وەک باوکێکی دڵسۆز بەڕێی کردین. کورتەکی کوڕەکەی یەکێ بوو لەو چتەیلەی بە مەی دا. ئێستە فرێدرێک و من دەمانتوانی بچینە قاهیرە و بێ وەی کەس بزانێ، لەوێ بژین. بۆ هاوەڵەکەی تریشمان، لەلای زەویدارێکی ئەو ناوچەیەدا کە هاوەڵی خۆی بوو، کارێکی وەدۆزی.

کوڕە گەنجێکی میسری لەوێ کاری دەکرد، بە هاتنی مەی زانیبوو و هات. هەر هەلێکی بۆ هەڵبکەوتایە خۆشەویستیی خۆی نیشان دەدا و هەندێکیش وشەی هاندان و زات وەبەرنانی بۆ دەگوتین. بەیانیی ڕۆژی دواتریش، زۆری کەیف هات کاتێ ئەندازیارەکە پێی گوت وەگەڵمان بکەوێ تا ئەو شوێنەی پەستی قاهیرەی لێ دەڕۆیی. ئەو هاوەڵە دلۆوانە کرێی ڕێگەشی لە گیرفانی مە نا. هەروەها کۆمەڵی ناونیشانی ئەو کوڕە لادێییانەشی وێمان دا کە لە شاردا کاریان دەکرد. گەلێکمان سوپاسی کرد و بەڕێ کەوتین. ئیدی ئەوەتا کارباری مە بەرەو لەباری و سازی وەرسوڕا و لە خۆشییانە پێمان بە زەوی نەدەکەوت. ئەو چتەی لە هەموو چتەیل پتری کەیفشاد کردین ئەو کوڕە گەنجە هەژارە بوو کە ئەو دەمای خواحافیزیمان لێی کرد چەند پارچە دراوێکی کە هەیبوو لە مستی مەی نا و ڕۆیشت. کاتێ پەستەکە گەیشت، بەبێ ترس و لەرز خۆمان هەڵدایە ناوی. داوای بلیتی قاهیرەمان کرد و بەبێ ورتە لە زارەوە هاتن دانیشتین. ترسی ئەوەمان بوو نەکا کتوپڕ لە یەکێ لە بنکەیلی بێ ئەژماری پۆلیسدا بمانپشکنن. بەڵام خوا و ڕاستان، هەموو چتێ بە

ئەسپایی ڕابووری و پاشی سێ سات گەیشتنە مۆڵگەی پەستەیل.

سەرەتا وامان دەزانی لە شارێکی ئەوەندە گەورە و زەلامدا ون دەبین، بەڵام زوو کەوتینە خۆ بۆ ئەوەی جێگە وەدۆزین و کارمان دەست کەوێ. ئێمە لەبەر وەی دوو کەس بووین کاربارمان چاکتر هەڵدەسووڕا. ژوورێکمان لە ئوتێلێکی نوێی عەرەبیدا گرت و خۆمان بە ناوی نوێمانەوە ناونووس کرد. من ئۆلاف کارلسنی سوێدی و هاوڕێیەکەشم بە ناوی ئەندرسنی دانیمارکییەوە. دیاربوو ئەمە کێشەی بۆ نەدەنایەوە و ئێمەش دڵنیا و ئەرخایەن دەبووین.

هەر لە بەیانیان زووەوە تا درەنگانی شەو پێوە بووین پێوەندی بە هاوەڵەیلی بیاوانییەوە بکەین، ئەمە خوایە بەڵکو یەک دوو قرۆشمان بدەنێ بۆ ئەوەی کرێی ئوتێل و پێداویستیی ترمانی پێ جێبەجێ بکەین. سەرەتا گران و دژوار بوو بەڵام بەرە بەرە سەر کەوتین. خەڵکەکە ڕوانییان ئێمە سواڵکەری پیشەوەر نین، بگرە بە ڕاستی دەمانەوێ تا زووە کارمان دەست کەوێ بۆ ئەوەی نەبینە چەل بە ملی خەڵکەوە، لەمەش بەولاوە دەمانویست بڕێ پارە و پوول بۆ خزم و کەسوکارمان وەرێ کەینەوە ئەڵمانیا. بەڵام لەیەک باردا دەبێ ددانی پێدا بنێم کە من سواڵکەر بووم، بە هیوام ئەو کەسەیلەی یارمەتیم لێ وەرگرتوون ـ ئەڵمان، نەمسایی، سوێدی، فەرەنسایی، میسری، لێم ببوورن، شەو و ڕۆژ، ژنێکی نیوە برسی و گەدەیەکی سێ ساڵانەی بە درێژای ڕۆژ زگ لە برسا هەڵگوشیوم لەبەر چاوەیل ون نەدەبوون. ئیتر بەرە بەرە بەسەر ترس و دڵەڕاوکەدا زاڵ بووم و پیاوی ئەوتۆ دڵئاوا و نانبدەم وەدۆزی کە خۆراک و بژێوی بۆ ماڵ و منداڵم بنێرن. پاشان زانیمەوە، ئەو خۆراک و بژێوییەیان لە کاتی هەرە پێویست و تەنگانەدا گەیشتبووە دەست و ئەگەر ئەو خۆراکە نەبووایە لەوانە بوو چارەنووسیان بە بارێکی تردا وەرگەڕایە. حەز دەکەم پڕ بە زار و لە بنەوانی دڵەوە سوپاسی ئەو پیاوە دلۆوان و دڵ پڕ بەزەیانە بکەم هەرچەندە دەشزانم ئەوان بۆ سوپاسیان نەکردبوو.

ئەزموونی ژیان بەو بڕوایەی هێنام – چۆن بە گوێرەی یاسای فیزیا هیچ وزەیەک لە دنیادا نافەوتێ، هەروەها هیچ چاکەیەکیش بزر نابێ. ئەو کەسەی

چاکـه دەکـا سـەرەنجـام ئەو چاکـەیەی دێتـەوە ڕێگە. زۆربەی جـاران دێتـەوە ڕێگەی ئەو کـەسـە خـۆی، کە ئەو چاکـەیلەی کردوون، هەندێ جـاریش دێتـەوە ڕێگەی ئازیزەیلی وی. ئەرێ دەبێ ئەو هەمـوو چاکە و پیاوەتییـانەی لە قاهـیرە لەگـەڵیـاندا کـردم لە ئەنجـامـی ئەو چاکـەیلەوە نەبووبـێ، کـە دایکم لـە ژیانی خۆیدا لەگەڵ خەڵکدا کردبوونی؟

لە سایەی ئاوری خێری هاوەڵێکەوە توانیمـان ژوورێکی تەواو چەپەک و پەنا لە گــەڕەکی جــوولەکــەیلدا بە کــرێ بگرین. لەوێـوە بە خــۆ کــەوتین. کــاتێ هاوڕێیـەکەم کاری وەدەست کەوت، مـاوەیەک خۆمـان لە یەکتر جوداوە کرد بۆ ئەوەی کەس مەزەندەی هیچمان پێ نەبا و نەبادا لە پڕێکدا بگیرێین. بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ کەمتر بیرم لە شیمـانەی گیرانەوەی خۆمان دەکردەوە، تا وای لێ هات هەر نەمدەویست جارێکی تر بیری لێ بکەمەوە.

بڕیارم دا ئیـتـر پارە کـۆوەکـەم بـۆ ئەوەی بتـوانم پارەی ئەو چتـەیلـەی پێ بدەمەوە کە بۆ ماڵـەوەم ناردبوون. بەڵام کاری نووسین و ئەرکی دەستی، هێندە بە هەرزانی لەلایەن وڵاتییەیلی وێندەرێوە دەهاتنە جێبەجێکردن، چتێکی چەتن بوو پیـاو بتـوانێ هـیچ پارەیەکی لەم ڕێگەیەوە دەست بکەوێ. باشــە مـن لە کـوێوە دەست پێ بکەم؟ پاشـان بیـرێکم بۆ هات. ئەوەتـا من بە ناو سـوێدیم و ئەدی مەسـاج (شێـلان)ی سوێدی لە هەموو دنیـادا بە ناو و دەنگ نەبوو؟ ئەدی من خـۆشم لەو کـەســەیلە نەبـووم کـە گـرینگیــان بە شـێـلان و ئەو جـۆرە چارەســەرەیلە دەدا؟ باشـە چۆنە لە ئێسـتـەوە خـۆم وەک ناتر (ئەو کـەسـەی شـێلان دەکـا بە پیـشـە) هەڵدەم؟ وێڕای ئەمـەش دەتوانم کـار بۆ خـۆم بکەم و بەرفـەرمانی کەسیش نەبم و ئەگەر توانیشم لێوەشـاوەیی خۆم دەرخـەم، ئەوا دەتوانم ژیانێکی شایەن بژیم.

هەر زوو بووم بە مـسـیـۆ ئۆلافی لـێزانی مـەسـاجی سـوێدی و دەسـتـهـاوێژی "خۆکردی" مەساجزانیم لە تەنکەی گیرفانم نا. چەندین سات ئەم پیشە نوێیەم لەسـەری خۆمـدا هـەڵگێڕ و وەرگێڕ و تاوتوێ کرد و ڕاهێنانی مەسـاجکاریم بە خـەیاڵ جـێـبـەجێ کـرد. هەروا ئەم پێـشـنیــازەم لەگـەڵ چـەند هاوەڵێکی ئەو

پیشـەیان بەلاوە گرینگ بوو، تاوتوێ کردەوە. یەکێک ناونیشـانی کۆنە مست وەشـێنێکی "مـلاکم" میـسریی بۆ هەڵدام. ئەو پیـاوە مـەسـاجکارێکی دەویست حەوتووی دووجار بـچێتە لای. ئەوە یەکەمین ژووان گرتنم بوو. گەیشتـمە ماڵی کاورا، مـاڵەکە لە خـانووێکی شێوە ڕۆهـەلاّت ناوینی، لە بەشـی کۆنی قـاهیرەدا بوو. کە چووم کاورا لە چاوەڕوانیی مندا دانیشـتبوو، منیش مەچەکی کارم لێ هـەڵمـــاڵی، یـان ئـەوەتا دەبـەزم و کـــۆڵ دەدەم یان ورەی پـتـــرم وەبـەر دێ و دەیبـەزێنم. کاتێ لە شـێلانی یەکەمین پیل و بازووی مـاسـوولکەی تێکسمـڕاوی کـاورا بوومـەوە، تەواو هێـزم لەبەر بڕا و پشـووم سـوار بوو. ترسـم هـاتێ ئیـتر نەتـوانم بەردەوام بم. دەمـزانـی بەهرەی کـارکـردنم هـەیە بەڵام ئەوەندە هـەبوو هێزی بازووم شل و کوت بووبوو. لە سـایەی ورەی باوەڕەوە توانیم هێزی لەش گـورجـەوە کـەم و هـەر چوار پەلی کـاورا یـەک لە دوای یەک بشـێلم. دوا جـار هەمـوو سـەنگ و گرانایـیی لەشم هـاوێشـتـە سـەر گـازی پشـتی ئەوجـا توانیم پشـتـی بشـێلم. سـەرەنجـام شـێلان تـەواو بوو و منیش تەواو لە پەلوپۆ کەوتم. کـاتێ لە خـۆشـوشـتن بـوومـەوە، کـابرا دانیشـتـبوو نانی بەیانـی بخـوا، خـولکی نانخـواردنی کـردم، لە بـرسـانە لاکـەی سـەرم دەهات و لەگـەڵی دانیـشـتم. دەمـزانی ئەگـەر لەم پیـشـەیەدا بەردەوام بم و سـەر بکەوم، هـێندە نابا هێـز و توانسـتم بۆ وەدەگـەڕێ. ئیـدی کـەوتمە خـۆبنیـاتـنان و لەگـەڵ بەهـێـزبوون و پتەوبوونیشمدا، ورەی کارکردنم پتر هەڵدەکشا.

لەلای ئـەم نۆژدارەوە دەچووم بۆ لای ئـەو نۆژدار و بە پسـپـۆڕی وەرزین و چارەسـازیی بە (مـەسـاج) خـۆم پێ دەناسـاندن. لە سـەردەمی ئەو کـارەمـدا جـارێکیـان پڕۆفیـسـۆرێک لێی پرسـیم لە چارەسـەری کـام نەخۆشـیدا بەڵەدم و دەسـتی باڵام هەیە. بەوپـەڕی شـایی بـەخـۆبوونەوە گـوتم: دەتوانم چارەسـەری زۆر چاکی وانە بکەم کە شێوانی دەمارگرییان هەیە.

لێی پرسـیم، چۆن ئەم چتەم بۆ دێتە کردن. زۆر نەترسانە گوتم بە هۆی ئەو هێزە موگناتیسییەی لە ناو دەستمدا هەیە دەتوانم ئەو کارە بکەم.

دەستی گرتم و بە سەرساميیەوە گوتی: "جا بە ڕاستی، هێزێکی نائاسایی

موگناتیسانەت لە ناو دەستدا هەیە". بەڵێنی دا لەمەودوا نەخۆشم بۆ بنێرێ.

خولیای پارە پەیداکردن، زۆر زوو کۆمەڵێ خەڵکی چاکی بۆ سازاندم، زۆریان تێدا ئەوروپایی بوون و منیش بە ڕێکوپێکی چارەسەرم کردن و ئەوانیش پارەی چاکیان لە دەست نام. زۆربەشیان خەڵکی بە ئاگا و وشیار بوون و لەبارەی شێلانەوە چتیان دەزانی. زۆر زوو ناوبانگم پەیدا کرد. ئەوە هانی دام پتر بازووی مل لە کار کۆشینی لێ هەڵبماڵم.

تەنانەت پێش لە بەندینخانە ڕاکردنیشم، سەرکەوتنم لە چارەسەرکردنی ئەم جۆرە نەخۆشییانەدا هەبوو. فرێدریکی هاوڕێم چەندین مانگ بوو بە دەست ئازاری یەکێ لە جومگەیلی پێیەوە جەوری دەکێشا. دیار بوو هیچ چارەسەرێک دادی نەدەدا و هەلاتنی لەگەڵ مەشدا بەوە بەند بوو ئاخۆ دەتوانێ ڕا بکا ئەگەر پێویست بە ڕاکردن هەبێ. دەستم دایە مەساجکردنی وی و دڵنیاشم کرد کە چاکەوە دەبێ و ڕاستیشت دەوێ کاتێ لە سیمەکە دەرچووین و دەبوو بۆ ڕزگارکردنی ژیانی خۆمان ڕابکەین، فرێدریک وەکو مە بە سووکی ڕای دەکرد. ئەوە هیچ چتێکی نائاسای تێدا نەبوو. بە کورتی ئەم چارەسەرە لە سایەی هێزی خواسایی و خوایی و موگناتیسییەوە بوو.

کاتێ هەستی دڵنیاییم لە دڵدا نیشت. دەستم کرد لە ڕێگەی پێناوێکەوە نامە بۆ ژنەکەم بنێرمەوە ئەڵمانیا. پۆستەی ئەو کاتە باش نەبوو، سێ مانگی پێ دەچوو تا نامە دەگەیشت بەڵام لەگەڵ بەسەرچوونی ڕۆژەیلدا چارەنووسی من بە بارێکی نالەباردا وەرچەرخا.

## گەڕانەوەم بۆ مەعادی

بۆ ماوەی سێ مانگ تامی ئەو ئازادییە نوێ وەدەستکەوتووەم کرد، تا ڕۆژێکی شەمووی پاش نیوەڕۆ، کاتێ بۆ لای یەکێ لەو نەخۆشەیلەی بەڵێنم لەگەڵیدا هەبوو، دەچووم، لە کونجێکی هێمنی شەقامێکدا دوو بازووی بەهێز لە ڕاست و چەپەوە باوەشیان لێ دام. ئاوڕی ئەملا و ئەولای خۆمم دایەوە و ڕووی کەسێکی بیانیم هاتە بەرچاو. پاشان پیاوێکی میسری بە جلی شارستانییەوە

بەرەو رووم هات و لێی پرسیم  بە ڕاستی من کێم. لەوانەیە یەکێک لەو چەند کەسەی ڕازی خۆمم لە کن درکاندبوون، لەلای پۆلیسدا زوانی لێم دابێ. ڕک و کینەم لێی نییە، بە هیوام خوا لێی ببوورێ. پێم وایە دەبێ گەلێ جار لەم و لەو ببوورین، ئێمە خۆمان لە چارەماندا هاتبووە نووسین چەرمەسەرێ و دارکاری بچێژین.

لە ژوورێکی بەندینخـانەی تایبـەت بە ئەورووپایەلدا هاتمە بەندکـردن. هەرچەندە تا ڕادەیەک لە بەندینخانەی ولاتییەکی میسری چێتر بوو بەڵام هێشتە پەنجەرەی بچووک و بەرزی گرتوو و دەرگەی لە دەرەوە بە هێچک (قوفڵ) و شمشێرە بەستووی هەبوون. پاشی چەند ڕۆژێک ئینگلیز هاتن و منیان برد. بیرم لە سەرەنجامی خۆم نەکردەوە، چونکە گومانی تێدا نەبوو ئەوان بیرەوەریی چاکیان لەمەڕ ئەو کەسەوە نەبوو، کە ویستبووی لە ناوچەیەکی هەرە گرینگدا، لە کێڵگەیلی نەوتدا ئاژاوەیان بۆ بنێتەوە.

حەزم دەکرد پاشی ئەو بیست و هەشت ڕۆژەی ئەو گرتیگەیە، ڕووداوەکە پووش بەسەر بکەن و بمبەنەوە چەترگە گرتیگەی جاران. بەڵام وا دەرنەچوو. دوای ساتە ڕێیەک ڕۆیشتن، ئۆتۆمۆبێلەکەی منی تێدا بووم وەستا. کاتێ هاتمە دەرەوە و سەیری دەوروبەرم کرد، لە ترسانە زارەترەک بووم. دوای سێ ڕۆژان لەبەر ئەو دەروازەیە وەستام، کە گرتیگەیلی دزێوی وەتۆژینی (مەعادی)یان لە پشتەوە بوون. کاتێ دەرگەم لە پشتەوە هاتە پێوەدان، دڵم داتەپی. ئەوا جارێکی تر هاتمەوە ئەو شوێنەی خاچی سوور پێی نەدەزانی. ئەو شوێنەی ورەی بەرگرتەنیی مرۆوی تێدا دەبەزی و بەبێ لە سێدارەدان، تا مردن، دەهاتە جەزرەوە دان.

لەسەر جێیەکەی خۆمدا هەڵترووشکام و سەرنجم بۆ پەنجەرە هەڵبڕی. لە هەمان بەندینخانە کرێتە چەپەڵەکەی جاراندا بووم، ئەوە نەبێ لە گرتیگەیەکی ئەولاوەتر.

هەستی بێزاری و دڵ بەباری دای گرتم. هیچ چتێک دادی منی نەدابوو. هەرچەندە چەندین باوەش خواردنیم بۆ ئازیزەیلی خۆم ناردبووەوە نیشتمان

بەڵام هیچ وەڵامم بۆ نەهاتبووەوە و نەشمدەزانی بار و بەڕێوەچوونیان چۆنە. پێم وا بوو دەبێ بە دەردی برسییەتییەوە مردبن. ڕەنگە ئەو بژێوەیلەیان بەدەست نەگەیشتبێ یان ڕەنگە زۆر درەنگ گەیشتبێ. یەکێ ئازادییەکی تازە دەست کەوتووی دۆڕاندبێ و سەبارەت بە باری نالەباری ماڵ و منداڵییەوە تەنگاو بێ، ئەو کەسە هەموو خەیاڵێکی ڕەشبین بە بیر و مەژییدا ڕادەبوورێن.

بەڵام سەرەڕای هەموو چتێک، هێندەی نەبرد هێور بوومەوە و زەردەکەنیم هاتێ. دڵی خۆم بەوە دایەوە کە تەنیا نیم، خوام لەگەڵدایە. خوا دەست بە پیلمەوە دەگرێ و دەمپارێزێ.

چەندین یادی زاین christmasم لەمەوپێش لە گرتیگەدا بەسەر بردبوون، کاتی نالەبار و تەنگی ژیانم بوون. دەمزانی کۆمەڵێک ئازیزی دڵ و گیانم لە شوێنێکی ئەم دنیایەدان، بە دڵی بە خەمەوە چاویان بڕیوەتە تاریکاییی شەو و یادم دەکەن. چاوم دەگرتە ئەستێرەیل وەک بڵێی ئەو ئەستێرەیلە پردێکم لەگەڵ ماڵەوەدا بۆ دروست دەکەن. هێند بێ دەرەتان و بێ ئەنوا بووم، هێند لێو بەبار و دڵتەنگ بووم، هەر ئەوەم لە دەست دەهات بە ناڵە و گریەی بێدەنگ کۆڵی دڵ بڕێژم و هەندێ وشەی کپ و نەبیستەنی بۆ (وی) بنێرم کە ئێستە منداڵ بوو و لە بێشکەی خۆیدا ڕاکشابوو. ئەمجارە وا نەبوو. ئاهەنگی زاینی ئەمساڵم تایبەت و بە تەنیا بوو، لەگەڵ گیانی خۆمدا بوو. چاوم بە هەموو چتێکی دەوروبەرمدا گێڕا و هەر دەتگوت بەسەرهات و ڕووداوی ناو فلیمە، بە بێ ئەوەی بێزارم بکەن، بە بەرچاومەوە ڕادەبوورین. دەنگی سەربازەیلم هاتە گوێ، بەسەرخۆشییەوە (شەوی مەند)ی کتێبی پیرۆزیان بە ئینگلیزی دەگوتەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم هەی ئیبلیسینە. لە جەژنی زاینی ئەمجارەدا، لە جیاتی ئەوەی وەک جاران خۆراکمان لە ناو دەفری کۆنە تەنەکەی ژەنگاویدا بدەنێ، لە ناو ئامانی سپی و پاک و بە دەستی پاسەوانەیلدا بۆیان ناردین. یەکەم جاریش بوو پارچە مریشکێکی بەسەرەوە بێ. لەبەرئەوەی من بریارم دابوو ئیتر گۆشت نەخۆم، ئاهەنگی خۆم بەو چەند پارچە پەتاتەیە گێڕا، کە لەگەڵ خواردنییەکەدا ناردبوویان. ئەفسەرێک بەندییەلی یەکە یەکە بەسەر

کردەوە و جەژنە پیرۆزەی لەگەڵدا کردن، نازانم هەر بۆ گاڵتە بوو یان بە ڕاستیی بوو. بەڵام ڕاستیشت دەوێ چتێکی نائاسایی بوو پیاو لە گرتیگەی وەتوێژینی مەعادیدا ئاهەنگی جەژنی زاین بگێڕێ. من بۆی گرژیمەوە و پرسیم: «کەواتە هەر تۆی ئاهەنگی جەژنی زاین بکەی؟»

وەڵامی دامەوە: «بەڵام تۆش ئەمڕۆ چێشتت لە ناو دەفری سپیدا بۆ هاتووە، وا نییە؟» گاڵتەم بەو هەڵسوکەوتە نابەجێیەی وی هات و جارێکی تریش بۆی گرژامەوە. گوتم لەوانەیە ئەم پیاوە سکۆتلەندی بێ و تەنیا بۆ خۆڕانان و پیاوەتی نواندن وا بکا. هەر بۆ خاترانە و ئاخاوتن لەگەڵدا کردنم گوتی «هیچ هیوایەکت هەیە؟» گاڵتەم پێ هات، گوتم «نەخێر گەورەم،» ئەو نەیدەزانی ئەمەم زۆر بە ڕاستی بوو. ئاواتی من سەرفرازی بوو، دەمزانی ئەم ئاواتەشم لە سنووری دەسەڵاتی وی بەدەرە. زۆرم پێ ناخۆش بوو دەمزانی فرێدریکی هاوڕێشم هاتووەتەوە گرتن. لە هەمان ئەم باڵەخانەیەی خۆماندا بوو، چەند گرتیگەیەک لێمەوە دوور.

ڕۆژێکیان لە گۆڕەپانی ڕاهێناندا بینیم، کاتێ تیشکی هەتاو لە ناوبڕە بە گوش دروستکراوەکەی دەدا و ڕۆنی دەکردەوە، تیلەی چاوێکم گرتە ئەودیو.

پاسەوان چاویان لێ نەبوو، زەینی خۆم دایە، تارماییەکەم کەوتە بەرچاو هاتوچۆی دەکرد، لە دڵی خۆمدا گوتم هەوە هەو نییە؟ ئەمجارە سووڕامەوە و کاتێ گەیشتمە ڕاست بەڕاستی وی، پرسیم: گەلۆ دەبێ ئەمە فرێدریک نەبێ؟ بەسەری زار ناوی ویم چرپاند. وەڵام نەبوو. جارێکی تر دووبارەم کردەوە، ئەمجارە بیستی. ئەویش بەمە سەرسام بوو.

ڕۆژەیلی دواتر، هەر جارێکی وا هەڵبکەوتایە هەردووکمان پێکەوە لە گۆڕەپانەکەدا بین، بە چەند وشەیەکی سەیر و کورت و بە دەنگێکی چپەدوو بەسەرهاتی خۆمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. توانیم ئەو چتەی لێ تێ بگەم کەوا دوای ماوەیەکی کەمی پاش گرتنی من، نامەیەکم لە ژنەکەمەوە بە ناونیشانی هاوەڵێکی میسری بۆ هاتبوو. نەیدەزانی ڕاست و دروست ئەو نامەیە چیی تێدا بووە، بەڵام وا دیار بوو ماڵ و خێزانەکەم باش بوون.

فـریدریک به هۆی ڕێککەوتێکی بەدبەختییەوە کەوتبووە دەستی پۆلیس. ئەوان بەدوای خەڵکی تردا گەڕابوون و لە کاتی پشکنیندا ئەویان بەگیرکردبوو. ئەگەر باوەڕم بەوە نەبووایە هەموو چتێک لە ئەنجامی ڕێککەوتەوە ڕوو دەدا، ئەوا یەکانگربوونەوەی ئێستەی خۆمانم بە چارەنووسێکی کەڵەۆڵ دادەنا. بەڵام ئەوە ڕێنوێنی بوو، ڕێنوێنییەکی خواییانەی ژیرانە هەردوومانی بۆ یەکتر لێرە کۆوە کردبوو.

## پچڕینی کۆت و بەند

ماوەیەک پاش ئەوەی فریدریکم بینی، هەستم بە هەوای ناساز و بەدیۆمی مەعادی کرد و نەمدەتوانی ئەو دڵەڕاوکەیە لە دڵ وەدەر نێم، کە ئێستە پیلانێکی دژ بە من لە گۆڕێدایە.

ڕۆژێکیان کاتێ دەرگەی گرتیگەم بەسەردا هاتە وەکردن و چاوەشی ئێشکگر ئاماژەی دام کەلپەلم کۆوەکەم و بەگەڵی بکەوم، ترسم هاتێ. ئامێر ئاسا، وەک چەندین جارێ پێشوو پەشتەماڵ و بەتانیم لوول کرد و لە بن هەنگڵم نان. ئەسپۆن و فلچەی ددانم بە دەستەوە گرت و بەناو داڵاندا بەدوای کەوتم. دەرگەی دوا گرتیگەی کردەوە، پتر سەرسام بووم: فریدریک لەوێ دانیشتبوو. کەیفی پێکەوەبوونمان بێ سنوور بوو. تا ئێستەش سەرم سوڕ دەمێنێ چۆن بڕیاریان دابوو دوو کەسی ئەوتۆ، کە شایەنی هەڵواسین بن لە یەک گرتیگەدا بێنە کۆوەکردن.

ئیتر ئاوەها بوو، فریدریک پێی گوتم ئەویش هەمان هەستی نالەباری هەیە و پێی وایە خەریکن پیلانێکی لە دژدا دەگێڕن. ئەم هەستە دنەی دابوو بیر لە چارەسەرێک بکاتەوە کە چۆن لەم گرتیگەیە دەربچێ و ڕێوشوونێکی لەم بارەیەوە دانابوو. زۆرم سەر بەم بیر و ڕێوشوونەی وی سوڕ ما. چەندین کەسی بەرەمەرگان لەمەوپێش لەم گرتیگەیەدا ڕۆنیشتبوون و بیریان لە سەرەودەرێک کردبووەوە، بەڵام وەک من زانیبم کەسیان دەرنەچووبوون.

سەرنجی منی بۆ لای پەنجەرەی گرتیگە بەکێش کرد. ئەم پەنجەرەیە تەنیا

چتێ بوو چاکی بناسم. لە سەردەمی گیرانم لە گرتیگەی تاکە کەسیی بەندینخانەی (مەعادی)دا چەندین مانگی دوور و درێژم لە پشت ئەو پەنجەرەیەوە بەسەر بردبوو. ئەو دەم لە شەوانی ساردی ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەدا، یان لە ڕۆژانی گەرمەتاودا، بیر و خەیاڵم لەم پەنجەرەیەوە بۆ دنیایەکی خۆشتر دەفڕین.

پەنجەرەکە، مەترێک لەسەر زەوییەوە بوو ١,٢٠ مەتر بەرین و ١,٥٠ مەتر بەرز بوو. چوارچێوەکەی دارین بوو. ئەستووریی دوازدە سانتیمەتر و پانیی هەژدە سانتیمەتر بوو. ئەستوونەیلی ئاسنینی وی، تا بڵێی پتەو بوون و ئەمسەر و ئەوسەریان زۆر توند هاتبوونە بەستن. ئەم ئەستوونە ئاسنینانە لەگەڵ کونی توولەیلی ئاسۆییدا تێک هەڵکێش بووبوون. هێشتا لە بیرمە، جارێ لە جاران تەواو هومێدبڕا بووبووم و هیچ چتێکم لە ناو گرتیگەی خۆمدا وەگیر نەدەکرد خۆمی پێ هەڵبواسم، تەنانەت توولەیلی ئاسۆییش بە کەڵک نەدەهاتن، بە شێوەیەکی ئەوتۆ هاتبوونە بەستن هەر خۆت پێوە هەڵبواسیایە دەسبەجێ لە گرێژەنەوە دەچوون. لە جیاتی شووشە، میناپەلی برێتی بوون لە فەیبەری سپی و لە ڕووی ئەودیویشەوە دوودەریی دارینیان هەبوو.

فرێدریک گوتی: « هەموو چتێکم بە هۆی پارچە داوێکەوە پێوەوە.» بڕۆی هەڵکشاند، لێوی خۆی کرۆشت و وەک هونەروەرێک دەستی بەرزەوە کرد، پەنجە کەڵە و پەنجە شادەی خستنە سەریەک و پەنجەیلی تری بەرەو ژوور هەڵبڕی.

«تاکە یەک شیمانەی چوونە دەرەوە هەیە، ئەویش بە تاکە کەسێک نایەتە کردن، بەڵام بە دوو کەس دێتە کردن. لە هەموو چتێ پتر پێویستمان بە ددان بەخۆدا گرتن هەیە، چونکە ئێمە دەزانین ئەگەر لەم کارەدا بێینە گرتن ئەوا کارمان تەواوە. لە لایەکی تریشەوە هەردووکمان دەزانین ئەگەر لێرە بمێنین ئەوا چارەنووسمان لە مەترسیدا دەبێ، بۆیە نابێ خۆمان بە هەموو چتێدا بدەین و شێتانە هەڵسوکەوت بکەین. هیچ سەرەدەرێکی ترمان نییە، دەبێ چتێ بکەین و زۆریشی لێ بە پەلە بین.»

دەستی دایە داوەکە و لە پەنجەرە نێزیکەوە بوو.

«دووریی نێوانی دوو توول کەمترە لەوەی کەسێکی پێوە بچێ.»

شوێن دەستی ئەوم بینی.

«هەروەها دووریی نێوان دوا توول و چوارچێوەکەی تەنیشتی هێشتە کەمتریشە.» گوتم ڕاستە.

گوتی: «ئەگەر ئەم چوارچێوە دارە لێرەدا نەمێنێ»، سرتەم لێوە نەدەهات. «هێشتا نێوانیان بەشی ئەوە ناکا پێوەی بچین.» هەناسەم سارد بوو.

«کەواتە یەک ڕێگەی گونجاو هەیە بۆ دەرچوون.»

ئەمەش ئەو ڕێگەیە گونجاوە بوو کە ئەو مەبەستی بوو. بە وریایی سەرنجم بۆی شل کرد. «دەبێ بەشێک لە دیوارەکە لادەین.»

پێ کەنیم، پێم وا بوو ژیانی درێژخایەنی بەندینخانە، فرێدریکی لە ئاوەزی بێوەری کردووە. وام دەزانی ئێستە نەخشەیەکی لەبار و گونجاوم بۆ دەکێشێ، بەڵام دیارە پیاوە بیرتیژ و لێهاتووەکەی جاری جاران نەماوە و خەیاڵ پووچێکی بیر بەتاڵ شوێنی گرتووەتەوە. ورتەم لە خۆم بڕی و گوێم بۆی شل کرد، زۆر بە چێژەوە پیلانەکەی خۆی بۆ باس کردم. بە چرپە دەدوا نەبادا کەسێک لە دەرەوە گوێی لێمان بێ. بە تیلەی چاویش سەرنجی دەگرتە کونی سەرانسۆی ناو دەرگە. ئەو کونە هەندێ جاران بە بێدەنگی دەهاتە وەکردن، یان کتوپڕ دەرگە دەکەوتە سەر گازی پشت و گرتووەیلیان دەپشکنی.

دیسان کتوپڕ سەرنجی منی ڕاکێشایەوە.

گوتم: «فرێدریک تۆ بیلمەتی.»

لە بەردەمی مندا وەستابوو، پارچە داوەکەی بە دەستەوە بوو.

«هەروەها پێوانەی ئەوەشم کردووە چەندی دیوارەکە لابدەین بۆ ئەوەی سەری مەی پێوە بچێ. دوای سەر بردنە دەرەوە دەبێ بەخۆ بەکێشکردن و خۆ پاڵنان لەشت بۆ دەرەوە بجووڵێنی. ئەم چتەش هێندە سووک و سانا نییە».

سەرتاپام بووبووە گوێ، چۆن ئەم چتەیلەی گشت ئەزموونیوە؟ بە هۆی

پایەی چوارپایەلەوە. پایەی ئەو چوارپایەلە بە هۆی دوو توولە شیشەوە پێکەوە هاتبوونە بەستن. دووری نێوانی دوو چوارپایە کتومت هێندەی ئەو پانییە بوو کە لە دوای لابردنی ئەستوونی چوارچێوەی پەنجەرەکە و کۆڵینی دیوارەکەوە، پەیدا دەبوو.

ئیدی خۆم بۆ نەگیرا، سووکە پێکەنینێکم هاتێ (لە ئاست ژیری و لێزانینی ئەم بلیمەتەی لە دەستە و نەزەریدا وەستابووم).

«با لە ئێستەوە پێت بڵێم ئەزیەت دەکێشی، سەرەتا سەر و کەللەم دەبەمە دەرەوە، پاشان دەبێ بە کێشەکێشێکی زۆر لەشیشم ببەمە دەرەوە.

سەیری کردم، هەستم کرد وا بە خەیاڵ وەگەڕیایە قاهیرە، وەگەڕیایە ئەو شوێنەی ماوەیەکی باشمان بە ئاسوودەیی تێدا بەسەر بردبوو.

پێش ئەوەی دەست پێ بکەین، بڕیارمان دا بۆ دوا جار کۆشەوەیەک بکەین بەڵکو بمانبەنەوە لای بەدیلگیراوەیلی شەڕ. هەردووکمان پێکەوە بە پاسەوانمان گوت دەمانەوێ ئەفسەری ئێشکگر ببینن. لە ماوەی سێ ڕۆژدا هیچ دەنگ و خەبەرێک نەهاتەوە. گوتمان نەخێر پێی ناوێ، با بە خۆ کەوین.

کێشەی مە تەنیا لە پەنجەرە دەرچوون نەبوو. گەلێ کەند و کۆسپی تریش لە دەرەوەدا هەبوون، دەبوو بە سەریاندا زاڵ ببین. مەڵبەندی وەتوێژین، بە سەربازی پڕ چەکی ئینگلیز هاتبوونە دەورەدان و بە خۆیان و بە (سۆلی کرێپی) و سەگی پاسەوانییەوە لەو ناوەدا دەخولانەوە. ڕۆژی پێشوو بە چاوی خۆم پێنجم لێ ژماردبوون. پەرژینی تەلبەندی درووایش چواردەوری سەربازگەکەی گرتبوو. بە درێژای شەو تیشکی ئێشکگرانەی بەسەرەوە بوو. هەروا کەندرێکی پان و بەرینی پڕ لە سیان و چڵپاویش لەسەر ڕێگەدا هەبوو. وێڕای ئەوانەش، سەربازگەیەکی زۆر گەورە بوو، دەبوو زوو لە سنووری ویش دەربچین.

ئیدی هەڵاتن کارێکی هێندە سانایی نەبوو.

***

دوای ماندووەتی و ئازارێکی زۆر، توانیمان بزمارێک لە جومگەی سەر

پەنجەرەکە دەربهێنین و بە هۆی ئەو بزمارەوە خۆمان بە ئەستوونە دارینەکەی دەستەچەپی چوارچێوەکەوە – لەو شوێنەی توولە پۆییەکەی دەچووە ناو، خەریک بکەین. دەمانویست چوارچێوە ئەستوونییەکە لێرە و لەو شوێنەش کە توولە پۆییەکەی دووەمی تێوە دەچوو، ببڕینەوە. بەوەش تەواوی ئەو پارچە تانییەمان دەردەهێنا. ئیدی بە هۆی ئەو بزمارەوە دەستمان کردە کۆڵین. کونێکی بچووکمان وەکرد. پاشان تا دەهات کونەکە بە بەرەوە دەچوو. پاش ئەوەی بزمارەکە کورت دەهات و نەدەگەیشتە مەبەست، پارچە تێلێکی چوارپایەکەمان بەکار دەهێنا. هەموو ئەم چتەیلەمان لەبەر لووتی پاسەوانەیلدا دەکرد. دەمانزانی ئەگەر بەم کارەوە بمانگرن چ دەردێکمان دەدەنێ. پێشتر زانیبووم ئەو گرتووەیلەی ئەم جۆرە هەوڵانەیان دابوو، چۆن گیرابوون و چۆن لە ناوەندی گۆڕەپانی بەندینخانەدا لە ژێر دارکاریدا مردبوون.

کاتێ یەکێکمان خەریکی کار دەبوو، ئەوی ترمان لە ناوەندی ژوورەکەدا دەوەستا، هەناسەی لە خۆی دەبری و گوێی بۆ هاتنی پاسەوانەیل وشت دەکرد. نانمان هاڕیبوو و شێلابوومان بۆ ئەوەی کونەکەی پێ پڕەوە بکەین. هەروەها ئاردە داریشمان ساز کردبوو بۆ ئەوەی بیپڕژێنینە سەر شوێنی کردەوەکەی خۆمان. ئیتر بەم شێوەیە هیچ شوێنەوارێکی کردەوەکەی مە لە دوورەوە نەدەهاتە دیتن. بەڵام ئەگەر بهاتایە و یەکێک لە نێزیکەوە سەرنجی بدایە ئەوا هیچ وەشاردنێک دای نەدەپۆشی و دادی نەدەدا.

گەیشتینە ئەو شوێنەی بتوانین لەمەودوا لە کاتی لەبار و پێویستدا چاومان لە نێزیکەوەبوونی دوژمن بێت. دوژمنیش ئەو دوو پاسەوانە بوون یەکێکیان ناو بەناوێک لە کونی سەرانسۆی دەرگەوە ئێمەی دەپشکنی و ئەوی تریش لە دەرەوەڕا چاوی لە پەنجەرەی گرتیگەیل دەبوو.

ویستمان بە هۆی ئەو پارچە گۆشتەیلەی لەگەڵ خواردنیدا وەرمان دەگرت، سەگەیل کەمۆ بکەین. فرێدریکیش خۆم ئاسایی گۆشتی نەدەخوارد و بە میوە جەمی بەڕێ دەکرد. بۆ ئەوەی بتوانین ئەو سەگەیلە کەمۆ و هۆگری (بۆن)ی

خـۆمـان بکەین و بە ئـاسـانـی بێنە دوامـان، لیکاومـان بـۆ دەڕژاندنە سـەر ئەو گۆشتەی بۆمان فڕێ دەدان.

لە سـەردەمـی بەرێوە گـەلێ جـارم بۆ دەرکـەوتـبوو، ئەو دەمـەیلەی ئێمـەیان دەبردە گـۆڕەپانـی وەرزاندن، گـرتیگەی مـەیان دەپشکنـی. بۆ ئەوەی دڵنیـا بین ئاخـۆ تـا ئێسـتـەش ئەم چـتـە دێتـە کـردن، فـێڵ و تەڵەکـەیەکـمـان دانایەوە. پەنجەرەمان بە گۆشەیەکی تایبەتی وەدەکرد و کورسیمان بە بارێکی پێوانەیی دادەنا و بەتانیمان بە شێوەیەکی تایبەت دەپێچایەوە.

هـەمـوو جـار کـاتێ دەگـەڕاینـەوە و دەمـانـبـینی دەسکاریی هیچ چـتـێکـیـان نەکردووە، لـە خۆشییانە شـاگەشکە دەبووین. ئەو کونەی کۆڵیـبوومـان هێشتـە بچووک بوو، بەڵام هێندەی نەمابوو جارێکیان دووچاری بەڵایەکمان بکا.

لەسـەر لێوی پەنجـەرەکە بە پێوە وەسـتابووم، دەسـتێکم بە شـیشـەیلەکەوە گـرتبـوو و بـە دەسـتــەکـەی تریشم خـەریکـی هەڵکەندنی بـەشـی سـەرەوەی چوارچێوە دارینەکـە بووم. کتوپڕ تارمـاییی عـەریفـی پاسـەوان هاتە بەردەمم. ئاگام لە هاتنی نەبوو، نەمزانی لە کوێوە پەیدا بوو. عەریفی تاین سـەرنجێکی سـەرتـاپاگری دامێ. بینینی ئەم پاسـەوانە وای لێ نەکـردم لە ترسـانە بازێک هەڵدەم و لـە پەنجـەرەکە دابـەزم. دەسـبـەجـێ بیـرێکی وا چاکم بـۆ هات چاوی عـەریفـەکەی نـووساند و نەیـهێشت ئەو زەندۆڵە گەورەیە ببینـێ، کـە یەکڕاست لەبـەر لووتیـدا هاتبـووە هـەڵکەندن (چـەند ڕۆژێکـی دواتر جـارێکی تریش ئەم پاسەوانەم بە فێڵ و دەهۆیەک فریوو دایەوە.)

هـەر بە پێـوە و قـۆڵیـشم هـەر لە ناو تووڵە شـیـشـەیلەکـەوە بـوو، بۆ ئەوەی کـونەکـە پەنا دەم و وەیشـێرم و هـەروەهـا سـەرنجـی عـەریفـەکـە بۆ لای خـۆم بەکـێش نەکـەم، وەک مـەیموونی ناو سـیـپـە، بە لاس و پەلاسـدا چووم، بە ئینگلیـزی هاواری فرێدریکم کرد و گوتم: «کوڕە پیاوی چاک بە ئەو بەتانییـەم وێ دە، ئەوا ڕۆژ لـە ئاوابووندایە، دەبێ ئـەوشـەویش لـە ناو نوێنـی بۆگـەنیـدا بنووم.»

بە پەلە بەتانییەکەی دایە دەستم و منیش بەسەر پەنجەرەوەم هەڵواسی. هێشتا ڕۆ ئاوا نەبووبوو.

ڕووم لە عەریفەکە کرد و گوتم: «ئاوەها باشە وا نییە؟»

عەریفەکە هیچی نەگوت و ڕۆیشت.

لە ترسانە زاڵەترەک بووین، بەڵام باش بوو هیچ چتێ ڕووی نەدا. هەروا دواتریش کاتێ چووینە گۆڕەپانی وەرزین و گەڕاینەوە، نەمانبینی هیچ پشکنین مشکنینێک لە مە کرابێ.

بەرە بەرە پتر لەم کارەمان شێلگیر دەبووین و لە جاران پتری لێ دەخەپتین. سەرەنجام ئەستوونە دارینەی چوارچێوەی پەنجەرەکە لەمسەر و ئەوسەرەوە هەڵتەکا و جومگەی لای دەستە چەپی پەنجەرەکە شلەوە بوو. زۆر بە وریایی بزمارەیلمان لێ هەڵکێشان و پاشان دوولەتمان کردن. لەتەیل و سەرە بزمارەیلەکەمان وەشارد و هیچ شوێنەوارێکمان لەو ناوە نەهێشت.

ئەو پەنجەرەیەی جاران کۆسپی سەر ڕێگەی دەرچوونمان بوو، ئێستە بە ئاسانی بەلای دەستە چەپدا دەهاتە وەکردن. هەروا دیوی دەرەوەی پەنجەرەکەش کە ڕێگەی دەرچوونی لێ دەگرتین، ئەویشمان بە هەمان شێوە چارەسەر کرد.

ئەو کاتەی ویستمان ئەستوونە دارینەکە بئەزموونین و بزانین ئاخۆ لادەچێ یان نا، کاتی هەرە ناسک و تەنگاویمان بوو. چاوەنۆڕ بووین تا تاریکان داهات و پاسەوان چوون شیومان بۆ بێنن و نانی خۆشیان بخۆن.

فرێدریک بەرەنگاری پەنجەرەکە بوو و دارەکەی بۆ نەدەهاتە جووڵان. ئەمجارە توندتری ڕاکێشا، هەر سوودی نەبوو پاشان تا هێز و توانای هەبوو دارەکەی ڕاکێشا و بەشێکی ئەو ئەستوونەی کە پێشتر دەستمان پێ نەکەوتبوو، هاتە هەڵکەندن و شرقەژنێکی گەورەی لێ هەستا.

ئەمجارە نۆرەی فرێدریک بوو لە ترسانە سپی هەڵگەڕێ. نابێ ئەوەمان لە یاد بچێ کە دەبوو بە پێی ڕێوڕەسمی بەندینخانە، سەرتاسەری کامپەکە

بەردەوام بێدەنگ و مات بێ. نەدەبوو کەس بە دەنگی بڵند بدوێ، ئەمەش بۆ ئەوەی پاسەوان و ئێشکگر وریای هەموو جووڵە و زەڵەیەک بن. بەڵام ئەو شرقەژنە بە دەنگ و زایەڵەیە سەرتاپای بەندینخانەی وەک شارە زەردەواڵە لێمان دەهاڕووژاند.

ئەو کاتەی کارمان لە ئەستوونە دارینەکەی چوارچێوەکە دەکرد، دیوارەکەی پشتی لە زۆر شوێندا درزی دەبرد و تۆز و خۆڵی لێوە دەڕژایە ناو کەلێنی دار و دیوارەکەوە، پاشانیش دەرنەدەهات. فریدریک فووی لێ کرد و تۆزەکەی هەڵدایە دیوی دەرەوەی پەنجەرەکە و ئەستوونەکەی گێڕایەوە شوێنی خوێ. ئەم هەویرەنانەی پێشتر سازمان کردبوو بە پەلە خستمە ناو وان کونەیلەوە و بە تۆز و خۆڵم داپۆشین، ئیتر ئێستە نا ئێستە پاسەوان و ئێشکگرمان لێ پەیدا دەبوون.

دەبوو خۆمان بە دیمەنێکی بێوەری و بێ ئاگا نیشان دەین و خۆمان بدەینە پاڵ پەنجەرە و سەیری دەرەوە بکەین. هەڵبەتە گرتییەلی تریش هەر وایان دەکرد. دەبوو خۆمان بە شێوەیەک دەرخەین گوایە ئێمەش دەمانەوەێ بزانین سەرچاوەی ئەم بشێونییە چییە و لە کوێیە و بە شێوەیەک خۆمان بنوێنین کەس مەزەندەی ئەوە نەبات کەوا ئەو دوو گرتووە پرس – تایبەتەی لە ژووری ژمارە (دە)دان، هۆی هەموو ئەم ئاژاوە و بێزارییەن.

ئیدی لەو ڕۆژەوە دەستمان لە کار هەڵگرت و لە بارێکی پڕ ترس و لەرزەدا ژیاین. درۆم نەکردووە ئەگەر بڵێم ئەوەندە کاتەی بەم کاری هەڵاتنەوەمان بووین، بەلای کەمەوە پێنج ساڵی تەواوی لە ژیانم بەسەر بردبێ.

لەگەڵ هەڕاکردنی پاسەوانەیل و بڵاوەبوونیان بەم ناوەدا، هەتا بڵێی دڵ بە ترس و هەراس بووین، هەرچی فێڵ و تەڵەکەی سازمان کردبوون هەموومان بەکارهێنان. بەڵام هیچ چتێک، هەر هیچ چتێک ڕووی نەدا.

بەیانیی ڕۆژی پاشتر، پاسەوانی ئێشکگر دەگۆڕا. دەبوو سەرۆک پاسەوان خولێکی سەرپێیانەی ناو گرتیگەیلی بدایە و بە دڵێکی نیاوە ئەرکی پاسەوانەتیی بگرتایەتە ئەستۆ. ئەم ئەرک گۆڕانە وای دەکرد ئیتر کەس بیر لە

دەنگە گەورەکەی دوێنێ نەکاتەوە. بەڵام پێویست بوو زۆر چاک خۆمان بۆ هاتنی لە ناکاوی سەرۆک پاسەوان ساز بکەین.

بلیمەتی و پێشبینیی فریدریک هاتە فریای مە. زۆر بە وردی بیری لە دەروونایەتیی مرۆڤ بە گشتی و دەروونایەتیی ئەم پاسەوانەیلەی لەمەڕ خۆمان – کردەوە و پاشان سەری دڵنیابوونی خۆی لەقاندەوە.

مێزێکی بچووکمان لە بەر پەنجەرەدا هەبوو، لە هەردوو لاوەیدا دوو کورسی هەبوون. مێزەکەمان کەمێک بۆ لای چەپ ڕاکێشا و یەکێ لە کورسییەکان هێنا لە بەرامبەریمان دانا. پاشان لای چەپی پەنجەرەکەمان داخست بۆ وەی کەس نەچێ بە لایەوە و دەستی لێ نەدا (ئەگەر بهاتایە و یەکێ دەستێ لەم لایەی پەنجەرەکە بدایە ئەوا کارمان لێ ئاشکرا دەبوو و پەنجەرەکەش دوو لەت دەبوو). کورسییەکەی تریشمان هێنا و کەمێک دوور لە بەری ڕاستی مێزەکەمانەوە دانا. ڕووی کورسییەکەمان کەمێ بۆ لای خۆمان سووڕاند. ئەم بارە نێزیکەوەبوونی بێ ماندووبوونی دەدایە ئەو کەسەی بیویستایە پەنجەرەکە وەکا. لای ڕاستی پەنجەرەکەشمان بە والایی بەجێ هێشت بۆ ئەوەی هێنان و بردنی وەکردن و پێوەدانی پەنجەرەکە ئاسایی بێ. ڕۆژی دواتر هاتنی پاسەوان و سەرۆک پاسەوانمان بە چاکی بیست. بۆمان دەرکەوت سەرۆک پاسەوان بەینێکی تەواو لە گرتیگەیلدا بەسەر دەبات. گوتمان وریا بن کوڕینە، خۆتان مەشێوێنن، ئەگەر نا کارتان کراوە.

کلۆمەکە ڕاهەژا، دەرگە کەوتە سەر گازی پشت و چاوەشێک بە خۆی و بە کورتە داردەستێکی بن هەنگڵیەوە لێمان بە ژوور کەوت.

«بەیانیتان باش،» بە ژێری لێوەوە گوتی.

«بەیانیت باش چاوەش،» خۆمان ئاسایی بە نەرمی وەڵاممان دایەوە.

هێشتا بە پێوە وەستابوو، لە چوار دەوری خۆی دەڕوانی، لەسەر تا بنی گرتیگەی بە چاو دابێژت. پاشان بەرەو پەنجەرەکە چوو. گیانمان هاتە ناو دەستمان و زەینمان دا هەمان ئەو چتەی دەکرد کە فریدریک پێشبینیی کردبوو. چووە نێوان کورسی و مێزەکە و ئامێر ئاسا چەند جارێک

پەنجەرەکەی هێنا و برد و تەنیا بۆ ئەرک بەجێهێنان چەند جارێکی کردەوە و پێوەی دایەوە. وەک چۆن فرێدریک پێشبینیی کردبوو، ئەرکی وەی نەدایە بەر خۆی بەسەر مێزەکەدا بچەمێتەوە و دەست بۆ چەپی پەنجەرەکە ببا.

کاتێ چاوەشەکە ڕۆیشت، ئاهێکی دڵنیاییی پڕ بە سینەی خۆمان دایەوە. نەماندەتوانی چی تر خۆمان ڕاگیر بکەین. ئەو پیاوەی ئەرکی پاسەوانیەتیی ئێوارانی لەسەر بوو زۆری ڕک لێم هەبوو. بەیانیان زوو یەکەمین جار دەهاتە گرتیگەی من و ئەگەر وەک برووسکە لە چوارپایەکەم دانەبەزیایەم ئەوا هەردوو چۆکی دەهاوێشتە سەرم تا دەنگی تێدا بوو دەیشیراند: «هەستە هەی بیژووی بە خوێن.». حەزم دەکرد ئەو هەڵاتنەی مە کە ئەو بەرپرسی دەبوو، دەردێکی ئەوتۆی بەسەر بێنێ توجار منی لە بیر نەچێتەوە.

وەکو هەموو جاران، سات هەشت ئێمەیان بۆ دەست بە ئاو گەیاندن بردە دەرەوە. پاشان وەگەڕاینە گرتیگە و چاوەڕوان بووین تا پاش نیو ساتی تر ڕووناکیمان بەسەردا هاتە وەمراندن. پێنج وردکەسات بەسەر چوون، ئینجا بەتانییەکمان لەسەر زەوی لە بەرامبەری پەنجەرەکەدا ڕاخست بۆ ئەوەی هیچ دەنگێک نەچێتە دەرەوە. ئەستوونە دارینەکەمان لە شوێنی خۆیدا بزواند و تووله شیشەکانمان بە ئەسپۆن چەور و لووس کرد و خۆشمان تا کەمەر ڕووتەوە کرد.

لەمەو پێش راهێنانمان لەسەر تووله شیشەی داوێنی چوارپایەلی خۆمان کردبوو و بەوپەڕی وردییەوە باشترین شێوەی خۆسووڕاندن و پێوەچوونمان ئەزمووییوو و دەمانزانی چەندی پێوە دەبین. ئێستەش گاوێ ئەوەم بیر دەکەوێتەوە، پەراسووەیلم دێنەوە ژان. ئەو ئێوارەیە وەرزینی پێوەچوونمان لەسەر کونەکە جێبەجێ کرد، کونەکە هێندە بچووک بوو هەر ئەوەتا پێوەی دەچووین و نەدەچووین.

فرێدریک لە من لاوازتر بوو. لەبەر وە ئەو لە پێشەوە چوو. سەرەتا دەستێک و پاشان سەری. منیش لە دواوە پاڵم دەدا تا چووە دەرەوە و لەبەر تیشکی مانگەشەودا بە پێوە وەستا. پاشان نۆرەی من دەهات و دەبوو فرێدیک

بەوپەڕی توانستەوە بۆ دەرەوەم بەکێش بکات. هێندەی نەبرد منیش چوومە دەرەوە. هەر هێندە لە باڵەخانەکە وەدوور کەوتباین سەرجەم گرتییەل ئێمەیان دەبینی و لەبەر وەی هەمووشیان ئەڵمان نەبوون لەوانە بوو هی وایان تێدا بێ زوانمان لێ بدا، ئەم چتە هیچ چارەسەرێکی نەبوو. کراسی خۆمان لەبەر کرد و زۆر چاونەترسانە وەک چتێکی هەرە ئاسایی بە ناوەندی گۆڕەپانی وەرزیندا ڕۆیشتین تا لە پەنای دیوارە بە گوش هەڵچنراوەکەدا ون بووین. هێشتا سەگەل دەنگیان لێوە نەهاتبوو، ئێمە بەسەر کەندڕەکەدا بازمان دا و هاتینە پێش ئەو پەرژینە سیمەی کە تۆڕەکەی بە شێوەیەکی سەیر هاتبووە چنین. هەر هێندە دەستی کەسێکی پێ بکەوتایە ئیتر ورشەیەکی بە هۆریای لێ هەڵدەستا. پەنجا مەتر لە لای ڕاستی مەوە ژوورێکی پشوو و کات بەسەربردن هەبوو. هەندێکم لە پاسەوانەیلی خۆمان لە دەرگەی وەکریی ژوورەکەدا کەوتە بەرچاو. بەری دیوی پەرژینەکە تەواو ڕووناک بوو. ڕێگەیەکی لێ بوو و لەودیویشیەوە کانتینێک هەبوو، بەردەوام کۆمەڵێک سەربازی لە پێشدا وەستابوون. هەلی بەرەو پاش وەگەڕیانمان نەبوو، دەبوو زۆر چاونەترسانە مل بنێین.

پێوە بووم سیمەکە هەڵدەمەوە و لە بنیەوە دەرچم. کتوپڕ فرێدریک لە پشتەوەڕا بە توندی ڕای کێشام. «سەر هەڵبڕە، ئەوا دوو کەس بۆ ئێرە دێن.» چرپاندی.

بە پەلە دەستم لە سیمەکە کێشایەوە، ورشەیەکی ترسناکی لێ هەستا، هەر ئەوەم بۆ کرا بە یاریدەی فرێدریک خۆم لە سیمەکە دەرباز بکەم. دوو سەربازم بینی لە دووریی پازدە بیست گاوێکەوە ڕووەو مە دەهاتن.

بڕوام نەدەکرد ئێمەیان نەبینیبێ یان دەنگی سیمەکەیان نەبیستبێ. بە بەرگی گرتییەوە بووم. لە نیوە بەرەو ژوورم ڕووت و لەو بەر تیشکە ڕووناکەدا، وێڕای ئەوەش ڕێگە چۆڵ و کەسی بە سەرەوە نەبوو. لەوانەیە ئەو دوو سەربازە کەڕ و نابینا بووبن، ئەگینا هیچ لێکدانەوەیەکی تری بۆ نەدەهاتە کردن. وەکشاینە ناو تاریکی و لەوێ هەڵکونجاین تا ئەوان ڕەت بوون. وێ

دەچوو ڕۆیشـــتنەکـــەیان یەکـــڕاست بۆ ژووری پاســـەوانەیل بێ و لەوێ ئاگەدارییەک لەو بارەیەوە بدەن. بەڵام هیچ چتێک ڕووی نەدا.

چەند ساتێکی کەم چاوەڕوان بووین تا سەر ڕێگە و دەرگەی کانتینەکە چۆڵ بوونەوە و وێجا هەوڵێکی ترمان دایەوە. یەکەم جار من و پاشان فرێدریک، بە هێزی هەردوولا لە سیمە ورشەکەرەکە دەرباز بووین.

ساتێکی پڕ لە دڵەکوتە و تەنگاوی بوو. هەستاینەوە و بە پەلە خۆمان کوتایە ناو تاریکییەوە. هەموو شوێنێک پڕ بوو لە باڵەخانە و کۆگە و ئاوەدانی. ترسی ئەوەی نەبادا لە ناو تاریکییەوە دەنگمان بدەن، بە ڕاستی ترسێکی دڵ ئازاردەر بوو.

زوو گەیشتینە دوا لەمپەر و کۆسپی سەر ڕێگە، کە پەرژینە سەرەکییەکە بوو. باش و بە ساناییی لێی دەرچووین. ئەوا جارێکی تریش لەسەر ئاخی میسردا سەرفیراز بووینەوە. پاش کێشانە و پێوانەیەکی بە پەلە، بە پێدزکە لە سنووری مەعادی دەرچووین. لەبەر وەی هێشتە بە جلوبەرگی گرتییەوە بووین، خۆمان لە ڕێگەوبانەیل بە دوور دەگرت.

بەڵام برینی بیست کیلۆمەتر بە پێیان بۆ قاهیرە چتێکی چەتن بوو. ڕێگە بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی پۆلیسدا بوو. بەری ئەوبەریش زۆربەی زۆری زەنەکاو بوو. جۆگەیان لە نیلەوە بۆ هەڵگرتبوون و ئاوێکی زۆریان دەچووەوە سەر. ڕۆیشتنی بە ئۆتۆمۆبێل تاکە چارەسەرێک بوو بەڵام کرێی ڕێگە چۆن دابین بکەین؟

ڕاستیت دەوێ، مەعادی گەڕەکێکی جوانی دەرەوەی قاهیرەیە و چەند کەسێکی لەوانە لێ بوون کە جاران من مەساجم بۆ دەکردن. بیرم کەوتەوە یەکێکیان پارەی منی لەلا مابوو بەڵام نەدەلوا بەم جلوبەرگی گرتییانییەوە بچمە لای وییەک، کە منی بە مسیۆ ئۆلاف دەناسی. فرێدریک چوو لە دەرگەی ماڵەکەی دا و بە ئینگلیزییەکی ڕەوان پرسیاری کاورای کرد. دەرکەوت تازە لە ماڵ دەرچووە بەڵام دەتوانێ بە هۆی تەلەفۆنەوە پێوەندیی پێوە بکا. فرێدریک بە تەلەفۆن پێی گوت پارەم پێ نەماوە و ئەگەر هەبێ چەند قروشێکم پێ

دەوێ. ئاخــۆ دەتوانێ یارمــەتیــمــان بدا، گـوتـی چەندی بتــەوێ دەتوانـی لە (ناومـاڵ)ەکـەی وەرگری. لەو سـەرەوە فریدریک بـە بزەی سـەرلێوەوە هاتەوە و پارەشی لەگـەڵ خـۆیدا هـێنابوو. بەشی ئەوەی هـێنابوو پێی بگەینە قاهـیرە و پێوەندی بە هاوەڵەیلەوە بکەین.

چووینە وێستگەی شـەمەندەفـەر، چاوەڕوانی هاتنی شـەمەندەفـەر بووین. تا ئەو دەمە هـەڵاتنی مـە ئاشکرا بووبوو و ئاگەدارییـان لەو بارەیەوە ڕاگەیاندبوو. بە هیـوا بـووین شــەمــەندەفـەر زوو بگا. ئـەوە بوو لە ناکـاو گـەیشـتــە جێ، بە ڕاکردن چوومە شوێنی بلیت برین، خەڵکێکی زۆری لێ مۆڵ بووبوو. دوو بلیتی قاهیرەم بڕی و لێمان دا سوار بووین. خۆمان لە سـووچێکی تاریکدا وەشارد. ئەگەر یەکـێک لێمـان نێـزیک بکەوتایە بە ئینگلیـزی لەگەڵ یەکـتردا دەدواین. لەبەرئەوەی ئێمـە لە هـەرزانـترین پلەی شـەمـەندەفـەردا سـوار بووبووین، تەواو دڵنیا بووین کە هیچ سـەربازێکی ئینگلیز چاوی پێمان ناکەوێ.

نـەمـــاندەزانی ئـاخـــۆ تـا دوا وێســـتگـە دانەبـەزین یـان نـا. لـەوێ هـەمـــوو سـوارییــەک دادەبەزین و دیارە ئێـشکگری سـوپای ئینگلیـزیش لەوێ هەبوون. سـەرئەنجام بڕیارمـان دا تا دوا وێستگە بچین. لەوێ دابەزین و خۆمـان لە ناو ئاپۆرەی خــەڵکدا ون کـرد. چـاومـان لـە پۆلیـسـی سـوپایی دەگـێـڕا، کـڵاوەیلی سـووریـان لێرە و لەوێ دەکـەوتنە بەرچاو. وێسـتگەمـان بە لەز بەجێ هێـشت. سـواری یـەکـەمین پەست بووین. پێـمـان وا بوو ئەگـەر لە ناو پەسـتدا بە پێوە بووەسـتین سـەر و ڕوومـان نایەتە دیتن. کوڕە گـەنجێکی میسـری لە بەرامـبـەر مـەدا وەسـتـابوو، لە یەکـبـینە سـەیری دەکـردین. پاشـان بۆمـان گـرژییـەوە و سەرێکی بۆ لەقـاندین، هـەرچەندە ئەو گەنجـە خۆی بە هاوەڵ نیـشان دەدا بەڵام زۆری لێ بـە ترس و پـارێز بـووین. بە لـەز دابەزین و ســـواری پەســـتــێکـی تر بووینەوە و ڕووەو لایەکی تر ڕۆیشـتین. چەند جـارێک ڕووکاری خـۆمان گـۆڕی، دوا جـار گـەیشـتـینە مـاڵێک چەند ناسیـارێکی مـەی تێدا بوو. بە بینینی مـە سـەریـان سـوڕمـا. ئەوا گـەیشـتـینە هێـمـنی و تەنایی. هەڵاتنمـان لە یەکـەمین لادانی داری پەنجەرەکەوە تا ئێرە لە ساتێکی پتر نەبرد.

چوارده ڕۆژ خۆم وەشارد. هاوەڵەیلم بە دوامدا دەگەڕان و جلوبەرگ و پارەیان بۆ دەهێنام. پاشان وەکو گیان لەبەرێکی هەڵاتوو، بە پارێز و ماتەماتە هەنگاومان بۆ دەرەوە هەڵێنا. ئەمجارەش کەوتمە سەر پارە کۆوەکردن و باشترین چت ئەوە بوو پیشەی جارانم هەڵگرمەوە.

بە زەردەخەنەوە چوومە لای یەکێ لە کۆنە نەخۆشەیلی خۆم و ویستم بزانم چۆنم پێشوازی لێ دەکا. بە بینینی من تەواو سامگرتی بوو، بەڵام وەکو جارەیلی بەرێ، بە گەرمییەوە پێشوازیی لێ کردم. گازنی کرد کەوا بۆچی وەکو جاران شەموان و سێشەموان سەری لێ نادەمەوە. داوای بوورینم لەو و لە هەموو ئەو پیاوەیلە باشەی ئەوێ کرد و پێم گوتن هەندێ جار مسیۆ ئۆلاف ئاوهەوای میسری پێ ناکەوێ، لەبەرئەوە چەند حەوتوویێک چووبوومە سویسرا بۆ ئەوەی بەفرەخلیسکێ بکەم. ئەوا ئێستەش هاتوومەوە و تکام وەیە لەم کردەوە نابەڵەدەم ببوورن و سازیشم دەست بکەمەوە بە چارەسەریان.

«بەڵام بێگومان ئەورۆ ئێوارە یان سبەی یان هەر کاتێکی تری بۆت دەلوێ سەرمان لێ بدەوە.» وەڵامی خواسای هەریەکەیان بوو. هەڵبەتە ئەم داوای بوورینەم درۆیەکی ڕووت و پەتی بوو. تا ئێستەش دڵم سەبارەت بەو درۆیەی خۆمەوە نارەحەتە. سەرچاوەی گەورەی بەختەوەریم ئەوە بوو نەخۆشەیلم تا ئەو دەمە چاوەڕوانی من بوون. ئەمەش جارێکی تر لەوەی دڵنیا کردمەوە، کە هێشتا دەتوانم چتێک بە چتێک بکەم.

ژوورێکی بە کرێم لە شوێنێکی دوور لەوەی جارانی خۆمدا وەدۆزی. ئەمجارەش ناوێکی بە درۆم لە خۆم نا. ناوی ئەمجارەم (فسچەر) بوو، ئەمە ناوێکە بۆ ئینگلیز و فەرەنسایی و ئەڵمانیایی لەسەر زوان ئاسانە. ئیدی لەلای هەندێ ناسیاوەیلی خۆمدا مسیۆ ئۆلاف و لەلای ئەوانی تردا (فسچەر) بووم.

زۆر زوو گەڕامەوە سەر ڕواڵەتی جارانی خۆم و (مەعاد)یم لە بیرەوە چوو. جارێکی تریش پارە و پێناسە و کارم هەبوو و پێوەندیم لەگەڵ ئەم و ئەودا

دامەزراند و دەستم کرد بارە بژێوی بنێرمەوە ماڵەوە. هەندێک لە ناوسیاوەیلم لە هەندێک داودەزگەی میریدا وەکرییانە پێیان گوتم پسپۆڕییەکەی تۆمان پێ باشە. ئیدی ترسی گرتنم ڕەوییەوە و تەنانەت ترسی ئەوەشم نەما یەکێک بچێ لەلای پۆلیسدا زوانم لێ بدا.

زۆر شاد و فیراز بووم و پاشان بە هۆی ناونیشانی هاوەڵێکی میسرییەوە توانیم پێوەندی بە ژنەکەمەوە بکەم و بزانم ئێستە چی دەکا. هەروەها توانیم ئاگەداری بکەمەوە، کە ئێستە بەرەڵڵام و دەتوانم یارمەتییان بدەم. ئەوەندەم هەست بە هێمنی و دڵنیایی دەکرد بڕیاری ئەوەشم دا ژن و منداڵەکەم بهێنمە میسر. بەڵام ئەوە نەدەهاتە کردن. لەو دەمەی ژنەکەم خۆی بۆ سەردان ساز دەکرد، لە بابەلیسکێکی تر ئالامەوە.

شەوێکیان، فەرمانبەرێکی پۆلیس بەئاگای هێنام. زۆر بە تۆرە بەڵام زۆریش بە ڕژدی داوای لێ کردم بەگەڵی بکەوم بۆ بەندینخانە: چەند پرسیارێکیان هەیە و دەیانەوێ لێمی بپرسن. زانیم ئیتر ناگەڕێمەوە.

گوتی وایان تاوانبار کردووی گوایە تۆ دیلی شەڕیت و لە بەندینخانە ڕات کردووە و ئەویش هیچ چارەسەرێکی نییە ئەوە نەبێ بمگرێ. هەروا لە هەمان کاتدا ئاگای لە کار و فرمان و پێوەندیی من هەبوو و داوای لە وەزارەتی ناوخۆیی کرد فەرمانی بەرەڵڵاکردنم بدەن. بە داخەوە وەزیری ناوخۆ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بە سەردان چوو بوو.

چیم لە دەست دەهات؟ دەبوو لەوێ بمێنمەوە، ڕۆژ بەڕۆژ چاوەڕوان بووم، لە گاوی وەتۆژیندا لە گرتییەلی تر هاتبوومە جوداوەکردن. لە ناکاو ڕۆژێکیان ئینگلیز ڕێیان کەوتە وێ و بە منیان زانی. پاشان بەبێ ئاگەداریی پێشینە، ڕۆژێکیان هاتن ڕاپێچیان دام. هاوەڵ گرتییە ئەڵمانەکەم لێ بەجێ ما. بۆ یەکەمین جار لە ژیانی خۆمدا، کەلەپچەیان لە دەست کردم و لەگەڵ پەنجا هەڵاتووی تری بەندینخانەیلی وڵاتدا، منیان برد بۆ بەندینخانەیەکی ترانزێتێ ئینگلیزی.

پاشان کە لەگەڵ ئاوەڵ گرتییەکەمدا یەکانگر بووینەوە، گوتی دوای

ڕۆیشــتنی تۆ هـێندەی نـەبرد کـاربەدەســتـێکی بـە ناوبانگی مـیـسـر هـاتە بەندینخـانە و پرسـیـاری تۆی کرد، زۆری پێ ناخـۆش بوو تـۆ لەوێ نەمـابووی، بەڵام زۆر درەنگ داهـاتبـوو بۆ ئەوەی چـتـێکی بە چـتـێک بۆ بێـتـە کـردن. کێ دەزانێ؟ لەوانەیە بە هـۆی درێغی و خـەمـسـاردیـی هـەندێک لە فـەرمـانبـەرەیلەوە منیان بە دەستی ئینگلیزەوە دابێ.

لە بەندینخـانەی ترانزێتەوە توانیـم بە هۆی هۆگرێکەوە هەواڵی گرتنەوەم بۆ ژنەکەم بنێرم. گوتم، بڵێ نەساغ کەوتووە و لە نەخۆشـخانە نوسـتووە. ژنـەکەم تێ دەگەیشت و دەستی لە تەدارەکی سەردان هەڵدەگرت.

ئەو بەندینخـانەیەی سـەرەنجـام مـەنزڵم تێدا گرت، بەندینخـانەیەکی تایبـەت بوو. لە نـاوەندی بیـاواندا بوو لەســەر شـێوەی نـاڵی ئەسـپـدا. بەندینخـانەکـە برێتی بوو لـە (٢٥) گرتیگە. گرتیگەیل دەرگەی ئاسنی نارێکوپێکیـان هەبوو. باڵەخـانەکە بە جۆرێک هەڵکەوتبوو هەتاوی گەرم و بێ بەزەی مـیسر دەکەوتە سەر دەرگەیلی وی. ئەو گرتیگەیلە تا بڵێی گەرم بوون. هەندێک لە گرتییـەل لە گەرمانە ئاوەزییان شێوا بوو و هەندێکی تر ویستبوویان خۆیان بکوژن. ئەگەر بۆیـان بلوایـە خــۆیـان بکوژن و ســەر بکەوتـایەن ئەوا بـە بێ ئاگــاداریی هـیـچ لایەنێک دەهاتنە نـاژتن، چونکە کـەس بە ڕەســمـی ئاگــای لە گـرتـیـیــەلی ئەو بەندینخـانەیە نەبوو. ئەگەر سـەریش نەکەوتایەن خۆیان بکوژن، ئەوا بێ کـەس و بێ دەر لـە ناو گــرتـیگەیـەلی خــۆیـاندا دەکــەوتن و کــەســیـش ئـاوڕی لێ وەنەدەدان.

کـەم کـەس هـەبوو بتـوانـێ بەبێ مـێـشـک شـێـوان یـان دەردی دەروونی لەم دۆژەهـە دەربچێ.

هـەر گـەیشـتـینە جێ، ئێمەیان دایە بەر قۆنداغـەی تفەنگ و تف و جـوێن و تێ هەڵدان و هـەریەکە و لە گرتیگەیەکیان پەستاین. بەرینیی هـەر گرتیگەیەک هێندە دەبوو هـەردوو باڵت ڕاکێشی. کونێکی بچـووکی لە سـاپیـتـەدا هەبوو. هەڵاتن لە توان بەدەر بوو. هـەر گـەیشـتـمـە گرتیگە و نەگەیشـتم، ناڵە و نرکەی گرتووێکم هاتە گوێ، لە گرتیگەی تەنیشتمەوە بوو، پێ دەچوو لەمێژ بێ لەوێ بێ.

«بمکوژن، بمکوژن، لە ڕێی خـوادا بمکوژن. ئای زگم ئای زگم، دایە، دایە. زگم. لە ڕێی خـوادا بمکوژن.». ئەمــە سـاتێکی خـایاند، پاشـان نـاڵە و هاوار وردە وردە کپەوە بوو و دوا جار دەنگ نەما. نازانم کاورا چیی بە سـەر هات. بەڵام هەتا بڵێی چتێکی ناخۆش و ئەستەمە گوێت لێ بێ گرتووێکی تەنیشتت لە بارودۆخێکی مەترسیداردا بێ و تۆش دەستەوەستان بی هیچت لە دەست نەیەت. بیرم لەوە کردەوە دەبێ چی وای لەم کاورایە کردبێ ئاوەها هاوار و ناڵەی بێ؟ دەبێ ئەمجارە نۆرەی من بێ؟

نوێن نەبوو، دەبوو لەسەر زەوییە چیمەنتۆیەکەدا ڕاکشێین. پێڵاوەیلم لە سووچێکدا فڕێ دا. ئەم پێڵاوەیلە تاکە چتێکم بوون. وێنەی ژن و کوڕەکەم کە لە مۆڵگەی بەدیل گرتییەلی شەڕدا بە دەستم گەیشتبوون، چەندی لە سەرۆک پاسەوان پاڕامەوە ئەمە تاکە بیرەوەرێکە و لێمی نەستێنێ، سوودی نەبوو. پیاوە داردەست لە بن کەوشەکەی مەعادیم بیر کەوتەوە، هێشتا ئەو لەم پیاوە پتر لە خواترس و دەروون زیندووتر بوو.

لە دەرەوەی گرتیگەدا، بۆ هەر شوێنێک بچوایەی دەبوو بە ڕاکردن بڕۆی. دەبوو زۆر بە لەز بۆ ئاودەست ڕابکەی، سەربازێکیش بە نێزەوە بە دواوەتەوە بوو، فەرمانی پێ بوو ئەگەر یەکێک دوا بکەوێ لە دواوە نێزەی تێ بژەنێ.

گۆڕەپانێکی بچووک لە بەردەمی باڵەخانەکەدا هەبوو. دەبوو گرتییەل چوار چوار بە جــارێک لەبەر تیــشکی هەتاودا راهێنان بکەن. هەریەکــە و لە کونجێکدا دەوەســتا. کاتێ فەرمــان دەردەچوو، دەبوو بەرەو کونجەکەی بەرامبەریان ڕابکەن. ئاخاوتن قەدەخە بوو.

ڕۆژێ لە درزی دەرگەوە سەرنجی دەرەوەم دا. پیاوێکی خەمبارم کەوتە بەرچاو. بە بێزاری و ماندووەتییەوە ئەمسەر و ئەوسەریان پێ دەکرد. جووتە کیسێکی کاغەزی لە پێی خۆی هەڵکێشابوو. سەرم سوڕما، ئەو پیاوە فرێدریک خۆی بوو.

بۆ بەدبەختی، ئەو ماوەیەکی کەم پاشی هەڵاتنی مە کەوتبووەوە دەستی پۆلیسی سوپا و بە درێژای ئەو سێ مانگەی منی تێدا ئازاد بووم، ئەو ڕووت و

ڕەجاڵ لە گرتیگەدا دەژیا. ماوەیەکی زۆر کۆتێکی ئاسنیشی بە پێوە هاتبووە بەستن. هەر هێندەی بۆ لوابوو سانتیمەتر سانتیمەتر خۆی لەسەر زەویدا ڕابکێشێ. شەرواڵێکی لە کۆنە کیسەی چیمەنتۆ چا کردبوو. باش بوو ئەوەی دەست کەوتبوو لە پێی هەڵکێشێ، پاسەوانەیلیش حەزیان نەدەکرد ڕووت و ڕەجاڵ بێ.

دراوسێ گرتیەکەم دەستی پێ کرد بە مۆرس پێوەندیم پێوە بکا. ڕاستەوخۆ لەسەر دیوارەوە نامەمان بۆ یەکتر دەنارد. من زریزەی هەڵوەشاوەی شەرواڵەکەی خۆمم بەکار دەهێنا. گوێم بە دیوارەوە نا. پێی گوتم بەیانی سات هەشت مەچەکی خۆی بریندار دەکا بۆ ئەوەی کۆتا بەم ژیانە کوێرەوەرییە بێنێ، یان هیچ نەبێ بیبەنە نەخۆشخانە و لەوێوە ڕابکا. تکای لێ کردم سلاوی بە خوشکەکەی بگەینم (ناونیشانی خوشکەکەی هێندە بۆ دووبارە کردمەوە تا وام لێ هات لەبەرم کرد) و بەسەرهاتی ویی بۆ بگێڕمەوە.

بەلام خەباتەکە سەری نەگرت. ئەو گوێزانەی بە دزییەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابوویەوە گرتیگە زۆر لەوە کولتر بوو دەمارێکی خوێن هەڵگری پێ بێتە برین. لە ناکاودا پاسەوانێکی لێ بە ژوور کەوت. گوێزانەکەی لە دەستی ساند و برینەکەی پێچایەوە و لێی دا ڕۆیشت.

هەندێ جار هێند گەرم دادەهات، تەنیا لە سایەی ددان بەخۆدا گرتندا پیاو دەیتوانی خۆی ڕابگرێ. هەر ئەوەندە کەمێک سەرم بجوولاندایە، برووسکە و ئازارێک لە برینی سووتانی بەر هەتاوەوە دەهات، ئەوەندەی نەدەما لە سەلای گریان بدەم.

کاتێ توانەی بەرگرتەنیشم نەدەما، لە دەرگەی گرتیگەی خۆمم دەدا، هەراسم لەبەر دەبڕا، لە پاسەوان دەپاڕامەوە ڕێگەم بدەن بچمە لای لوولاوی ناو گۆڕەپانەکە. هەرکە ئاماژەی دەدام دەکەوتمە ڕاکردن و لوولاوەکەم دەکردەوە، دەمویست دەم بۆ ئاو ببەم. بەرەو گرتیگەیان ڕاپێچ دەدامەوە. ئەوە سادیزمییەک بوو لەوپەڕیدا.

## گەڕانەوەم بۆ وڵات

دوو مانگم لەم چەترگەیەدا بەسەر برد، دوو ساڵ بوو شەڕ تەواو بووبوو بەڵام بەوپەڕی ناپیاوییەوە، ئەوروپایی جەزرەوەی ئەوروپاییی تریان دەدا. من تاکە هۆی تاوانبـاربوونم ئەوە بوو یاریدەی ژن و منداڵێکی سـەر لێـواری مـردنم دابوو. ڕۆژێکیان بە بێ هیچ ئاگەدارییەکی پێشینە پێکەوەیان کۆوەکردین و گوتیان هەمووتان دەگەڕێنەوە ئەڵمانیا.

ئەم شێوە هەواڵ گوتنە بە مە جۆرێکی تری ئازاردان بوو. لە پێشەوە دەردی سەگمان بدەنێ و پاشان بمانبەنەوە وڵات. دەبوو مانگێک دووان لە کامپی بەدیل گرتووەیلی شەڕدا بژیم بۆ ئەوەی لەگەڵ ژیانی ئاساییدا ڕابێمەوە.

بەرگی بەرەڵڵاکردنی سـەربازییـان وێ داین و پاشـان ئێـمـەیان بردە پۆرسەعید. کەشتییەک لەوێدا وەستابوو هەزاران دیلی بەسەر پشتەوە بوو. سـەرەتا تـاسـا بووم، نەمـدەزانی ئەوە چییـە. ژیانی چەترگەی تەمـبـێکردن ئەوەندە لە ئێسک و پرووسکمدا ڕەگاژۆ بووبوو، بە ئاستەم لە ژیانی دەوروبەر دەگەیشـتـمەوە. پاش ئەوەی زانیم ئەو دوو هاوڕێیەی خۆیان بە چەتر لەگەڵ مندا هەڵدابوو، ئەوانیش وا بەسەر ئەو کەشتییەوەن، زۆر کەیفشاد بووم. بە تایبەتیش کاتێ زانیم هەردووکیان باشن و یەکێکیان خەریکە لە ئاوەزی شێوانەکەی خۆی ڕاستەوە دەبێ، هەر شاگەشکە بووم. ئەگەر هەواڵی ڕەمزیی (خوێنبرا) و دۆستی بە وەفاشم بزانیایە ئەوا کاسەم بە جارێ پڕ دەبوو. تا ئێستەش وێڵی دوای ئەوەم لەگەڵ ڕەمزیدا پێک بگەینەوە. پاشان زانیمەوە زۆربەی ئەوانەی سەر بە تیپەکەی من بوون و لە بنکەدا مابوونەوە، بۆ بەرەی شەڕ هاتبوونە ڕەوانەکردن. بەڵام زۆر شاد بووم کە زانیم هانزلی برام و هانز کریستۆف بە ژیان ماون.

سەرئەنجام کۆچی ناو زەریامان دەستی پێ کرد. کۆچێکی زۆر بە مەترسی بوو. یەکەمین ڕۆژ دەنگ بڵاو بووەوە یەکێک مرد، لە زەریادا ناشتیان. پاشی دوو ڕۆژ یەکێکی تریش مرد. ئەویشیان لە گۆڕ نا. لە گوشـێکی کاغـەزیان

دروی، زنجیرێکی گرانیان لە پێی هەڵکێشا بۆ ئەوەی وە ژێر ئاو بکەوێ.

پاشی دوو ڕۆژی تر دەمـای گـەیشـتـبـووینـە ناوەندی زەریای نـاوەڕاست، باوەشێنەیلی ناو کەشتییەکە کتوپڕ لە کار کەوتن، هەوا زۆر گەرم داهات. لە بەرزوێژەوە پێـیـان گـوتـین ددان بە خـۆدا بگرین، ئاگـر لە بـەشـێکی ناو کەشتییەکە بەر بووبوو، بەڵام بەربەستی نێوان بەشەیلی کەشتییەکەیان پێوە دا. سـەرەڕای ئەوەی ئاگرەکـە بە توندی کڵـپـەی دەسـاند بەڵام نەدەپەڕییـەوە بەشەیلی تر.

دوا جـار لە لەنگەرگـەیەکی باکـوری ئەفـەریکادا گـیـرسـاینـەوە، وا بزانم جەزائیر بوو. دەم بەیانی بوو. لەسـەر پشـتی کەشـتییـەکی گرێداوی ئاگر تێ بەربووی ناو زەریادا، دڵ و دەروونمان تـا بڵـێی نـالەبـار بوو. بەم شـێـوەیە مـاینـەوە تا ئێـوارەی ڕۆژی دوایی چووینە بەندەرێکی بچـووکـەوە. تیـپی ئاگروەکـوژێنی لەوێدا هەبوون و ئاگرەکـەیان بۆ وەکـوژاندین. کونێکیـان لە کـەشـتـییـەکە کـرد و ئاویان بەردایە ناوی و پاشـان جارێکی تر کونەکـەیان گرتەوە.

ئیدی بەو شێوەیە کۆچی گەڕانەوەی مە بۆ وڵات بە دوایی هات. وردە وردە ئەو بیرەم لە مێشکدا پەیدا بوو کە ئیتر لەمەودوا نایەمە جەزرەوەدان و بەرەو وڵات وەدەگەڕێم. ئەو وڵاتەی زۆر بێ بەزەیییانە ناپاکیی لەگەڵدا کردم.

لە دڵی خۆمدا گوتم فڵانی. دەبێ ڕاست بێ و وڵات ناپاکیی لەگەڵدا کردبم؟ ئاخـۆ ناشێ تاوانی یەکـێکی وەکو خـۆم بێ و پێـویست نەبێ رک و کـینەی لە بەرامـبـەردا هـەڵگرم؟ زوو لـە هەلیگۆلاند تـێ پەڕیین. بـە یەکـەمین دیمـانەی خانوویـەرەی ئەڵمان، چاوم گەشایەوە، دەبوو لە کوخاڤین Cuxhaven دابەزین. جـارێکی تریش بـە دیداری منداڵی ئـەڵمـان، زەویـوزار و پاوان و مـێـرگ و لێرەواری ئەڵمان گەیشتمەوە. هەموو ئەمانە دڵیان پڕ کردمەوە لە شادی.

لەو دەمـەوەی بەو هەمـوو بیـروبـاوەڕە مـەزن و فـراوانەی خـۆمـەوە لە پێناو گـۆڕینی دنـیـا و پەرەپێـدانـی ئاوەڕۆی ڕووداودا گـەردنی خـۆم هێنابـووە بەر

سـیکارد، پێنج سـاڵی تەواو بەسـەرچوو بوو. بە سـەروەت و سـامـانێکەوە گـەڕابوومـەوە نیـشـتـمـان بـە هیـچ پارەیـەک نەدەهـاتە کـڕین. ئەو سـەروەت و سامانەش ڕێنوێنەتی و ڕێشاندەریی خـوایی بوو. لە بێ هیواترین هەلومەرجدا مرۆو خۆی تێدا ببینێ، تەنانەت لەبەر پەتی سێدارەشـدا دەتوانێ لە سـایەی ئەو ڕێنوێنییەوە چارەنووسی خۆی لە دەستی خوا دابنێ.

بەبێ هیچ هـۆیەکی پـێ سـەلمێن، دەبـوو سـاڵێکی تریش لـە کـامـپی بـەدیل گرتووەیلی ئەڵماندا بەسەر ببەم. بەڵام باوەڕی تاین هەرگیز بەری نەدەدام.

سـاڵ بەسـاڵ ئـەو باوەڕەی من گـوڕ و تاوی سـتـانـد و بنەڕەتـی پیـشـەی داهاتووی ژیانمی چێ کرد. بەڵام بەسەرهـاتی ئەم چتەی دوایی و بەسـەرهـاتی ئەو هاوەڵ و هۆگرەیلەی لە ئـەڵمـانیـا و هـەمـوو سووچ نـکاڵی دنیـادا یاریدەیان دام، کتێبێکی تری دەوێ.

## پاشەکییەک بۆ

### لە ڕۆهەڵاتی گڕگرتوودا

بخوێنەوەی خۆشەویست

لەوانەیە زۆر حەز بکەی بزانی دوای ئەو ڕووداوەیلەی لەم کتێبەدا هاتنە باسکردن، ڕەمزی و ئەز چیمان بەسەر هات.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزی خۆمدا بۆ ڕەمزی، هاوەڵ خوێندنێکی ڕەمزیم بە ڕێککەوت بینی، زۆر جارانی لە گوندەکەی خۆیاندا بینیبوو، گوتی نێزیکەی دە ساڵ لەمەوبەر بە نەخۆشیی ئاوەزی شێوان دوا کۆچی کرد. ئەو هاوەڵەی وی، پێی گوتم ڕەمزی هەرگاو شاد و بە کەیف بووە و هەر کاتێ باسی کۆماندار گۆتفرید میوولەریان بکردایە، زەردەخەنەیەک دەپەڕییە سەرلێوی.

ئەمڕۆ گەلی کورد، بە سەردەمێکی تاڵ و کارەساتاویدا ڕادەبوورێ و هێشتە نیشانەی هیچ سەرەودەرێک لە ئاسۆدا دیار نییە، خوا بگاتە فریایان و بەزەی پێیاندا بێتەوە و سەرفرازیان بکا. کورد لەمێژەیە بە ئاواتی سەرفرازییەوەن.

من چیم بەسەر هات؟

پاش هەموو ئەو ساڵە دوور و درێژانەی بەندینخانە، دەسبەجێ لە فێرگەی بەرزی تەکنیککاری لە شتوتگارت هاتمە وەرگرتن. دەمویست لەسەر بنەوێی ئەو شارەزاییەی جاران لە بازرگانیدا هەمبوو، ئابووریی سیاسی بخوێنم. تەوژمی چاکەکاری و خولیای پارە کۆوەکردن بەرە بەرە پەرەی گرت و دەستم دایە کارێک بەشکو ژن و منداڵی خۆمی پێ بەڕێوە ببەم. لە گەلێ کاردا

سـەركـەوتم، بەڵام باوەڕێكی تر بەردەوام خـتـووكـەی دەدام و دەبوو خـۆم بۆ كارێكی سەربەخۆ تەرخان بكەم.

سـەرئەنجـام، سـاڵی ١٩٥٧ بیـرم لە دامـەزراندنی كـۆمـەڵەیەكی خێرومەندایەتیی گشتی كردەوە و ناوم نا (كۆمەڵەی هەواڵینیی سالم).

ژمـارەیەك مـاڵگەی بێ نەوایانم لە شـتـوتگارت و بەرلین و مـیـونیخ و فرانكفۆرت و نۆرمبێرگ یەك لە دوای یەكدا كردەوە و زوو ناویان دەركرد. بەڵام وێڕای هەموو ماندووەتی و خێرخوازیی خۆم و هاوڕێیەلم، بۆم دەركەوت چتێكی دوورەدەستە بتوانی ژیانی ئاسایی و لەبار بۆ هەموو ئەم بێ نەوایەلە دابین بكەی.

لە گەلێكیانم بیست كە سەرچاوەی كڵۆڵی و بێ بەختیی خۆیان لەوە دەزانن كە بە منداڵی هاتوونەتە كۆمەڵەی خێرومەندایەتی و هەروەها لە چاوگەی میریم بیستەوە كەوا ٧٠٪ی ئەو مێرمنداڵەیلەی لەو كۆمەڵانەوە دەردەچن، سەرپێچی لە یاسا دەكەن. ئیدی بڕیارم دا وردە وردە بایەخم بە هەراشەیل كەم بكەمەوە و خۆم بۆ منداڵ و بچووكەیل تەرخان بكەم و ئەم خولیای تاوانكاری و سەرپێچی لە یاسایە كەم بكەمەوە.

بۆم دەركەوت هۆی سەرنەكەوتنی ماڵ و گوند و كۆمەڵەی خێرومەندان، هەڵەی تاكە كەسیی وان نییە سەبارەت بەو ڕەنج و كۆشین و ئەرك و كات و ماندووەتییەی بەم منداڵ و بچووكانەوەی دەكێشن.

بەلای منەوە كلیلی دەردەكە لە پێرەوەكەدایە.

لێرە، لە گەورەییی ئەو ئەركەی ئەستۆی خۆم گەیشتم. چۆن بابایەكی لایەدی وەكو من لە كارێكدا سەر دەكەوێ، كە هێندە شارەزا و پسپۆڕەی تێدا دۆڕاون؟

دوای لە خوا پاڕانەوە و تكای سەرەودەر نیشاندان و ڕەنج و كوێرەوەری كێشان، وەڵامی ئەو كێشەیەم بە دەستەوە هات. سەرەودەرێكم وەدۆزی، سەرەودەرێك خۆی دەستەبەری سەركەوتنی خۆی بە خۆیەتی و منداڵەیلی مە

بۆ ئامانجێک ڕێ بەدیێی دەکا، کە ئامانجی نیازپاکی و خزمەتکاری و هاوکاری و هەستی نیشتمانپەروەریی لە خواترسە.

دەرگەی مە بۆ هەموو پێشنیازێک وازە، زۆرمان پێ خۆشە زانیاریتان لەو بارەیەوە بۆ بنێرین و زۆر کەیفشاد دەبین ئەگەر لە گوندی سالمدا پێشوازی لەنگۆ بکەین.

(ئەو پرسیارەی بووبووە دڵەڕاوکەی بەردەوامی من ئەوە بوو چۆن لەگەڵ سۆسیالیزمی نەتەوەییی پێشووی خۆماندا یەک بگرینەوە.)

لە سەروبەندی (نازی)یەتیدا، لاوانیان بە بیرێک دەپەروەراند کەوا ماکەی هەموو کلۆڵی و کوێرەوەریی مە، نیشتمانییەلی بە ڕەسەن جوولەکەن. ئەمەش تەواو لەگەڵ ئەو ڕێوشوونە ناتەبا بوو کە جاران لە کلێسەدا فێری دەبووین. لەوێ، (سەردەمی کۆن و سەردەمی نوێی کتێبی پیرۆز) بە وردی دەهاتنە خوێندن، وا فێر بووبووین بە چاوی ڕێز و نەوازییەوە سەیری جوولەکە بکەین.

بەڵام پێش ئەوەی ململانەی توندی نێوان ئەم دوو تیلەچاوە بە لایەکدا بکەوێ، بۆ سەربازی هاتمە بانگکردن و شەڕ دەستی پێ کرد.

ئەو چتەی هەرگاو شانازیم پێوە کردووە ئەوەیە هەر ئەرکێکم کەوتبێتە ئەستۆ، بەوپەڕی توانستەوە بۆ بەجێهێنانی تێ کۆشاوم. ئیدی ئەوە بوو هەموو گیان و دڵی خۆم بۆ ئەوە بەخت کرد شەڕ بەسەرکەوتنی خۆمان بە کۆتا بێ. ئەو کاتە تەواو باوەڕم وا بوو ئێمە سەر دەکەوین.

ئەو دەمەی دڵەڕاوکەم لە لادا پەیا بوو، کە ڕەنگە چارەنووسی مە بۆ لایەکی تر وەرگەڕێ، دەستم کردە جێبەجێکردنی ئەو کردەوەیەی لەم کتێبەدا هاتە باسکردن.

بە بڕوای من، گەلی ئەڵمانیا تا ئەمڕۆش لە ڕووداوەیلی سەردەمی هیتلەر نەگەیشتووە و لەگەڵیاندا ڕێک ناکەوێ. هەڵکشانی بە پەلەی (مۆجیزەی ئابووری) ڕێگەی ئەوەی نەداوە. بەڵام ئەگەر بێو دوارۆژمان دابین بێ ئەوە چتێکە ناتوانین بە ئاسانی بەلاوەی بنێین.

کۆمەڵەی (سالم) جگە لە ئەرکی خۆی – لە ئاواتی بەختیاریی سەرجەم گیانلەبەرەیل و خواسای خۆکردا، ئاواتی سیاسیشی هەیە. کاری سیاسی لە حزبی سیاسیدا نا، بگرە لە گەڕان لە پێناو دەوڵەتی شارستانەتی یان هاوبەشایەتی (کۆمیونەیی)دا.

لە ڕێگەی (سالم)ەوە بە هیوایین گەنجێکی نوێ بگووڕێنین، گەنجێکی سپەهی لە بیر و لە گیان، گەنجێک وەکو هەوێن بێ بۆ کۆمیونەیی. لە تان و پۆی ڕابردوو بگا و لێوەی فێر ببێ، کرێتی و دزێوی لەو مێژووە بتەکێنێ و ئەوەی بەرز و بە نرخە هەڵی بژێرێ و لەگەڵ ژیانی خۆیدا تێ هەڵکێشی بکا و گەلی ئەڵمان وەگەڕێنێتە سەر ئەو بارەی جارێکی تریش ڕۆڵی چاکە لە دنیادا بگێڕێ.

ساڵەیلی دوورودرێژی بەندینخانە، هەلی ئەوەم هەبوو بە وردی لەبارەی ئەم چتەیلەوە ببیرێم و سوپاسی خوا دەکەم هەلی ئەوەی بۆ گونجاندم بتوانم ئەم چتەیلە جێبەجێ بکەم.

سوپاسی بەزەی خوا دەکەم، کە لە تەنگاوەترین سەردەمی شەڕدا، بەرگی پارێزی لەبەر کردم و نەک هەر هەلی ژیانی پێ دامەوە بگرە هەلی ئەوەشی نەدام ببمە سۆنگەی ئاوەزی شێوانی کەسێک یان کوشتنی یەکێکی تر.

هەروەکو گوتم ڕەمزی بە ئاوەزی تێکچوون مرد. تا دوا پشوو لە خۆشەویستیی من و ئەڵمانیا نەکەوت.

مردنی ڕەمزی کارێکی گەورەی لە گیانم کرد. پێم وایە تاکە ڕێگەی تۆڵەی وی کردنەوە ئەوەیە پتر بازوو لەم ژیانەدا هەڵبماڵم و پتر چەکی مێرانەی لێ بکەم بەلادا بۆ ئەوەی ئەو دەمەی بۆ بەر بارەگەی خوا دێمە بانگکردن، بەرهەمێکی ئەوتۆ پێشکێش بکەم پاکانەی ڕەمزیشی پێ بێتە کردن.

گۆتفرید میولەر

کۆتای ئۆگستی ١٩٧٩

# پاشکۆیەل

ساڵی ١٩٨٥، بنووسی ناودار مەسعوود محەمەد بۆ یەکەمین جار باسی ئەم کتێبە و ڕووداوی خۆ بەچەتر هەڵدانی ڕەمزی نافیع رەشیدی لە ساڵی ١٩٤٣ لەگەڵ تیپێکی ئەڵمانیدا هاڕووژاند. وێ دەمێ ئەو وتارەی م. محەمەد بگرە و بەردەیەکی لە نێوان بیر و بۆچوونەیلی جوداجودادا نایەوە و چەند دیمایەک لەلایەن هێژایەل محەمەدی مەلا کەریم و عیزەدین فەیزییەوە هاتە نووسین.

دوای ئەوە، زۆر کەس بوو بە وێڵی پەیداکردنی ئەو کتێبە و وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەو ڕووداوە و ئەو لاوە کوردەی گەورەترین گیان لەسەر دەستیی لە مێژووی نوێی کورددا، بە تاکی تەنیا لە پێناو سەرفرازیی کورد و کوردستاندا تۆمار کرد. ڕەمزی نافیع لە دوای وتارەکەی م. محەمەدەوە جارێکی تر بووەوە بە ویردی سەرزارەیل پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٣دا بوو بوو بە مایەی تاسان و سەرسامیی گەلی کورد بەو لاوە کوردەی لە تەمەنی گوڵدا، چووبووە ئەو ڕێگەی هات و نەهاتە و قارەمانییەتییەکی وای نواندبوو هەموو لاوێک ئیرەییی پێ ببا.

ڕەمزی نافیع رەشید بووە بە ماڵی مێژوو. هەر کەس ئازادە چۆنی لەبارەوە ببیرێ، ئێمەش بۆ ئالیکاریی بخوێنەیلی کوردی، سەرجەمی ئەو وتارەیلەمان بڵاوکردەوە تا بە گشتی بتوانین بیرێکی گەشتر لەبارەی ڕووداوەکەوە پێکەوە بنێین. ئەوی تر لە پێشەکییەکەی د. مارف خەزنەدار و ناواخنی کتێبەکە و پاشکۆیەلدا هاتووەتە گوتن، بۆیە منی وەرگێڕ بە پێویستم نەزانی هیچ چتێک بنووسم.

# ڕەمزی نافیع، قوربانییە زلەکەی هەولێر

مەسعوود محەمەد

دەمێکی لەمێژەوەیە خولیای (ڕەمزی نەوازی) لەگەڵمدا دەژیت و ختووکەی هەستی روح پەرەییم بۆ گیانی کوردایەتی لێ دەبزێوێ. خولیا ساڵە و ساڵ لە دڵمدا ترنجۆکی شەبەنگی خۆی تەنییەوە و باڵە و باڵ بە پێپلکەی نرخە بەرزەکاندا بەرەو تۆقەڵەی سەنگاندنەوە تێ هەڵکشی. خولیای نرخاندن و سەنگاندن، بەرەبەرە، لێم بوو بە هەستی فەرمانی قەومایەتی بەسەر شانمەوە: بۆچی شەبەنگی وەها گەش و پرشنگدار لە زیندانی فەرامۆشیدا ژەنگ هەڵبهێنێ؟ خۆ پەنجە چیلکە نین، قەڵەم و گۆڤاریش کلچووک و کفنی بەڵەک نین بە هەموویان نەتوانن وێنەی ئەم قارەمانە لە گۆڕخانەی نەبەردییەوە بۆ بەرچاو و دڵ و مێشکی میللەتەکەی نەخش بەستوو بکەن. دوو ساڵ دەبێ بڕیاری پیرۆزم بە دڵی خۆمدا هێنا، کە تۆز لە وێنەی ئەم خۆبەخت کردووە بتەکێنم و ڕیسی جاڵجاڵۆکەی فەرامۆشیی لێ داڕنم و بەسەرهاتەکەی بکەم بە دیاریی دووەم لە خۆیەوە بۆ زیندووان.

شاباشی یەکەمی لە ئاهەنگی میللەت پەرستندا گیانی بوو، شاباشی دووبارەی لە زەماوەندی بیرەوەرییەکەیدا ئەم دراویلکانەن وا لە وشەخانەی زەینی منەوە دڵۆپ دڵۆپ بە نووکی خامە بەرەو تۆمارخانەی مێژوو بە بەرچاوی خوێنەردا گلۆر دەبنەوە. قۆڵ و باسکی پەرۆشم لێ هەڵماڵی و خامەم بە مەرەکەب داشت و لە مەزرای کاغەزم گیرساند. وەک خەتە جووتی جووتیاری کورد، کە بەسەر خاکی پاکی زەوییەکانی کوردستانەوە وەردی

ڕەش دەدەنەوە بە پیت و بەرەکەتی دانەوێڵەی هەژاران، منیش بە نووکی خامە کاغەزم دایە بەر خەت لە دوا خەتی هاتوچۆی مێشک بەناو تان و پۆی ڕایەڵەی کارەساتی قوربانیدانی ڕەمزی نافیع ڕۆڵەی نازدار و شەرەفداری شاری هەولێر لە پێناو تێکڕای میللەتی کورددا، کە هەمووی لە تەرازووی بەراورد و هەڵسەنگاندندا هەر هەژاری دانەوێڵە و ترووسکەی ئاگری سەرمای ڕێبەندان بووە لە وەتەی زەقەی چاوی لە پێڵووی شڵەقاوی مێژوودا هاتووە.

دەست و قەڵەم کە گەرم داهاتن لە نووسین دەکەونە بڕشت، (خومخانەی خەیاڵی ئەرجومەندی، حاجی قادر) لە گۆبەندی یادکردنەوەی ڕەمزیدا، پەیتاپەیتا، لە جیاتیی مەرەکەب، بژێوی شەرابی بە خامەم دەبەخشی و منیشی پێوە سەرگەرم دەبووم و (هەی پێ)م لە نووسین دەکرد. چرای گەشی چیهرەی ڕەمزی (شەمعی موتالای، نالی)م بوو.

جارێ، وەکو ئێستاکە، لە سەرەتاکانی پێشەکیدا هاتوچۆی ئەمسەرە و سەری کاغەزم بە قەڵەم دەکرد، لەو تووێژدا دۆستی ڕێز لێگیراوم د. کەمال مەزهەر پێی ڕاگەیاندم کە کتێبێک بە ئەڵمانی لەلایەن سەرپەرشتیکەری ئەو ڕووداوەی کە ڕەمزی تێیدا بوو بە قوربانی، دەرچووە. نوسخەیەکیشی لای خۆی هەیە، کە بۆ نیازێکی سەر بەباسی مێژووی کوردەوە دەردەستی کردبوو. هەرکە ئەمەم زانی لە نووسین وەستام. ناشێ سەرچاوەیەکی وەها گرنگی مێژوویی پشتگوێ بخرێ، کە پڕ بێ لە باسی ڕەمزی. د. کەمال کتێبەکەی بۆ هێنام لەگەڵ چەند لاپەڕەیەک لە پاڵاوتەی کورتەی کتێبەکە لەلایەن مامۆستا سەردار میرانەوە هێنرابووە سەر عەرەبی. ویستم پتر لەم کتێبە سوودمەند ببم بە تەرجەمەیەکی بیندرێژتر. بۆ ئەم مەبەستە کتێبەکەم دایە د. فەوزی ڕەشید، ئەویش دوای خوێندنەوەی هەر ئەوەندەی پێ کرا بە قسە باسی ناوەڕۆکەکەیم بۆ بکات چونکە دەرفەتی تەرجەمەی بە نووسینەوە نەبوو. لە نێوان ڕاگەیاندنەکانی نووسینی مامۆستا سەردار و گێڕانەوەکەی د. فەوزی نەختێک جوداوازی هەبوو، کە بە من نەدەکرا تێیدا بەریوان بم. ئەم تەگەرەیەش وەستاندمی. ڕەنگە ساڵێک، زۆرتر کەمتر، بەسەر وازهێنانم لە

نووسیندا تێ پەڕیبێ بە دیار پەیدابوونی خێرەومەندێکی ئەڵمانیزان و دۆست و خاوەن دەرفەت، تەگەرە بچووکەکەم بۆ بڕەوێنێتەوە، بە داخەوە چەندێک هەوڵم دا و برادەری نزیکیشم هەوڵی بۆ دام بە هیچ ئامانجێک نەگەیشتم، تا ئەوەی هەستم کرد کە شەرم و بەخۆداشکانەوە لە ئاست گیانی ڕەمزی چی دیکەم خاڵەبەخش ناکات. بۆیە بوو وا بەم شێوەیەی لێرەدا دێتە بەر نیگای خوێنەرەوە هاتمەوە سەر باری نووسین. هەمیشەش ئاگاداری ئەوە دەبم شتێک نەیەتە ناو نووسینەوە لەگەڵ ڕاستییەکی شرایەوەدا نەگونجێ. چی باسی دەکەم جێی دڵنیایی خوێنەرە، شتێکی لەوانە بێ لەگەڵ ناوەڕۆکی نەزانراوی ئەو کتێبەدا ڕێک نەیەت، تا پێم بکرێ خۆمی لێ لادەدەم، ئەوەی کاریشمان پێیەوە هەبێ لەو بەسەرهاتەی پێوەندیدار بێ بەڕەمزییەوە، وەکو خەتێکی ڕۆشن ڕێگە بۆ سەر مەبەست دەردەکات. بەڵام دەبێ بڵێم ئەو کتێبە سەرچاوەیەکی مێژوویی گرنگ و فەرامۆش کراوە لەوانەی بە کوردەوە خەریک بوون. سەرگورشتەیەکی خۆشیشە لە گۆشەیەکی کەینوبەینی شەڕی گەورەی دووەم. لێی دێت نەختێک تەڕایی ببەخشێ بە دەماغی خۆینەر کە وشک بۆتەوە بە زۆربەی ئەو نووسینە وشکێن و برینگێنەی خۆ بە مل حاڵ و باری ڕۆشنبیریماندا دەدەن. بەر لە ۱۳۰۰ ساڵ پتر پێغەمبەر (د. خ) فەرموویەتی (روحوا القلوب ساعة بعد ساعة..)، ناوناوە دڵتان بحەسێننەوە. ڕاستییەکەی، لە دەستم هاتبایە سەرلەبەری کتێبەکەم بە کوردی یان بە زمانێکی ئاشنا لەبەر گوێی کورد بڵاو دەکردەوە، هەر دەشبێ ڕۆژەک لە ڕۆژان بکرێ.

ئەم کتێبە ساڵی ۱۹٥۹ لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانیا لەژێر سەرناوی Im Brenn Orient لەلایەن گۆتفرید یۆهانس مولەرەوە نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە. واتای عنوانەکە بە عەرەبی (في الشرق الملتهب)ی لێ دراوەتەوە لەلایەن مامۆستا سەردارەوە، ئنجا خوێنەر با دەقێکی کوردی بۆ پەسەند بکات وەک: لە ڕۆژهەڵاتی هەڵایساو، بڵێسەدار، ئاگر تێ بەربووی، بڵێساوی.. یان هەرچی دیکەی لەبارتر بێ.

مولەر لە کتێبەکەیدا دەنووسێ کە وەکو ئەڵمانێکی بە پەرۆش بۆ

میللەتەکەی، لە جەنگی دووەمدا بیر لە پلانێک دەکاتەوە یارمەتیی وڵاتەکەی بدات بەرەو سەرکەوتن. لە کولانەی پێویستیی ئەڵمانیا بە نەوت یادی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەچێتەوە، کە پێشتر گەشتێکی تێیدا کردبوو. لە بەشێکی گەشتەکەیدا بە یارمەتیی شێخ مەحموود گەڕانێکیشی لە کوردستاندا کردبوو. لە ساڵی ١٩٤٣ نەخشەی پلانێک بۆ سەرکردایەتیی جەنگی ڕایخی سێیەم دەنێرێ لەبارەی چۆنیەتیی سوود دیتن لە نەوتی عێراق بە هۆی کوردی عێراق نشینەوە. وەک خۆی دەڵێ: دوای حەفتەیەک فەرمان لە سەرکردایەتیی سپا دەردەچێ بۆ ڕێکخستنی پێداویستی بزووتنەوەیەکی ئەوتۆیی. زوو بەزوو تاقمێک لە دۆستانی ڕێک دەیەخێ بۆ تێ هەڵچوون لەو پلانە. بەڵام دەمێنێتەوە تەگەرەی هەرە گەورە بڕەوێتەوە: دەبێ کوردێکی وریای ئازا و دڵسۆزی عێراقی پەیدا بکەن لەگەڵیاندا چاوساغ و هاومەبەست بێ. بەبیری دێتەوە پێشتر لە ١٩٤٢ بە ڕێکەوت و لابەلایی لە شاری ئەستەمبوڵ شناسایی لەگەڵ (ڕەمزی نافیع)دا پەیدا دەکات، کە کوردێکی هەولێری و لە بنەماڵەیەکی بە دەسەڵاتە. گورج دێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ و بەهۆی عێراقییەکی سەر بە (مخابرات)ی ئەڵمانیاوە بە دوا (ڕەمزی نافیع)دا دەنێرێ.

ڕەمزی بێ وەخران مل دەنێ بۆ ئەوێ و لەگەڵ مولەردا دیدەنی دەکات و بە پێشنیازی مولەر ڕازی دەبێ، کە هەوڵ بدرێ بۆ بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکی کورد بە یارمەتیی ئەڵمانیا، لە ئەنجامدا کورد بە مافی نەتەوایەتی بگات و ئەڵمانیاش لە نەوتی عێراق بەرخوردار بێ. (ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٤١ بەرەو نیازی گەیشتن بە نەوت ڕۆیی، کە ڕەشید عالی گەیلانی سەرپێچیی لە ئینگلیز کرد و ئەڵمانەکانیش بۆ یارمەتیدانی کەوتنە خۆیان، بەڵان ئەو ماوەیەیان چنگ نەکەوت هێزی پێویست بگەیەننە سپای عێراق. م. م.). مولەر دەگێڕێتەوە، ڕەمزی لەگەڵیدا دەچێ بۆ ئەڵمانیا، لەوێ لەگەڵ ئەو تاقمەی کە بەشداری دەکەن لەو پلانەدا، خەریکی ڕاهاتن بە چەتربازی و خستنە ئیشی لاسلکی و ئەو جۆرە فەرمانانە دەبێ و بەزوویی تێیاندا ماهیر دەبێ.

پلانەکە بریتی دەبێ لەوەی کە مولەر و دوو پسپۆڕی دیکەی ئەڵمان لەگەڵ

ڕەمزی بە فـڕۆکە بەرەو کوردسـتـان بێن و لە شـەودا بە پـەرەشـووت دابەزن و پێوەندی بە شـێخ مەحـمـوودەوە ببـەسـتن. بە پێی گێڕانەوەی د. فـەوزی، ژووان ئەوە بووە لە دوورایی ١٣٠ کـیـلۆمـەتر لە ڕۆژاوای شـاری (ورمـێ ـ رضـائیـە) بەسـەر سنووری عـێراقـەوە لە شـوێنێکدا دابەزن. نووسـینەکـەی مامـۆسـتـا سـەرداریش دەڵێ: دەبوو لە دوورایی ٢٠٠ کـیلۆمـەتر لە مـووسـڵـەوە دابەزن، دیارە مەبەست ڕۆژهەڵاتی مووسڵە.

فڕۆکەیەک لە ئەڵمـانیـاوە دەیانهێنێ بۆ (قرم)، لـەوێوە بە ڕێگەی ئاسـمـاندا بەرەو ئامـانج دێن. هەر لەو دەمـەدا کـە بە زاهـیـر نزیکی جـێـژوان دەبنەوە و فڕۆکەوانەکە چەند سووڕێک بە دەوری شـارێکی کارەبا گـەشدا دەدات، مـولەر دەکەوێتە گومانەوە. فڕۆکەوان لە جیاتیی جێژوان، لە ڕۆژاوای مووسڵ هەڵیان دەدات. ڕەمـزی بە پرسـین دەزانی جـێی دابەزینیـان کـۆییـە و چ خـزمـایـەتیی لەگەڵ ئـامـانجی ئەواندا نـییـە. مـولەر ڕوونی دەکاتەوە کـە هەمـوو کـارەکە لە ئەڵمـانیـاوە بە ئینگلیـزەکان فـرۆشـرابوو، بۆی دەردەکـەوێ، کە ناحـەزەکانی لە ئەڵمـانیـادا هـەروەکـو لە سـەرەتاوە ویسـتـیـان تەگـەرە بیـەخنە پـلانەکـەیەوە، دواتریش، کە نەیانتوانی بیوەستێنن، بە دوژمنیان فرۆشت.

بە هەمە حاڵ بەرەو کوردستـان مل دەنێن و بەمووسڵدا تێ دەپەڕن و لە زێی بادینـان دەپەڕنەوە بەرەو هەرێمی هەولێـر، کـە لەوێوە بـگەنە شـاخـەکـان. لەو ڕەتبـوونەیـان بەرەو کوردسـتـان جلکی کـوردی لەبەر دەکەن کە لە ئەڵمـانیـاوە لەگەڵ خـۆیاندا هێنابوویان. سـەرئەنجـام لە دێیـەکی بنەمـاڵەی ڕەمـزی خـۆیان حـەشـــار دەدەن بۆ دەرفــەتێک، پۆلیـســیـش بە دوایانـدا دەگــەڕێ. ڕەمــزی بۆ سـۆراغی دۆزینەوەی ڕیگایـەکی ڕزگـاربوون، لە ئەڵمـانەکـان دوور دەکـەوێتـەوە، لەو مــاوەیەدا خـەبەری حـاڵ و شـوێنیـان بە حـکوومـەت دەگـات و دەردەست دەکـرێن. ڕەمـزیش دواتر لە ڕێی خـزمی خـۆیەوە تەسلیم بە حکوومـەت دەبێ. لەســەرەتاوە بۆ حــەبســخــانەی مـووسـڵ، لەوێوەش بۆ بـەغـدا بەڕێ دەکـرێن. سـەرەنجامیان دەگاتە حەبسـخانەی (مـزە) لە قاهیـرەی میسر. دوای لێدان و شکەنجـە، ڕەمزی لە بەغدا موحـاکەمە دەکرێت و بە ٢٠ سـاڵ حـوکم دەدرێت،

بەڵام بەهۆی ئازاردانەوە تێک دەچێت. دوای بە سەربردنی دوو ساڵ لە بەندیخانە، بە نامەی (نەخۆشیەکی کە لێ دەربازبوونی بۆ نییە)، عەفوو دەکرێت و هەر بەو دەردەی، کە لە ئازاردانەوە دووچاری بووبوو، دوای دوو ساڵی دیکە لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا گیان دەسپێرێت.

لە ماوەی حەبسبوونیدا، بە دوا ئەویشەوە کە بەرەڵڵا دەکرێ، خزم و کەس و دۆستەکانی هەمیشە بەدەورییەوە دەبن و بە دەم دڵ ڕاگرتن و خزمەتکردنیەوە لەبارەی چەند و چۆنی بەسەرهاتەکەی پرسیاری لێ دەکەن. ئەویش لەو بارە نالەبارەی نەفسیدا کەم تا کورتێکی لێ دەگێڕێتەوە بۆیان، پێشیان دەڵێ بەخێر کە چاک بوومەوە هەموو شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە.

حیکایەتی ئەوهێندە بەسەرهاتەی دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا و حەبسبوون و بەرەڵڵاکردن و مردنی، لە سەرچاوەیەکی جودا لە کتێبەکەوە دێت چونکە کابرای ئەڵمان لە وردیاتیی ئەم لایەنە بێ ئاگایە. بۆ وەدەستهێنانی خەبەراتی ئەو قۆناغە پڕ سفت و سۆیەی سەرگورشتەی ڕەمزی، پرسم لە خزمەکانی کرد لەوانیشەوە چەند لاپەڕەیەکم باس و خواس لەوبارەوە بۆ هات و بەوەدا سەرچاوەکان بوون بە سێ. هەرچەندە جوداوازی لە نێوان وردیاتیی ئەو سەرچاوانەدا هەشبێ، هەموویان لە شایەدیدان بۆ مەردایەتیی ڕەمزی یەک دەگرنەوە، هەر ئەمەیشە لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕووداوەکە و لەگەڵ چارەنووس و سەرەنجامی ڕەمزیشدا ڕێک دێت. ئەو لاپەڕانە دوای نەختێک لێ کورتکردنەوە بەم جۆرە دەدەوێن:

ڕەمزی لە ساڵی ١٩١٧ (لە هەولێر) پێ دەنێتە دونیاوە. لە ساڵی ١٩٤٧ (هەر لە هەولێر) کۆچی دوایی دەکات. لە ساڵی ١٩٣٩ بۆ خوێندن دەچێتە زانکۆی ئەمەریکایی لە بێروت و لەوێ پلەی (فرێشمان) تێ دەپەڕێنێ. بەدوا ئەوەدا لە ساڵی ١٩٤٢ دەچێتە (ڕۆبەرت کۆلێج) لە ئەستەمبوڵ. لەوێ پێوەندی بە د. کامران بەدرخانەوە پەیدا دەکات. ڕەمزی ئەندامێکی پارتی (هێوا) بووە و لە کوردایەتیدا دەستی هەبووە. لەم کولانەوە بە ڕێنموونیی کامران بەگ لە گەڵی ئازادیخوازانی کوردی تورکیادا تێکەڵی پەیدا دەکات بۆ بەرهەمهێنانی

بزووتنەوەیەکی گشتیی کورد. ساڵێک لەو مەیدانەدا چالاک بووە و یەکێکی لەوانەی پێوەندیی پێیانەوە دەبەستێ (نووری مستەفا بابۆلی) بووە. کاربەدەستانی تورک هەست بە چالاکیی ڕەمزی دەکەن و نیازیان بووە بیگرن و بیگێڕنەوە بۆ عێراق، ئەویش بە یارمەتیی کامران بەگ پەنا دەبەرێتە بەر باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا و پاسپۆرتێکی ئەڵمانیی بۆ ڕێک دەیەخن و لەگەڵ موستەشاری ئەڵمانەکان لە نەمسا بە نامەی ئەوەی کە سکرتێریەتی دەینێرن بۆ سۆفیای پایتەختی بولغاریا، (من بەرپرسیار نیم لە چۆنیەتیی لوانی ئەو تەرزە تەگبیرە و پەیدابوونی موستەشاری ئەڵمانەکانی نەمسا لە تورکیا و غافڵبوونی تورکەکان لەوەدا، کە بە دوا کاتەوە سکرتێرێکی تازە بۆ موستەشار پەیدا دەبێ، ئەمانە لە نووسینی خزمەکانی ڕەمزییەوە بە من گەیشتووە، دەرفەتیشم نەبوە تۆژینەوەی تێدا بکەم. م. م). لە سۆفیا کوڕی شەریف شەرەف، ئەو شەریف شەرەفەی لە بزووتنەوەی ڕەشید عالی بوو بە وەسی لە بەغدا، کە دەبینێ ئەڵمانەکان وەها بە ڕژدی لەگەڵ ڕەمزی خەریکن، لێی داوا دەکا یارمەتییەکی بدات بۆ ڕەپێشخستنی حاڵ و باری لای ئەڵمانەکان. (ئەم خەبەرە لابەلاییە روونکەرەوەیەکە بۆ پلەی بایەخی ڕەمزی لای ئەڵمانەکان و دەخلی بەسەر شتێکی دیکەوە نییە. م. م). دوای ئەوەی ئەڵمانەکان دڵنیا دەبن لەوەدا، کە ڕەمزی کەسێکی خاوەن جێ و ڕێیە لە وڵاتی خۆی و کوردێکی پاکە، نە جاسووس و نە مفتەخۆرە، لە کۆتاییی ساڵی ١٩٤٢دا دەینێرن بۆ بەرلین، ئەوسا حکوومەتی ئەڵمانیا دوو تاقمی ڕێک خستبوو لە گەنجانی ئەڵمان، یەکێکیان بۆ پێوەندی بەستن بە ئازادیخوازانی خەلیجی عەرەبی، ئەوی دیکەشیان لەگەڵ ئازادیخوازی کورد، (دیارە ئەم خەبەرە لە ڕەمزییەوە بە خزمەکانی گەیشتووە. م. م). ئیتر ڕەمزی پێوەندی بە (مێجەر مولەر)ەوە دەبەستێ و بۆ ماوەی ٣ مانگ خۆی و تاقمەکەی خەریکی گردوکۆیی دەبن. لەو دەمانەدا کابرایەک لە تورکیا بە وەکالەتی ڕەمزی ئەو پارە و پوولێکی لە عێراقەوە بۆی دەچێت وەری دەگرێت و بە ناوی کوردستانەوە بە سەلیبی سووری دەبەخشێت. ڕەمزی لەو ماوەیەدا دەزانێ

ئەڵمانەکان بە نهێنی دۆستایەتییان لەگەڵ سواراغای سەرەک عەشیرەتی بڵباس لە بیتوێنی سەر بە قەزای ڕانیە هەیە.

ڕەمزی مەشقی بەکارهێنانی چەکی نوێی ئەوسا و ڕاهاتن بە ڕۆیشتن لە چۆڵی و شاردنەوەی ئەو شتانەی لە فڕۆکەوە هەڵدەدرێن و ئەو جۆرە فەرمانانە دەکات. لە مارشال کایتل بەڵێن وەردەگرێ بە هێنانەدیی ئامانجەکانی ئازادیخوازانی کورد بەرانبەر بە نەوت، هەر لە بنگەی سەرکردایەتیی ئەویشدا خۆی و هاوڕێیە ئەڵمانەکانی، کە بریتی بوون لە مولەر و هوفمان و کۆنیچین بە ئەسڵ پۆلۆنی، سوێند دەخۆن: ڕەمزی بە ئاڵای کوردستان ئەوانیش بە سوێندی ڕەسمیی خۆیان، کە خیانەت لەگەڵ یەکدیدا نەکەن و هەردوولا بەڵێن بگەیەننە جێ، ئەم کارەش بە بەرپاکردنی شۆرشێکی کورد و هاتنی یارمەتیی پێویست لە ئەڵمانیاوە مەیسەر دەبێ، لە هەمان کاتدا ڕێگەی یارمەتیی هێزەکان وەیا چەک و ئازووقەی دەوڵەتە سوێند خۆرەکان، کە لە ڕۆژاواوە بۆ رووسەکان دەچێت، دەبەسترێ.

لە سەرەتاکانی هاوینی ١٩٤٣ ئەم کۆمەڵەی چوارکەسی، بە فڕۆکە لە ئەڵمانیاوە دێن بۆ قرم، لەوێوەش فڕینێکی شەوانە لە دەوروبەری ٢٣ی تەمووز دەکەن بۆ عێراق بە نیازی ئەوەی لە بیتوێن بە چەتر دابەزن، کەچی فڕۆکەوان لە نێوان مووسڵ و دهۆک دایان دەبەزێنی بۆ سەرزەوی، (بیتوێن لەگەڵ ئەو قسەیەی کە بڵێ دەبوو لە دوورایی ٢٠٠ کیلۆمەترە دوور لە مووسڵ دابەزن، ڕێک دێت، چونکە لە مووسڵەوە بۆ بیتوێن نزیکی ٢٠٠ کیلۆمەتر مەودا هەیە، جێگاکەش مەڵبەندی دەسەڵاتی سواراغا بوو. م. م). لەو شوێنەدا چی کەرەستە و پارەی زیاد و چەکێکی لەگەڵیاندا بوو بەجێ دەمێنێ. خۆیان دێن تا لە قەیاغی گوێڕ بەرەو قەزای مەخمور، لیوای هەولێر، دەپەڕنەوە. (پەڕینەوەیان لە گوێڕەوە بۆ بەری مەخموور پتر بەلای ئەو قسەیەدا دەچێ، کە بڵێ لە ڕۆژاوای مووسڵ دابەزیون نەک لە نێوان دهۆک و مووسڵ چونکە دهۆک خۆی لە بەری ڕۆژهەڵاتی دەجلەیە، زۆریش دوورە لە گوێڕ، بێ لزوومیش لە شاخەکانیان دوور دەیەخێتەوە. م. م). شەو لە دێی (تەرجان،

بەری مـــەخـمـوور) دەبن، لەوێوە بە ســواریی ولاغ دێن تاکـو لە دەمـەوبـەیاندا دەگـەنە هەولێـر. لە بـاغـەکەی پشت مـاڵی (عـەتاڵڵا ئاغـای)ی مـامی ڕەمـزی خۆیان پەنهان دەکەن بۆ جلك گۆڕین و لـەوێوە بە ڕەفاقەتیی ئامۆزایەکی خۆی (خورشـید) دەچنە دێی (بنەسـڵاوە)، کە لە دوورایی ٣ سەعـات ڕێ بە سواری لە ڕۆژهـەڵاتـی هـەولێـر کـەوتووە. ڕۆژی دیـکە دەچن بۆ دێی (بیـۆکـە) بە نیـازی ئەوەی بچن بۆ تورکیا و بەوێدا بگەڕێنەوە بۆ ئەڵمانیا چونکە ئاشکرابوونیـان هەمــوو ڕێگەیـەکی ســەرکـەوتنی پلانەکـەیان لێ دەبەسـتـێ، بە تایبــەتی کــە هەرچەی کەرەسـتـە و پارە و چەکێکی بۆ شـۆڕش پێویست بوو، لە کـیسـیـان چووبـوو. ڕێکەوت وەهـا دەبێ قـاچاغـچـیـیـەکی ئـەو دەوروبـەرەی (بیــۆکــە) دەیانبینێ، کـە خـۆی کونەفلووسـەیی بووە، حکومـەتیش ١٠٠٠ دیناری پاداش دانابوو بـۆ کـەســێک خـەبـەر لەو کـۆمــەڵە بدات، کـابرای کـونـە فلووســەییش خـەبەرەکـەی لە ڕێی جـوولەکـەیەکـەوە بە حکوومـەت ڕاگـەیاند. لەپێـشــەوە ٣ ئەڵمـانەکە دەگیـرێن. ڕەمـزی لەو دەمـەدا لەگـەڵیـان نابێ. حکوومـەت باوک و مـامـەکانی ڕەمـزی دەگرێت. مـامێکی، نوورەدین ئاغـا، بـە ئیـزنی حکوومـەت دەچێ بە سـۆراغیـەوە و لێی داوا دەکا خـۆی تەسلیـم بکات و خزمـەکانی پێوە ڕزگاربن. ڕەمـزی ویسـتـبـووی خـۆی بکوژێت بـەڵام مـامی تەمـای ژیـانێ لەبەر دەنێت و دەیهـێنێتـە سەر تەسلیـمبـوون (خزمـانی هیچ هـەوڵێک نەمـا نەیدەن بۆ ڕزگــاربوونی ڕەمـــزی، ڕەنگـە هـەر ئەو هـەوڵەش بـووبێ لە ئیـعــدامی ڕزگــار کـردبێ)، لەوە بـەولاوە دەیاننێـرن بۆ مـووسـڵ و بەغدا و قـاهیـرە. لە قـاهیـرەوە ڕەمـزی دەنێردرێتـەوە بۆ بەغدا و بە دوا مـوحاکـەمـەدا ٢٠ سـاڵ حـوکم دەدرێ، ئنجا نەساغی و تێکچوون و مەرگ.

من چەنـد جـاران لە ڕێکەوتدا ڕەمـزیم دیتـووە: ئـەم دیمەنەی ڕەمـزی کـە لە یادکـردنەوەوە دێتـەوە بەرچاوم، لە قـژی زەرد و چاوی کـاڵ و ڕووی ســوور و بزەی ســەر لێـوانی، کـە وەکـو شکۆفـەی گـوڵ هەمـیـشـە لێی چەسپ بوو، لە وڕێنەشـدا خـەیاڵی نەدەبردمـەوە بۆ چەتربـازی و گـیـانبـازی. بە پێـوانەی ئەو ڕۆژگـارە، ڕەمـزی گـەنجـێکی خـواپێـداوی حـەســایەوەی شـەنگی بەرچاوی،

دەسکەگوڵی هیوا لە دەستدا بوو. لەلایەن پێداویستیی ژیانی کامەرانەوە ئەگەر تەماعیشی تێدا بەکار بێت، ڕەمزی بەولای تێری و تەسەڵییەوە بوو. نیازێک نەبوو لەوانەی دڵی گەنجێکی خورتی کوردی ئەوسای بۆ بچێ، ڕەمزی پێی نەگات، هەتا خەیاڵی چرووک بە دڵی کرمێدا هاتوچۆی پلانگێڕی بکات بۆ هەڵبەستنی نیازێکی قرپۆک لە ویژدانی ڕەمزیدا لەوە پتر بە دەستەوە نادات، کە پیاوەتیی وەها مەزن لە ڕەمزییەوە وەک زەهر بێ وەهایە بۆ ناو زار و گەرووی بێگەن. ڕێک کەوتنی بێ دەسەلاتانەی لەگەڵ ئەڵمانەکان بۆ ئامانجی وەها گەش و پاک و گەورە، پاکتر بوو لە ڕێککەوتنی نێوان ستالین و هیتلەر چونکە ڕەمزی بۆ تاکە مەبەستی وەدەستهێنانی مافی میللەتەکەی دەکۆشا، لەوەشدا ڕێ هەموارتر نەدەکرد بۆ داگیرکردنی شوێنی بێ لایەنی وەکو هۆڵەندە و بەلچیکا و دانیمارک. بەر لە ڕەمزیش خەلقی دیکە هەبوون بە ئومێدی رزگاربوون لە دەسەلاتی ئینگلیز و فرەنسای ئیمپێریالیست، مەیلیان چوویێ بۆ هاریکاری لەگەڵ ئەڵمانیادا. بە هەمە حاڵ، میللەتان کە لە مەیدانی مافی نەتەوایەتیی خۆیاندا دەکۆشن دەبێ تاکە پێوانەی بەرژەوەندی بێ گەردی خۆیان بکەنە عەیارەی نرخاندنی هەڵوەستیان، ئنجا ئەگەر میللەتێک هەبێ عەیارەیەکی دیکە لە نرخاندندا بەکار بهێنێ، هەڵەی کوشندە دەکات، خۆ ئەگەر میللەتێکی دیکە وەتەنگ هات لە عەیارەی بەرژەوەندی ڕاستینە و پاکی ئەو میللەتە، دیارە هۆی وەتەنگهاتنی دەچێتەوە بۆ چەوتی و نادروستیی عەیارەی خۆی. کوردێکی دەستی کۆتابێ لە دراوسێکانی، بزەی داگیرکەریشی بۆ نەبزوێ، چۆن گلەییی لێ دەکرێ هانا بباتە بەر هەرچییەک بێ، کە بۆرە ئومێدێکی پێ ببەخشێ بۆ رزگاربوون لە زیللەت و کوێرەوەریی ئەو حکوومەتانەی ئەوسا لە خەباتی یەکێکی وەکو ڕەمزی دەترسان، لە نێوان خۆیاندا (میثاق سعداباد) یان بەستبوو کە یەکێک لە ئامانج و بەرهەمەکانی سەرکوتکردنی خەباتی میللەتی کورد بوو. حاجی قادر بە خۆڕایی بەر لە سەد ساڵ پتر، نەیگوت: «گەر هیچ نەبێ بە ئۆین تابیع بە دەوڵەتێ بن»

لەو ساڵەی ١٩٤٣دا ئەگەر کورد ئاوێکی ڕوونی شک بردبایە بۆ نەتوانەوە و

حەسانەوە، نەدەشیا ڕۆڵەی وەها بەناز پەروەردەکراوی خۆی لە باوەشی گەرم و گوڕی باوک و دایکیەوە هەڵدات بۆ گاڵتە بەگیان کردن، بۆ ڕێی هاتێک و دە جاران نەهات. ئەوەندەی بیستبێتم و زانیبێتم، ڕەمزی یەکەم کوردبووە بۆ کوردایەتی یان بۆ هەر نیاز و تەما و مەبەستێک بێ، بە پێلیژەی هەوادا، لە شەوی تاریک سەرەژێر بووبێتەوە بۆ مەجهوولێکی پڕ لە ترسی سەکەتبوون و مل شکان و مەرگ.

بنەماڵەی رەمزی کە ئێستا لە هەولێر بە (حاجی رەشید ئاغا) هەڵدەدرێتەوە، لە سەرەتاوە تا دوایی، ناحەزی ئینگلیزەکان بوون. جگە لەم هەستە کۆنەی دژایەتیی ئەو بنەماڵە لەگەڵ ئینگلیز، تەجرەبەی خۆیان و تێکڕای کوردیش لەگەڵ سیاسەتی عێراقی ئەوسادا بەرانبەر کورد، کە پێوەندیی بە ئارەزوو و بە بەرژەوەندی ئینگلیزەوە هەبوو، بە ناچاری گەنجی وەکو (ڕەمزی)ی دەبردەوە بۆ لای دڕدۆنگی لەو سیاسەتە. لەم ڕووەوە چ سەیروسەمەرە لەوەدا نییە گەنجێکی ئەوسای کورد ڕێگایەکی خەبات بگرێتە بەر پشت لە ئینگلیز بێت، تەنانەت پیاوێکی مەلای سەر بەر ماڵی وەکو باوکم پاتەوپات گوتبووی: «سووری موززەردی چاوشین، نەکەی بە ئومێدی بی».

بەڵێ لەوەدا سەیرهاتنەوە پەیدا نییە بەڵام سەیر لەوەدایە یەکێکی وەکو ڕەمزی زیاد لەو هەموو خەلق و خوایە، خۆ بە مل شەپۆلێکدا بدات ئەوەندەی لە مەرگ نزیک بکاتەوە. ئەگەر ئاگری کوردایەتی مێشکۆڵەی ناو ئێسکەکانی نەسووتاندبایە ئەو گوڕەی پێ نەدەبەست، کە یەکەم هەنگاوی بە (مل لە چەقۆ) خشاندن دەست پێ بکات، چونکە بەڕاستی خۆهەڵدان بە چەتر لە تاریکاییی شەودا مل لە چەقۆ خشاندنە. تۆ لەوە بگەڕێ ئایا هیچ جۆرە سەلامەتی لە بەرەنگاربوونی ئامانجی وەها سەخت و دوورەدەست بە دڵاندا دێت یان نا، هەر لەوە تێ بفکرە ئایا چەند کەسی تێر و تەسەڵ ئامادە بوو لەجیاتیی ڕەمزی بە فڕۆکە لە قریمەوە بە شەو ڕوو لە بیتوێن وەیا هەرێمی (ورمێ) بکات و لەوێ بە پەرەشووت خۆ فڕێ بدات بۆ ئەوەی، کە بە سەلامەتی گەیشتە سەرزەوی بیکەن بە وەزیر؟ لەوەدا مل شکان و کوژران و تێداچوونم کردە

خاترانەی ئەو کەسانەی فکر دەگێڕن بەدوا بەهانەیەکی لە ڕەمزی بەداوێوە بکرێ.

لەلایەن درەختی خانەوادەییەوە، ڕەمزی کوڕی نافیع ئاغای حاجی ڕەشید ئاغای یەحیا ئاغای عەبدولوەهاب ئاغای ئەحمەد ئاغای حارس ئاغایە، لە عەشیرەتی مەمەوندی، ناوچەی مەمەوندی بناری چیای سپیلک نزیکی دێی سیساوا، بەسەر ڕێی نێوان شەقڵاوە و ڕەوەندازەوە، لە سەردەمی حارسا ئاغا، یان باوکی ئەو، کە ناوی بۆم ڕوون نەکرایەوە، بنەماڵەکە دەگوێزێتەوە بۆ هەولێر و دەبن بە خاوەن ملّک و ماڵ و دیوەخانە، هەروەک لە شوێنی خۆیاندا خاوەن ملّک و دیوەخانە بوون. ڕەمزی لەلای دایکەوە دەچێتەوە بۆ میرەکانی شەقڵاوە، کە وەک بزانم خوارزای میرانی قادر بەگ و نەوەی میرانی موستەفا بەگ بووە. بەمەدا دیارە ڕەمزی بە ڕیشە و دەمار لە جەرگەی کوردەوارییەوە سەری هەڵداوە. وەک بشزانم ڕەمزی هەرچەند، بە (إصطلاح) لە ناز و نیعمەتدا پەروەردەی هەولێر بوو، لەلایەن ڕەوشت و تەبیات و ڕەفتارەوە، دەماری گیانی عەشرەت و دەشت و دەری بەهێزتر بووە.

خوێنەری کوردی بەڕێز

چی لەم ڕووپەڕانەدا هاتە بەر نیگات، بایی ئەوە بوو قەرزی ئەدەبیی سەرشانمی پێ بدەمەوە بە کورد و مێژوو. نەخشەکێشانی ئەو ژیانە کورتە ناکامە جوانەمەرگانەی ڕەمزی و دۆزینەوەی هەستە قووڵەکانی و باسی سەرجوملەی کۆشان و لەخۆبووردن و ڕەفتار و کرداری، کارێکە دەبێ لە دەمی وەرگێرانی کتێبەکەی مولەر بۆ سەر زمانی کوردی ئەنجام بدرێت. لەم هەڵوەستەمدا هەر ئەوەندەم بۆ دەمێنێتەوە بڵێم:

ڕەمزی! ڕۆڵەی بە شەرەفی کورد و هەولێر! نامەوێ لە بیرەوەریتدا چەتری فیز و ناز بە قەڵەمەکەم لێ بدەم و بڵێم پێی ناوێ بۆ شەهیدان شیوەن و گرین، بە هەموو ماناوە شاگوڵێک بوویت لە باغی کوردایەتیدا، بەر لە پشکوتن هەڵوەریت، ئاواتێک بە ناکامی لە کیس نیشتمانت چوویت، بزەیەک بوویت، لە شەبەقی بەیانیدا، بەر لە خۆرهەڵات بەسەر لێوانەوە وشک بوویتەوە. وای لە

ڕەنجی بەفێڕۆ ڕۆیشتووت، وای لە زیانی بێ ئامان و سامانی میللەتەکەت بە کوژانەوەت، وای لە بێ ڕەحمیی ڕۆژگار بە تەنینەوەی فەرامۆشی لە دەوری پرشنگی ناو و خەباتت.

بڵێم حەسامەوە بە ڕزگاربوون لە شەرمەزاری بەرانبەر یادت؟ جارێ ماومە بۆ خۆم و لە جیاتیی میللەتیشت بەرباری قەرزت بم. هەزاران هەزار فرمێسکی بە کوڵ بۆ سەر خاکی قەبرە پیرۆزەکەت، ئازادی کورد و هەولێر ڕەمزی گیان!

ڕوونکردنەوەیەک:

لە ساڵێک زیاترە بە هەویا بووم بۆ یادکردنەوەی ڕەمزی دووانێک لەگەڵ مامۆستا، د. ئاوڕەحمان عەبدوڵلادا بکەم بۆ تۆمارکردنی ئەو هێندە ئاگادارییەی کە لەبارەی چەند و چۆنی بەسەرهاتەکەی ڕەمزییەوە پێی گەیشتووە. لەو ساڵەی ١٩٤٣، د. ئاوڕەحمان (ضابط إحتياط) بووە لە (حامیە)ی هەولێر. ڕووداوی دەستگیربوون و حەبسکردنی ڕەمزی و ئەڵمانەکانی لە بەرپرسیاری پۆلیسی هەولێر بە درێژی بیستبوو. زۆر شایەدیی بایەخداریشی دەماودەم پێ گەیشتبوو لە ئەڵمانەکانەوە دەربارەی پلەی کوردایەتی و مەردایەتیی ڕەمزی. داخم ناچێ، لە ماوەی ساڵێکدا ڕێک نەکەوت ئەو دووانە لەگەڵ شایەدی وەها چاوساغ و ڕاستگۆدا بکەم، سەبەبیش دەچێتەوە بۆ گەڕانی بێ سوودم بە دوا ئەڵمانی زانێکی ئەوتۆ ڕوونکردنەوەی تەواوی کتێبەکەی مولەری لێ نەبێتە بارگرانی، یان فەرمانێکی ڕەزاگران. تکای کوردانەم لە دۆستی بەڕێزم د. ئاوڕەحمان ئەوەیە چی دەیزانێت، یان چی بەبیردا دێتەوە لە بەسەرهاتی ڕەمزی بە نووسین بیپارێزێت، ئاخر بەساڵداچوونیش دەماری فەرامۆشکردن لە مرۆڤدا ئەستوورتر دەکات. وا لێرەشدا بە نیازی هاندان ئەو شایەدییەی لێ دەدەم تاکو ئەمانەتەکە پشتگوێ نەخات و لە فۆتانی چەپارە بدات.

کۆواری کاروان، ژمارە ٣٣، حوزەیرانی ١٩٨٥

## نیازی پاک ئەبێ ڕێگەی ڕاست بگرێ

**بیروڕای سەربەست:** ئەم نووسینەی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە ژێر سەرناوی "بیروڕای سەربەست"دا بڵاو دەکەینەوە بە پێی باوەڕبوون بەو سەربەستیی بیروڕا دەربڕینەی دەزگاکەمان بۆ هەموو بیرێکی بەسوودی کردووەتەوە. پێ خۆشحاڵین مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم هەنگاوی هاتنەوە کایەی مەیدانی نووسینی لە (هاوکاری) دەست پێ کردەوە کە دەرگای بۆ هەموو نووسەرێکی دڵسۆز هەمیشە کراوەیە بەو لایەنەی خزمەتی برەودان بە وشەی کوردی و یەکێتیی نیشتمانی دەکا. وەک وتمان ئەوەی مامۆستا نووسیویەتی باری سەرنجی خۆیەتی. *ڕۆژنامەی هاوکاری.*

مامۆستای بەڕێز مەسعوود محەمەد لە ژمارە (٣٣)ی گۆڤاری (کاروان)دا وتارێکی لەبارەی لاوێکی هەولێرییەوە بڵاو کردبووەوە، کە لە سەرەتای ژیانیدا، وەک ئەڵێ عەودالی ڕێگەی کوردایەتی بووە و سەرەنجامی کاری گەییوە بەوە لەگەڵ هەندێ کاربەدەستی ئەڵمانیی سەردەمی هیتلەر ناسیاوی پەیدا ئەکا و ڕێ ئەکەون کە ئەم بە یارمەتیی ئەڵمانیا حەول بدا لەناو خێڵە کوردەکانا شۆڕشێک دژی ئینگلیز ڕێک بخا و ببێ بە هۆی بڕانی نەوتی کەرکووک لە ئینگلیز و بڕانی چەک و ئازووقەی ئەمەریکا لە یەکێتیی سۆڤیەت، کە لە ڕێگای سەرووی عێراق و ئێرانەوە بۆی ئەنێررا.

بەرامبەر بەمە مارشاڵ کایتڵ ناوی ئەڵمانیش بەڵێن بەم لاوە کوردە ئەدا

"بەهێنانەدیی ئامـانجـەکـانی ئازادیخـوازانی کـورد". پاش ئەوەی ئەم لاوە و ئەڵمـانەکان سـوێند بۆ یەک ئەخۆن، ئەم "بە ئاڵای کـوردسـتـان" و ئەوانیش "بە سـوێندی ڕەسـمـیی خۆیان"، کە خـەیانـەت لەیەک نەکەن، لاوە کـوردەکە لەگەڵ چەند ئەڵمـانێک بە فڕۆکە بە ئاسـمانی ناوچە داگیرکراوەکانی سۆڤیەتدا دێن بۆ کـوردسـتـان، بەڵام لە بارێکـی ناچاریدا لە شـوێنێکی غـەیری ئەو شـوێنەی بۆیان دەستنیشان کراوە بە چەتر دێنە خـوارەوە و سـەرەنجام دەکەونە چنگی پۆلیس و ئەڵمـانەکـان ئەکـرێن بە دیلـی جـەنگ و لاوە کـوردەکـەش حـوکـمی بەندکـردنـی بـۆ مـاوەی ٢٠ سـاڵ ئەدرێ، بەڵام لەبەر نەخـۆشـی پاش چەند سـاڵ لە زیندان دەرئەکرێ و پاش ئەوە زۆری پێ ناچێ کۆچی دوایی ئەکات. ئەمـە کورتەی بەسـەرهاتی ئەو لاوە کوردەیە.

***

مـامـۆستا مـەسعوود وتـارەکەی بە وشە ئاراییەکی پڕ سۆزی ڕۆمـانسـیـیانە ڕازاندووەتـەوە کـە خـوێنـدەوار بە خـوێندنەوەی، خـۆی لە بـەردەم بیـرەوەریی پاڵەوانێکی خەباتی ئازادیبەخشی نیشتمانی و نەتەوەییدا ببینێتەوە و لای وا بێ تا مامۆستا مەسعوود ئەم وتارەی نەنووسیبوو ئەستۆی هەموو کورد لەژێر باری تاوانی پشتگوێخستنی فەرزێکی نیشتمـانیدا ئەینالاند و بە نووسـینی وتاری ناوبراو لە لایەن ئەوەوە، بارەکە لە ئەستۆی نەتەوە وەلا کەوت. مامۆستا مـەسـعـوود لـەدوای وتارەکـەشـیـەوە دیسـانەوە ئەگـەڕێتـەوە سـەر ئەم سـۆز دەربڕینە و جـارێکی تـریش شـادمـانیی خـۆی بە ڕاپـەڕاندنی ئەو ئەرکـە ڕائەگـەیەنێ، کـە بە هـۆیەوە "لە شـەرمـەزاری بەرانبـەر یاد"ی ڕزگـار بووە و حەساوەتەوە.

***

پێشـەکی ئەمەوێ بڵێم من بە هیچ کلۆجێ بۆ ئەوە پێم نەناوەتە مەیدانی ئەم باسە، کە ئەو لاوە کوردە بە ناوەخت کۆچی دوایی کردووە لەکەدار بکەم و پڕ بە دڵ پێم ناخـۆش و گرانە خوانەخـواسـتـە چەرخی ڕۆژگـار و باری نالەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێگە نەک بە لاوێکی نەتەوەپەرست و نیشتمانپەروەر،

بەڵکو بە هەر هاونیشتمانێکی بێ ئاگا و ساویلکەش بگۆڕێ و وای لێ بکا بکەوێتە ژێر ڕکێفی خزمەتکردنی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی وڵاتان و دیلکەرانی گەلان. لە هەموو ئەو بۆچوونانەشدا کە ڕێیان تێ ئەچێ و ئەکرێ واتای چالاکی و هەڵسووڕانی ئەو لاوەیان لە هاوکاریکردندا لەگەڵ ئەڵمانەکان پێ لێک بدرێتەوە، من بە پێی ئەو پێرەوە قانوونی و ڕەوشتی و ئینسانییانەی کە داوای ئەوە ئەکەن و هەر ئەوەندەی لە دەسەڵاتدا بێ و هەمیشە بڕیار بە باری بێتاوانیی مرۆڤدا بشکێنرێتەوە و ڕێبازی (ادرأوا الحدود بالشبهات) و (المتهم بريء حتى يدان) و (الشك يغير في صالح المتهم)، بکرێن بە بنەمای بڕیاردان، تەنیا ئەو ئیحتیماله ڕەچاو ئەکەم کە ئەم لاوە نیشتمانپەروەرێکی دڵگەرم بووە و هەر لە پێناوی ئەو نیشتمانپەروەرییەشیدا پێی هەڵخلیسکاوە و هەڵخەڵەتاوە و بە نیازی پاکەوە کەوتووەتە داوی نازییەکان و ئەوەندە هۆشیاریی سیاسی نەبووە لێکی بداتەوە کەوا ڕژێمێک بووبێ بە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی دووەمی جیهانی و بە بەرچاوی خۆیەوە هەموو ئەورووپای داگیر کردبێ و بە تەمای داگیرکردنی سەرانسەری جیهانیش بووبێ، هەرگیز ڕێی تێ ناچێ ببێ بە دۆستی گەلێکی بچووکی ستەمدیدە و بێ دەسەڵاتی وەکو کورد و لە کۆڕی پێشێلکردنی ئازادیی ئەم هەموو گەلانەی جیهاندا ئامانجی ئازادیخوازانی ئەو بەجێ بگەیەنێ، بۆیە ئەگەر دڵسۆزی و خوێنگەرمیی ئەو لاوە پاساوی ئەو هەڵە و هەڵخەڵەتانەی بۆ بدا و بیکا بە قوربانییەکی بەسەزمانی بێ ئاگایی لە سیاسەت، هەرگیز مەیدانی ئەوە نابێ بکرێ بە قوربانییەکی زلی وڵاتێکی وەک وڵاتی هەولێر، کە بە درێژاییی ساڵانی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی دەیان قوربانیی زل و بچووکی پێشکێشی ڕێگەی ئازادی کردووە، کە هیچیان لەکە نە بەئامانج و نە بەرێگەی خەباتیانەوە نییە. ئێمە ئەبێ لە بیرەوەری و یادکردنەوەی ئەم لاوە بە گورگان خواردراوەدا، لە جیاتیی بەباڵابرینی ڕۆمانسییانە، خۆمان فێری ئەوە بکەین چۆن لە فێڵ و تەڵەکەی پیاوانی ئیمپریالیزم بگەین و لەعنەت و نەفرین بۆ نازیم و فاشیزم بنێرین کە بە درۆ و دەلەسە و ساختەچییەتی، هەستی

خاوێنی نیشتمانپەروەرانی دڵپاک و سادەلەوح بۆ سوودی خۆیان ئەخەنە کار و لە شەڕی تەماعکارانە و داگیرکەرانەی خۆیاندا ئەیانکەن بە سووتەمەنی. وەک چەند جاری تریش لە مێژووی دوور و نزیکی کورددا و دەیان جار لە مێژووی گەلانی تردا ڕووی داوە.

بەڵام ئەی مامۆستایەکی وریا و زیرەک و شارەزای وەک کاک مەسعوود، بۆ ئەبێ لەم بارەوە شتێک نەڵێ و پەردە لە ڕووی تاوانی ئەڵمانیی نازی هەڵنەماڵێ و پەنجەیەک بۆ ئەوە درێژ نەکا کە "پەیمانی" ئاوا ناهاوسەنگی نێوان تاقە لاوێکی کوردی دڵسۆز لە لایەک و ئەڵمانیای خوێنرێژ و شەڕفرۆش و ئەوروپا داگیرکەر و کاولکەر لە لایەکی ترەوە، هەرگیز ڕێی تێ ناچێ بە باری ئەو لاوە و گەلەکەیدا بشکێتەوە و سوودێکی بۆیان پێوە بێ، تا لەمەوە بگاتە ئەوە ئامۆژگارییەکی لاوانی ئەورۆشمان بکا نەوەک بە هاشە و هووشەی ئیمپریالیستان و نۆکەرانیان هەڵخەڵەتێن و سەرلەنوێ تووشی ئەو چارەڕەشییە ببن، کە ئەو لاوە دڵسۆزە تووشی بوو و پاشانیش تووشی دەیانی تریش بوو.

***

بۆ ئەبێ مامۆستا مەسعوود چاوی خۆی لە ئاست یەکێ لە ڕاستییە مەزنەکانی مێژوو بنوقێنێ و پەیمانی دەستدرێژی نەکردنە سەریەکی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەڵمانیای هیتلەری وا لێک بداتەوە کە گوایە ئەو پەیمانە "ڕێی هەموار کرد بۆ داگیرکردنی شوێنی بێلایەنی وەکو هۆڵەندا و بەلجیکا و دانیمارک؟".

وەڵامدانەوەی ئەم بڕگەیە و گێڕانەوەی مێژووی ئەوروپای دوا ساڵانەکانی پێش هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی دووەمی جیهان دەرەتانێکی بەربڵاوی ئەوێ، کە بەداخەوە ئێستا بۆ من مەیسەر نییە، بەڵام هەر هیچ نەبێ ئەبێ ئەوەندە بڵێم هەر لە پەیدابوونی پارتی نازی و حوکم گرتنە دەستیەوە لە ئەڵمانیادا، هێزە دیموکرات و پێشکەوتووخوازەکانی ئەوروپا بە وردی لە مەترسیی ئەو ڕووداوە گەیشتن و لەبەر ئەوە تەقەڵایەکی زۆر و سەخت و بەڵام بە داخەوە بێ

ئامـانجـيـان دا بۆ ئەوەی بەرەیەکی گـوشـادی هەمـوو هێـزە دیموکـراتەکـانی ئەورووپا بە تـایبـەتی و جیـهـان بە گشـتی بۆ بەرگرتن لەو مـەترسـیـیـە پێکەوە بنرێ، بەڵام سـیـاسـەتی ئینگلیـز و فـرەنسـا لەو مـەیدانەدا ئەوە بوو جـڵـەو بۆ نازی شل بکەن، تا وەک بزووتنەوەی کـرێکارانی لە ئەڵمـانیـادا پێشـێل کـرد، سـەرەنجـام بیشـیکەن بەگژ سـۆڤـیـەتدا و وایان لێک ئەدایـەوە لەم بەینەدا هـەر کـام لەو دوو هێـزە تیا بچـێ، بۆ ئـەوان هـەر قازانجـە. ئەڵمـانیـاش لەم مەرامـەی ئەوان گەیشتبوو لەبەر ئەوە رۆژ لە دوای رۆژ پەڵپ و بیانووی نوێی پێ ئەگرتن و داوای دەسـتـبـەرداربوونـی زیاتری لێ ئەکردن. ئەوەندەش لـە خـۆی بایی بوو بیری بە لای ئەو ئیحـتـیمـالەدا نەئەچوو، کە لەو کێشـەیـەدا خۆی تیـا بچـێ. لە بارودۆخێکی وادا بوو سـۆڤیەت کـە زانی هـەر خۆی بە تەنیـا ماوەتەوە لە رووی ئەڵمانیادا و هیچ کام لە دەوڵەتە "دیموکراتە" سـەرمایەدارەکان لەگەڵی نییە، بە ناچاری پەیمانـی دەسـدرێژنەکـردنە سـەر یەکـی لەگـەڵ ئەڵمـانیـا بـەست و مەبەسـتی تەنیا خـۆکـۆکردنەوە بوو بـۆ داکۆکیکردن لە خـۆی کە هێـرشـی کرایە سـەر. چونکە ئـەیزانی پیـلانەکـە لە بنـەڕەتدا لە دژی ئەو نراوەتەوە، هـەر واش بوو. ئەوە بوو ئەڵمـانیـا بێ ئەوەی مـاوەی پـەیمانەکـەش بەسـەر بچـێ، هێـرشـی بردە سەر هاوپەیمانەکەی و خاکێکی زۆری لێ داگیر کرد و زیانێکی زۆری بە کوشتار و وێرانکردن پێ گەیاند[١].

کـورتبـینیی ئینگلیـز و فـرەنسـا لەوەدا زەق دیار بوو، کـە لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەڵمـانیـا بەر لە هێرشـبردنی بۆ سـەر سۆڤـیـەت، گەلێ وڵاتی ئەورووپای داگیـر کـردبوو، ئەوان هێـشـتـا هـەر بیـریـان نەئەکردەوە و گـوێیـان بە بەلەسـەبوونی ئەڵمـانیـا نـەئەدا و لە خـەیاڵی مـەرامـەکـەی خـۆیـاندا بوون تـا سـەرەنجـام خۆیشیانی گەست و زیرەی لێ هەستاندن.

***

هەر لە مـەیدانی پاسـاودانی ئەو کارەدا، کـە ئەو لاوە هـەولێرییـەی تێوە گلا، مـامـۆسـتـا مـەسـعـوود ئەڵێ: "بـەهـەرحـاڵ مـیللەتان کـە لە مـەیدانی مـافی نەتـەوایەتیی خـۆیاندا دەکـۆشـن، دەبێ تاکـە پێـوانەی بەرژەوەندی بێگەردی

خۆیان بکەنە عەیارەی نرخاندنی هەڵوەستیان..." تاد.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم مەسەلە مەسەلەیەکی دژوارە و هەر وا بە ئاسانی بڕیاری تیا نادرێ، چونکە ئەوەمان بە ئاسانی بۆ دابین ناکرێ کە کام تاقم و کام چین و کام تاکەکەسی کۆمەڵێک بە ناوی میللەتەکەیەوە بڕیار ئەدا فلآنە شت چاکە و فلآنە شت خراپە تا بیکا یا نەیکا، لە سووورەتی کردن و نەکردنیشیدا ئەنجامی مەسەلەکەی لە سنووری ئەو تاقمە یان ئەو چینە یا ئەو تاکەکەسەدا ناوەستێ و سەرانسەری گەل و وڵات ئەگرێتەوە، بام هەر بڵێین ڕاستە وایە. بەڵام ئاخۆ ئەکرێ ئەمە وا مەعنا لێ بدرێتەوە کە هەر نەفام و لە سیاسەت نەگەیشتوو لە سوودێکی تەسکی خۆیا زیاتر لەخۆ گەڕاوێک ڕێگەی ئەوەی ببێ بە ناوی سوودی میللەتەوە ئارەزووی لە چی بێ بیکا و چ بڕیارێکی لا پەسند بێ بیـــدا؟ من لام وایە نەء. لە بڕیاردانی وادا ئەبێ ئەوەندەی لە توانادا بێ ڕای گەل وەرگیرابێ، چ لە ڕێگەی پەرلەمان یان لە ڕێگەی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و ڕۆژنامەی ئازادبیری وڵات و ڕا دەربڕینی خەڵکەوە. جا ئەگەر زاندرا بڕیارێک لەم ئاستەدا نییە، لە لایەن زۆربەی کۆمەڵەوە بدرێتە دواوە و ڕێگەی لێ بگیرێ. لەبەر ئەمە ئەو کارەی ئەو لاوە هەولێرییە، بە هیچ جۆرێک بەر ئەم بنەمایە ناکەوێ و ناشبێ شیعرەکەی حاجی قادری پێشەنگی بیری نەتەوەیی کە مامۆستا مەسعوود کردوویە بە بەڵگە بۆ بیروڕاکەی خۆی، وا بەدناو بکەین کە گوایە داوا لە کورد ئەکا بە ناوی خزمەتی نەتەوەوە بکەونە شوێن دەوڵەتێکی بێگانە و لە ڕاستیدا ببن بە خزمەتکاری ئامانج و مرازەکانی ئەو و کورد واتەنی بۆ ڕیش چووبن کەچی سمێڵیشیان دانابێ.

***

بڵاوکردنەوەی ئەم وتارەی مامۆستا مەسعوود محەمەد، کە تاقە ڕستەیەکی بۆ تاوانبارکردنی نازییەتی تیا نییە و بۆ پیاهەڵدانی کەسێک نووسراوە، بە هەر نیازێ بووبێ هاوکاریی لەگەڵ نازی کردووە، بە تایبەتی لە ساڵی بیرەوەریی چلەمی لەناوبردنی ئەڵمانیای هیتلەریدا، کە هەموو جیهانی

پێشکەوتخواز و بەڵکو کۆنەپەرستیش با بە نابەدڵیش بێ، ئاهەنگی شادمانیی بۆ گێڕا. بەلای منەوە و لام وایە بەلای زۆر کەسی تریشەوە، بەشداریکردنێکی ئاوەژووە لەم یادەدا و پشت تێکردنی ئەو هەموو قوربانییەیە مرۆڤایەتی لە پێناوی سەرپانکردنەوەی نازییەت و فاشیزمدا پێشکێشی کردووە. منیش هەرگیز هەڵوێستی وام نە بۆ مامۆستا مەسعوود نە بۆ هیچ کوردێکی تر ناوێ.

........................................................................

١. بۆ زانینی ئەژماردنێکی کورتی ئەو زیانە سەیری لاپەڕەی (٢٨٠)ی کتێبی "چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد"ی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد بکە.

ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٨٠٥ لە ١٩٨٥/٩/١٢

# ڕەمزی نافیع و بۆچوونەکانی
# کاک مەسعوود محەمەد و کاک محەمەدی مەلا کەریم

عیزەدین فەیزی

مـاوەیەک بوو دەمـویست لە بـابەت ژیانی هەڤـاڵێکـی کۆنم، کـە ڕەمـزی نافـیع ئاغایە بدوێم، بەڵام کاک مەسعوود محـەمەد لە گۆڤاری کاروان‌دا دەستی خۆی لە نـووسـینەکـەدا پێش خـست و زۆریشم پێ خـۆش بوو. دیسـانەوە ویسـتم هەندێ شت ڕوون بکەمـەوە و چەند ئاگـادارییـەکی تر بخـەمـە سـەری، لەبەر نەخۆشیم ئەویشم پێ نەکرا، بەڵام لەم دواییەدا کاک محەمەدی مەلا کەریم لە "هاوکـاری"دا بەگوێرەی بیروڕای خـۆی وەڵامی کـاک مـەسـعوود مـحـەمـەدی داوەتەوە و لە بابەتەکە دواوە، ئینجا چارەم نەما و بە پێویستم زانی کە چەند دێرێک بۆ خوێنەری بەڕێز باوێمە سەر کاغەز ئەگەر شایانی سوود بێت.

١- خـوا لێخـۆشبـوو ڕەمـزی هەڤـاڵێکی زۆر نزیکم بوو، لە پۆلی یەکـەمی سـەرەتـاییـیـەوە پێکەوە بووین تا پلەی ناوەندیمـان لە هەولێـر تەواو کـرد. لە ساڵی ١٩٣٦ من کەوتمە بەغدا بۆ خوێندن لە خانەی مـامۆستـایان، ئەویش وا بزانم چوو بۆ کەرکووک بۆ ئەوەی قوتابخـانەی دواناوەندی تەواو بکا، چونکە لەو کـاتیـدا قـۆنـاغی دواناوەندی لـە هەولێـر نەبوو. ڕەمـزی و هەڤـاڵەکـانی، بەرهەمی پەروەردەی چەند مامۆستایەکی سەرەتاییی ئەو کاتە بوون کە زۆر بە دڵسۆزی بیروباوەڕی کوردایەتی و نیشتمـانپەروەرییان لە مێشکی قوتابیاندا دەچەقاند. لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەمزی لە تەمەندا ئەم هەستـەی زیاتر لە مێشک و دەروونیـا دەچـوولایەوە و بە هـەمـوو چەشنێک چ لەناو قـوتابخـانـە چ لە

دەرەوەیدا بۆ پەرەپێدانی بیروباوەڕی کوردایەتی دریغی نەدەکرد. خۆیشی لەبەرئەوەی کە دایکی خۆشناو بوو کوردییەکی رەوان و پاراوی قسە دەکرد. لاوێکی دڵ و دەروون پاک و دڵسۆز و ناسک و روحپەروەر بوو. هەردەم دەمی بە پێکەنین بوو، درۆ و خۆ هەڵکێشان و خۆ پەسندکردنی لا نەبوو، برای گەورەشی خوا لێخۆشبوو قەرەنی نافیع ئاغا پێشرەوێک بوو بۆ ئەو، هانی دەدا بۆ چەقاندنی بیروباوەڕی نەتەوایەتی لە مێشکیدا. لە پاش تەواوکردنی خوێندن لە کەرکووک کاک رەمزی چووە دەرەوەی وڵات، ماوەیەک لە بەیرووت دەیخوێند، لەوێوە چوو بۆ ئەستەمبۆڵ.

لە ساڵی ١٩٣٩ کە بە مامۆستا دامەزرام لە هەولێر، بەرپرسیاریی پارتی هیوا لە هەولێر بە من سپێردرا، لەو کاتی زانیم کە رەمزیش ئەندامە تیایدا. لە ساڵی ١٩٤٠ بوو کە جارێکیان لە خزمەت مامۆستا رەفیق حیلمی دانیشتبووین لە ماڵی خوا لێخۆشبوو یونس قادر، کە بەڕێوەبەری ئەشغال بوو لە هەولێر و خۆیشی خەڵکی سلێمانی بوو ئەندامیش بوو لە هیوا، لەو کاتەدا رەمزی و هەڤاڵێکی هاتنە ژوورەوە و سەلاوێکی سەربازانەی زۆر بەتوندی بۆ مامۆستا رەفیق حیلمی کرد، وا هاتە بەرچاوم هەموو لەشی پڕ لە چالاکی و دڵسۆزی و دەروون پاکی بوو. پاش ئەوەی ئیتر نەمدیتەوە تا لە بەندیخانە بەربوو. رەمزی لەگەڵ ئەڵمانەکان بە هەڵە لە ناحیەی حەمدانییەی سەر بە پارێزگای موسڵ، نزیک چیای مەقلووب بە چەتر هاتنە خوارەوە، مەبەستیان هەروەکو بیستم دابەزین بوو لە نزیک سنووری ئێران لە دەشتی بیتوێن و رانیە و قەڵادزە. کە کەوتنە لای حەمدانییە رێگەی گوێڕیان گرت بۆ ئەوەی لە زێی گەورە بپەڕنەوە و بچن بۆ دێیەکەی خۆیان، کە ناوی تەرجانە و سەر بە ناحیەی گوێڕە. ئەو قایغەوانەی کە ئەوانەی پەڕاندەوە، بۆ بەیانی لە گوێڕ هاتە لام، ئەو کاتی من بەڕێوەبەری قوتابخانە بووم لەوێ، قایغەوانەکە وتی ئەوانە جلی کوردییان لەبەر بوو بەڵام بە کورد نەدەچوون چونکە خۆیان لە قایغەوە بۆ سەر زەوی هەڵدا، کرمانجەتیی لای خۆمان زۆر بە هێمنی لە قایغ دادەبەزێ، هەروەها قایغەوانەکە وتی: یەکێکیان لێی پرسیم بەڕێوەبەری

قوتابخانە لێرە کێیە، ئەویش ناوی منی دابوو، گوتبووی ئەی بەڕێوەبەری ناحیە کێیە؟ وتی منیش پێم وت عومەر میرانە ئەویش (مەبەست لێرە رەمزییە) بێ دەنگ بووبوو، چونکە دەیزانی جێی مەترسییە بۆ ئێمە کە وا پێشان بدات ناسیاریی هەیە لە گەڵماندا بەپێی ئەوەی، کە من برادەرێکی نزیکیمە و کاک عومەر میرانیش کوڕی خاڵێتی و دۆستیشی بوو. ئینجا لە گوێڕەوە دەچن بۆ گوندەکەیان (تەرجان)، کە باوکی رەمزی زۆرترین کاتی خۆی لەو گوندە رادەبوارد، لەوێشەوە پاش چەند ڕۆژێک لە ڕێگەی هەولێرەوە خۆیان گەیاندە دێیەکانی تری خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر تا گەیشتنە گوندی بیۆکە و لەوێ خۆیان شاردەوە، بەڵام هەروەکو زانیمان یەکێکی خەڵکی کونەفلووسە بە تەمەعی پارە و پوول جێگایەکانی بۆ دەوڵەت دەستنیشان کرد و گیران و ئەڵمانەکان بە دیل دانران و رەمزیش کەوتە بەندیخانە و لە ئەنجامدا بردیانە قاهیرە و لە پاشدا دووبارە هێنایانەوە بەغدا. لەلایەن خزمەکانیشی هەوڵ و تەقەڵلایەکی زۆر درا تا حوکمی ئیعدامی کرا بە بیست ساڵ، هەر لەناو بەندیخانەدا تووشی نەخۆشیی دەروونی بوو، لە بەندیخانە بەردرا و دەرچوو. لە کاتی نەخۆشیدا چەند جار چاوم پێ دەکەوت و لەگەڵی دادەنیشتم، بەڵام لەوەدا نەمابوو کە سوودی لێ وەربگیرێت. لە ساڵی ١٩٤٧ کۆچی دوایی کرد، خوای لێ خۆش بێ.

٢- مێژووی کورد وەک میللەتانی تری ئازادیخواز پڕە لە سەدان داستانی پاڵەوانانەی خۆ بەختکردن و قوربانیدان لە ڕێگەی سەختی دابینکردنی سەرفرازی و دوارۆژی ڕووناکی ئەم گەلەدا. جا هەر تێکۆشانێک، کە بە نیازێکی پاکەوە لەم ڕێگە پیرۆزەدا کرابێت، شایانی ئەوەیە بەوپەڕی ڕێزەوە یادی بکرێتەوە و پڕ بەپێستی خۆی پایە و پلەی لە لاپەڕەکانی مێژوودا بۆ دابنرێت.

رەمزی نافیعیش یەکە لەو لاوە کوردە دڵسۆزانەی کە بەوپەڕی لە خۆبووردنەوە پێی ناوەتە ناو خەباتی بێ وچانەوە و هەر لەم ڕێگەیەشدا ژیانی خۆی بە لاویەتی لەسەر داناوە، بۆیە بە پێویستی دەزانم، کە وەفادارانە هەوڵی

ئەم تێکۆشەرە هەڵسەنگێنین و نەوەی تازەی پێ بناسێنین.

هەروەک لە پێشەوە باسمان کرد کە کاک مەسعوود محەمەد ئاگادارییەکی لە مێژووی ژیان و قوربانیدانەکەی کاک رەمزی لە گۆڤاری کاروانی ژمارە ٣٣دا بڵاو کردەوە، وا دیاریشە زۆری لە ئاگادارییەکە لە خزمەکان و دۆست و برادەرانی رەمزی وەرگرتووە. توانیویەتی تا رادەیەک مافی خۆی بداتێ هەروەها کاک محەمەدی مەلا کەریمیش وەڵامی کاک مەسعوودی لە ژمارە (٨٠٥)ی رۆژنامەی هاوکاری داوەتەوە و وای دەرخستووە کە رەمزی بە نەفامی و هەڵخەڵەتاوی ئەو کارەی کردووە وە ئەو قوربانییەی داوە، بۆیە بە پێویستی سەرشانی خۆم دەزانم هەندێ لەو خاڵانەی کە کاک محەمەد لێیاندا دواوە روون بکەمەوە، مەبەستیشم لێرە لایەنگیری و بەرگریکردن یاخود کەمکردنەوەی نرخی رای کەس نییە، بەڵکو چەند سەرنج و تێبینییەکی خۆمە دەربارەی ئەم هەڤاڵە نەمرە.

کاک محەمەدی مەلا کەریم وای بۆ چووە کە رەمزی بە تەنیایی ئەم پەیمانەی لەگەڵ حکوومەتی ئەڵمانیادا بەستووە. کەچی ناچێتە هیچ عەقڵێک کە کاک رەمزی بە تەنیایی و سەربەخۆ ئەم کردەوەی کردبێ، بێ ئەوەی کەسانی تری لەگەڵ بێ و هانیان دابێ و پاڵیان پێوە نابێ. رەمزی کوردێکی زۆر دڵسۆز بوو، هەموو کاتێک کردەوەکانی ئینگلیزی بەرامبەر کورد لەسەر زاریا بوو، بەتایبەتی کردەوەی ئینگلیز لەگەڵ شاری سلێمانی و شێخ مەحمموودی نەمر، هەردەم وای دەردەبڕی کە ئینگلیز بەدوای هەموو بەسەرهاتە ناخۆشەکانی کوردە، لەبەر ئەوە هەرچی بکردبایە بۆ تۆڵەسەندن لە ئینگلیز و پێشکەوتنی کورد، لای ئەو شتێکی ئاسایی بوو، هەروەکو دەڵێن خنکاو دەست بۆ پنچکە دارێکی بچووک درێژ دەکات بۆ ئەوەی خۆی رزگار بکات.

رەمزی لە عێراق ئەندامێکی پارتی هیوا بوو، واشمان بیست کە چووە بەیرووتیش لەگەڵ زۆر لە کوردەکانی لبنان و سووریا پەیوەندیی پەیدا کردبوو و هەمان رێگەشی لە ئەستەمبۆڵ و وڵاتانی تر گرتبوو. جا کێ دەتوانێت

بڕیاری ئەوە بدات کە ڕەمزی ئەم پەیمانەی بەتەنیایی لەگەڵ ئەڵمانەکاندا بەستووە، ئایا ئەڵمانەکان ئەوەندە بێ هەست بووینە تا لەگەڵ تاقە کەسێک ئەم پەیمانە ببەستن بێ ئەوەی لەگەڵ سەرەک هۆزەکانی کوردستان پەیوەندییەکیان هەبێ. ڕەمزی و ئەڵمانەکان کە پێکەوە هاتن وا دەردەکەوت، هەروەک پێشتر روونمان کردەوە، کە لە سنووری ئێران و عێراق بێنە خوارەوە و نزیک قەزاکانی رانیە و قەڵادزە و دەشتی بیتوین جێگیر بن و لەوێ شۆڕشێک بە ناوی کوردەوە دژ بە ئینگلیز دابگیرسێنن. کەواتە شتێکی ئاشکرایە ئەم پەیمانە تەنیا لە بەینی ڕەمزی و چەند ئەڵمانێک ڕێک ناکەوێت. لەبەرئەوەش کە ئەڵمانەکان وا زوو گیران ئەو ئاگادارییانەی کە لە لایان هەبوو لەو بابەتەوە بۆ خەڵکەکە روون نەبووەوە و تا ئێستاش بە نهێنی ماوەتەوە بەڵام ڕۆژێک دێت هەموویی دەردەکەوێ و ئاشکرا دەبێ و ئەو کاتە دەزانرێت، کە ڕەمزی قوربانییەکەی چۆن داوە و چ ڕێگەیەکی لە پێناودا گرتووە.

ڕەمزی لاوێکی زۆر تێگەیشتوو و ئاگادار بوو، ڕاستگۆ و یەک ڕێ بوو، لەبەر جۆش و پەرۆشی خۆی نەدەترسا و لە هیچ مەترسییەک نەدەگەڕایەوە، لەبەر ئەوە قوربانیدانەکەی ئەو دەبێ بە شتێکی زۆر گرینگ دابندرێت.

کاک محەمەد بەوەی ڕەمزی تاوانبار کردووە کە لەگەڵ ئەڵمانە نازییەکان ڕێک کەوتووە. لێرەدا با ئاوڕێک لە باری دەروونیی ئەو کاتەی جەماوەر بدەینەوە بەرامبەر کردەوەکانی ئینگلیز لە وڵاتەکەماندا. لەو کاتیدا گەل بە گشتی رقی لە ئینگلیز دەبووەوە بە تایبەت پاش بزووتنەوەی مایس و گەڕانەوەی ئینگلیز و دووبارە داگیرکردنی عێراق. لەبەرئەوەی کە ئەڵمانەکان دژی ئینگلیز بوون جەماوەر هەوەسی بە دۆستایەتییان دەهات، هەرچەندە دەشیانزانی کە ڕژێمی ئەڵمانی ڕژێمێکی دکتاتۆری و ئیمپریالیزمییە. بۆ نموونە ئێوارەیەکیان لە ڕۆژانی مایسی ١٩٤١ چەند ئۆتۆمۆبیلێکی لۆری کە سەربازە ئەڵمانەکانیان تێدا بوو لە شەقامی هەولێردا وەستابوون، خەڵکەکە دەورەی لێ دان و دەستیان کرد بە چەپڵەڕێزان و سەڵەوات لێدان، ئەوەش هەر لەبەر ئەوە بوو، کە دژی ئینگلیزن. هەروەها هەرایەکەی شێخ حەسەنی کە لە

١٦ی مایسی ١٩٤١ لە هەولێر رووی دا، هەولێر هەمووی هێرشی بردە سەرا، ئەمەش لە بنەڕەتدا بۆ پەسندکردنی ئەڵمانەکان و راوەستان دژ بە ئینگلیز بوو. لەو کاتی ئەگەر پارێزگاری هەولێر خوا لێخۆشبوو ساڵح زەکی ساحێبقران و ئامیر فەوجیش ئەمین رواندزی نەبوونایە، کارەساتێکی زۆر گەورە دەقەوما و زۆر کەس دەکوژرا، شەشی ئەیلوولی سلێمانی لە هەولێر دووبارە دەکرایەوە، بەڵام هێمنی و لەسەرخۆیی ئەو دوو زاتە وای کرد کارەساتەکە بە ئاسانی کۆتایی پێ بێت، ئەم خۆپێشاندانەش هەر لە دڵسۆزییەکی نیشتمانپەروەرییانەی دژ بە ئینگلیز بوو. لە دەرفەتێکی تردا ئەم رووداوەش بە درێژی بۆ خوێنەری بەڕێز دەخەمە سەر کاغەز. مەبەستم لەو قسانە ئەوەیە کە هەر تەنیا رەمزی رقی لە ئینگلیز نەبوو بەڵکو زۆرترین کوردی عێراق وای دەزانی هۆی دواکەوتنی کورد ئیمپریالیزمی ئینگلیزە، لەبەر ئەوە وایان دەزانی روو لە هەر لایەک بکەن، ئەوە بۆ بەرژەوەندی کوردە. شتێکی ئاشکرایە کە رژێمی نازییەکان رژێمێکی ناپەسند و دکتاتۆری و دژ بە میللەتان بوو. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین دەوڵەتە داگیرکەر و ئیمپریالیزمەکان بە هەمان رێگەوە وڵاتانی بچووک و لاوازیان داگیر دەکرد و دەچەوساندەوە. بۆ نموونە ئیمپراتۆریەتی ئینگلیز، کە خۆی بە دەوڵەتێکی دیموکراتی دەزانی، لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی، سێیەکی وڵاتانی جیهان لە ژێر چەپەڵۆکی ئەو بوو تا رادەیەک وا بەناوبانگ بوو، کە ڕۆژ لەو وڵاتانەی لەژێر دەستی ئەو بوون ئاوا نەدەبوو، بە ئارەزووی خۆی فەرمانڕەوایی خۆی بەسەریاندا دەسەپاند و بەروبوومیشیانی دەخوارد. یەک لەو دەوڵەتانەش دەوڵەتی عێراق بوو، کە کوردستانی عێراقیش لە چوارچێوەی ئەودایە.

هەرچەندە من هەردەم خۆم بە لایەنگیری رێگەی دیموکراتی پێشکەوتنخواز دادەنێم. بەڵام ئەوەش دەڵێم کە ئەو دەوڵەتانەی بە دیموکراتی پێشکەوتنخواز دەناسرێن، هەر ئەوان بوون کۆمارێکیان بۆ کۆمەڵەی کورد لە کوردستانی ئێران دامەزراند، تا ئەوەی بەرژەوەندی خۆیان تێدا هەبوو پشتگیرییان کرد.

بەڵام کە کشانەوە و پێویستیان پێ نەما، کۆمەڵە و قازی محەمەدیان کردە پارووێکی چەور و فڕێیان دایە دەموزاری شای دڕندە و فارسەکان.

هەروەها کاک محەمەد دەڵێ. یەکێتیی سۆڤیەت بۆ خۆ کۆکردنەوەی خۆی لە کاتی خۆیدا پەیمانێکی لەگەڵ ئەڵمانە نازییەکان بەست. ئینجا لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی هەڵدەدات: ئایا بۆ چ ڕەوایە بۆ دەوڵەتێکی پێشکەوتنخوازی گەورە پەیمانێک لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا ببەستی هەرچەندە کاتیش بێ، کەچی تاوان و شوورەییە بۆ لاوێک یا تاقمێکی کورد لە پێناو ترووسکە هیوایەک بۆ ڕزگارکردنی نەتەوە لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا ڕێک بکەوێت. هیچ شەرم و شوورەیی نییە بۆ هەر دەوڵەتێکی لاواز بۆ ماوەیەک روو لە دەوڵەتێکی گەورە بکا بۆ پاراستن و پێشکەوتنی خۆی تا دەگات بە ئامانجی.

دوا قسەم ئەوەیە کە ڕەمزی لە بنەماڵەیەکی دیار و دەوڵەمەند بوو لە هەولێر، خۆیشی بیویستبوایە چ لە عێراق چ لە دەرەوەی وڵات دەیتوانی زۆر بە خۆشی و ئاسانی ژیان بباتە سەر. بەڵام دڵسۆزییەکەی وای لێ کرد قوربانی بە هەموو شتێکی خۆی بدا و ئەم کارە بەرزە جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوە پێویستە خزمەتەکەی بە کردەوەیەکی پیرۆز دابنرێت نەک بە هەڵخەڵەتاو و نەفام لە قەڵەم بدرێت.

کۆواری کاروان، ژمارە ٣٨، تشرینی دووەم، ١٩٨٥

## دیسانەوە و هەمیشە
## نیازی پاک ئەبێ هەر ڕێی ڕاست بگرێ

محەمەدی مەلا کەریم

هەر لەبەرئەوەی هەویری ئەم باسە ئاو زۆر دەکێشی، وەک کاکی نووسەری ئەم وتارە لە کۆتاییی نووسینەکەیدا وتوویّتی، وامان بە چاک زانی لەوە زیاتر نەشێلرێ و لە گۆڤارەکەی ئێمەدا، ئیتر دەرگای لەسەر دابخرێ، کاروان.

دوابەدوای وتارەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەد (کاروانی ژمارە ٣٣) لەمەڕ کارەساتی ناخۆشی ژیانی سیاسیی ڕەمزی نافیع و وتارەکەی من (هاوکاریی ژمارە ٨٠٥) لەمەڕ هەندێ بیروباوەڕی سیاسیی مامۆستا مەسعوود محەمەد، کە لە وتارە باسکراوەکەیدا دەری بڕیبوون، مامۆستای بەڕێزم "عیزەدین فەیزی"یش وتارێکی لە کاروانی ژمارە ٣٨دا بڵاوکردەوە هەندێ برگەی وای تێدا بوو بە پێویستم زانی بە سەریاندا نەڕۆم و لێیان بکۆڵمەوە.

پێشەکی ئەبێ بڵێم زۆر پێخۆشحاڵم بەوەی ئەو وتارەی مامۆستا مەسعوود محەمەد باسوخواسێکی سیاسیی وای هێنایە ئاراوە، زۆر کەس خۆیان بە ناچار بزانن بکەونە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی. ئەوەندەی تا ئێستا بڵاو کرابێتەوە جگە لە وتارەکەی مامۆستا مەسعوود و وتارەکەی من، سێ وتاری تر لەم بابەتەوە بڵاو کراوەتەوە. وەک زانیویشمە کۆوار و ڕۆژنامە کوردییەکانمان چەند وتاری تریشیان لایە، ئومێدم وایە دەرفەتی بڵاوکردنەوەیانیان ببێ و بڵاویان بکەنەوە، چونکە بابەتی وا بۆ ژیانی

سیاسیمان شتێکی هێجگار بە کەڵکە و ئەتوانێ بۆ هەنگاو هەڵهێنانەوەی ئێستا و لەمەولای گەلی کوردمان ڕێ پێشاندەرێکی شایان و لێهاتوو بێ. هەروەها بابەتەکە لە گەلێ کۆڕ و کۆمەڵی دانیشتنی ڕۆشنبیران و ئاگادارنیشا زۆری لێ کۆڵراوەتەوە. سەرەڕای ئەوە، من خۆیشم دوو نامەم لە هەندەرانەوە بۆ هاتووە، یەکێک لە سویدەوە لە برادەرێکی ئاگاداری بابەتەکەوە و یەکێکیش لە ئەڵمانیای فیدراڵەوە لە برادەرێکی کەوە بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەم وتارانەوە، کتێبە ئەڵمانییەکەی پەیدا کردووە و خوێندوویەتییەوە و لەوەوە بە جۆرێکی تر لە مەسەلەکە گەیشتووە. بۆیە لێرەدا هیوای خۆم بۆ ئەم برادەرە دەربڕم کە ئەگەر دەرفەتی ببێ کتێبی ناوبراو یا هیچ نەبێ ئەو بەشەی پێوەندیی بەم مەسەلەوە هەیە بکا بە کوردی یا بە عەرەبی و هەر بەم بۆنەیەوە جارێکی تریش دووبارەی ئەکەمەوە خۆزگە چ ئەو برادەرە و چ برادەرانی تری دووروڵات، کە شارەزاییەکی باشیان لە یەکێ لە زمانە بێگانەکان پەیدا کردووە، هەر یەکەیان لە ئاستی خۆیەوە ساڵی کتێبێکی سەبارەت بە کوردی، بێگانانمان بۆ وەرگێڕێتە سەر کوردی یا یەکێ لەو زمانانەی هەر هیچ نەبێ بەشێکی گەلی کوردیان پێ ئاشنان.

جا با بچینەوە سەر ئەسڵی بابەت:

مامۆستا عیزەدین ئەڵێ: «کاک محەمەدی مەلا کەریم وای بۆ چووە کە ڕەمزی بە تەنیایی ئەم پەیمانەی لەگەڵ حکوومەتی ئەڵمانیادا بەستووە. کەچی ناچێتە هیچ عەقڵێک کە کاک ڕەمزی بە تەنیایی و سەربەخۆ ئەم کارەی کردبێ، بێ ئەوەی کەسانی تری لەگەڵ بێ و هانیان دابێ و پاڵیان پێوە نابێ...»

کەواتە مامۆستا عیزەدین دڵنیایە ڕەمزی نافیع بە تەنها خۆی ئەم کارەی نەکردووە و کۆمەڵێکی لەگەڵ بووە، واتە کۆمەڵێکی ڕێکوپێک (یا واتەیەکی تر حزبێکی سیاسی) لە کوردستاندا بووە هاوکاریی لەگەڵ ئەڵمان کردووە و بۆ سوودی ئەوان جووڵاوەتەوە، یا ئەوپەڕەکەی بڵێین بەڵێنی هێنانەدیی ئاواتەکانی کوردی لێ وەرگرتوون و بەرانبەر بەو بەڵێنە (کە هیچ نەبێ نەبووە

به بەیانێکی ڕەسمی و نە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندندا بە جیهان ڕاگەیەنراوە) ئەم پێشەکی دەستی لەگەڵ خەفییەکانی ئەو تێکەڵ کردووە و کەوتووەتە کار.

بێگومان من ناڵێم شتی وا مومکین نییە ڕووی دابێ و لام وانییە هەرگیز ناشێ کوردستان کۆمەڵێکی وای تێدا بووبێ، یا هەر (في سبيل الله) سەر بە نازی بووبێ یا لە پێناوی کوردایەتیدا دەستی لەگەڵ تێکەڵ کردبێ، چونکە هەرچۆن بێ کوردستانی ئەو سەردەمە، وەک کۆمەڵێکی پاشکەوتووی گرفتاری ڕێژیمی ئیمپریالیزم و دەربەگی، زیاتر لە ئێستا کەسانی وای تێدا بووە ئامادەبن بەرانبەر بە پاشخوانەیەکی سەر سفرەی هەر ئیمپریالیزمێک ببن بە نۆکەری، هەروەکو نەتەوەپەرست و نیشتمانپەروەری ساویلکەی لە سیاسەت نەگەیشتووی وایشی تێدا بووە لای وابێ مەرحەبایەک و دوو قسەی خۆش و دوو بەڵێنی بۆشی ئیمپریالیزم، مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەل و وڵاتەکەی بۆ دابین ئەکا و کەواتە پێویستە ئەمیش پیاوەتیی لە بەرچاو بێ و ئەو چیی لێ ئەوێ بۆی بکا و کە مەسەلەکەش بڕایەوە و ئەو بە مرازی خۆی گەیشت، ئەم خۆی و گەلی (دەس لە گونان بەتاڵتر) بکەونە سەر ساجی عەلی و موفلیس و ڕووت و ڕەجاڵ بمێننەوە.

بەڵام بە هیچ کلۆجێ لە مەسەلەحەتی هەڵسەنگاندنی ڕەمزی نافیعی جوانەمەرگ نییە ئەندامی کۆمەڵێکی وا بووبێ و کەسانی تری لەگەڵ بووبێ پێکەوە لەگەڵ نازی ڕێک کەوتبن، چونکە ئەمە بەلای نیازی پاکدا ناشکێتەوە. ڕەمزی ئەگەر کەسی تری لەگەڵ بووبێ، بێگومان ئەبێ پێش ڕێکەوتنیان لەگەڵ نازی چەند جار ئەم دیو و ئەودیوی مەسەلەکەیان هەڵدابێتەوە و لێی کۆڵیبنەوە و ئەوەیان هێنابێتەوە بەرچاو، کە ئەڵمانیا چیی ئەکرد و بە تەمای چی بوو و چۆن ئەوەی تلّپی تەڕی پێشکەوتخوازیی تێدا بووبێ لە جیهانی ئەو سەردەمەدا دژی نازی و فاشی بووە و لە ڕووی ئەو جەنگە تاوانبارانەدا تێ کۆشاوە، کە ئەڵمانیا نابوویەوە و جیهانی تێوە گلاندبوو. جا ئەگەر وەک وتم وا لە مەسەلەکە وردبووینەوە و هیچ گوێیان بە تاوانە جیهانییەکانی ئەڵمانیا نەدابێ و بێ ڕەچاوکردنی سیاسەتی ئەڵمانیا هاوکارییان لەگەڵ کردبێ،

دیارە ئەبێ کەسانێکی وا بووبن هیچ گوێیان بە مەسەلەی شەڕ و ئاشتی و ئازادیی گەلان و داگیرکردنی جیهان نەدابێ، کە ئەمە یا نیشانەی خۆفرۆشتنە یا ئەگەر وایش نەڵێین لای کەمی نیشانەی نەفامی و سادەلەوحییە ئەگەر بە تەمای شتێ بووبن لە ئەڵمانیاوە بۆ کورد، چونکە ئەو – واتە ئەڵمانیا – ئەگەر هەڵوێستی بەرامبەر هەموو جیهان ئەوە بووبێ کە دیویانە، ئەبوو هەڵوێستی بەرانبەر بە کورد چی بێ و چۆن بە هیوا بن ئازادییان بۆ بخانە سەر سینییەکی زێرین و پێشکەشیان بکا؟ خۆ ئەگەر بە تەمای هیچیش نەبووبن و هەر لە (پیاوەتی)ی خۆیان خزمەتیان کرد بێ، ئەوە دیارە لە هیچە خۆیان کردووە بە فیدایی و کەوڵ سووری بەر لەشکری ئەڵمانیا.

خۆ ئەگەر لێکیشیان نەدابێتەوە و هەروا بە سەرەڕۆیی ملیان پێوە نابێ، ئەوەیش هەر بەر لقێکی ئیحتیمالەکەی پێشوو ئەکەوێ، کە نەفامی و تێ نەگەیشتنە و بە هیچ جۆرێ لە فەرهەنگی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا جێی نابێتەوە.

من کەوا باسی ڕێکەوتنەکەی ڕەمزیم لەگەڵ ئەڵمان کردووە کە «پەیمانێکی ناهاوسەنگی نێوان تاقە لاوێکی کوردی دڵسۆز و ئەڵمانیای خوێنڕێژ و شەڕفرۆش و ئەوروپا داگیرکەر و کاولکەر» بووە، لە چوارچێوەی ئەوەدا وام وتووە کە بەڵگەیەک بەدەستەوە نەبووە وا بگەیەنێ کارەکە کاری کۆمەڵێکی ڕێکوپێک بووبێ و بەبێ بەڵگەیش قسەکردن ڕەوا نییە. لە لایەکی کەیشەوە مەبەستم بووە تا پێم بکرێ نەهێڵم نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەرستیی ڕەمزی نافیع لەکەدار ببێ، چونکە وەک پێشتر وتم ئەگەر کارەکە کاری کۆمەڵێک بووبێ، مەسەلەکە زۆری لێ ئەگۆڕێ. بەڵام مامۆستا عیزەدین بەداخەوە، کە ویستوویە لەوەندە زیاتر بەباڵای ڕەمزی ببڕێ کە من بە باڵام بڕیبوو، ئەو ئیحتیمالی خاوێنی و بێ گەردییەیشی لێ سەندەوە.

ئەوەیش بڵێین کە مادەم تا ئێستا لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکان و لە بیرەوەریی ئەوانەدا لەو سەردەمەدا بە سیاسەتەوە خەریک بوون لە هەولێر،

هیچ شتێ دەرنەکەوتووە نیشانەی هاوکاریکردنی تاقمێکی ڕێکوپێکی سیاسیی کورد بێ لەگەڵ نازی، هەرئەوە ئەمێنێتەوە ئەگەر کۆمەڵێک بووبێ بە کاروباری واوە خەریک بووبێ، تەنها کۆمەڵێک بووبێ بۆ پارە و پوول و دەسکەوتی دنیا هەڵسووڕابێ. وەک وتوویشمە من هەر لە سەرەتاوە ڕێگەی ئەوەم گرتووەتە بەر هەوڵ بدەم کاری ڕەمزی نافیع لە دەرەوەی ئەم ڕێبازەوە لێک بدەمەوەوە و هەمیشە ئەوەم لە بەرچاو بووە لاوێکی سەر بە نەتەوەیەکی چەوساوە لەپێناوی دەسخستنی مافی نەتەوەکەیا خۆی بە هەزار دار و بەردا ئەدا و هەزار ڕێگەی ڕاست و چەوت ئەگرێتە بەر.

کە لەمە بووینەوە، ئەبێ لەلاوە ئەو پرسیارەیش بکەین، کە مامۆستا عیزەدین پشت بە چ بەڵگەیەک ئەڵێ: «ناچێتە هیچ عەقڵێکەوە ڕەمزی بە تەنیا و سەربەخۆ ئەم کارەی کردبێ»، چونکە لە ئەقڵ و مەنتیقدا هیچ زەروورەتێکی وا نییە و زۆرباش ڕێی تێ ئەچێ کارەکە تەنها بۆچوونی خۆی بووبێ و وەک ڕوونیشم کردەوە هەر ئەوەش لە مەسلەحەتی ڕەمزییە بۆ بریاردان بەسەر هەڵوێست و بیروباوەڕیدا و هەرچەند ئەیشگونجێ کەسی لەگەڵ بووبێ، بەلام ئەمە تا بە بەڵگە ئیسپات نەکرێ، نابێ بە ماڵ.

لە لایەکی کەوە، مامۆستا عیزەدین چ پێش ئەو برگەیەی من لەم وتارەدا گێڕامەوە و چ پاش ئەو برگەیەیش بە درێژی و بە بەڵگەوە باسی ئەندامەتیی ڕەمزی ئەکا لە پارتیی هیوادا. جا بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمە لە خۆیەوە ئەکێشێتەوە بۆ ئەوە، کە بڵێین پارتیی هیوا پاڵی بە ڕەمزییەوە ناوە ئەم کارە بکا. من خۆم نامەوێ وا بڵێم، بەلام نایشتوانم مەعنای قسەکانی مامۆستا عیزەدین وا نەدەمەوە. کەچی پارتیی هیوا وەک پارتییەکی نەتەوەپەرستی کورد کە وەچەیەکی بەرفراوانی لە تێکۆشەران بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد پێ گەیاند و زۆر لە ئەندامەکانی لەوەپاش چوونە ڕیزی پێشەوەی پارتییە پێشکەوتخوارەکانی کوردەوە، کە پاش برانەوەی جەنگی دووەم دامەزران و سەرۆکەکەیشی بە هەموو شکۆ و سەربەرزییەکی نیشتمانییەوە ژیانی خۆی تا دوایی بەسەربرد، ئا ئەم پارتییە ئەگەر لە لایەن هەندێ کەسەوە تۆمەتێکی

پێوەند بە بێگانەوەی درابێتە پاڵ، یا وردتر بیڵێین درابێتە پاڵ هەندێ لە ئەندامان و بەرپرسانی، بە هیچ ڕەنگێ تۆمەتی نازییەتی نەبووە، تۆمەتی پێوەند بە ئینگلیزەوە بووە، کە بەش بەحاڵی من ئەگەر ڕاستیش بێ لام سەیر نییە، چونکە لەو سەردەمەدا نیشتمانپەروەری وا زۆر بوون کە لایان وابووە بێ پشتبەستن بە بێگانە کار مەیسەر نابێ و لە هێزی جەماوەر و ڕاپەڕینی کۆمەڵانی گەل نەگەیشتبوون و نەئەچووە مێشکیانەوە.

مامۆستا عیزەدین فەیزی لە وەڵامی نارەزایی دەربڕینی مندا لە هاوکاریکردنی ڕەمزی (یا هەر کەسی تر) لەگەڵ ئەڵمانە نازییەکان، وەک بڵێی پاساوی ئەو هاوکارییە بدات، گەڕاوەتەوە بۆ سەر باری دەروونی جەماوەر کە لەبەر ڕقی زۆر و خەستیان لە ئینگلیز ئەڵمانیان خۆش ویستووە. من وەنەبێ ئەم ڕاستییە نەزانم و لەم بەڵگەیە نەگەم و تۆزێ پێشتریش وتم بەلامەوە سەیر نییە بەشێ لە نیشتمانپەروەران لە وڵاتانی پاشکەوتوودا وا بزانن هاتنەدیی ئاواتی نەتەوەیی لە ڕێگەی دەوڵەتێکی گەورەوە نەبێ نابێ، بەڵام میزاجی جەماوەر هەر لەبەرئەوەی میزاجی جەماوەرە نابێ بە ڕاست و ڕۆشنبیری وریا هەڵوێستی هەڵەی جەماوەر ناکا بە بەڵگەی ڕاستیی ئەو هەڵوێستە. گەلانی جیهان هەزاران ساڵ شوێنی هەڵە کەوتوون و بە گوێرەی بیروباوەڕی هەڵە جووڵاونەتەوە و ئێستاش تا ڕادەیەکی زۆر لە گەلێ شوێنی جیهاندا بیری چەوت و هەڵە جەماوەر ئەبا بەرێوە و ناهێڵێ لە سوودی ڕاستەقینەی خۆیان بگەن، بەڵام ئەوانەی ئەرکی تێکۆشان بۆ دەس خستنی مافی گەل ئەگرنە ئەستۆ، ئەبێ لەم پلەیە باڵاتر بن و دۆست و دوژمنی ڕاستەقینە بناسن و بە گوێرەی ئەو لێکدانەوەیە هەڵسووڕێن.

جەماوەری کوردستانی عێراق لەو سەردەمەدا، کە ئێستا باسی لێ ئەکەین، تێکڕا دژی ئینگلیز بووە، بەشێکی لەبەر ئاین و بەشێکی بە هۆی هۆشیاریی سیاسییەوە و هەموویشی سەرچاوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ یەک نەکەوتنی مەسڵەحەتی گەل و ئیمپریالیزم. ئەم دژایەتییە ڕاست و بەجێ بووە، بەڵام بەشێکی زۆریش لە جەماوەر لە داخی ئینگلیز دۆستی ئەڵمان بووە و حەزی بە

سەرکەوتنی کردووە. لەوانەیە کەسانێکیش لە سنووری حەز و خۆشویستن دەرچووبن و لە دژی ئینگلیز هاوکارییان لەگەڵ ئەڵمان کرد بێ، بەڵام ئێمەی هۆشیار نابێ هەر لەبەرئەوەی ڕقەکەی جەماوەر لە ئینگلیز ڕاست و بەجێ بووە، ئەڵمان خۆشویستنەکەشیان بە ڕاست و بەجێ بزانین. لە سیاسەتیشدا هەروەک لە هەر مامەڵەیەکی ئابووریدا هەر حیسابی سوود و زیان لێک دەدرێتەوە. بە گوێرەی ئەم لێکدانەوەیە و بۆ ئەو ڕۆژە، وەستان لەو بەرەیەدا، کە ئینگلیزی تێدا وەستاوە، سوودی چ نیشتمان و چ مرۆڤایەتیی تێدا بووە نەک لە بەرەی ئەڵمانا وەستان، چونکە هەرچۆن بووبێ ئینگلیز ئیمپریالیزم بووە، کە فاشیزم دڕندەترین پلەی ئیمپرلیزمە. من گلەییی ئەوەم لە ڕەمزی نەکردووە، کە ڕقی لە ئینگلیز بووەوە نەموتووە ئینگلیز، کە خۆی بە دیموکراتی دائەنا ئیمپریالیست و وڵاتان داگیرکەر و گەلان دیلکەر نەبووە، چونکە دیارە نەویستنی ئیمپریالیزمی ئینگلیز نیشتمانپەروەرییە. من بەوە ناقایلم کە ئینگلیزت نەوێ، بتەوی ئەڵمان بێنیتە جێی، لە کاتێکدا کە ئەڵمان گەلێ لە ئینگلیز پڕ مەترسیتر بووە.

هەر لەم مەودای باسکردنی ڕقی جەماوەرەدا لە ئینگلیز مامۆستا عیزەدین بە پێچەوانەی ئەوەی، کە هەر خۆی ئەیگێڕێتەوە کە جەماوەر لە هەولێر چەپڵەیان بۆ سەربازی ئەڵمانی لێ دا و لە خۆشییاندا دەسیان کرد بە سەڵەوات لێدان، دەشڵێ «هەرچەندە دەشیانزانی ڕێژیمی ئەڵمانی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری و ئیمپریالیزمییە». بەڵام نەخێر، جەماوەری ئەو سەردەمەی عێراق ئیمپریالیزمی بە ئینگلیزی داگیرکەر ناسیوە و هیچ وشیارییەکی – وەک جەماوەر– لەبارەی ئەڵمانیا و نازییەت و دیکتاتۆرییەتەوە نەبووە، ئەگەر هەبیوایە ئەوەندە نەفام نەئەبوو حەز بکا ئینگلیز لاچێ و ئەڵمان بێتە جێی، هەوڵی ئەدا خۆی خاوەنی کاروباری خۆی بێ و نە ئینگلیز و نە ئەڵمانی بە سەرەوە نەبێ. جەماوەر تەنها لە ڕێگەی ڕادەیەکی هەستکردنی بە برسیەتی و نەخۆشی و کڵۆڵیی خۆیەوە گەیشتبووە ئەوە کە ڕقی لە ئینگلیز بێ چونکە ئەیزانی حوکمی لە دەستی ئەودایە، کەواتە ئەو بەرپرسی بەدبەختییەتی. هەر

لەم ڕێگایەشەوە و وەک ئەڵێن "دوژمنی دوژمنم دۆستمە" کە ئەیبیست ئەڵمان ڕقی لە ئینگلیزە، ئەڵمانی خۆش ئەویست. ئیتر خۆی چاکە و خراپەیەکی ئەڵمانی نەئەزانی. پڕۆپاگەندەی کرێگرتەکانی نازییش لەو لاوە بووەستێ، کە بە شان و باڵی ئەڵمانیایانا هەڵئەدا و جۆرەها درۆی شاخداریان بۆ هەڵدەبەست بۆ خۆشەویستکردنی.

مامۆستا عیزەدین هەلی ئەم وتارەی بە دەرفەتێکی لەبار زانیوە بۆ لێدوانی مەسەلەی کۆماری مەهاباد و تاوانبارکردنی ئەوانەی ئەو بە بەرپرسی لەناوچوونی ئەو کۆمارەیان ئەزانێ. بەڕاستی من هیچ پێ خۆشحاڵ نەبووم بەو، کە مامۆستا ئەم مەسەلەیەی هێنایە ئاراوە، کە لە دوور و نزیکەوە پێوەندیی بە بابەتی کێشەی سەرجەمی وتارەکانەوە نییە. هێنانەناوی ئەم باسە وەک بڵێی هەر بۆ ئەوە بێ خاڵێکی وام لەسەر بدۆزێتەوە پێی (ببەزێم) و (بدرێم بە زەویدا).

بەڵام من خۆم و مامۆستا عیزەدین هەرگیز لە دوو بەرەی بەرانبەری یەکا دانانێم و لاشم وایە ئەم لەسەر هەڵدانەی مامۆستا بۆ ڕەمزی نافیع زیاتر بە نیازی پیشاندانی وەفا بووە بەرانبەر دۆستێکی کۆن تا ئەوەی داکۆکیکردن بێ لە هەڵوێستێک، هەرچەند من خوانەخواستە شتێکی وام بەرامبەر بە ڕەمزی نافیعی بە بۆچوونی خۆم نیشتیمانپەروەری نەتەوەپەرستی دڵسۆزی جوانەمەرگ نەوتووە پێویست بکا دۆستانی کۆن و نوێی لەسەری هەڵدەنێ و لەسەری بکەنەوە.

هەروا پێم خۆش نەبوو ئەم بابەتە بە تایبەتی بێنێتە ئاراوە، چونکە زۆر چاک ئەزانێ ئەمڕۆ من مەودای ئەوەم لە ڕوودا بەرەڵا نییە ئەم مەسەلەیە وەک لێی تێ گەیشتووم شی بکەمەوە و هەموو ڕوویەکی یەکالا بکەمەوە و ئیسپاتی بکەم ئاخۆ ڕاستە ئەولایە بەرپرسە لە سەرەنجامی تراجیدیاییی ئەو کۆمارە کۆرپەیەی کورد؟ ئەگەر ماین و بارێکی لەبارترم بۆ ڕەخسا ئەو کاتە گەڕانەوەیەکمان ئەبێ بۆ ئەم مەسەلەیە و گەلێ مەسەلەی تر، کە لە ئەنجامی چاووڕاوی کۆنەپەرستان و نۆکەرانی ئیمپریالیزمدا، دڵ و دەروونی گەلێ

کەسی دڵسۆز و خاوێن و نیشتمانپەروەر لە ئاست دۆستێکی هەمیشەیی گەلەکەمان کرمێ کراوە.

مامۆستا عیزەدین لە بڕگەیەکی تردا بەرپەرچی بۆچوونەکانم بەوە ئەداتەوە و هاوکاریکردنی ڕەمزی لەگەڵ نازی بەوە پاساو ئەدا، کە من خۆم وتوومە سۆڤیەت پەیمانێکی دەسدرێژی نەکردنە سەریەکی لەگەڵ ئەڵمان مۆرکرد و ئەڵێ: بۆچی ئەوەی بۆ سۆڤیەت ڕەوایە بۆ ڕەمزی نافیع ڕەوا نییە؟

منیش ئەڵێم: لەبەر هۆیەکی زۆر سادە و ئاشکرا، کە ئەوەیە مەبەستی سۆڤیەت ئەوە بوو بە بەستنی ئەو پەیمانە ڕێگە لە ئەڵمان بگرێ کە هێرشی بێنێتە سەر و وڵاتەکەی داگیر بکا، تا خۆی کۆ بکاتەوە و ئامادەی دوارۆژ بێ ئەگەر شتێکی ناخۆش رووی دا و ئەگەر ئەو پەیمانە بگەیشتایەتە ئەنجام بە هێنانەدیی ئەو مەبەستە ئەگەیشتە ئەنجام، کە نە زیانی تیایە بۆ کەس و نە دەسدرێژیکردن بۆ سەر خاکی کەس. بەڵام (پەیمانەکەی) ڕەمزی نافیع ئەگەر بگەیشتایەتە ئەنجام و ئەڵمان بە یارمەتیی شۆڕشێکی کورد دەسی بگەیشتایەتە کوردستان و هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران، ئەم وڵاتانە ئەکەوێتە ژێر چنگی نازی و لەوانە بوو مێژووی جیهان و بارودۆخی جەنگی بۆ ماوەیەکی درێژ بەلایەکی تردا  بکەوتایە و درندەترین ئیمپریالیزم بۆ چەند ساڵێک بوایە بە خاوەنی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست. لام وایە ئەمەیش بەسە بۆ بەڕەوا نەزانینی دەست تێکەڵکردنی هەر کەس لەگەڵ نازی لەژێر هەر پەردە و دروشمێکا بێ.

لێرەدا قسەیەک دێتە پێشەوە و جێگەیەتی بیڵێم. ئەویش ئەوەیە سۆڤیەت بەو هەموو هێزەیەوە، کە سەرەنجامیش هەر ئەو بوو بە پشتشکێنی ڕاستەقینەی نازی، نەیتوانی ئەوە بۆ خۆی مسۆگەر بکا، کە ئەڵمانیا هێرش نەباتە سەری، لەگەڵ ئەوەیشدا کە پەیمانی دەسدرێژی نەکردنە سەریەکیان لە نێواندا هەبوو و هێشتا ماوەی پەیمانەکە نەبڕابووەوە، ئەڵمان پەلاماری دا. جا ئەبوو  ڕەمزی نافیعی کوردی بێ کەسی بێ دەر چیی لە ئەڵمان دەسگیر بوایە ئەگەر نەوتی کەرکووک و ڕێگەی ئازووقە بۆ سۆڤیەت ناردنی ئەمەریکای

بخـستنایـەتە ژێردەست؟ بێگومـان ئـەنجـامی لـە ئەنجـامی شـەریفی مـەکـە شـەریفـتـر نەئـەبوو، کـە شـۆڕشی دژی عـوسـمـانیـی بۆ سـوودی ئینگلیـز لە عەرەبستاندا هەڵگیرساند و سـەرەنجام بە هەناسە ساردی لە قوبروس سەری نایەوە و بە هەزار هەوڵ و پەلاتیقە دوو گەز خاکی گۆڕی لە قودس پێ برا.

لەگەڵ ئەم هـەموو ڕەد و بەدەڵ و بەڵگەهێنانەوە و بەڵگە بەرپەرچدانەوەشدا، بۆ ئـاشکرایـی ڕێگەی دەمـەتـەقێ، ئەبێ ئـەوە بڵـێم ڕەوایـی و ناڕەوایی هـیچ کـارێ مـوتڵـەق نیـیە و ئەو مـەسـڵـەحـەتەی مرۆڤ داکـۆکیی لێ ئەکـا بڕیاری ڕەوایی یا نـاڕەوایی هـەر هـەڵوێسـتـێک ئەدا. من کـە لەم مـەسـەلەیەدا دژی هـاوکاریم لەگەڵ نازی، لەوەوە هەنگاو هەڵدێنمەوە کە سوودی خـۆم لە سوودی بزووتنـەوەی ئازادیـیـەخـشـی گـەلان و ڕزگـاریکردنـی مـرۆڤـایەتی لـە جـەنگ و ئیمـپریالیزمدا ئەبینم و ئەوەی بە ڕەوای ئەزانم لەم ڕێگەیەوە بە ڕەوای ئەزانم و ئـەوەی بەڕەوای نـازانم لـەم ڕێگـەیـەوە بە ڕەوای نـازانم. ئـەوانـەیش کـــە هـاوکـاری لەگـەڵ نازی بە ڕەوا ئـەزانن، ئەگـەر بیـشـڵـێن لەگـەڵ بزووتنەوەی ئازادیبەخشی گەلان و ڕزگارکردنی مرۆڤایەتین لە جەنگ و ئیمپریالیزم، بە ڕەزامـەندییـەکـەیان لـە هاوکـاریکردن لەگـەڵ نازی، بیـانەوێ و نەیانەوێ، داکۆکی لە سوودی نازی ئەکەن. خۆ ئەگەر ئەوەیش نەڵێن ئەوە هەر هیچ.

دوا قسـەم ئەوەیە ئەم هەویرەی ئەم چەند کەسـە کەوتووینەتە شـێلانی، ئاو زۆر ئـەکـــێـــشـێ و لـە هـەرچی زیاتر پێـــویســـتی بـەبێ پێچ و پـەنایـی و بەرچاوڕوونییـە. بۆیە تکام ئەوەیە هەرکەس ئـەیەوێ تیـا بنووسـێ، بیر و ڕای خـــۆی بـە تەواوی و پوخـــتی و ڕوونی دەربـڕێ، تا جـــەمـــاوەریش کـــەڵکێکی ڕاستەقینە لە دەمەتەقێکەمان وەرگرێ.

کۆواری کاروان، ژمارە ٤٢، ئاداری ١٩٨٦

# لەبارەی زمانی ئەم کتێبەوە

بەدران ئەحمەد حەبیب

لەم کتێبە و لە کتێبی (ماڵە وێرانەکەمان)دا، دوا تاقیکردنەوەی زوانەوانیی خۆمم پێشکێش کردووە. وەک کورد دەڵێ: "هەر کەسە و دەردێکی هەیە، دەردی ئاشەوان ئاوە"، دەردی منیش زوانی کوردییە و وێڵی ئەوەم گۆڕینی تێدا بکەم. بە دیمای من گۆڕینەکە دوو پلەیە، پلەی یەکەم: سادەکردنەوە و ئاسانکردن بۆ تێگەیاندنی ئەوانەی سەر بە دیالەکتەیلی ترن. دووەم: بەکارهێنانی وشە و زاراوە و بنەوای رێزوانیی ناوکۆ لەگەڵ دیالەکتەیلی تردا. ئەوەش هەر بۆ ئاسانیی تێگەیشتنەکەیە.

بێگومان ئەو گۆڕینکارییەلەی من، بۆ ئەوانەی سەر بە کرمانجیی خواروون، تازەیە و دەمێکی دەوێ تا پێی ڕادێن. گرینگ ئەوەیە هەنگاو بنێین بۆ نێزیکەوە بوون لە کوردەیلی سەر بە دیالەکتەیلی تر و وایان لێ بکەین نامۆیی نەکەن لە خوێندنەوەی کرمانجیی خوارودا. هەندێک کەس رواڵەتییانە و ناوچەییانە و رەنگە حزبییانەش بیر بکەنەوە، کە دەڵێن: "ئەوە تێکدانی زوانی کوردییە".

دەمویست ئەو گۆڕینکارییەلەی لە خەیاڵی مندان لەسەر کتێبێکدا تاقی بکەمەوە، باشترین کتێبیش ئەم کتێبە (وەرگەڕاو)ەی لەمەڕ خۆم بوو، کە ساڵی ١٩٩٢ چاپی یەکەمم لێ کردبوو. وەک گوتم رەنگە بۆ بخوێنەیلی ئەم کتێبە، ئەم زوانەی من برێک بیانی و گران بێ بۆیان. وا لە خوارەوە هەندێک زاراوەیان بۆ لێک دەدەمەوە:

**بنەجێ بوون**: بنە گرتن لە جێیەکدا، (إستقرار). **بەندین**: زیندانی، گرتوو، (سجین). من ئەمەم پێ باشترە لە بەندی. بەندین لەسەر کێشی (بەنگین)ە. بەو

پێیە بەندینخانەش خۆشتر و کوردانەترە لە بەندیخانە. **پۆیی**: ئەستوونی، (عمودي). **پێناو**: ئەو کەسەی لە نێوان دوو کەسدا دێ و دەچێ بۆ نێزیکەوە کردنیان لە یەکتر، (وسیط). **تانی**: ئاسۆیی، رایەڵی، (أفقي).

**تیلەچاو**: وجهة نظر. لە تیلەچاوی ئابوورییەوە: من وجهة نظر إقتصادية. **تۆرە**: ئەدەب. بە واتەی ئەوەی "ئەدەب" شەرم و شوورەیی بگرێتەوە، هەروەها (لیتراتۆر)یش دەگرێتەوە کە هەندێک کەس (وێژە)ی پێ دەڵێن لە کوردیدا. دەبێ "تۆرە" وشەیەکی زۆر کۆن بێ لە کوردیدا و ناوکۆش بێ لەگەڵ زوانەیلی هیندۆ–ئەوروپاییدا. هەندێک جار لە کوردیدا بە یەکێک دەڵێن: " هەی بێ تام و تۆرە". "تۆرە" لە کرمانجیی سەروو و خوارووشدا هەیە. **تەقینەوە**: (متفجرات). تەقینەوە: (تفجيرات).

**دوامان**: ئاخاوتن، قسە، (حديث)، (إفادة). دەڵێن "فلان دەم و دوامانی خۆشە". دوامان وەک "نیشتمان" لە رەگی چاوگی نیشت+مان چێ بووە. **دێبەر**: حقل. دێبەر ئەو کێڵگەیەی دەکەوێتە بەردەمی ماڵانەوە لە دێدا. هەرچی کێڵگەیە، مەزرایەکە لە دووری گوند و بە عەرەبی (حرث) یان (مزرعة)ی پێ دەڵێن. فۆلکلۆری کوردی دەڵێ: "باڵات وەک نەمام هەڵچووە لە دێبەر، خۆم مارانگەستە ئاشق بە سێبەر". **دیما**: روو، دیمەن. دیما بە واتەی بۆچوون و باری سەرنجیش دێ. دیمانە: لقاء. لە کوردیدا دەڵێ: دیمانەت بە خێر واتە: (طاب لقاءك). **دیلمانی**: لە دیلیدا مانەوە، یان کەوتنە دیلیەتی، (وقوع في الأسر). **دەستکار**: چتێک بە دەست هاتبێتە دروستکردن، (مصطنع، مزور). **بیرەبیر**: ڕاڕا، مرۆوی ناجێگیر لە بڕیارداندا، (تردد، تذبذب). فۆلکلۆر دەڵێ: "بە وێنەی ئاهو بیرەبیرە خۆم، هەر شەو لە لایێ مەنزڵگیرە خۆم".

**چەترباز**: ئەوەی بە پەڕاشووت خۆی لە ئاسمانەوە هەڵدەدا، (مظلي). **حەوتوو**: هەفتە، حەفتە، حەفتی. من حەوتووم پێ باشترە لە گشتیان. لە ناوچەی موکریان بەکاری دەهێنن و کوردانەترە: حەوت + پاشگری "وو". **خواسایی**: طبيعي، چتێک وەک خۆی بێ. لە (خۆ + ئاسا)وە. **ژیمانە**: گوزەران، (معيشة). **ژیوان، ژیمان**: (حياة). **ژینامە**: بەسەرهات، (سيرة حياة). **ژوانگە**: شوێنی بە

یەک گەیشتن، (ملتقى).

**کۆجێ بوون**: کۆوە بوون لە جێیەکدا، (ترکز، تجمع). **گەو**: قەف، ئەڵقە، (حلقة). **گەوە**: یاڵ، پالاییە خڕێنەکەی گرد و چیا. **گرتوو**، گرتی: گیراو، (معتقل). **گرتیگە**: زیندان، معتقلات. **گیرە**: ماشە، (کماشة). **لاسا**: بەند و باوی ناو خەڵک، (تقلید). نەریت و لاسا: (عادات و تقالید). لاساییکردنەوە: (تقلید) کردن.

**شەندە**: نێردە، (بعثة). **شەندن**: ناردن، (إرسال). کوردی دەڵێ: "شەندە لە مەندە کەمتر نییە". دیارە شەندە ئەو کەسە بووە کە ڕۆییوە، مەندەش ئەوەیە کە ماوەتەوە. مەندن: مانەوە. بە لای منەوە شەندن کوردانەترە لە شاندن. **شی وەکردن**: شیکردنەوە، لێکدانەوە، (تحلیل). من لەم کتێبەدا (ەوە)ی پاشگرم هێناوەتە پێشی وشەوە وەک: جیاوە بوون، وەخواردن، وەدۆزین، وەکردن. ئەمە بۆ ئەوەی ناوکۆ بێ لەگەڵ کرمانجیی سەروودا. **سپ**: ساغ. سەلامەت. کەس یان چتێکی تەندروستی و بار خۆش بێ. دەڵێن: سپ و ساغ. **سپەهی**: روون، ئاشکرا. دەڵێ ئەو چتە سپەهییە واتە دیارە، روونە. سپ و سپەهی پێوەندییان بە یەکەوە هەیە. **سیپە**: قەفەز، سندووق. **سێناهی**: گەرد و گۆڵی بەیانی، کازیوە، (الفجر).

**میناکی**: نموونەیی، (مثالي). **نۆین**: کەناڵ، (قناة). **ناوکۆ**: هاوبەش، (مشترك). **وەرزین**: مەشق، راهێنان (تدریب، ریاضة). **وەرزاندن**: راهێناندن، مەشق پێکردن. وەرزە: مەشق، دەڵێ: بیوەرزێنە، وەرزاندم. وەرزەدەر: مەشق پێکەر.

**یادیمانی**: یاداشت یان نامەی بەبیر هێنانە، (مذکرة). ئەمە کوردییەکی تەواوە، لە زوانی نووسینی کوردیدا دەڵێن "بیرخەرەوە" کە وەرگێڕانە لە عەرەبییەوە. **هاولف**: هاوشێوە، (نظیر). **هێچک**: قوفڵ، قوڵف. هێچک ئەو ئەڵقە دار یان ئاسنەیە کە لە کۆتای گوریسدایە. هێچک رۆڵی قوفڵ دەبینێ. دەڵێن "گوریس گەیشتە بن هێچکان"، واتە چتەکە قوفڵ بوو، گەیشتە کۆتایی. یان دەڵێ: "هێچکی هێنایەوە یەک"، بە واتەی قوفڵی دا. **هەڵپاچین**: بڕین بە مقەس (قص). بۆ مۆدیلی پرچ بڕین دەشێ. **هەڵبڕین**: دوورین. دیزاینی جلک، (فصل).

## پێڕست


پێشەکی: د. مارف خەزنەدار ..... 7
بۆ یادی ڕەمزی: گۆتفرید یۆهانز میولەر ..... 31
سەرەتا ..... 33
کردەوەی مامۆت ..... 34
لە کەمیدانی سووتەنی ..... 35
چاڵە نەوتەیلی کوردستان ..... 38
خۆ سازدان ..... 45
ڕەمزی ..... 58
یان ئێستە یان هیچ ساتێ ..... 82
بە ڕێگەوە ..... 88
هەڵاتن بەرەو چیایەل ..... 97
بە ئەسپایی ..... 130
پۆلی قاچاخچییەل ..... 132
دیلمانی ..... 137
مەعادی ..... 146
لەبەر پەتی سێدارەدا ..... 146
بەغدا ..... 158
لە ئاخی پیرۆزدا ..... 167
مەتەڵ هەڵهات ..... 173
وەگەڕیان بەرەو ڕووناکی ..... 177
گەڕانەوەم بۆ مەعادی ..... 199
پچڕینی کۆت و بەند ..... 203

بەختیاری و بێ بەختی – شادمانی و خەمانی ............ 216
گەڕانەوەم بۆ وڵات ............ 221
پاشەکییەک بۆ لە ڕۆهەڵاتی گرگرتوودا . گۆتفرید میولەر ............ 224
پاشکۆیەل ............ 229
ڕەمزی نافیع قوربانییە زلەکەی هەولێر. مەسعوود محەمەد ............ 231
نیازی پاک ئەبێ ڕێگەی ڕاست بگرێ. محەمەدی مەلا کەریم ............ 244
رەمزی نافیع و بۆچوونەکانی مەسعوود محەمەد و محەمەدی مەلا کەریم.
عیزەدین فەیزی ............ 251
دیسانەوە و هەمیشە نیازی پاک ئەبێ هەر ڕێی ڕاست بگرێ.
محەمەدی مەلا کەریم ............ 258
لەبارەی زوانی ئەم کتێبەوە ............ 268